جەمال نەبەز

کۆبەرهەم
ژمارە (8)
بابەتی زمان و زمانەوانی
ژمارە (1)

وشەنامەکی

ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی

نێوی پەرتۆک: کۆبەرهەم ژمارە(8)
وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی
نوسینی: جەمال نەبەز
تایپکردن و کاری تەکنیکی: کەریم بیانی
کاتی چاپکردن: ساڵی 2008 / چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی
ماڵپەری کوردبوون : www.kurdbun.de

هەموو جۆرە مافێکی بۆ نووسەر دەپارێزدرێ لە هەموو جێیەکی جیهاندا

پێشگۆتن

بیرۆکەی گەڕان بە شوێن بنەچە و ڕەچەڵەکی وشەدا، یەکێکە لەو خولیانە کۆنانەی کە هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە لەگەلدا بووەبەتایبەتی   کاتێك لە سلێمانی چوومە قوتابخانەی نێوەندی و، خوێندن لە پڕ و یەکسەر بوو بە عەرەبی، پاش ئەوەی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، هەموو بابەتەکان بە کوردی بوون. جا هەرچەندە، ئەز هیچ جۆرە سەختییەکم بە دەست زمانی عەرەبییەوە نەدەدی   چۆنکە هەر لە منداڵییەوە ئەو زمانە فێربووبوم، بەڵام لە قووڵایی دەروونمەوە، هەستم بە نایەکسانی دەکرد، کە دەمدی قوتابیی کورد، بە نابەدڵی و بە زۆری زۆردارەکی، زمانی بێگانە دەسەپێندرێ بەسەریدا و، تەنانەت مامۆستا کوردەکانیشمان، کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕی، ناچار بووبوون بە عەرەبی قسەبکەن لە گەڵمان . ئەمە یەکەمین جەزربە بوو کە ناخی دەروونمی هەژاند و، کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی، ڕێیەك بدۆزمەوە بۆ خزمەتی قوتابیی کورد و، لەوەوە بریارمدا، کە لە دواڕۆژدا ببمە مامۆستا و، بۆ ئەمەش دەستمکرد بە خۆئامادەکردن، لەڕێی خۆخەریککردنەوە بە باشتر فێربوونی زمانی کوردی، ئەوەش هەر لە ساڵانی کۆتاییی قوتابخانەی دوانێوەندییەوە، تا سەردەمی خوێندنی زانستگە لە بەغدا و، پاشان کە بوومە هینکار (فێرکار، معلم) پتر ئارەزووم چووە سەر ئەوەی بزانم ڕەگوڕیشەی وشە کوردییەکان چین، بە تایبەتی، کە لە پاییزی 1955 ەوە تا پاییزی 1957 بوومە مامۆستا لە قوتابخانە نێوەندییەکانی کەرکووك وتێکەڵ بە قوتابیانی کورد بووم   بە پێویستم زانی

دەستبدەمە نووسینی زانست بە کوردی (وەك ماتماتیك و فیزیك) و، لەم رووەشەوە خۆم زۆر بە بێکەس و بێپشتیوان دەهاتە بەرچاو، چۆنکە لەوەپێش، نە پەرتۆکێکی زانستی بەکوردی هەبوو پشتببەستم پێی و، نە زاراوەکانیش کرابوون بە کوردی، لەبەر ئەوە جارێ کەوتمە دارشتنی زاراوە زانستییەکان و، ئەوجا نووسینی چەند بەرگێك فیزیك و ماتماتیك و، لە پاڵ ئەوانەشدا و، هەر لە پەنجاکانی سەتەی رابووردوودا، چەندین وتار و نامیلکەم بە کوردی و عەرەبی بلاوکردەوە چ لە بارەی زمانی کوردی و چ لە بارەی گیروگرۆی خوێندەواری بە زمانی کوردییەوە و، چەند بەرهەمێکیشم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.[1] هەر لەم کاتەدا، هاتمە سەر گەڕان بەدوای بنەڕەتی وشە کوردییەکاندا و، هەر زوو هەستمکرد بەوەی، گەلێك وشە، کە پێمانوایە عەرەبین، لە بنەڕەتدا کوردین و، کە لە پاییزی 1957دا بە فەرمانێکی بەڕێوەبەرانە (أمر إداري) شوێنی کارەکەم لە کەرکووکەوە گوێزرایەوە بۆ بەسرە و، بوومە مامۆستا لە قوتابخانەی نێوەندیی زوبێر، رووداوێکی سەیر روویدا کە پێوەندیی بەم باسەوە هەیە و شایانی لێدوانە و، دوایی دێمەوە سەری، لێرەشدا ناچارم ئەوە بێژم کە هەڵوێستی رژێمی ئەوسای عێراق وابوو، هەموو کوردێکی رەخنەگر و ئازادیخوازی بە "کۆمۆنیست" و "تێکدەر" و "ئاژاوەگێڕ" دەدایە قەڵەم. خۆ ئەگەر ئەو کوردە مووچەخۆری میری بووایە، ئەوا لە کوردستانەوە رەهەندە دەکرا بۆ نێوچەی زۆنگاوەکانی خوارووی عێراق، وەك چپایش و هۆری حەممار و تەڕڕابە و مدەینە و زوبێر و ئەو شوێنانە و، منیش لەم بگرەوبەردەیەدا، بەر زوبێر کەوتم، یان بێژم زوبێر بەر من کەوت.

ئێستە بە پێویستی دەزانم، بەر لەوەی باسی هەوڵ و تەقەلام لەم رووەوە لە زوبێر بکەم، چیرۆکی کارکردنم لەوەپێش، واتە لە کەرکووك بیگێڕمەوە چۆنکە لە کەرکووکەوە فڕێدرامە زوبێر.

دامەزرانم لە کەرکووك، پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەشی فیزیکی کۆلێجی پەروەردە (كلية التربية) لە زانستگەی بەغدا، لەسەر داخوازیی خۆم بوو، بە ئامانجی خزمەتکردنی قوتابیی کورد. بەڵام بەداخەوە، هەر تەنێ دوو ساڵ هێشتیان لە کەرکووك بمێنمەوە. ساڵی یەکەم، لە قوتابخانەی موسەللا و رۆژاوا (غربية) و ساڵی دووەم، لە موسللا و رۆژهەڵات (شرقية) و، بە ئێوارانیش لە قوتابخانەی دوانێوەندیی ئەهلیی عەلی حیکمەت موبارەك (برای مەتحەت موبارەکی باوکی دوکتۆر ئومێد) کە بەرامبەر چاپخانەی مەجیدیە بوو، وانەکانی فیزیك و ماتماتیکم دەگوتنەوە.خانووی قوتابخانەی رۆژاوا هەر خۆی بۆ قوتابخانە دروستکرابوو، گۆڕەپانێکی یەکجار گەورەی هەبوو، سالۆنەکانی فراوان و، ژمارەی مامۆستاکان و قوتابیەکانی لە چاو قوتابخانەکانی دیکەدا زۆرتربوو. بەڕێوەبەری قۆابخانەکە، مامۆستا مووسا سەمەدی هەولێری زاوای عەونی یۆسف بوو، کە لەسەردەمی قوتابێتیم دا لە قوتابخانەی دوانێوەندیی سلێمانی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو. مامۆستا فازیل عیرفان کە لە بنەماڵەی رۆشنبیری بە نێوبانگ جەمالی عیرفان بوو، کاتێك لە سلێمانی قوتابی بووم، مامۆستای زمانی ئینگلیزیمان بوو، بەڵام لەپڕ لەسەر کار لابرا و، پاش ماوەیەك گەڕاندبوویانەوە بۆ سەر کار و، ئەو دەمە لە قوتابخانەی رۆژاوا هەڤاڵمامۆستا بووین. قوتابخانەی رۆژهەڵات، لە خانوویەکی تازە و گەورەدا بوو، بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا جەبار تۆما بوو، کە دیانێکی خەلکی قەلای کەرکووك بوو. مامۆستا تۆما بەرتیلخۆرێکی وابوو، پیالە و ژێرپیالەیەکیشی بە بەرتیل وەردەگرت. تەنانەت جارێکیان قوتابییەك مەڕێکی بە دیاری هێنا بوو بۆی، مەڕەکە لە باخی قوتابخانەکەدا هەر باعە باعی بوو. مامۆستا ئیحسان عەبدولحەمید، کە خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم و، یەکێك بوو لەو هەشت

ماموٚستایەی پاش کودەتای عەبدولکەریم قاسم، واژۆ (ئیمزا) ی بیرخەرەوەکەمانی کرد، بۆ داخوازیی مافی خوێندەواری و رۆشەنبیریی کوردی، ماموٚستای زمانی عەرەبی بوو لەوێ.[2] قوتابخانەی موسەللا، لە خانوویەکی کۆنی بچووکی بەکرێگیراودا بوو، گۆڕەپانی یاریی نەبوو. ژووری ماموٚستایەکانی 3 مەترە دووجا بوو. تەویلەیەکی بێپەنجەرەشی هەبوو، کە دوایی بە پارەی خۆم کارەڤام هانی بۆی و، گەلێك دۆلاب و رەفەم بۆ کڕی و، ژمارەیەکی باش ئامێر و کەرەسەی کیمیا و فیزیکم بۆ پەیدا کرد و، کردم بە لابۆر (مختبر) ی فیزیك وکیمیا و، نێوی شتەکانم بە کوردیی لاتینی لەسەر نووسین. شێخ ئەحمەدی شێخ رەئووفی نەقیب، هاوڕێی قوتابخانە و منداڵیم لە سلێمانی، ئەو ساڵە ئەفسەری "ئیحتیات" بوو لە تیپی (فیرقە) کەرکووك و، جاروبار دەهات بۆ سەردانم بۆ قوتابخانەی موسەللا و، کە لابۆرەکەی بەو شێوەیە دەبینی، گەشکەی دەکرد لە خۆشیاندا و، ئێستەش هەر باسی دەکات. بەڕێوەبەری قوتابخانەی موسەللا، سالی یەکەمی کارکردنم لەوێ، مووسڵاوییەك بوو، نێوی یونس الاحمر بوو. کابرایەکی زۆر سەیر بوو، دانووی لەگەل هیچ کەسێك نەدەکولا. کە لە مووسڵ ماموٚستا بوو بوو،ناخۆشییەك کەوتبووە نێوان وی و ماموٚستایەکی دیکەی هەڤالی کە نێوی یعقوب الاخچر بوو. ماموٚستا یۆنسە سۆر، ئێوارەیەکیان چووبووە سەر مالی ئەو ماموٚستا یەعقوبە کەسکە و، دەرگەی ماڵەکەی دابووە بەر بەرد. یەعقوبیش بۆی دەرپەڕیبوو، و لەوەوە بووبوو بە شەڕە بەرد و، لە ئەنجامی ئەوەدا چەند دانێکی یەعقوب شکابوو، یۆنس خۆشی بریندار بووبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بە پەلاماردەر دانرابوو، بە فەرمانی بەڕێوبەرێتی لە مووسڵ، گوازرابووەوە کەربەلا و، ئەوجا بە تکا لە کاربەدەستی وەزارەت عەبلۆەمیر عەترە ناربوویان بۆ بەسرە و، لە

بەسرەش بەزمێکی لەو جۆرەی قەوماندبوو، ئێدی ڕەوانەی قوتابخانەی ئێمەیان کردبوو لە گەڕەکی موسەللای کەرکووک.

هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتمە کەرکووک، چوومە بەڕێوەبەرێتیی زانیاری و، فەرمانەکەی وەزارەتم برد بۆیان، لەوێ نامەیەکیان دایە دەستم و گوتیان بیبە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی موسەللا، کە چووم بەڕێوەبەر لەوێ نەبوو، مامۆستایەك لەوێ بوو، کە دوایی بووینە دوو هاوڕێیی زۆر نێزیکی یەك. ئەو مامۆستایە نێوی مووسا نووح بوو، خەڵکی ئەلقۆش بوو، بیروڕایەکی پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤدۆستانەی هەبوو. لە کۆلێژی بازرگانی و ئابووری لە بەغدا دەرچووبوو. بەهۆی وییەوە چەند ئەلقۆشییەکی دیکەم ناسی کە لە کۆمپانیای IPC لە کەرکووک کاریاندەکرد و، پاش کودەتای قاسم بوونە نوێنەرانی کرێکاران، لەوانە عبدالرحیم کە لەسەردەمی قاسمدا بوو بە نوێنەری سانديکای کرێکارانی عێراق.

مووسا نووح گوتی: "بەڕێوەبەرێکی نوێمان هەیە، عارەبی مووسڵە و نێوی یونس الاحمرە و تازە نێردراوە بۆ ئێرە، بەر لەو، بەڕێوەبەرێکی دیکەمان هەبوو نێوی جەلال ئەورەحمان بوو، هەولێری بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو، لەبەر چالاکیی رامیاری رەهەندەی ئێرە کرابوو، بەڵام بەوەش وازیاننەهێنا لێی، دەریانکرد".

مووسا نووح گوتی: "بەڕێوەبەری تازە یونس الاحمر، ئەورۆ کەمێك ناساخ بوو، چووە ماڵەوە، بەڵام گوتی: کە مامۆستا تازەکە (واتە ئەز) هات، بیهێنە ماڵەوە بۆ لام". گوتم: "باشە". پێکەوە چووینە ماڵی یونس الاحمر لە گەڕەکی شاترلۆ.

بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەگەڵ منداڵێکی 9ـ10 ساڵانە، لە خانوویەکی گچکەدا دەژیا. وەك دوایی زانیمان، ژنەکەی تەلاقداوەو، لەگەڵ کوڕە زاڕۆکەکەی پێکەوە دەژین. پاش بە خێرهاتن، چوو 3 پیاڵە چایی هێنا، یەکێکی خستە بەردەمی من و یەکێك بەردەمی مووسا نووح و ئەوی دیکەشی خستە نێوان خۆی و منداڵەکەی و،

ئەوجا باوك و كوڕ، هەر یەكە بە نۆرە، فڕێكیان لە پیاڵە چاییەكە دەدا. ئەم دیمەنە بەلای منیش و مووسا نووحیشەوە زۆر سەیر بوو، بە دوو كەس پیاڵەیەك چایی بخۆنەوە، كە ئەو زەمانە، چاییەك لە چایخانە هەرەباشەكانی كەركووك بە دە فلس بوو.

چەند دەمژمێرێك لە ماڵی بەڕێوەبەر ماینەوە و، باسێكی دوورودرێژی خۆی كرد و، گوتی ئەو وەك بەڕێوەبەری قوتابخانە نەهاتووە بۆ كەركووك، بەلكو وەك چاكساز (مُصلِحْ) و، دەیەوێ لە قوتابخانەدا چاكسازی بكات، بەڵام مروڤی كەر و گەوج زۆرن و، لە مەبەستی وی ناگەن.

كات پاییز بوو، بەرەبەرە تاریك داهات، بەڵام بەڕێوەبەر چرای كارڤای دانەگیرساند، بەلكو رادیۆیەكەی خستەكار، كە گڵۆپەكەی رۆشناییەكی كەمی دەدایەوە و، لەوەدا گوتی: "پێویستمان بە گڵۆپداگیرساندن نییە" و، بە عەرەبییە مووسڵاویانەكەی گوتی: "هێكـذ یكون ئلجەو شاعیغی" (سەرنج: ئەوانەی لە مووسڵ بە عەرەبی قسە دەكەن، دەنگی رێ (ر) دەكەن بە غێ (غ)، بە "شاعری" دەبێژن "شاعیغی").

لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو كە نەیدەتوانی خواردن لە دەفرێكدا بخوا كە پڕ بێ، دەبوو تێكە تێكە بیخستایە سەر دەفرەكە و ئەوجا بیخواردایە. جارێكیان قوتابخانەكەمان سەیرانێكی رێكخست، هەر كەسە و شتێكی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەڵام ئەو هیچی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو. كە خواردنمان كردە سەر دەفرێك بۆی، گوتی: ناتوانم بەو جۆرە بیخۆم "پارووییەكەم بدەنێ"، "اعطونی لیقمي" لیقمی واتە: لُقْمة.

لە هەموو قوتابخانە نێوەندییەكانی كەركووكدا، ژمارەیەكی هەستپێكراو مامۆستای عەرەبی مووسڵ و تكریت هەبوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری

قوتابیەکانی ئەو سێ قوتابخانەیەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە وانەم دەگوتەوە تێیاندا، کورد و ترکمان بوون، تاکوتەرە،عەرەبیش هەبوو سا یان کوڕی فەرمانبەرێك بوو گوازرابووەوە بۆ کەرکووك، یان منداڵی عارەبێکی خەلکی حەویجە بوو. تاکوتەرەش قوتابیی دیان (ئاسووری و ئەرمەنی و تلکێفی) هەبوون. کوردە کەرکووکیەکان و ترکمانەکان زمانی یەکدیان دەزانی و قسەیاندەکرد پێی. لەبەر ئەوە هەوڵمدەدا جاروبار، لە کاتی وانە گوتنەوەدا، زمانی کوردی بەکاربهێنم، لە کاتێکدا کە زمانی کوردی فەرمی نەبوو، ئەمەش نەبەدڵی مامۆستا عەرەبە مووسڵاوی و تکریتیەکان بوو، کە بەسەرزاری، خۆیان بە دۆستی ترکمانەکان پێشاندەداو، نە بە دڵی ئەو ترکمانانەش بوو کە ئامانجیان تەنێ دوژمنایەتیکردنی کوردە، نەك هەوڵدان بۆ هێنانەدەستی مافی گەلی بەشخوراوی ترکمان، کە ئەوەش تەنێ بە هاوکاریکردنی کورد و ترکمان دەستدەکەوێ، نەك دوژمنایەتیی یەکدی. لە قوتابخانەی موسللا، بێجگە لە یۆنسە سۆر، کە عارەبی مووسل بوو، مامۆستایەکی دیکەی عارەبی موسل و، عارەبێکی تکریتی لێبوو، نێوی فاضل الساقي و، یەکجار کۆنەپەرست و پاشکەوتنخواز بوو، هەروەها عارەبێکی میسریشی لێبوو، نێوی قدری امین بوو، کە دەیگوت: "لە فەلەستین شەڕی کردووە و لەشکری دوژمنی بەزاندووە" (حاربت في فلسطين وقهرت گێش "جيش" العدو)[3]. بەرامبەر بەم عارەبانە، ئێمە چوار مامۆستای کورد بووین: ئەورەحمان رەزا کە خەڵکی کەرکووك و مووسا نووح کە ئەلقوشی بوو، خۆی بە کورد دەزانی و، سوبحی کاکەیی کە مامۆستای وەرزش بوو و، ئەز. تاکە یەك مامۆستای ترکمانیش لە موسەللا هەبوو. جاروباریش مامۆستا فەتاح دۆغرەمەچی هەولێری، لە نێوان موسەللا و رۆژاوادا هاتوچووی دەکرد، کە هەتا کودەتای قاسم، تۆرانییەکی یەکجار توندوتێژ بوو، ئەوجا بوو بە کورد و کۆمۆنیستێکی

توندوتیژتر.[4] دیاره بازرگانیکردن به هەر نێویکەوە بکرێ، هەر وەك یەکە، تۆرانێتی بێ، یان کۆمۆنیستی، یان شتێکی دی. فەتاح دۆغرەمەچیم لەو کاتەوە دەناسی کە خوێندکار بووین لە زانستگەی بەغدا، ئەو لە بەشی ئینگلیزی بوو. سیخوڕیی دەکرد بەسەر خوێندکارە کوردەکانەوە بۆ تەحسین ئیبراهیم، کە کابرایەکی تۆرانی و زۆر دوژمنی کورد و، دژی مافی رەوای خوێندکاران بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی لە زانستگەی بەغدا تۆرانێتی بکات، خۆی وەکو ناسیۆنالیستێکی عەرەب پێشاندەدا و، زۆڕناژەنیی بۆ بنەماڵەی شا فەیسەل دەکرد و، بەرامبەر بەوە کرابوو بە راگری کۆلێجەکەمان (کۆلێژی پەروەردە)، ئەگەرچی تەنێ باوەڕنامەی بەکالۆریۆسی لە کیمیادا هەبوو. لە بیرمە، بە بۆنەی وتوویژ لە نێوان عێراق و رژێمی ترك، لە بارەی پەیمانی بەغداوە، شاندێکی ترك هاتە بەغدا، تەحسین ئیبراهیم وەرگێڕی زاری ترکی بوو. دەسەڵاتی ئەم تەحسینە هێندە زۆر بوو، مامۆستایەکی جوولەکە، کە نێوی نەسیم عەزرا نەسیم بوو، و لە کیمیادا ماجستێری لە ئەمریکا وەدەستهێنابوو، پەرتۆکێکی کیمیای بە عەرەبی نووسیبوو، ئەو تەحسینە نێوی خۆی خستبووە سەری، لە تەنیشت خاوەنی راستەقینەیەوە. نەسیمیش لەبەر ئەوەی جوولەکەیەکی بێدەسەلات بوو و، بەتەمای کۆچکردن بوو بۆ ئیسرائیل، نەیتوانی بڵێ "لەل". نەسیم خۆی ئەمەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گێڕایەوە بۆم. فەتاح دۆغرەمەچی پیاوی ئەم تەحسینە بوو.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی موسەللا یونس الاحمر، زۆر لە دژی قوتابییەکان بوو، دەیویست جۆرە دیکتاتۆرێتیەك بنوێنێ بەسەریاندا کە مامۆستا مووسا نووح و ئەز، کە لە لیژنەی کۆنترۆل (أنضباط) دا بووین لە دژی دەوێستیاین. بەڕێوەبەریش، بە پشتی بەڕێوەبەری زانیاری لە کەرکووك، کە ئەویش عارەبێکی

مووسڵ بوو، کەوتە راپۆرت نووسین لە دژمان و، هەردووکمانی بە بلاوکردنەوەی هەستی نارەزایی لە دژی حکومەت و، منی بە بەکارهێنانی زمانی نافەرمی (کوردی) لە پۆلی قوتابخانەدا تۆمەتبارکرد. بەم بۆنەیەوە، لە بەغداوە پشکنەرێك بۆ لێکۆڵینەوە لەم شکاتە نێردرا بۆ کەرکووك. ئەو پشکنەرە خەلکی مووسڵ بوو، نێوی عەبدوللا بوو، پاشنێوەکەیم لە بیر نەماوە. بەرێکەوت، بەرێوەبەری قوتابخانەی موسەللا، یۆنسە سۆر، لەگەڵ ئەو عەبدوللایەش، لەوەپێش هەرایەکی بووبوو. ئەو رۆژەی کە گوتیان پشکنەر دەگاتە کەرکووك، یۆنسە سۆر گوتی: "ئەو کابرایە لە مووسڵ بە "عەبۆل حمار" (واتە: عەبۆلە کەرە) بە نێوبانگە". کە ئەوەمان لێبیست، هەر ئەو دەمە، لەگەڵ مووسا نووح قسەمانکرد بەیەك، کە ئێوارێ بچین بۆ ئەو هوتێلەی لێیدابەزیوە و، خۆمانی پێشکێش بکەین و، لە راستیی کێشەکەی بگەیەنین. کە چووینە لای، باسی ئەوەمان کرد بۆی کە قوتابییەکان زمانی دایکیان عەرەبی نییە و، ئەز وەك مامۆستا ناچار دەبم، جاروبار زمانی کوردیش بەکار بهێنم. گوتی: "هیچ خەمناکات، مەبەست تێگەیشتنی بابەتەکەیە". کە کەوتینە باسی شێوەی بەرێوەبردنی قوتابخانە لە لایەن یونس الاحمرەوە، بۆمان دەرکەوت کە پشکنەر دەمێکە دەیناسێ. ئەوجا پێمانگوت "باوەر بکە جەنابتان هێشتا نەگەیشتبوونە کەرکووك، ئەو قسەی ناشرینی بە ئێوە گوت، کە نامانەوێ وشەکانی دووبارە بکەینەوە". پاش ئەوەی، بۆ سبەینێ لە قوتابخانە، لە گەڵ هەرسێکمان کۆبووەوە و، باش تێگەیشت کە ئێمە ئاژاوەگێر و گێرەشێوێن نین. ئەوجا گەرایەوە بەغدا و، پاش ماوەیەك یونس الاحمر گوازرایەوە بۆ شارێکی دیکە[5] و، دوای وی، عوسمان قۆجە قەساب، بوو بە بەرێوەبەری قوتابخانەی موسەللا.

عوسمان قۆجە ("قۆجە" لە "گۆجە"دوە هاتووە، لە "خواجە" دوە نەهاتووە) هەولێری بوو. لە هەولێر دەستکاریی نمرەی ئەو قوتابییانەی کردبوو کە منداڵی ماڵە ئاغاکان و دەوڵەمەندەکان بوون و، بەو جۆرە بە دزیی مامۆستایەکانەوە دەریچوواندبوون. چەند مامۆستایەك هەستیان بەوە کردبوو، و لە نێو خەڵکدا باسیان کردبوو، ئەوە بووبوو بە هۆی ئەوەی عوسمان قوجە بکەوێتە بەر بریاری دەرکردن، بەڵام بەسەر دەستوپێی عێزەدینی مەلا بچکۆل (مەلا ئەفەندی) دا کەوتبوو، کە ئەو دەمە دەستی لە حکومەتدا دەڕۆیی، لەبەر ئەوە، دەریاننەکرد، بەڵام وەك سزادان ناردیانە قوتابخانەی موسەللا.

ئەز، عوسمان قۆجەم نەدەناسی. بەڕێکەوت، بەر لەوەی بگاتە کەرکووك، رۆژێکیان چاوم بە شەمسەدین مفتی کەوت و، باسی عوسمان قۆجەم پرسی لێی، بیروڕای وی بەرامبەری زۆر خراپ بوو. هەر ئەو رۆژەش لە چایخانەی مەجیدیەی کەرکووك، مامۆستایەکی خەلکی هەولێرم ناسی کە تازە گوازرابووە بۆ قوتابخانەی موسەللا، کە پێمگوت بەڕێوەبەرێکی تازە دێ بۆمان نێوی عوسمان قوجەیە، شین و مۆر هەڵگەڕا و گوتی: بەڕاستتە؟ گوتم خۆ گاڵتە ناکەم لە گەڵت. گوتی: "باوەڕ بکە، ئەگەر بە جارەك دەرکراوم و بێ نان ماوم، نایەمە قوتابخانەیەك عوسمان قۆجەی تێدا بێت". نەهات و نەهات و نەهات و، ناشزانم لە کوێ گیرسایەوە. بەداخەوە، ناوەکەیم لەبیرنەماوە.

عوسمان قۆجە کابرایەکی دەسەڵاتپەرست و ماستاوکەر بوو. تا هەندازەیەکیش دەستی گەوجێتیی هەبوو. لە گەڵ هەڤاڵمامۆستا ئەوڕەحمان رەزا، سەرنجی ئەوەمان دابوو، هەر کاتێك قوتابییەك بهاتایە لای و، جلکی شڕودڕی لەبەردا بووایە، ئەو بە کوردی قسەی دەکرد لەگەڵی، خۆ ئەگەر جلکێکی دەوڵەمەندانە و رێکوپێکی لەبەردا بووایە، بە ترکمانی قسەیدەکرد لە گەڵی. جا لەبەر ئەوەی

کەرکووکیەکان، بەزۆری، هەردوو زمانەکە دەزانن، عوسمان قۆجە، بە هەر زمانێك قسەیبکردایە، بەو زمانە وەرامی وەردەگرتەوە. رۆژێکیان لەگەڵ مامۆستا ئەوڕەحمان، لە ژوورەکەی عوسمان قۆجە دانیشتبووین، کە کوڕێکی گەنجی شیکپۆش هات، لە گەڵ خزمەتکارێك لە پشتەوە و، هەر لە دەرگەوە دەرکەوت، دەستبەجێ عوسمان قۆجە بە ترکمانی گوتی: بیرون، ئۆغلم.. (فەرموو کوڕم). کوڕەکە بە کوردی گوتی: "مامۆستا ترکمانی نازانم". ئێدی ئەز و مامۆستا ئەوڕەحمان، دەستمانکرد بە پێکەنین، بەڵام وامان پێشاندا کە لە نێوخۆماندا بە شتێکی دیکە پێدەکەنین. کە کوڕەکە رۆیشت، عوسمان قۆجە ویستی بزانی بەچی پێکەنیوین. ئەوجا گوتمان: "مامۆستا ئەو چییە تۆ هەر کەسێك جلکی خراپی لەبەردابێ بەلای تۆوە کوردە و، ئەوی جلکی باشی لەبەردابێ ترکمانە. خۆ ئەگەر بەو حسێبە بێ، خۆشت دەبیتە ترکمان، گوتی: "هەی غەددارینە! ئەوە کوو ئەوەتان زانییە؟".

لە هاوینی ساڵی 1956 دا، چەند مانگێکی کەم بەر لەوەی شێخ مەحموودی بەرزنجی (حەفید)، کتوپڕ لە داریکەلی نەخۆشبکەوێ و، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا کۆچیدوایی بکا، لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆشەویستم، شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ رەئووفی نەقیب و مامۆستا عەزیز محەمەد، چووینە خزمەت شێخ مەحموود. بەهۆی ئەو سەرەدانە و، لە رێی دانوستاندنی راستەوخۆوە لەگەڵ کۆنە شای کوردستان، راستینە و درۆیینەی هێندەك زانیاریی مێژوویی رۆنبوونەوە لام، کە پێوەندییان بە سەردەمی جەنگی یەکەمیی جیهانی و، کەینوبەینی کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیاوە هەبوو، دژ بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەمەش دەستەوارەی ئاگاداریی منی لەبارەی دیرۆکی کوردەوە فراوانترکرد. کورتەیەکی ئەو سەردانە لە مانگنامەی

"سەکۆ"، ژ 14، چاپی بەرلین، کانوونی یەکەمی 1997 و، هەفتەنامەی "میدیا" ژ 237، چاپی هەولێر 2003/10/1 و گۆڤاری کۆنگرە ژ 20 ـ جۆزەردانی 2001 و، کۆبەرهەم ژمارە (6)، سلێمانی 2006، ل 66ـ95 دا بڵاوکراوەتەوە.

لە 26.7.1956 دا جەمال عەبدولناسر لە میسر کەناڵی سوێسی لەدەست کومپانیا بیانییەکان دەرهێنا و، خستیە سەر سامانی (دەولەت) میسر. ئەم کردارە، بەریتانیا و فەڕەنسای زۆر تووڕە کرد و هەردووکیان لەگەڵ ئیسرائیل رێکەوتن و پێکەوە پەلاماری میسریان دا.

ئەوەی راستی بێ، هیچ کاتێك باوەڕم بەوە نەبووە کە ناسر پشتی کورد دەگرێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هیچ چاوەڕوانی ئەوەشم نەکردووە لێی، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی خۆم لە کار و کردار و هەڵوێستەکانی، دەمزانی سووت وەردەگیرێ لێی بۆ گەرمکردن و پێشاندانی کێشەی کورد، کە کورد لەو رۆژەدا لە هیچ کونێکەوە دیارنەبوو و، لە هەموو ئاسماندا ئەستێرەیەکی نەبوو. ناسر، بەربەرەکانیی پەیمانی بەغدای دەکرد، کە ئەندامەکانی رژێمی ترك و ئێران و عێراق و بەریتانیا و پاکستان بوون و، ئەمەش بە بەرژەوەندیی کورد بوو. ناسر، گەلێك قانوونی دەرکرد کە لە بەرژەوەندیی چینی هەژار و دەستکورتی میسر بوو. ئەمەش لەکەڵ باوەڕی سۆسیالیستانەی من رێکبوو. لە بەر ئەوە، لە هاوینی 1956 دا پەساپۆرتێکم دەرهێنا و، بە بیانووی گۆڕینی هەوا و گەشتوگوزارەوە چووم بۆ سووریا و لوبنان و، لە دیمەشق ماوەی دە رۆژێك، شەو و رۆژ، لە هۆتێلی "فلسطين وشرق الاردن" کە خاوەنەکەی "ئەبو دیاب" کوردێکی کۆمۆنیستی خەلکی گەڕەکی "تاخی کوردان" (حي الاكراد) بوو، نامیلکەیەکم نووسی، لە ژێر نێوی "كفاح الاكراد" (خەباتی کورد) دا و، پێشکێشمکرد بە جەمال عەبدولناسر. بەهۆی رەوانشاد ئاپۆ عوسمان سەبرییەوە، چاپخانەی کەریم کەرەمم ناسکرد و،

به دزییەوە، هەزار دانەیەکم لەسەر ئەرکی خۆم چاپکرد و، لەگەڵ رەوشەن بەدرخان و دوکتۆر عێزەدین مستەفا رەسوول، کە لەو کاتەدا لە دیمەشق بوو، بە ئۆتۆموبێل بردمانە بێرووت و، لەوێوە بە پۆستە، بۆ گەلێك رۆژنامە و رامیار و کەسایەتیی هەموو دەولەتە عەرەبییەکانمان نارد و، چەند رۆژێك دوای ئەوە، لە ماڵی رەوشەن بەدرخان، چاوم بە پارێزەر عەزیز شەریف کەوت و، باسی ئەو نامیلکەیەم کرد بۆی، گوتی رەوشەن خان دانەیەکی داوەتی و خوێندیەتیەوە. دەشمزانی کە لە گەڵ ناسر ناسیاوەتیی هەیە، تکامکرد لێی کە چوو بۆ لای ناسر، لە بارەی ئەو نامیلکەیەوە، کە بۆ ناسر خۆشی چووە، قسەبکات لەگەڵی و، پێیڕابگەیەنێ کە دانانی پرۆگرامێك بە زمانی کوردی لە رادیۆی قاهیرە، دۆستایەتیی کورد و عەرەب بەهێزدەکات. بەڵێنی داپێم. پاش گەڕانەوەم بۆ عێراق، رۆژێکیان لە بەغدا، نەجمەدین عەونی، برای رەوانشاد محەمەد عەلی عەونی (باوکی دوڕییەخان) کە میسری بوو و، لە بەغدا دەژیا و، بەهۆی دوکانی (ئوستاد) بەشیر موشیرەوە، یەکدیمان دەناسی، پێوەندیکرد پێمەوە و، گوتی سەفیری میسر دەیەوێ بتبینێ. دوو جار چاوم بە سەفیری میسر لە بەغدا کەوت، کە ئەوەش باسێکە بۆخۆی. ئەوجا ناسر لە ساڵی 1957 دا، بەشی کوردی لە رادیۆی قاهیرە دانا، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی رژێمی ئێرانیش لە تاران پرۆگرامی کوردی دابنێ و رژێمی عێراقیش رێ بە دەرچوونی چەند گۆڤارێکی کوردی بداتـئەوەش دەبێ بێژم پاش گەڕانەوەم لە سووریا، دوو دانەم لەو نامیلکە گچکەیە (کفاح الاکراد) لە نێو پێڵاوەکانمدا هانیەوە بۆ عێراق، دانەیەکیم دا بە ئەحمەد نەقیب کە ئەو ـ وەك خۆی ئێستەش باسی دەکات ـ بەو نامیلکەیە ئەندامی بۆ "پارتی" پەیدا دەکرد. لە لوبنانیش کەسایەتیی ئاشووری، یۆسف مەلەك م چاوپێکەوت، کە رۆژنامەی "الوجدان" ی بە عەرەبی و ئینگلیزی

دەردەکرد و، لۆبییەکی بۆ کورد و قوبروسی پێکهێنابوو، گەلێك دەنگوباسی کوردستانم گەیاند پێی و، کە گەڕامەوە ولات، چەند جار، بە هۆی ژنێکی خزمییەوە، کە لە بەتاوینی بەغدا دەژیا، پارەم نارد بۆی وەك یارمەتی، دۆستایەتیمان لەڕێی نامەنووسینەوە بەهێزبوو. پاشان، رۆژنامەیەکی دیکەی دەرکرد بە نێوی "الحرية"، باشتر لە "الوجدان".

کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 1956 دا و، کاتێك لە کەرکووك لە قوتابخانە خەریکی وانەگوتنەوە بووم، دەنگوباس بڵاوبووەوە کە لەشکری فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل پەلاماری میسریان داوە. ئەز، ئەو پەلامارەم بە دەستدرێژی و کردەوەیەکی ملهوڕانە دایە قەلەم و، لە نێو مامۆستاکان و قوتابییەکانیشدا باسمکرد. هەرچەندە رژێمی عێراق، بە ئاشکرا دژی ناسر نەبوو، بەڵام پشتیشی نەگرت و، پێوەندیی دیپلۆماسی، تەنێ لەگەڵ فەڕەنسا بڕی، نەك لەگەڵ بەریتانیا. لەمەوە خۆپیشاندانی جەماوەرانە لە بەغدا کەوتە سەر شەقامەکان، کە زۆربەیان خوێندکار و قوتابی بوون و، وەزارەتی زانیاریی ناچار ما، قوتابخانەکان و زانستگەی بەغدا دابخا بۆ ماوەی پتر لە مانگێك و، ئەز ژی لەو ماوەیەدا چوومە سلێمانی، چۆنکە کەسوکارم لەوێ بوون، بەڵام عوسمان قۆجە، کاتێك منی لە کەرکووك لە ماڵەوە نەدۆزیبووەوە، یەکسەر نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرێتیی زانیاری نووسیبوو کە ناتوانێ پێوەندی بکا بە منەوە، چۆنکە "رووەمکردووەتە شوێنێکی نادیار"، بە عەرەبی نووسیبووی: "لقد توجّه الى جهة مجهولة..." ئەوەشی دەزانی کە لە کاتی پشووەکاندا دەچمە سلێمانی. ئەمە سەرنجی کاربەدەستانی وا راکێشابوو، کە گوایە خەریکی کارێکی نهێنیم و، لەمەش خراپتر ئەوەبوو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی رۆژهەلات جەبار تۆما دوژمنایەتییەکی خەستی لەگەڵ هەڤالمامۆستایەك هەبوو کە نێوی ساقی باقی بوو. ساقی ترکمانێکی شیعەی

خەڵكی تسعین بوو، وەك من، مامۆستای ماتماتیك و فیزیك بوو. لە بابەتیی خۆیدا بەڕاستی پسپۆڕ بوو، مرۆڤێكی سادە و دڵپاك بوو، لەگەڵ یەك هاودەنگیمان زۆر خۆشبوو. جەبار تۆما، خزمێكی لە قۆتابخانەی رۆژهەڵاتدا دەیخوێند، كە نەك هەر لە ماتماتیك، بەڵكو لە هەموو بابەتێكدا یەكجار كۆڵ و كز بوو. ساقی چەند ساڵێك بوو لەو قوتابخانەیە مامۆستا بوو، جەبار تۆمای باش ناسیبوو. كاتێك كە مامۆستاكان پرسیاری تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵیان دادەنا، دەبوو بیدەن بە بەڕێوەبەری قوتابخانەكە، بەڵام ساقی باقی نەیدابوو بە جەبار تۆما، چۆنكە دەیگوت باوەڕم نییە پێی، كابرایەكی بەرتیلخۆرە و، لەوانەیە بیفرۆشێ. كە تاقیكردنەوەی كۆتایی، لە حوزەیرانی 1957 دا هاتەپێشەوە، ساقی و ئەز، پێكەوە پرسیارەكانی ماتماتیكی بەكالوریای پۆلی سییەمان دانا بەڵام نەماندایە دەست جەبار تۆما. جەبارە فەندی دەیویست بەهەموو جورێك خزمەكەی دەربچوێنێ، كە ساڵی پار، لەلای ساقی كەوتبوو. رۆژێك جەبار تۆما هەردووكمانی بانگكرد بۆ ژوورەكەی و گوتی: "راپۆرتی زۆر خراپ هەیە لە دژتان، ئەز دەتوانم یارمەتیتان بدەم، بەڵام ئێوەش دەبێ بەرامبەر ئەوە یارمەتیم بدەن". گوتمان: "چۆن؟" بە ئاشكرا گوتی دەبێ كوڕە خزمەكەی دەربچێ، چۆنكە ئەگەر ئەمساڵیش دەرنەچێ، لە قوتابخانە دەریدەكەن. گوتم: "باشە جارێ پێمان بڵێ راپۆرتی خراپی چی هەیە لەسەرمان؟" گوتی: "تۆ لە كەركووك خەریكی هاندانی قوتابی و خەلكی لە دژی حكومەت و، لە لای خەڵك دەڵێیت: كورد زۆرلێكراون و، ئەم نەوتەی كەركووك ئینگلیزەكان دەیبەن و كورد لێی بێبەشە. بێجگە لەوەش، لە پۆلی وانەگوتنەوەدا بە كوردی قسە دەكەیت". گوتم "دۆزی نەوت هیچ پێوەندییەكی بە قوتابخانەوە نییە و، ئەوە شتێكی دیكەیە". گوتی "نا، وانییە، كەركووك شوێنێكی هەستدارە". پاشان گوتم: "ئەز بە عارەبی وانە دەڵێمەوە و، ئەگەر قوتابییەك تێنەگەییشت،

ئەوا بە کوردی تێیدەگەیەنم. مەبەست تێگەیشتنە. قوتابی هیچ گوناهێکی نییە کە زمانی باوك و دایکی عەرەبی نەبێ". بێجگە لەوەش گوتی: "تۆ گوتووتە جەمال عەبدولناسر خەباتکارێکی گەورەیە و نووری سەعید پیاوی ئینگلیزە" گوتم: "لای کێ گوتوومە؟" گوتی: "پێت ناڵێم". پاش ئەوەش گوتی: "بە مامۆستا سامی شاکرت گوتووە "گووی مەلا مستەفا مەخۆ، مەلا مستەفا گەورەی کوردە".[6]
گوتم: "سامی مامۆستای جوگرافیایە، لە پۆلی قوتابخانەدا چەند جارێك جنێوی داوە بە مەلا مستەفا، باشە، جنێودان بە مەلا مستەفا بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندنی جوگرافیا؟". لە ئەنجامی وتووێژدا گوتم: "پێشنیازێکم هەیە، ئەگەر مامۆستا ساقی رازی بێ، ژمارەیەکی کەم قوتابی هەن کە لە ئەزموونددا دەرنەچوون، با ئەوانە هەموویان جارێکی دی تاقییان بکەینەوە، ئەگەر دەرچوون و خزمەکەی تۆش لەوانەبوو، ئەوا کێشەکە بە پێی ویژدان چارەسەر دەبێ".
جەبار تۆما گوتی: "بیست جاریش تاقیکردنەوە بکەیتەوە دەرناچێ. ئەو کوڕە نەخۆشە". گوتمان: "باشە با بچێتە لای دوکتۆر، خۆ ئێمە دوکتۆر نین". گوتی: "ئێوە دەبێ بزانن کە ئەو کوڕە نەخۆشی ئاسما (هەناسەتەنگی) ی هەیە و، ئەوەش هەر ئەو نەخۆشییەیە کە تووشی خاوەن شکۆ شا فەیسەل بووە، لەبەر ئەوە دەبێ بەهەمموو جۆرێك دەریبچێنن، لەبەر خاتری خاوەن شکۆ و، وەك رێزێك بۆ خاوەن شکۆ". راستییەکەی، ئێمە نەمانتوانی، وەك خێرێك بۆ خاوەن شکۆوبەبێ تازەکردنەوەی ئەزموون، نمرەی دەرچوونی بدەینێ، چۆنکە چەند کەسێکی دیکەش هەبوون کەوتبوون، ئێدی جەبار تۆما کەوتە دژایەتیی هەردووکمان، گوایە ئێمە دژی خاوەن شکۆ و سیستەمی شا فەرمانین.
لەو ماوەیەدا کە لە کەرکووك بووم، هەوڵمدا پێوەندییەکی باشم هەبێ، نەك تەنێ لەگەڵ قوتابییکان، بەلکو لەگەڵ کەسوکاریان و، زۆر تێکۆشام کە زمانی کوردی

شیرین بکەم لە لایان و، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکان فێری نووسینی کوردی بە لاتینی بکەم. لە بیرمە، دوو قوتابی، زۆر بە کوڵ و دڵەوە خەریکی فێربوون بوون. یەکێکیان عەلی عەسکەری و ئەوی دی، جەبار جەباری بوو، کە هەردووکیان لە کوردستاندا نێویان دەرکرد و، بوونە شەهیدی نیشتمان. هەردووکیان قوتابی بوون لە قوتابخانەی دوانێوەندیی کەرکووك کە مامۆستا فاتیح بەگ بەڕێوەبەری بوو، فاتیح بەگ ترکمانێکی ژیر و تێگەیشتوو بوو.[7]

هەر لە کەرکووك لە ساڵی 1956دا چەند بەرگێك فیزیك و جەبرم بە کوردی نووسییەوە. بەرگە جەبرەکەم بە ژمارەیەکی کەم بە رۆنیۆ، هەر لە 1956 دا چاپکرد و بلاّومکردەوە بەسەر قوتابییاندا و، بەرگێکی فیزیکیشم لە ژێر نێوی "سەرەتای میکانیك و خۆماڵەکانی مادده" دا لە کەرکووك تەواوکرد و، لە 1960 دا لە بەغدا لە چاپدا و، ئەوەشم هەر بە خۆڕایی بەسەر قوتابییاندا دابەشکرد. چیرۆکی "لالۆکەیم"یشم، هەر لە 1956 دا لە کەرکووك نووسی و، لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر لە چاپمدا. هەروەها "نووسینی کوردی بە لاتینی" م لە کەرکووك لە ساڵی 1956 دا نووسی و لە 1957 دا بلاّوکرایەوە. نامیلکەی "خوێندەواری بە زمانی کوردی" م لە ئابی 1957 دا لە کەرکووك تەواوکرد و، هەر لە 1957 دا لە بەغدا چاپی یەکەمی دەرچوو. هەڤاڵمامۆستای ئەوکاتە، دوکتۆر زەنوون پیریادی لە لاپەڕە 15ی ژمارەی 114ی ساڵی 1998ی گوڤاری "رەنگین" دا، زۆر بە وێژدانانە باسێکی ئەو تێکۆشانەم دەگێڕێتەوە. وتارەکە بەنێوی "یادێکی هاوڕێی دێرینم دوکتۆر جەمال نەبەز"ە.

ئەوەی شایانی باسە، کوردە دەستڕۆیشتووەکانی کەرکووك، زۆر سارد و سڕ و کەمتەر خەمبوونبۆ وێنە فازیل تالەبانی سەرۆکی شارەوانیی کەرکووك بوو، بەلاّم لە رۆژنامەی "کەرکووك" دا کە شارەوانی دەریدەکرد، یەك دێڕ بە کوردی

نەدەنووسرا. کە لە پاییزی 1957 دا، لە عێراق سەرژمێرییەکی گشتی کرا و فۆرمەکان بەسەر خەلکی کەرکووکدا بلاّوکرانەوە بۆ پڕکردنەوە، بە ترکمانی و عەرەبی نووسرابوون، بەلاّم بە کوردی نە نووسرابوون. لەم بارەیەوە وتارێکم نووسی لەژێر نێوی "بۆچی خراینە پشت گوێ؟" کە لە ژمارە 109ی رۆژی 30.9.1957 ی گۆڤاری "هەتاو" دا کە مامۆستا گیوی موکریانی لە هەولێر دەریدەکرد. هەروەها، لە ژمارە (1362)ی رۆژی 1957/9/26 ی رۆژنامەی "ژین" دا کە لە سلێمانی دەردەچوو، بلاوکرایەوە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژم، کە مامۆستا گیو، لە هەموو ژمارەیەکی "هەتاو"، دە دانەی دەنارد بۆم کە بە خۆڕایی دەمدا بە خەلك، بەتایبەتی بە قوتابییەکان و، تکامدەکرد لێیان، کە خوێندیانەوە، بیدەن بە خەلکی دیکە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، یادێکی عومەر بێکەسیش بکەمەوە، کەوەك تاکە کەسێك لە کەرکووك کونەدۆکانەکەی کردبوو بە شوێنی فرۆشتنی پەرتۆکی کوردی.

هەر لە کەرکووك، لەو سەردەمەدا، برایم ئەحمەد و عومەر دەبابە لە گەڕەکی ئیمام قاسم دەژیان و، بە زۆری، بە ئێواران، لە مالّی کاکەی حاجی مەحموود (باوکی نەوزاد کاکە) خەریکی دۆمینە کردبوون، هیچ جۆرە چالاکییەکی رامیاری، یان رۆشنبیرییان نەبوو، بە پێچەوانەی مام جەلالەوە، کە زووزوو هاتوچووی کەرکووکی دەکرد و، سەرەڕای ئەوەی، وەك من، لە بەهاری گەنجێتیدا بوو، بە چالاکی نێوی دەرکردبوو.

بەرەی سەر بە سوڤێت لە پەنجاکاندا، هەر چەند سالّ جارێك، جۆرە جێژنێکی سازدەکرد بۆ لاوان و خوێندکاران، بەنێوی "ڤێستیڤالی جیهانیی لاوان و خوێندکاران" ەوە، حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە سوڤێت لە ولاّتانی بندەست و سەرمایەداری دا، کەسانێکیان دەستنیشاندەکرد بۆ بەشداریکردن. پارتی

کۆمونیستی عێراقیش، چەند کەسێکی دیاریدەکرد بۆ ئەو کارە، کە پاش هەراوزەنایەکی یەکجار زۆر، ئەندامێکی "پارتی"شی تێدەخرا و، ئەو شاندە دەبوو زۆر بە نهێنی لە عێراق دەربچێ و هەر بە نهێنیش بگەڕێتەوە. لەو ڤێستیڤالانەدا پرۆپاگەندە بۆ ئەوە دەکرا کە ئەو بەرەیەی کە نێویان نابوو "بەرەی سۆسیالیزم" بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤێت، خزمەتی "ئاشتیی جیهان و مافی گەلانی بندەست و ئازادی" دەکات و "بەرەی سەرمایەداریش" بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا، هەوڵی "جەنگ هەڵگیرساندن و دیلکردنی گەلان و رووتاندنەوەی چینی کرێکار و جوتکار" دەدات.

لە ساڵی 1956 دا، مام جەلال بە نێوی نهێنی حەمە مین (محمد أمین) ەوە، وەك لاوێکی کورد بەشداریی ئەو ڤێستیڤالەی کرد و، وتارێکیشی لەو ڤێستیڤالەدا بە عەرەبی خوێندەوە کە لە بەشی عەرەبیی رادیۆی موسکۆدا بلاوکرایەوە و، خۆشم لە ماڵەوە لە کەرکووك گوێم لێبوو، باسی "ئاشتیی جیهان و دۆستایەتیی گەلان و برایەتیی کورد و عەرەب و بەشخوراویی کوردی لە لایەن ئیمپریالیزمەوە" کرد. کە گەڕایەوە ولات، رۆژێکیان لە کەرکووك، لە چایخانەیەکی شەقامی رێی وێستگەی شەمەندەفەر، پێکەوە چەند دەمژمێرێك دانیشتین و باسی ئەو سەفەرەی کرد و گوتی: "ئەوەی پێمکرا کردم، بۆ ئەوەی ئەوانەی لەو فێستیڤالەدا بەشداربوون، کورد و کێشەکەی بناسن، بەڵام باوەڕ بکە ئەو وڵاتانەی بەرەی رۆژهەڵات، ئەو تەپڵ و زوڕنایە ناهێنن، کە بۆیان لێدەدرێ". ئەوجا گوتی: "با جارێ ئەمە هەر لەنێوان خۆماندا بێ چونکە ئێمە دۆستمان نییە". گوتم: "دەزانم دۆستمان نییە، بەڵام ئایە سۆڤێت و بەرەی رۆژهەڵات دۆستمانن؟". گوتی: "دەبێ هەوڵبدەین بیانکەین بە دۆست". گوتم: "باشە، ئایا ئەوان بۆ دۆستی وەك ئێمە دەگەڕێن؟ ئەگەر واشبێ بۆچی دەبێ هەر هەوڵی دۆستایەتیی لایەك بدەین؟

با له هەموو لایەکەوە خەریك بین. ئەوەتا داگیرکەرانی کوردستان، لای ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا دەڵێن: کورد هەموو کۆمۆنیست و نۆکەری سوڤێتن".

لە کەرکووك، گەلێك لە سیاسەتکارانی کورد دەهاتن بۆ لام، جارێکیان شەهید ئەوڕەحمانی قاسملۆ، بە جلکی کوردی و کلاش لە پێ، هات بۆ قوتابخانەی موسەللا بۆ لام و، پێکەوە چووینە دەرەوە و، خۆی بە من، بە نێوی "ئەنوەری" یەوە ناساند و، گوتی لە سەر راسپێریی مامۆستا حەمە تۆفیق وردی هاتووە بۆ لام و، ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و، دەیانەوێ رۆژنامەی "کوردستان" دەربکەنەوە و، پێویستییان بە پارەیە و، دەبێ پارەکە بدرێ بە مامۆستا وردی، ئەو دەیگەیەنێ پێیان. پاش ئەوەی یارمەتییەکی باشم بەهۆی مامۆستا وردییەوە نارد بۆیان، رۆژنامەی "کوردستان" یش جارێکی دی کەوتەوە گەڕ. وەك دوایی بۆم دەرکەوت، قاسملۆ بە نێوی ئەنوەرییەوە، لە دەوروبەری سلێمانی دەژیا. دووسێ سالێکیش لەوەبەر، کە هێشتا لە بەغدا دەمخوێند و جارێکیان شەمسەدین مفتی بردمییە ماڵەکەی خۆی کە لەگەڵ عەبدوللای عەلی کانیمارانی بە کرێیان گرتبوو و، کۆبوونەوەی حیزبییان تێیدا دەکرد و، مام جەلال و هەمزە عەبدوللاش سەرەدانی ئەوێیان دەکرد، ژنێکی گەنج و منداڵەکەیم دی، کەلەوێ بوون و، ژنەکە خواردنی دروست دەکرد. شەمسەدین گوتی ئەمە ژنی برادەرێکی کوردی خەلکی ئەودیوە، چیکیە، لێرە نێوی نەسرینە، مێردەکەی نێوی ئەوڕەحمانی قاسملۆوە. وادیاربوو، ئەوان مەسرەفی ماڵیان دەکرد و نەسرینیش وەك کابانی ماڵ.

پاش ئەوەی لە هاوینی ساڵی 1956 دا و، لە ماوەی گەشتەکەمدا بۆ سووریا و لوبنان، پێوەندیم بە چەند نووسەر و هۆزان و رۆشنبیر و رامیاری کوردی رۆژاوا کرد، لەوانە ئاپۆ عوسمان سەبری و رەوشەن بەدرخان و قەدری جان و ئەحمەد

نامی و، باسی ڕێ و شوێنی هەوڵدان بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی زمانی کوردیم کرد لە گەڵیان و، لە نامیلکەی "نووسینی کوردی بە لاتینی" دا (1957) نووسینێکی ئاپۆ عوسمان سەبریم بە دەستنووسی خۆی بە زینکۆگراف بلاوکردەوە، لە بارەی ڕێکەوتنمان بۆ چاککردن و بیرازکردنی ئەلفوبێی لاتینیی دەستکردی میر جەلادەت بەدرخان، لە هاوینی 1957 دا و، هەر بە بیانووی گەشتەوە، لە ڕێی خانەقین و خەسرەوی و قەسری شیرینەوە چوومە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. لە کرماشان چاوم بە ڕۆشنبیری کورد فەتحعەلی حەیدەری زیواجۆیی کەوت، کە لەو ڕۆژانەدا دیوانی مەلا پەرێشانی کوردی لە چاپدابوو. لە سنەش چاوم بە ئایەتوللای مەردۆخ کەوت لەماڵەکەی خۆی کە لەبەر دوکانەکان بوو. مەردۆخ، چەند ساڵێك لەوەبەر فەرهەنگێکی گەورەی کوردی ـ فارسی بڵاوکردبووەوە. ئەم دوو بەرێزە هەردووکیان زۆریان پێخۆشبوو کە هاووڵاتێکیان لە باشوورەوە دەچێتە سەرەدانیان و باسی زمانی کوردی دەکات لە گەڵیان و، بەڵێنیاندا کە لەسەر خزمەتی ئەم زمانە بڕۆن. لە هەردوو شارەکە گەلێك پەرتۆکخانە و پەرتۆکفرۆشیی گەڕام و چاوم بە چەند ڕۆشنبیرێکی دیکەی ئەو دوو شارە کەوت، یەکێك لەوانە خاوەنی پەرتۆکفرۆشیی غەریقی بوو لە سنە. کە گوتم: پەرتۆکی کوردیت هەیە؟ تەماشای دەموچاومی کرد و گوتی: جەنابتان لە کوێوە هاتوون؟ گوتم: "لەو دیوەوە". گوتی: "دەفەرموون دانیشن". چاییەکی بانگکرد بۆم و گوتی: "تۆ زۆر بەختیارتریت لە من کەوا بە ئازادی داوای پەرتۆکی کوردی دەکەیت. ئەو شتەی تۆ داوایدەکەیت لێرە باسی سەرە". لە سنەوە بە پاس کەوتمەڕێ بەرەو مەهاباد، بەڵام لە سەر سنووری شار دامیانبەزاند و پاش، ماوەیەکی دوورودرێژ ڕاگرتن و پرسیار و وەرام، گوتیان: بۆت نییە بچیتە نێو شار و گێڕامیانەوە دواوە. کە هاتمەوە سلێمانی، هەر لە هاوینی 1957 دا واتە: پەنجا

ساڵ لەمەوبەر لە رۆژنامەی "ژین" دا کە لە سلێمانی دەردەچو، وتارێکم نووسی لە ژێر نێوی "یاریکردن بە ئاگر" و بە توندی هەڵسوکەوتی زۆردارانە و هۆڤانەی رژێمی داگیرکەری ئێرانم لە رۆژهەلاتی کوردستاندا خستەڕوو.
بە تێپەڕبوونی کات، بە تەواوی ئاشکرا بوو بۆم کە سیخورەکانی رژێمی عێراق، لە گەلێك لاوە چاویان ئاڕاستەی من کردووە. رۆژێکیان، نەوزاد، کوڕی کاکەی حاجی مەحموود کە قوتابیی من بوو لە نێوەندیی موسەللا، گوتی خاڵی (مامۆستا حەمە تۆفیق وردی) ئەم بەیانییە لە بەغداوە گەیشتووەتە کەرکووك و، دەیەوێ چاوی پێمبکەوێ و دێ بۆ لام. گوتم باشە بەخێر بێ. کە چوومە پۆلی وانە گوتنەوە، بەردەست (فەڕاش) ەکە هات و گوتی: "یەکێك هاتووە و، دەیەوێ بتبینێ". پێموابوو، مامۆستا وردییە. بەڵام پیاوێك بوو نەناس. ئێستەش لەبیرمە بە کوردی گوتی: "محەمەد تۆفیقولوردی لای تۆیە؟"، لەبەر ئەوەی کاخەزێکی بە دەستەوە بوو، هەستمکرد نیازی باش نەبێ، گوتم نا. بۆچی خۆی گوتوویەتی دێ بۆ لای من؟ وەرامی نەدایەوە و رۆیشت، لە بەردەستەکەم پرسی ئەو پیاوە دەناسیت؟ گوتی: "ئا. لە پۆلیسخانە کاردەکات". دەستبەجێ چووم نەوزاد کاکەم لە پۆل دەرهێنا و گوتم: "بڕۆ بە خاڵت بڵێ دەگەڕێن بەدوایدا، با خۆی بشارێتەوە، ئەگەرنا دەیگرن"، چوو پێیگوت.
بە کورتی هێندە راپۆرت و سیخوڕی بە سەرمەوە کەڵەکە بووبوو، لە پاییزی 1957دا فەرمانی گواستنەوەم بۆ زوبێر دەرچوو. کە چوومە وەزارەتی زانیاری لە بەغدا و گوتم: "نامەوێ بچمە زوبێر و دەمەوێ دەست لە کار بکێشمەوە"، کاربەدەستی وەزارەت عبود زلزلە، کە پاش کودەتای قاسم بووبوو بە کۆمۆنیستێکی پلە یەك. پاش پەسندانی پاشا (نووری سەعید) و جنێودان بە ناسر گوتی: "ئەگەر نەچیت بۆ زوبێر، دەبێ جلکی سەربازی لەبەر بکەیت و، ئەوجا

وەك سەرباز بچیت بۆ ئەویٚ، نەك وەك مامۆستا، دەبڕۆ دەی، ئیٚدی کاتم نییە قسەبکەم لە گەڵت، کاتی نویٚژی نیوەڕۆیە، دەبیٚ نویٚژەکەم بکەم، نویٚژم دەچیٚ.."

بەر لەوەی من رەهەندەی زوبیٚر بکریٚم، مامۆستایان کەمال جەلال غەریب و کەمال ئەحمەد سەعید، کە هەردووکیان خەلکی سلیٚمانی بوون، ئەوانیش وەك سزادان، رەوانەی بەسرە کرابوون. لەگەڵ ئەوان و، دوو کۆنە هەڤالخویٚندکاری عەرەبی زانستگەی بەغداش، کە یەکیٚکیان عەبدولسەتتار فەزلی و ئەوی دیکەیان مونیب عەبدولواحید ئەلدرووبی بوو، کە یەکەمیان کۆمۆنیست و دووەمیان لە برا موسلمانەکان بوو و، هەردووکیان خەلکی بەغدا بوون، لە بەسرە یەکمان گرتەوە. عەقید روکن مەتحەت مفتی کە دۆستیٚکی کۆن و بەشیریستیٚکی تۆخ بوو، ئەویش لە "حامیەی بەسرە" کاریدەکرد و، جاروبار بە شەو، بەڵام بە جلکی سڤیلەوە، نەك لەشکری، یەکدیمان دەدی و، باسی بارودۆخی رامیاریی کوردستانمان دەکرد. هەر لەو سەردەمەدا، مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، لە کەرکووکەوە رەوانەی ئەبولخەسیب کرابوو، کە قەزایەکی سەر بە بەسرە بوو، وەك ئیمام و خەتیبی ئەویٚ. پاریٚزگار (متەسەرف) ی بەسرەش رەشید نەجیب بوو، کە کۆنە نووسەریٚکی کورد بوو، بەڵام بووبوو بە پیاوی حکومەت.

حسەین هەڵەبجەیی، کە لەبەر ئەوەی کەمیٚك دەشەلی، ئوستاد بەشیر موشیر نیٚوی نابوو حسەین تۆپال تۆپال بە ترکی مانای شەل) و لە بەغدا سکرتیٚری حەمە سەعی حاجی برایماغا (برا گەورەی دوکتۆر نەجیب خەفاف) بوو، ئەویش جاروبار لە بەغداوە بە فرۆکە دەهاتە بەسرە بۆ وەرگرتنی ئەو کووتاڵانەی کە بە پاپۆڕ دەهاتن بۆ بەندەری بەسرە و، بە ئیٚواران چاومان بەیەك دەکەوت. هیٚندەك جاریش، لەکەڵ کۆمەڵیٚك مامۆستا بە بەلەم لەم بەری "شەتولعەرەب" ەوە کە پیٚدەگوتریٚ "کۆرنیش" دەچووینە ئەو بەری "شەتولعەرەب" کە فارسەکان

"أروندرود" ی پێدەڵێن و دەگەیشتینە "عەرەبستانی ئێران" (خۆزستان).
جارێکیان، چەند مامۆستایەك و، لە نێوماندا مامۆستا کەمال جەلال غەریب، سواری بەلەمێك بووین بۆ پەڕینەوە، لە پڕ کەشتییەکی گەورە لە نێزیکمانەوە تێپەڕی و ئاوەکەی وا بە توندی شڵەقاند، کە ئێستەش نازانم چۆن نوقومی ڕۆبارەکە نەبووین. ئا لەو کاتە تەنگانەیە دا و، کە شەپۆلی ئاوەکە گوژمی بە بەلەمەکەمان دەدا، هیچ کامێکمان مەلەمان نەدەزانی و، بە ڕێکەوت ڕۆژەکە دوارۆژی ئەو مانگە بوو، مامۆستا کەمال گوتی "های! ئەوا مووچەی ئەم مانگەمان وەرنەگرت".
زوبێری ئەوسا، شارەدێیەکی نێزیك بەسرە بوو (ڕەنگە ئێستە بووبێ بە گەڕەکێکی بەسرە) ژمارەی دانیشتووانی ئەوکاتەی دە هەزار کەسێك دەبوو. زۆربەی زۆری خەلکی بەسرە شیعە بوون و، کەمەیەکیش سوننی. شیعە و سوننە حەزیان لە چارەی یەك نەدەکرد، بەڵام وانەبوو دەست لەیەك بوەشێنن. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا سالم ئەلبەدر لە بنەماڵەی "ألبدر" بوو کە بنەماڵەیەکی ناسراوی سوننی بەسرەییە. مامۆستا سالم زۆر ڕێزی منی دەگرت و، هەر کاتێك دووبەدوو بووینایە، سکاڵای دڵی خۆی لای من لە دژی شیعەکان دەکرد و، دەیگوت: "شیعەکان زۆر خراپن لەگەڵمان"، بەڵام ئەز بۆ خۆم هیچ خراپەیەکم لە شیعەکان بەرامبەر بە خۆم نەدی.بەگشتی، خەڵکی بەسرەی ئەو سەردەمە میواندار و رووخۆش و ئاوارە دۆستبوون.
قوتابخانەکەمان لە قەراخی شارەکە بوو، بە بەرد و خشتی سۆر و، بە شێوەیەکی مۆدێرن دروستکرابوو. سێسەت قوتابییەك و، بێجگە لە بەڕێوەبەر، پێنج مامۆستا و بنووسێك (سکرتێر) مان هەبوو. مامۆستای زمانی عەرەبی و ئایین، مامۆستا عەبدولڕەزاق بوو کە خەلکی بەسرە بوو و، لە دەرچووانی زانستگەی ئەزهەری

میسر بوو. ئەو مامۆستایە، کە باوەڕی بە هونەری پێوەندیکردن بە گیانی مردووان (تحضیر الارواح)ەوە هەبوو، مامۆستایان حسەین رەشوانیی هەولێری و عەبدوللا زێباریی بادینانی باش دەناسی، کە ئەوانیش کاتی خۆی لە سەر ئەرکی رەحمەتی عەلی کەمال بەگ (نوێنەری ئەو کاتەی سلێمانی لە پەرلەمانی عێراق و سەرمایەداری گەورە و خێرخواز) لە ئەزهەر دەیانخوێند. مامۆستا عەبدولڕەزاق دەیگوت کە لە ئەزهەر دەمانخوێند، محەمەد مەحموود سەوواف (عەرەبی مووسل و ئیخوانی موسلمین) هەر لەوێ دەیخوێند و، زۆر دژایەتیی کوردی دەکرد و، سیخوڕیی بە سەر ئەو دوو خوێندکارە کوردەوە دەکرد و، لە ئەنجامدا، هەردووکیانی بەگرتن دا، بە تۆمەتی "کۆمۆنیستی" و "جیابوونەوە خوازی". پاشان بۆ دەرکەوتنی راستینەی ئەم هەواڵە، لە هەردوو مامۆستام لەو بارەیەوە پرسی، هەردووکیان گوتیان: "راستدەکات وابوو، ئەگەر تکا و گوشاری بەڕێز عەلی کەمال بەگ نەبوایە، لە زیندانی میسردا دەڕزاین". ئەمەوا و، کە چی ئێستا مزگەوتێك لە هەولێر هەیە بە نێوی مزگەوتی "سەوواف" ەوە. لێرەدا گلەییم لە کاربەدەستانی دوو زلحیزبە دەسەلاتدارەکە نییە، ئەوان وەك فارسەکان دەبێژن "معلوم الحال" ن و، دەمێکە دەستم ششتووە لێیان. بەڵام گلەییم لە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری وەك مامۆستا محەمەد شاکەلی یە کە کاتی خۆی قوتابییەکی رەوشتجوان و چالاك بوو لە قوتابخانەی دوانێوەندیی "موسەللا" لە کەرکووك. ئەو دەبووایە نێوی مزگەوتەکەی بکردایە بە نێوی شەهید مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی زوبێر مامۆستا سالم البدر، دەیویست لە نێو قوتابخانەکەدا، کە گەلێك ژووری ڤالای هەبوو، ژوورێکم بداتێ تێیدا بژیم، زۆر سوپاسمکرد، بەڵام لەبەر گەلێك هۆ وەرمنەگرت. بەتایبەتی دەبوو زوو زوو سەری

نامەخانەکانی بەسرە بدەم و، لە مامۆستاکانی نێو شاری بەسرە زۆر دوورنەکەومەوە. لەبەر ئەوە لە هۆتێلێك لە گەڕەکی عەشار ژوورێکم گرت بەکرێ و، پریمزێکی چێشتلێنانم کڕی، لەگەڵ هێندەك کەوچك و چنگال و دەفر و پیاڵە و ژێرپیاڵە و کەلوپەلی پێویست و، بە ئێواران و شەوان، ئەگەر لەگەڵ برادەرەکانم یەکدیمان نەدیایە، خەریکی نووسین و خوێندنەوە دەبووم و، لە نامەخانە گەورەکەی بەسرە پەرتۆکم بۆ ماوەیەك دەخواست و دەمخوێندنەوە و، پێوەندیم بە رۆشنبیرانی بەسرەوە دەکرد. لە بەسرە نامیلکەی "وەرگێڕان هونەرە" م لە **31.01.1958** دا تەواوکرد و لە سلێمانی هەر لەو سالەدا چاپکرا. چیرۆکی "پالتۆ" ی چیرۆکنووسی رووس گۆگوڵم هەر لەو سالەدا لە بەسرە کرد بە کوردی. لەبەر ئەوە دڵم بە ژوورەکەم خۆشبوو، بەڵام دەبوو هەموو رۆژێك بە پاس بچوومایە بۆ قوتابخانە، کە رێگەکە بە ئۆتۆمۆبێل **10ـ15** خولەك دەبوو. گەلێك جار، وا رێکدەکەوت کە پاسەکە لەڕێ پەکیدەکەوت و هاژۆرەکە دەیگوت "یاللّا أهل الغیرة! تره الباتری مچسی لازم ندفع" (ئەوە پاتریەکە گیراوە دەبێ پاڵبنێین) ئەوجا دەبوو دابەزین وپاڵیپێوەبنێین بۆ ئەوەی بیخەینەوە کار. بەڵام جاری وا هەبوو، هەڵنەدەبووەوە و، ئێمەش هەر پاڵمان پێوە دەنا، هەتا دەگەیشتینە زوبێر. جا چۆنکە قوتابخانەکەمان لە قەراخی شار بوو، ئەوا ئەز خواحافیزیم دەکرد لێیان و، دەمگوت "عەل گووە" واتە: خوا هێزتان بداتێ" ئەوانیش پاڵیان پێوە دەنا، تا پاسەکەیان دەیانگەیاندە گەراج.

لە کاتێکدا کە پاڵمدەنا بە پاسەکەوە، پێکەنینم دەهات بە حاڵی خۆم، خەلکەکە کە هێندێکیان پاڵیان دەنا و، هێندێکیان لە گەڵمان دەڕۆیشتن، پێیان سەیر بوو کە ئەز پێدەکەنم، دەیانپرسی بە چی پێدەکەنیت؟ دەمگوت "شَرُ البَلیَّةِ ما یُضحِك". ئێوارەیەکیان لە ژۆرەکەم دانیشتبووم، خاوەن هۆتێلەکە کە عارەبێکی لوبنانی

بوو، هات گوتی: "پیاوێك دەیەوێ قسەبكات لە گەڵت". گوتم: "نێوی چییە؟". گوتی: "نازانم". گوتم: "فەرمووو با بێ، بزانم كێیە" كە هات بە كوردییەكی عارەبیلێداو گوتی: "تۆ ئوستاد جەمال نەبەزیت؟". گوتم: فەرمووو. گوتی: "بەهۆی مامۆستایەكی قوتابخانەكەتانەوە زانیم كە تۆ كوردیت و، لە كەركووكەوە هاتوویت. ناوم عومەرە و خۆشم كەركووكیم و ساڵانێكی دوورووودرێژە لە زوبێر دەژیم و تاكسیلێخوڕم و حەزمكرد بتناسم". لە ماوەی قسەكردندا، لە كاكە عومەرم پرسی: "لە زوبێر چەند كورد هەن؟"، گوتی: "بە خۆمەوە سیو دووین". منیش گوتم: "كەواتە وا بووینە 33"، گوتی: "نا، سیودوو". گوتم" "بۆچی؟". گوتی: "تۆیشم حسێبكردەوە". لە كورتی بیبڕمەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی كات، ئاشنایەتیی نێوان من و كاكە عومەر زۆر خۆشبوو.

جارێكیان كاكە عومەر باسی كابرایەكی عارەبی كرد و گوتی: "عارەبێك هەیە نیشتەجێی بەسرەیە، بەڵام خەلكی بەسرە نییە، عارەبی، تركی، فارسی و، وەك خەلك دەڵێن هیندیش دەزانێ. ئەم كابرایە لەهەر شوێنێك دادەنیشێ و قسە بۆ خەلك دەكات، دەڵێ كورد زمانی نییە و، هۆنراوەیەكی فارسی دەخوێنێتەوە كە دەڵێ: گوو و میز و ریخ و تەرس و چی و چیان تێكەڵكرد، كوردی دەرچو. چەند جار ویستم هێندەی بكوتم كە بە دە كەس لە ژێر دەستم دەرینەهێنن. ئەز نەمخوێندووە، بەزەحمەت نێوی خۆم دەنووسم، بە عەرەبی رەوان قسە دەكەم، بەڵام ناتوانم بنووسم. تۆ خوێندەواریت، وەرە وەرامی ئەو كابرایە بدەرەوە و، ئەگەر قسەیكرد تێیهەڵدەدەم".

پاش ئەوەی كە ئامۆژگاریی كاكە عومەرم كرد دەست لەو كابرایە نەوەشێنێ، گوتم: "هەوڵدەدەم كارێك بكەم". بەر لە هەموو شتێك بیرم لەوە كردەوە كە شوێنێك بدۆزمەوە، بە كەلك بێ بۆ پێشكێشكردنی وتارێك.

له زوبێر کۆمەڵەیەك هەبوو بەنێوی "جمعية الاصلاح الاجتماعي"، خانوویەکیان هەبوو، سالۆنێکی زۆر گەورەی تێدابوو. دەیاندا بەو کەسانەی وتار بۆ خەلك دەخوێننەوە. ئەم کۆمەڵە بۆ ئەوە دروستبووبوو کە بەربەرەکانێی نێربازی بکات.چۆنکە وەك باسیان دەکرد، دەیانگوت، ژمارەیەکی فرە لە پیاوانی زوبێر، هەرچەندە ژن دەهێنن، بەڵام گوێنادەنە ژنەکانیان، بەڵکو نێربازی دەکەن و، ئەم کۆمەڵەیە دەیەوێ لەو رووەوە چاکسازی بکات.

چوومە لای سەرۆکی کۆمەڵە. کە ئەویش بە روویەکی زۆر گەشەوە بەرەو پیرم هات و، کە باسەکەم کردەوە بۆی، گوتی: "زۆرباشە. ئێوارەیەك 5ـ6 دەمژمێر بۆ تۆ دادەنێم، هەرچەندە باسەکەی تۆ پێوەندیی بە ئامانجی کۆمەڵەکەمانەوە نییە، بەڵام تۆ میوانیت لای ئێمە و باسەکەشت باسێکی بە تام و نوێیە". منیش سوپاسمکرد و، گوتم حەزدەکەم پاش مانگێك ئەو وتارە بخوێنمەوە و، رێکەوتین کە گەلێك لایەن بە نامە و تەلەفۆن ئاگادار بکات و، ئەز ژی گەلێك لە هەڤاڵماماۆستاکان و خەلکی دیکەم ئاگادارکرد و، لەو مانگەدا چەند جار چوومە نامەخانەکانی بەسرە و، گەلێك سەرچاوەم لە بارەی زمانی عەرەبی و زمانناسییەوە خوێندەوە، چ بە عەرەبی و چ بە ئینگلیزی. زمانی ئینگلیزیم دەزانی، چۆنکە بێجگە لەوەی لە زانستگەی بەغدا، زۆربەی سەرچاوەی خوێندنەکەمان بە ئینگلیزی بوو، سالێکیش لە **British Council Institute** لە بەغدا، زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزیم خوێندبوو.[8] کە لە کەرکووك بووم لە لای هاورێی و هاوپیشەم، مامۆستا مووسا نووح، سەرەتای زمانی فەرەنسیم خوێند، پاشان لە بەغدا لە **1959** دا لە لای دیانێك کە **40** ساڵ لە پاریس ژیا بوو، درێژەمدا پێی. لە ئەنجامدا، لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی کە تا ئەو کاتە هەمبوون، وتارێکی گەورەم نووسی لەژێر نێوی "رفع الاوهام ودفع التضليل عمّا في

اللغةِ الكرديةِ مِنَ الدَخيل" و، هەوڵمدا شێوازی نووسینەکەم تا پێمبکرێ رەوان و ڕۆن بێ و، لاشم وایە لەوەدا سەرکەوتنم وەدەستهێنا.
لە وتارەکەمدا، جارێ سەرنجی گوێگرانم بۆ ئەوە راکێشا کە زمانی عەرەبی دەکرێ بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم زمانی قسەکردنە، کە ئەمەش دابەشدەبێ بەسەر ژمارەیەکی یەکجار زۆر شێوەزار و بنزار و، جاری وا هەیە لەیەکدی ناگەن. وەك مامۆستا سالم البدر (کە خۆشی لەوێ بوو) جارێکیان باسیکرد، کاتێك وەك خوێندکار لە بەغدا لە بەشی نێوخۆیی بووە، بەردەستەکە گوتوویەتی "طوز هوایە جەوە القریولە". مامۆستا سالم وایزانیوە بە ترکی قسەدەکات، چۆنکە خەلکی زوبێر بە طوز (کە تۆزە و کوردییە) دەڵێن (غبار) و بە "هوایە" (زۆر) دەبێژن "واجد" بە "جەووە" (ژێر) دەبێژن "حدر" بە "قریولە" (کە ترکییە) دەبێژن "چەرپایە" (کە کوردییە). بەشی دووەمیش زمانی فەرمییە، کە زمانی نووسین و قسەی فەرمیە و زمانی کلاسیکی عەرەبە، کە ئەوەش لە بنەڕەتدا شێوەزاری نەبەتی (نبطي) بووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلامەتی، کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی بتپەرست و بیاباننشین و، لە شارستانێتی دوور بووە، تەنێ لە رێی بازرگانیکردنەوە گەلێك وشەی عیبری و ئارامی و یۆنانی و، ئەوجا پاش داگیرکردنی کوردستان و ئێران، گەلێك وشەی بابەتی بەڕێوەبەرێتی و حکوومەتی و تەکنیکی و زانستی کەوتنە عەرەبییەوە، کە لە بنەڕەتدا کوردین و زمانی عەرەبی پڕە لە وشەی بێگانە. هەر بۆ بەلگەهێنانەوە، گوتم، وشەی لغة لە لۆگیکۆ λογικοή ی یۆنانییەوە هاتووە، قاموس و أطلس هەردووکیان لاتینی و یۆنانین. وشەی أجرُمیة کە بۆ دەستووری زمان (قواعد اللغة) بەکاردەبرێ، لە بنەرەتدا ئوگرومیە و لە گرامماتیکی γραμματική

یۆنانییەوە هاتووە. هەندەسە و کارەبا و دەفتەر و قەڵەم و دیوان و منصة و لهجة و برنامج کوردین. وشەی حرف وشەیەکی ئێرانیی کۆنە. وشەی جەهەنەم لە "جهێ (جیێ) ی نزم" ەوە هاتووە کە بە "اسفل السافلین" نێودەبرێ، و هێندەك پێیانوایە ئارامییە، بەڵام کوردییە. هەروەها میحراب لە "میهراڤا" وە هاتووە (واتە جێی خۆشەویستیی خۆ پێشاندان بە خۆدێ)، ئەوەش کوردییە، سکر (شکر) و سفر (صفر) هندین، یەم (یەم) واتە: زەریا عیبریە. بنەچەی ئەم وشانە، ئەگەر نەڵێم بەلایەن هەموویانەوە، بەلایەن هەرە زۆری ئامادەبووانەوە نامۆبوون. لەو سمینارەدا، گەلێك مامۆستا و تەنانەت بەڕێوەبەری زانیاریی بەسرە (مدیر المعارف) بەشداربوون. پاش تەواوبوونی وتارەکە و وتووێژ لەسەری، هەموو سۆزی دۆستانەی خۆیان بەرامبەرم پێشاندا و، کابرای قسەزل دۆڕاندی. کە هاتینە دەرەوە، کاکە عومەر گوتی "زۆر زۆرم پێخۆشبوو، بەقوربانی دەمت بم، ئێستە بچم تێیهەڵدەم". گوتم "کاکە عومەر، ئەم شەڕە شەڕی قاچ نییە، شەڕی رۆشنبیرییە و، ئێمە بردمانەوە و، ئەو کابرایە شەقی خۆی خوارد. خۆ ئەگەر ئەو کارە بکەین، ئەوجا ئێمە دەیدۆڕێنین و ئەو دەیباتەوە"، ئێدی کاکە عومەر وازیهێنا لێی. لەو سمینارەوە بەڕێوەبەری زانیاریی بەسرە بوو بە دۆستم و، جاروبار دەچوومە سەرەدانی[9] و، لە پاش کودەتای قاسم، منی لە کوێرەوەریەکی گەورە رزگار کرد، کە باسکردنی لێرەدا بە خراپ نازانم.

لە نێو مامۆستاکانی قوتابخانەی زوبێردا، مامۆستایەك هەبوو نێوی حافز بوو. حافز مامۆستای وەرزش بوو، گەنجێکی رەشپێست وەك قولەڕەش، رەوشتبەرز، رۆشنبیر و کەمێك چەپاژۆ. زۆر حەزی بە هاوڕێیەتیی من دەکرد. بەڕاستی خۆشم زۆر رێزم دەگرت. هێندەك جار بە ئێواران دەهاتە گەڕەکی عەشار و

پێکەوە دەچووین بۆ گەڕان، خەلکێکی زۆری دەناسی و منیشی کردە ناسیاوی گەلێك کەس، کە باسی کوردستانیان دەپرسی لێم.

ئەو ساڵەی رەوانەی زوبێر کرام، چەند مانگێك وانەم گوتەوە، ئەوجا پشوویەکی 15 رۆژی هاتە پێشەوە، کە پێیان دەگوت پشووی بەهار، لەبیرم نەماوە کەیبوو. لە بەسرەوە هاتمەوە بەغدا و، لە دوکانی (ئوستاد) بەشیر موشیر، لەگەڵ برادەرەکی هەولێری کە نێوی فازیل سەعید بوو دانیشبووین، لە پڕ کوڕێك هات و گوتی: "کەس هەیە سەفەری سلێمانی بکات؟"، گوتمان بۆچی؟. گوتی: "ئوتۆمۆبێلم هەیە و هاژۆری رێی بەغدا و سلێمانیم". کاك فازیل و ئەز، کە ئەو بەتەمای هەولێر و ئەز ژی بەتەمای سلێمانی بووم، گوتمان باشە. فازیل تا کەرکووك دێ و ئەز ژی تا سلێمانی دێم. کوڕەکە ئێمەی بردە گەراجێك لەو نزیکانە و، چەند نەفەرێکی دی پەیداکرد یەکێکیان ژنێکی کەرکووکی بوو، بوخچەیەك و مریشکێکی پێبوو، دوو کەسی دیکەش کە خەلکی کەرکووك بوون لە پێشەوە دانیشتن و، ژنەکە و ئەز و فازیل لە دواوە. کە گەیشتینە بەغدا جەدیدە، ئۆتۆمۆبێلەکەمان خۆی دا بە ئوتۆمبلێکی دیکەدا، بەڵام باش بوو هیچ نە قەوما کابرای لێخۆڕی ئوتۆمۆبێلەکەی دی هاتەخوارەوە و، دەستیکرد بە جنێودان بە هاژۆرەکەمان و، بە پاڕانەوەی ئێمە رزگاری بوو. وەك سەیرمان کرد، هەڵسوکەوتی هاژۆرەکەمان ئاسایی نییە، کە لە چایخانەیەك لە چۆڵی قورفە لاماندا، پیاوێکی خەلکی سلێمانی، قسەی لەگەڵ هاژۆرەکەمان کرد، لێم پرسی ئەم تاکسیلێخوڕەمان کوێندەرییە؟ گوتی خەلکی سلێمانییە و برای "بەکری نادی" یە. کە سواری ئوتۆمبیلەکە بووینەوە و، ماوەیەکی دی بە چۆڵی قورفەدا لێیخوڕی، ئێدی کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم، کە دوو پولیس منیان لە نێو ئوتۆمۆبیلەکە رادەکێشایە دەرەوە و، گوێم لێبوو یەکێکیان بە کوردی گوتی: "ئەمیشیان دەمرێ". تومەز

زۆرمان نەمابوو بگەیەنە چیای حەمرین، لەو دەشتە کاکیبەکاکییە شەڕەشۆقی لەگەڵ ترۆمبێلێکی دیکە کردبوو، ژنە کەرکووکیەکەی تەنیشتم، کە مریشکەکەی خستبووە سەر کۆشی، مرد بوو، بەڵام مریشکەکە زیندووبوو، فازیلی کولۆڵ، دەستێك و پێیەکی شکابوو، ئەز ژی پەراسوویەك و چەند دانێکم شکابوو، چەناگەم بە جۆرێك بریندار بووبوو کە پاش دروونەوەش، ئێستەش شوێنەکەی هەردیارە. پۆلیسەکان منیان بردە نەخۆشخانەی کەرکووك. یەکێك لە کۆنە قوتابییەکانم کە لە قوتابخانەی ئێوارانی عەلی حیکمەت لە کەرکووك دەیخوێند و، لە پاڵەوە نەخۆشەوان بوو، زۆر خزمەتی منی کرد،ماڵی ئاوابێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هێندە خوێن لە لەشم رۆیبوو، نەمدەزانی دەژیم یان دەمرم، ویستم رێ بدرێ پێم بچمەوە سلێمانی، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بمرم، دایکم و خۆشکەکانم ببینم. لە سلێمانی ناردبوویان بە شوێن دوکتۆر قادر شالی (کوڕی حاجی عەبدوللای شالی) دا کە بێ بکەوێتە فریام، بەڵام گوتبووی کاتی نییە، بێگومان دەیزانی کە لە سەر دژایەتیی حکوومەت دەربەدەرکراوم و، دەترسا لەوەی پڕیشکێکی پێبگات، بەڵام دوکتۆر کەمال عەبدوللا ناجی (زاوای سەعید قەزاز) گوتبووی لەسەر کاریش دەرمبکەن هەر دەچم بۆ یارمەتی و، ماڵی ئاوابێ هات و، ئەوەی پێویست بوو کردی و، گەلێك دڵخۆشی دایکم و خوشکەکانمی دایەوە. دانساز محەمەد مەمەندیش، دانە شکاوەکانمی تیمارکرد. رۆژنامەی "ژین" لە سلێمانی و "هەتاو" لە هەولێر، خەمباریی خۆیان لەو بارەوە دەربڕی و لە گەلێك شوێنەوە خەلك هاتن بۆ هەواڵپرسیم. پاش پانزە رۆژ، چوومەوە بۆ زوبێر، لەوێ لیژنەیەکی دوکتۆرەکان بە هوردی کەوتنە نێرینی گیانم و، گوتیان دەبێ دوو مانگ بە ئارامی بژیت و، نابێ هیچ خۆت ماندوو بکەیت. گەڕامەوە سلێمانی. لە ماوەی ئەو پشووەدا رۆژێکیان لە سلێمانی لە ماڵەوە نانم دەخوارد، یەکێك لە

دەرگەی دا و کە هاتە ژوورەوە، هێندەك شوێنی لەشی پێچابوو، تۆمەز ئەمە هاژۆرەکەمان بوو. دەستی کردە ملم و گوتی: "ببورە بەڕاستی شەوێك لەوەبەر زۆرم خواردبووەوە و بەیانی سەرخۆشی بەرمینەدابوو" گوتم: "کاتی خۆشی پۆلیس پرسیاری کرد لێم، گوتم داواکارنیم لە دژی". پێکەوە نانمان خوارد. گەنجێکی قسەخۆش و زمانشیرین بوو.

پاش دوو مانگەکە، کە گەڕامەوە زوبێر و، هەتا کۆتایی ساڵی خوێندن، جاری واهەبوو ناچاردەبووم لە رۆژێکدا، لە باتی (5) دەمژمێر (10) دەمژمێر بۆ قوتابییەکانم کاربکەم بۆ بژاردنەوەی ئەو وانانەی کە لە دەستیانچوو بوو. کە کاتی تاقیکردنەوە هاتە پێشەوە، مامۆستا حافزی هاوڕێم، رۆژێکیان گوتی: "بەڕاستی شەرمدەکەم بۆ شتێك رووبنێم لێت". گوتم: "فەرموو بڵێ". گوتی: "کوڕێکی خزمم هەیە، لە هەندەسەدا زۆر خراپە، بەلکۆ دەربچێ". کە دەفتەرەکانم سەرڕاستکرد، تەماشامکرد ئەو قوتابییە یەکێکە لە چوار قوتابی، کە لەو پولە و لەو بابەتەدا کەوتوون. گوتم: "حافز، دەکرێ ئەو چوار قوتابییە جارەکی دی و بە پەلە خۆیان ئامادە بکەنەوە و تاقیکردنەوە دووبارە بکرێتەوە بۆیان، بەشکو هەموو دەرچن". گوتی: "باشە". لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، دووانیان دەرچوون و دووانیان کەوتن، یەکیکیان خزمەکەی حافز بوو. جارەکی دیکەش تاقیکردنەوە دووبارە کرایەوە، یەکەکەی دی دەرچوو، بەلاّم ئەو دیسانەوە کەوتەوە، ئەمجارە بە نمرەیەکی نێزیك لە دەرچوون کەوتبوو. ئەو دەمە نمرەکەیم بەرزکردەوە و، نمرەی هەموو قوتابیەکانیشم بەو رێژەیە بردە سەرەوە، تا کەس بەشخوراو نەبێ. پاش ئەمە گەڕامەوە سلێمانی.

لە 1958/7/14دا، واتە نێزیکەی مانگێك دوای گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، کودەتای قاسم روویدا و، هەر چەند رۆژێك دوای ئەوە، ئێمە هەشت مامۆستای خەلکی

کوردستان، بیرخەرەوەیەکمان دا بە قاسم و وەزیری پەروەردە و فێرکردن دوکتۆر جابر عومەر و، داوای مافی خوێندەواری و رۆشنبیریمان بۆ قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان کرد و، بیرخەرەوەکەم بردە بەغدا و، لە رۆژنامەی "البلاد"دا بلاّوکرایەوە و، بەهۆی هاورێی منداڵی و قوتابخانەم دوکتۆر عێزەدین مستەفا رەسوول، کە ئەو دەمە، چەند رۆژێك بوو لە بەشی کوردیی رادیۆی بەغدا کاریدەکرد، بە دەنگی خۆم خوێندمەوە. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی خەلکێکی زۆر پشتگیریمان بکەن و، گەلێك لایەنیش بکەونە دوژمنایەتیکردنمان. عەبدولسەلام عارف، رۆژنامەی "البلاد"ی لەسەر ئەمە داخست.کۆمۆنیستەکان کەوتنە جنێودان پێمان، چۆنکە رۆژنامەی "البلاد" داخرابوو، ئەوەش تاقە رۆژنامەیەك بوو کە شتی وانی بلاّودەکردەوە. خۆیان هێشتا رۆژنامەیان نەبوو. تۆرانییەکان لە دژی وەستان، چۆنکە گوتبوومان دەبیّ بەرێوبەرێتیی زانیاریی کوردستان دابمەزریّ و مەلبەندەکەی کەرکووك بیّ. پارتەکان لە دژمان بوون، چۆنکە کارەکە خۆیان نەیانکردبوو. نازم تەبەقچەلی تۆرانی کە قائد فیرقەی کەرکووك بوو، گەلێك راپۆرتی نهێنی لە دژمان نووسی بوو کە ئەو راپۆرتانە و بیرخەرەوەکەی ئێمە لە "مذکرات" ە کانیدا بلاّوکراونەتەوە. ئەز لە بەغدا هەوڵمدەدا کە بمگەرێننەوە کەرکووك، بەڵام هەوڵەکەم سەرینەگرت و، کرام بە مامۆستا لە قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەری ئەهلی لە بەغدا، کە قوتابخانەی شیعەکان بوو، و ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردی فەیلی، قوتابی بوون لەویّ.

کە گەرامەوە زوبێر بۆ مالاوایی و وەرگرتنی نامە لە بەرێوەبەرێتیی زانیاریی ئەویّ، لەپێشدا چوومەوە هۆتێلەکە. خاوەن هۆتێلەکە گوتی: "دوو رۆژ لەوەبەر بەرێوەبەری زانیاری تەلەفۆنی کرد و ویستی بزانیّ هاتوویتەوە، گوتم نەهاتووتەوە، گوتی کە گەرایەوە پێی بلیّ سەرم بدات". کە چووم بۆ لای

بەڕێوەبەر، پیرۆزبایی شۆرشی تەمووزی کرد لێم و گوتی: "زۆرم پێخۆش بوو کە بیرخەرەوەکەتانم لە رۆژنامەدا خوێندەوە". ئەوجا گوتی: "تۆ دەزانیت ئەگەر شۆرش نەقەومایە، تۆ ئێستە لەکار دوورخرابوویتەوە". گوتم: "بۆچی؟" گوتی: "قوتابییەك نامەیەکی نووسیوە بۆم دەڵێ لە هەندەسەدا کەوتبووم، بەڵام فیسارە مامۆستا (واتە تۆ) نمرەی دەرچوونی داوە پێم، کە مافی دەرچوونم نەبووە". ئەمە چییە؟ ئەز ژی باسەکە چۆن بوو، هەر ئاوا گێرامەوە بۆی. گوتی: "باشە کەوایە، بۆچی شکات دەکات لێت، دەبوو سوپاست بکات". گوتم: "راستە، بەڵام نازانم بۆچی دەبێ لە حافز بپرسم، دەتوانم تەلەفۆن بکەم بۆ حافز؟ گوتی: "فەرموو". تەلەفۆنمکرد بۆ حافز و چاوم بە حافز کەوت، حافز بە دڵێکی شکاو و بە شەرمێکی زۆرەوە داوای لێبۆردنی کرد و گوتی: " ئێمە سەر بە هۆزین، برای ئەو کوڕە داوای کچێکی لە بنەماڵەی ئێمە کردووە و کچەکە نەیویست شووبکا پێی، هاتن بۆ لام و گوتیان تۆ دەبێ زۆر لە کچەکە بکەیت شوو بکات پێی، بەڵام زۆرمنەکرد لێی، تۆ دەزانیت ئەز مرۆڤێکم باسی پێشکەوتنخوازی دەکەم، چۆن شتی وا دەکەم، لەبەر ئەوە ئێستە بوونەتە دوژمنمان". گوتم: "باشە گوناهی من چییە؟" گوتی: "ئەو دەزانێ تۆ هاوڕێی منیت، دەیەوێ لە لایەکەوە تۆ بکات بە دوژمنی من، بەوەی زیان بە تۆ بگەیەنێ و، دەزانێ زیان لە خۆی ناکەوێ، چۆنکە حکوومەت بڕیاری داوە ئەوانەی دەرنەچوون بە "زەحف" (خۆڕاکێشان) دەردەچن و، لە هەمان کاتدا دەیەوێ منیش پیاوخراپ بکات کە من هاوڕێیەتی خۆم لەگەڵ تۆ بەکارهێناوە بۆ کاری ناقانوونی". گوتم: "دەباشە تۆ ئەم قسانە ئاوا بۆ بەڕێوەبەری زانیاری باسبکە". کە چووینە لای بەڕێوەبەر، حافز هەمووی وەك خۆی، بۆ بەڕێوەبەری زانیاری گێڕایەوە. بەڕێوەبەری زانیاری گوتی: "هەرچەندە مامۆستا جەمال غەدری لە کەس نەکردووە، چۆنکە نمرەی هەموویانی بەڕێژە

بەرزکردووەتەوە، بەڵام کارەکە ناقانوونییە. لەگەڵ ئەوەشدا، میوانێکی خۆشەویستە و لەگەڵ قوتابییەکانمان زۆر زەحمەتی کێشاوە و، لەو رۆژەوە کە گوێم لە وتارەکەی بوو، دەزانم شت دەزانێ و، زۆر ناخۆشە بەلامەوە کە بە جێمان دێڵێ". زۆر سوپاسمکرد. ئەوجا کە گەڕامەوە بەغدا و، بوومە مامۆستای دوانێوەندیی جەعفەرییە و دوو ساڵ لەوێ کارمکرد و، پاش ئەوەش، ساڵێك لە هەولێر بوومە مامۆستای قوتابخانەی دوانێوەندیی و قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی. چیرۆکی ئەو سێ ساڵەش دوورودرێژە، پێوەندیی بە زمانی کوردی و سیاسەتیشەوە هەیە، بەڵام ئەو باسە بەتەواوی لە چیکڵدانەی ئەم پێشگوتنەدا جێی نابێتەوە. لەبەرئەوە لێرەدا، زۆر بەکورتی پەنجە بۆ چەند رووداوێك رادەکێشم:

وەزارەتی زانیاری، خزمەتی منی بە خواستەمەنی (إعارة) و بەکرێ (تأجیر) دابوو بە قوتابخانەی دوانێوەندیی جافەرییە، کە نێزیك پێچی حافز قازی (فلکة حافظ القاضي)، واتە: شەقامی رەشید بوو. لە هۆتێلی رەشید کە چەند خولەکێك لە قوتابخانەوە دوور بوو ژوورێکم بەکرێ گرتبوو. ساڵ ساڵی 1958 بوو، کودەتای 14 ی تەمووز روویدابوو، بەغدا دەکوڵا و بووبوو بە نێوەندی چالاکیی رامیاری. بەتایبەتی قاسم لەلایەن بەعسییەکان و ناسرییەکانەوە تەنگی پێهەڵچنرابوو، بە دوای هەڤاڵبەندیدا دەگەڕا. ئەم هەڤاڵبەندێتیەشی لە کۆمۆنیستەکاندا دەدی، کە بە پێچەوانەی سەردەمیپێش قاسمەوە کە پشتگیریی ناسریان دەکرد، ئێستە بووبوونە زوڕناژەنی قاسم و دوژمنی ناسر و "یەکێتیی عەرەب". لەبەر ئەوە هەتا 14 تەممووزی 1959، کە کارەساتی کەرکووك روویدا، کۆمۆنیستەکان یەکجار دەسەڵاتداربوون، لێ، بەداخەوە، بۆ خزمەتی خەلك بەکاریاننەهێنا و، لەوەوە زیانێکی گەورەیان بەخۆیان گەیاند. شایانی باسە لەسەرنەگرتنی هەوڵدانمدا بۆ

گەڕانەوەم بۆ کەرکووك، دەستی وانیشی تێدابوو، ئەوان لەو سەردەمەدا کەرکووکیان کردبوو بە مەڵبەندێکی چالاکیی خۆیان لە کوردستاندا و ڕۆژنامەکەیان "ئازادی" لەوێ دەردەکرد و بلاّودەکردەوە. لەبەر ئەوە لە دژی ئەوەبوون کە یەکێکی وەك من کە هەڵسوکەوتی وانم بەدڵ نەبوو، لەوێ بم. چۆنکە دوکتۆر فەیسەل سامر (فیصل الثامر) کە بووبوو بە "بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و فێرکاری" (مدیر عام التربیة والتعلیم) ناسیاوم بوو، ساڵی 1952 پێکەوە لە "معتقل أبو غریب" زیندانی بووین، دەیویست یارمەتیم بدات، بەلاّم پشکنەری گشتی عبود زلزلە ی کۆنە زوڕناژەنی "نوری پاشا"، بووبوو بە کۆمۆنیستێکی وا تۆخ کە، بە پێچەوانەی کاتی ڕەهەندەکردنم بۆ زوبێر منی بە "کۆمۆنیست" و "ناسری" دەدایە قەڵەم، ئێستە منی بە "جیابوونەوەخواز" و "دژی یەکێتیی عێراق" دەدایە قەڵەم. لەم ماوەیەدا ناسیاوەتیم لەگەڵ عەبدولئەحەد فرەنسیس مالح پەیداکرد کە دیانێکی عەنکاوەیی و کۆمۆنیست، بەلاّم مرۆڤێکی ژیر و خێرخواز بوو و، زۆر دەستی دەڕۆی لە سانديكای مامۆستایاندا. بیرۆکەی گواستنەوەی کارەکەم بۆ قوتابخانەی جافەرییە لە عەبدولئەحەد فرەنسیسەوە بوو. هەر لەو سەردەمەشدا، هاورێم مووسا نووح، کارەکەی گواسترابووە بەغدا، ئەویش بیرورای وابوو کە لە بەغدابم باشترە.

قوتابخانەی دوانێوەندی جافەرییە، لەنێو خەلکدا بە "ثانویة موسكو" (قوتابخانەی دوانێوەندیی مۆسكۆ) نێویرۆیبوو. قوتابییەکانی بە زۆری شیعە و لایەنگری پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون و، لە نێویاندا فەیلییەکی یەکجار زۆر هەبوو، چۆنکە فەیلییەکان قوتابخانەی دوانێوەندیی خۆیان نەبوو. ژمارەیەکی زۆر کەم قوتابی سوننی هەبوو، کە سەر بە بەعس بوون و کەمەیەکیش دیان. چەند کوردێکی دیکەش، بێجگە لە فەیلییەکان، لەوێ بوون لەوانە: برایەکی

دوکتۆر کەمال مەزهەر و شێرکۆی کوڕی هەژار (کە باوکی هێنابووی بۆ ئەوێ، چۆنکە ئەز لەوێ بووم). مەلایەکی شیعەی خەلکی نەجەف، کە نێوی شێخ عەبدولزەهرە ئەلسەغیر (عبدالزهرة الصغیر) بوو، مامۆستای زمانی عەرەبی و ئاین بوو. هەردووکمان لە لیژنەی کۆنترۆل (أنضباط)دا بووین و بووبووینە دۆست. رۆژ نەبوو قوتابییە فەیلییەکان لە قوتابییەکی سەر بە بەعس نەسرەوێنن و، لێکۆلینەوەش لە کارەکە بەرەو رووی من و شێخ عەبدولزەهرە دەکرایەوە. رۆژێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان حەسەن زەلزەلە (خزمی عبود زەلزەلە بوو، بەلام لە بابەتی وی نەبوو) گوتی: "مامۆستا جەمال تۆش کوردیت وەك ئەم فەیلییانە، ناکرێ کارێك بکەیت کە ئێدی کەمێك ئارام بن". گوتم: "مامۆستا، کوردە فەیلییەکان لەلای من دەبێژن، ئێمە هەر لە یەك لاوە تێمانهەلنادرێ، بەلکو لە دوو لاوە. چۆنکە شیعەش و کوردیشین". گوتم دەبێژن: "بۆچی دەبێ ئێمە قوتابخانەی دوانێوەندیی خۆمان نەبێ و، بۆ دەبێ بە کوردی نەخوێنین".حەسەن زەلزەلە، کەمێك مات بوو گوتی: "راستدەکەن. بەلام چارچییە؟" گوتم: "چار ئەوەیە بەرەسمی رێبدرێ بە من وانەی کوردی بلێمەوە و مێژووی کورد باسبکەم بۆیان و...هتد". گوتی: "زۆرباشە و رازیم". دەستبەجێ نامەی نووسی بۆ وەزارەتی پەروەردە و فێرکاری بۆ رازیبوون. ئەز ژی، بەو پەڕی دلخۆشییەوە، نەخشەی پەرتۆکێکی کوردیفێربوونم ئامادەکرد و، بەڕێوەبەریش سالۆنێکی گەورەی خستە ژێر دەستم بۆ ئەو کارە و، چەند مامۆستایەکیش، لەوانە شێخ عەبدولزەهرە و خزعل محمود (کە مامۆستای زانستی ژینەوەران و، خوشکەکەی ژنی پیاوێکی خەلکی سلێمانی بوو) گوتیان دێن بۆ گوێگرتن. پاش مانگێك، وەرامێك هاتەوە بۆ قوتابخانە کە "ئەو کارە کارێکە لە پرۆگرامی خوێندندا نییە و رێی پێنادرێ". ئیمزا؟ کێ ئیمزای کردبێ باشە؟ دوکتۆر سەدیق

ئەترووشی، کە ئەو دەمە لە وەزارەتی زانیاریی عێراق بەرپرسی بەرنامەی خوێندن بوو.

کاتێك لە زانستگەی بەغدا (کۆلیژی پەروەردە) خوێندکار بووم، دوکتۆر سەدیق ئەترووشی لەوێ تۆمارکەر (مُسَجّل) بوو، بە دزییەوە نەبوایە، بە کوردی قسەینەدەکرد. هیچ جۆرە چالاکییەکی رامیاری پێوە دیارنەبوو. کە قاسم هاتە سەرکار، یەکسەر خۆی گەهاندە کۆمۆنیستەکان و، دەستیکرد بە عێراقچێتی و هەر لەبەر خاتری وان، وتاری بلاودەکردەوە بۆ لایەنگریی بنەزاری بادینانی. چۆنکە ـ وەك حەمەی مەلا کەریمی ـ سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق جارێکیان راست دانیپێدانا ئەم شەڕە سۆرانی و بادینانییە، برادەرەکانی وی دایانهێنا، ئەوەش لە دژی پارتی و بۆ حیزبحزبێنە بوو. سەدیق ئەترووشی بۆ خۆشخزمەتیی وان بادینانچێتی بلاودەکردەوە، وەك چۆن مەحمود عەلی عوسمان خۆی نێونا دوکتۆر مەحموودی سۆرانی و سۆرانچێتی بلاودەکردەوە.

کە بەعسییەکان لە 1963/2/8دا قاسمیان کوشت و کەوتنە ویژەی کۆمۆنیستەکان دوکتۆر سەدیقی کوڕی رۆژ، کە خۆی تا ئەو کاتە لە نێو پارتەکانیشدا بەهێز کردبوو، بەهۆی ئەوەوە کە رێسان خانی ژنی، خۆشکی خێزانی مامۆستا برایم ئەحمەد بوو، رایکردە نێو پێشمەرگە، و چووە پەنای ئەو پێشمەرگانەوە کە نەیدەویست زمانەکەیان بخوێندرێ. بەلاّم ئەوەبوو بەختی نەیهێنا و لە شاخ مرد. بەڕاستی سەیرە! زۆر کەس هەن شانازی بەوە دەکەن کە چوونەتە شاخ، بەلاّم ئەوە ناهێننە بەرچاو، کە هەر شێر و پڵنگ بە شاخەوە نین، گورگ و بزنەکێویش بە خۆی و ریشیەوە بە شاخەوەن.

لە پاییزی 1958 دا وتارێکم نووسی لە رۆژنامەی "صوت الاهالي" دا لەمەڕ بەرپێچدانەوەی یەکێك لە سەرکردەگەورەکانی حیزبی بەعس ریاچ گە، کە داوای

تواندنەوەی کوردی کردبوو. وتارەکەم لەژێر نێوی "الکرد المفتری علیهم" بوو، زۆر دەنگی دایەوە. محەمەدی مەلا کەریم وەریگێرایە سەر کوردی و لە گوڤاری "هیوا" زمانی حالی "یانەی سەرکەوتنی کورد" لە بەغدا لە 1959 دا بلاویکردەوە.

بەهۆی دۆستایەتیمەوە لەگەڵ شێخ عەبدولزەهرە، توانیم لە بەهاری 1959 دا سەرێکی رێبەری شیعەکانی ئەوسەردەمە، سەید موحسین حەکیم بدەم لە نەجەف. سەید موحسین پیاوێکی سادە و خاکی و زمانشیرین و، لەماوەی چەند دەمژمێر و تووێژ لەگەڵی، بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی سەری لەگەلێك شت دەردەچێ. بە عەرەبیش و بە فارسیش بێگرێ و گۆڵ قسەیدەکرد. هێندە رێزی منی گرت، کە ئەز لەو تەمەنە کەمەدا بووم، شەرمم بەخۆم هات. پێکەوە، سەید و شێخ عەبدولزەهرە و من نانێکی نیوەڕۆی، وەك کورد دەبێژن دەروێشیمان خوارد و کە مالآواییم کرد لێی تا بەردەرگەی "منتدى النشر" کە شوێنی وانەگوتنەوەی بوو، لەگەڵمان هات و گوتی: "زۆر دڵمخۆش بوو بە بینینت، بە برا کوردەکانم بێژە دان بەخۆدابگرن، دەوڵەتی مەیموون درێژە ناکێشێ"، وگوتی: "ألظلم إن دامَ دمَر" و، لە کاتی قسەکردندا داوایکرد لێم، ئەگەر بتوانم کورتەیەك لە بارەی کورد و بەسەرهاتەکانیان و داخوازییەکانیانەوە بنووسم بۆی. بەڵێنم دا پێی و، کە گەرامەوە بەغدا نێزیکی 70 لاپەرەم لەو بارەیەوە نووسی و دامە دەست شێخ عەبدولزەهرە و بردی بۆی. ئەز یەکەمین کەس بووم کە باسی کورد و کێشەکەیم بە سەید موحسینی رەحمەتی گەیاند. ئەو فەتوایەی کەدای، ئەوە لە خۆوە نەهات. ئەو دۆستایەتییە کە سەید بەرامبەر کورد نیشانیدا ـ وەك ئەوڕۆ باسی دەکەن ـ باپیرانی کەس دایاننەمەزراند. ئەو دەمەی کە چوومە سەرەدانی سەید، یەك کەس لە سیاسەتکارەکانی کورد، سەیدیان بە خەیالدا نەدەهات، لە بەغدا باسی مارکس و لینین و ستالینیان دەکرد.

پاش ئەوەی دوو ساڵ لە قوتابخانەی جەعفەرییە وانەم گوتەوە، ئەوجا ویستم بمگەڕێننەوە بۆ کەرکووك. گوتیان جارێ دەبێ بچیتەوە بۆ زوبێر. چووم سەرێکی زوبێرم دایەوە. لەو ماوەیەدا "بەڕێوەبەرێتیی دیراساتی کوردی" لە باتی "بەڕێوەبەرێتی زانیاریی کوردستان" کە ئێمە داوامانکردبوو، دامەزرابوو، دوکتۆر جەمال شەفیق کرابوو بە بەڕێوەبەری، سادق بەهائەدینی ئامێدیش لەوێ کارێکی هەبوو. گوتیان: ناتوانین بتنێرینەوە کەرکووك، بەڵام دەتوانین کارەکەت بگوێزینەوە هەولێر. گوتم: باشە. ساڵی 1960 بوومە مامۆستا لە قوتابخانەی دوانێوەندیی هەولێر.

لێرەدا ناتوانم بە دوورو‌ودرێژی باسی بەسەرهاتی ئەو ساڵە بکەم، کە گەلێك لایەنی خۆش و ناخۆشی تێدابوو. هەر هێندە دەبێژم ساڵی 1960 ئەو سەردەمەبوو، کە قاسم گێڕی گۆڕیبوو بەرامبەر کۆمۆنیستەکان و، گەلێك لە کۆمۆنیستەکان، لە لایەن تیرۆریستانی سەر بە بەرەی بەعس و تۆرانییەوە، لە بەغدا و مووسل و کەرکووك تیرۆرکران و هێندەك لە مامۆستا و قوتابییەکانیان رایانکردبووە هەولێر. بەر لەوەی بچمە هەولێر، وەك نووسەرێکی بەرهەڵستکار (معارض) ناسرابووم، بەتایبەتی لە ڕێی ئەو زنجیرە وتارەوە کە لە ژێر نێوی "ألابجدية الكردية اللاتينية بين دعاتها ومعارضيها. رد على أضاليل وأباطيل جريدة أتحاد الشعب". ئەم بابەتەم بە زنجیرەیەکی پەنجا وتاری لە رۆژنامەی "صوت الاكراد/دەنگی کورد" دا لە 1960 دا بلاوکردەوە کە، لە بەغدا عومەر جەلال حەوێزی خاوەنی بوو و، منیش ماوەیەك، سەرپەرشتیی بەشە عەرەبییەکەیم دەکرد و مامۆستا حەمە تۆفیق وردی سەرپەرشتیی بەشە کوردییەکەی دەکرد. وتارەکان بە بۆنەی ئەوەوەبوون کە بەهادین نووری

سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، له رۆژنامەی "اتحاد الشعب" ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا، به نێوی خواستەمەنییەوە وتارێکی دژی من نووسیبوو، هەچەندە نێوی منی نەهێنابوو، بەڵام هەوڵدانی منی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی بەکارێکی کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستانە و دژ به یەکێتیی عێراق دابووە قەڵەم. بێجگە لەوەش، پێشەکییەکم بۆ کۆمەڵە هۆنراوەیەکی کامیل ژیر کە به نێوی "کوردایەتی" یەوە بوو نوسیبوو، کە حەمەی مەلا کەریم به فەرمانی حیزبی کۆمۆنیست بەر "نەشتەرە کۆڵە" کەی دابوو. منیش بەرامبەر بەوە و بەنێوی خواستەمەنیی "زەڕەدەشت" ەوە، نامیلکەیەکم بڵاوکردەوە "کوردایەتی، بزووتنەوە و بڕوا و رژێم" و بەرپێچی قسەکانی حەمەی مەلا کەریمم دابووەوە. هەروەها زنجیرەیەك وتارم له دژی وتارەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد بلاوکردبووەوە لەژێر نێوی "حول مفاهیم خاطئة في القومیة الکردیة" له رۆژنامەی "صوت الاکراد" له 1960 دا.

له بارەی زمانیشەوە، له حوزەیرانی ساڵی 1960 دا، "هەندێك زاراوەی زانستی"م له چاپخانەی کامەران له سلێمانی و "سەرەتای میکانیك و خۆمالەکانی ماددە"م له بەغدا له چاپدا و، هەر لەو ساڵەشدا زنجیرەیەك وتارم نووسی له گۆڤاری "رۆژی نوێ" دا کە له سلێمانی دەردەچوو، لەژێر نێوی "زاراوەکانی لیژنەی (ریاضیات) لەژێر وردەبینی لێکۆلینەوەدا" و، گەلێك هەڵەم راستکردەوە بۆیان.

کە چوومە هەولێر، ئەوانەی سەر به هێڵی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون، بوونی منیان لەوێ پێخۆش نەبوو. بەهەموو جۆرێك هەوڵیاندا دزانە خراپە بکەن لەگەڵم، هەر بەو بۆنەیەوە 6-5 مانگ، مانگانەیان نەدا پێم، به بیانووی ئەوەوە کە "دۆسێیەکەم ون بووە". بەڵام من وانەم گوتەوە. هەر به گەیشتنم بەوێ،

لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولحەمید ئیسماعیل، لیژنەیەکمان دروستکرد بە نێوی "لیژنەی پێشخستنی زمان و وێژەی کوردی" .

ئەو سەردەمە مامۆستا عادیل مستەفا بەڕێوەبەری قوتابخانەی دوانێوەندیی هەولێر بوو، ئەو بەڕێزە زۆر هەلپەرست بوو، لەگەڵ هەر کەسێك دابنیشتایە، بە دڵی ئەو کەسە قسەیدەکرد، بەڵام ناچار بوو، لابۆر (مختبر) ە کەی قوتابخانە بخاتە ژێر دەستمان، بۆ ئەوەی بەشێکی بکەین بە نامەخانەیەك و، سەتان پەرتۆکی کوردی و سەر بە کوردمان تێدا کۆکردەوە و، لە پۆلی وانەگوتنەوەدا، بە کوردی وانەم دەگوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی دژی ئەو کارە بوون گلەییان گەیاندبووە وەزارەتی زانیاری و، وەزارەتیش پشکنەری ماتماتیك، مامۆستا سەعید سەفۆ، کە دیانێکی خەلکی مووسڵ بوو و، لە بەغداوە دەمناسی، نارد بۆ لێکۆلینەوە لە باسەکە و، لە بەردەمی ویدا بە کوردی و بە عەرەبی وانەم گوتەوە، کە گەڕایەوە بەغدا، نامەیەکی سوپاسی نارد بۆم. لەگەڵ ئەوەشدا، رۆژێکیان قوتابییەکی هەولێری، لەبەر دەمی قوتابخانەدا منی دواند و گوتی: "ئەرێ مامۆستا تۆ لۆ لۆ کوردییەکەی هێندە تەنگاویت؟ زۆر پێکەنینم بە قسەکەی هات و گوتم: ئەدی، تۆ لۆ به کوردییەکەی هێندە تەنگاویت؟ پاش قسەکردن لەگەڵی، بیری گۆڕا و ئەویش، وەك مومتاز حەیدەری، کە زۆر بە کوڵ و دڵەوە لە لیژنەکەدا کاریدەکرد، هاتە ریزی لیژنەکەوە.

مامۆستایەکانی هەولێر، دابەشبووبوون بە سەر دوو حیزبدا، پارتی و کۆمۆنیست، کە هەردووکیان بە فەرمی (رەسمی) کاریاندەکرد و، ژمارەیەکی یەکجار زۆر مامۆستاش هەبوون، چ لە نێو شاری هەولێر و چ لە دەرەوەی، کە سەر بە هیچ لایەکیان نەبوون. پێوەندیمکرد پێیانەوە و، بووینە کۆمەڵێکی بە ژمارە زۆری ناحیزبی و، چووینە هەلبژاردنی سەندیکای مامۆستایانەوە. پارتییەکان بە

سەرۆکایەتیی بەڕێز عەلی عەبدوللا، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لە دژی لیستەکەی ئێمە، کە لیستەی "سەربەخۆکان" بوو، بوون بەیەك، لە ئەنجامی هەلبژاردندا ئەوان بردیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نێزیکەی 300 دەنگێکمان هێنا. بەرزترین دەنگ جوانەمەرگ مامۆستا کاڵی موکریانی، کچی مامۆستا گیوی موکریانی وەدەستی هێنابوو، پاش ئەویش ئەز.

پاش ئەوەی چەند مانگێك مانگانەی منیان راگرتبوو، رۆژێکیان لەسەر شەقامی بەرەو قوتابخانە، بەڕێز دادوەر بورهانم چاوپێکەوت، کە لە سلێمانییەوە دەمناسی و، باسی کێشەی مانگانەکەمی پرسی لێم. پێمگوت هێشتا نەدراوە. گوتی سبەینێ شکاتێك بنووسە و بیدە بەمن، بزانە برای خۆت چون هەق دەداتە دەستت. کە ئەوەمکرد، مامۆستا عادیل مستەفای بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری زانیاری نەشئەت سەفوەت، پەنایان بردە بەر مامۆستا گیوی موکریانی و هەر ئەو رۆژە دۆسیێیەکەم دۆزرایەوە و لەبەر خاتری مامۆستا گیو لێیانبوردم، شایانی باسە لەگەڵ شکاتنامەکەم، ئێدی نەچوومە پۆلی قوتابخانەوە و، ئەوە ئاژاوەیەکی گەورەی لە هەولێردا دروستکرد و راستە خەلکەکەش هەموو پشتی منیان گرت.

بێجگە لە قۆتابخانەی دوانێوەندی، پاش کۆچیدوایی مامۆستا حەیدەر محەمەد ئەمین کە لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی زمانی کوردی دەگوتەوە، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، یادی بەخێر بێ، گوتی: حەزدەکەم تۆ زمانی کوردی بلێیتەوە لە جیاتی من ـ چۆنکە ئەویان دانابوو بۆ ئەو کارە ـ مامۆستا مەجید گوتی: "تۆ ئەو کارە باشتر دەکەیت لە من". لەماوەی ئەو ساڵەدا هەولێکی زۆرم دا کە، وا لە قوتابیەکانم بکەم، خەریکی باشتر فێربوونی زمانی کوردی بن. پاشان، گەلێکیان بوونە مامۆستای زمانی کوردی. لەو سەردەمەدا "فەرهەنگۆکی زانستیی" و کۆمەڵە وانەکانم لە ژێر نێوی "زمان و ئەدەبیاتی کوردی"دا بە

ڕۆنیۆ چاپکرد و بڵاوکردەوە بەسەریاندا. هێندەك لەوانەی کە چاویان بە خزمەتکردنی زمانی کوردی هەڵنەدەهات، دەیانگوت: "ئەوە چییە، زمانی کوردی لە فیزیا و کیمیا گرانتر کراوە!!".

دەمێك بوو دەمویست خوێندنی خۆم لە ئەورووپا درێژە پێبدەم، بەڵام کاربەدەستانی وەزارەتی زانیاری ڕازی نەدەبوون، بە بیانووی ئەوەی کە مامۆستای ماتماتیك و فیزیك کەمن و پێویستییان بە خزمەت و کاری من هەیە، بێگومان ئەوەش درۆ بوو، ئەگەر مەبەست پێویستیی بووایە، هێندە خراپە بەرامبەر من نەدەکرا. پاش ئەوەی کە چەند جارێك نامەی خۆکشاندنەوە (استقالة)م نووسی و وەرنەگیرا، ئەوجا چوومەماڵەوە و دانیشتم، تا ناچارمان، بە "خۆکێشەرەوە" (مستقيل) دابمنێن.

بە کورتی پێشهاتەکەی زوبێر، مەبەستم وتارەکەمە لە بارەی وشەی بیانی لە زمانی کوردیدا، هەروەها تاقیکردنەکانی وانەگوتنەوەی ساڵانی دوای ئەوە لە بەغدا و هەولێر، چەند تەکانێکی دیکەیان دا بە منەوە، کە بەرەو خۆخەریککردن بە زمانەوانی و، لێکدانەوەی بنچینەی وشەکانی زمان پتر بجووڵێم، ئەوجا ئەمە، نەك هەر بۆ زمانی کوردی، یان عەرەبی، یان فارسی، یان ترکی، بەلکو بە تێپەڕبوونی کات و بەتایبەتی لە ئەورووپا، گەلێك زمانی دیکەم خوێند و، کوورتر خەریکی زمانەوانی بووم، ئێدی، بنیاتی وشە بوو بە بەشێك لەو شتانەی بەلامەوە بالکێش بوون. بەڵام بەداخەوە، هەر وشەیەکم ساخ بکردایەوە، تۆمارمنەدەکرد لە دەفتەرێکدا بۆ پاراستنیان، تا لەم سالانەی دواییدا، جاروبار، کە وشەیەك بهاتایە بە خەیاڵمدا و، ڕەگەکەیم بۆ دەربهێنرایە، لەسەر پارچە کاخەزێك دەمنووسی و هەڵمدەگرت. کە ژمارەی ئەو پارچە کاخەزانە، لەگەڵ کات، زۆر بوو، کەوتمە سەر

کەڵکەڵەی ئەوەی وشەکان بخەمە نێو دەفتەرێکەوە، بێگوێدانە ریزکردنیان بە پێی ئەلفوبێ. چۆنکە بە تەمای چاپ و بڵاوکردنەوەیان نەبووم.
رۆژێکیان چوومە سەرەدانی برای هێژا و بەرێز هۆشەنگ ئاپۆ ئوسمان سەبری، کە ئەویش دەرمانخانەکەی لە بەرلین، هەروەك دوکانی (ئوستاد) بەشیر موشیر لە بەغدا، بووە بە "کوردخانە". بەڕێکەوت، لەپاڵ قسەکردنماندا لە ئێتمۆلۆژیای چەند وشەیەکی کوردی، باسی ئەو دەفتەرەم کرد، بەڕێز هۆشەنگ، زۆر بە کوڵ و دڵەوە حەزی بە چاپکردنی ئەو بەرهەمە پێشاندا. پاش ئەوەش، هەر کاتێك چاومان بەیەك بکەوتایەوە، یەکسەر پرسیاری ئەو وشەنامەیەی دەکرد لێم و، دەیگوت پێویستە بکەوێتە بەر دەست خەلك و، منیش پێمدەگوت کارەکە هێشتا بەرکوڵە و، کاتی ئەوەشم نییە تایپی بکەم و، بۆ چاپ ئامادەی بکەم و، کەسێکیش ناناسم دەستەبەر بێ بە تایپکردنی، بەڵام ئەو هەر سۆر بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی و، گوتیشی "باشە یەکێك دەدۆزمەوە تایپی بکات". هەر دوای ئەوە، یەکێکی بۆ ئەو کارە پەیداکرد و هەر چەندێکیش کردم و کۆشام، رێینەدا کە کرێی تایپکردنی بدەم و گوتی: "تۆ ئەو زەحمەتەت داوە بە خۆت، با بەشێکی منیش لەو کارە خێرەدا هەبێ، کە ئەوەش هەر بۆ خزمەتی گشتییە". هەر جارێکیش دەمبینێ، داوای ئەوە دەکا لێم، کە ژیننامەی خۆم بنووسم و بیدەمە دەستی. وا لەم پێشگۆتنەدا، کورتەیەك لە داخوازییەکەیم هێناوەتە دی.
کورت و کرمانجی پاڵپێوەنەری هاتنە کایەی ئەم "وشەنامەك"ە، جوامێریی هێژا هۆشەنگ بوو، ئەز ژی لێرەدا، پڕ بە دڵ سوپاسی هەستی نیشتمانپەروەرانە و پشتگیریکردنی لە راژەی کولتووری کوردی دەکەم.
هەرچی ئەم کارەشە، ئەوا یەکەمین هەنگاوە لەم پێناوەدا و، هەرچەندە بەم شێوەیەی بە دڵی من نییە، بەڵام کەوتنەڕووی بەناتەواوییەوە، باشترە لەوەی لە

پاش نەمانی خۆم سەریتێدابچێ چۆنکە، هیچ نەبێ هاندەرێك دەبێ بۆ ئەوانەی حەز لەم بابەتە دەکەن.

هێژای گوتنە، کە نێوی ئەم بەرگەم ناوە "وشەنامەك"، نەك "فەرهەنگ". چۆنکە سنووری فەرهەنگ گەلێك فراوانترە لە سنووری زمان و وشە و، مانای راستینەی فەرهەنگ، وشەی کولتوور **Kultur** ی ئەوروپاییە، نەك قامووس، کە بنەڕەتێکی لاتینی هەیە (**Campus**) و، لە زاری عەرەبیدا بۆ پەرتۆکێك بەکاردەبرێ کە تەنێ وشە و ماناکانیان بگرێتە خۆی. چەند زمانێکیش هەن کە "وشەنامە" (پەرتۆکی وشە) بۆ قامووس بەکاردەبەن، وەك ئەڵمانی **Wörterbuch** و سوێدی **Ordlista**.

وشەکانی ئەم بەرگە بە پێی تیپی لاتینی و، بەم شێوەی خوارەوە ریزکراون:

a ئا، **b** ب، **c** ج، **ch** چ، **d** د، **e** ئە، **e´**ع، **ê** ئێ، **f** ف، **g** گ، **h** هـ، **ĥ** ح، **î** ئی، **j** ژ، **k**ك، **l** ل، **m** م، **n** ن، **o** ئۆ، **p** پ، **q** ق، **r** ر، **s** س، **sh** ش، **t** ت، **u** ئو، **v** ڤ، **w** و، **x**خ، **xh** غ، **y** ی، **z** ز.

وەك لە سالانێکی کۆنەوە باسمکردووە، پێموایە ئەلفوبێی لاتینی، لەبەر گەلێك هۆی خۆیی و ناخۆیی، پتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ، وەك لەو تیپانەی کە لە نێو خەڵکدا بە تیپی عارەبی، یان فارسی ناسراون و، لە بنەڕەتدا تیپی ئارامین، کە زمانی ئارامیش زمانی کۆنی جووەکان بوو و، ئەمەشم بۆ یەکەمین جار لە پەرتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" دا ئاشکراکرد، کە لە بەرلین لە 1974/2/21 دا تەواومکردووە و، چاپی یەکەمی لە بامبێرگ (ئەڵمانیا) لە 1976 دا دەرچووە. بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە جیاتی تیپی ئارامی، لەبەر ئەوە نییە کە کورد لە نووسیندا، خۆیان لە عەرەب و فارس جیابکەنەوە. ئەگەر ئەوەبێ، ئەوە بیانوویەکی نەزانانەیە. زمان وەك جلك وایە، کە پێویستیت هاتە سەر جلك، دەبێ

جلكێك لەبەر بکەیت کە بە بەرت بکات، نەك جلكێك لەبەر نەکەیت لە خۆشنەویستنی کەسێك و، جلكێك لەبەر بکەیت لە خۆشەویستیی کەسێکی دی.
تیپی لاتینی، چ لە بارەی ئاسانییەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەم تیپە کۆنە و، چ بۆ دواڕۆژی زمانی کوردی، بەتایبەتی بۆ نێزیکبوونەوە لە زۆربەی زمانە زیندووەکان، کە بوونەتە زمانی زانست و تەکنیك لە جیهاندا، یەکجار سووتبەخشترە لەمەی ئێستە.
ئەو بیانووەش کە دەهێنرێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی تیپی لاتینی، کە گوایە ئەلفوبێی لاتینی، پێوەندیی کورد بە کولتووری رابوردوویەوە دەپچرێنێ، زۆر لاوازە. چۆنکە ئەگەر بێتو هەموو ئەو پەرتۆکانەی کە بەم تیپانە بە زمانی کوردی نووسراونەتەوە، کۆبکرێنەوە، لە چەند هەزارێك تێپەڕناکات و، دەتوانرێ بەرەبەرە، ئەوانەی بە کەڵك دێن، وەربگێڕدرێنە سەر ئەلفوبێی لاتینی. دیارە، وازهێنان لە ئەلفوبێی کۆن بە کوتوپڕی نابێ، بەلکو لەسەر خۆ و هەنگاو بەهەنگاو جێی خۆی دەگرێ و، دەبێ لە باشووری کوردستانەوە دەستپێبکات و کاربەدەستانی پەروەردە و زانست پشتگیریی تەواوی بکەن، ئەگەرنا سەرناگرێ.
دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم ئەلفوبێ کۆنە، ئەلفوبێی قورئانە و، نابێ دەستهەڵبگیرێ لێی، خۆ ئەگەر ئەو کارە بکرێ، ئێدی کەس لە قورئان ناگات. دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی ساویلکانەیە. قورئان بە شێوەزاری چوارسەت سەتە لەمەوبەری هۆزێکی عەرەبە، کە نەك هەر ئەوانەی عەرەب نین لەو زمانە ناگەن، بەلکو عەرەبەکان خۆشیان، ئەگەر قورئانیان پێنەخوێندرابێ، ئەوا تێیناگەن. ئاشکرایە، ئەو کوردانەی دەیانەوێ ببنە پسپۆر لە ئاینی ئیسلامدا، وەك مەلاکان و خوێندکارانی بەشی ئێزدناسی (إلهيّات)، دەبێ زمان و وێژەی عەرەبی بە کووری (قووڵی) بخوێنن و، راستە خەلکەکەش، قورئانی وەرگێردراو لەلایەن

شارەزایانەوە، بە زمانی کوردی بخوێننەوە. بێجگە لەوەش ـ وەك گوتمان ـ ئەلفوبێی عەرەبی لە بنەڕەتدا، ئەلفوبێیەکی ئیسلامی نەبووە و، زمانی عەرەبیش لە پێش هاتنەخوارەوەی قورئاندا، زمانی بتپەرستەکان بووە.

ئێستە، کە ئاوا بێپێچوپەنا، لایەنگریی ئەلفوبێی لاتینی دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە ئەو ئەلفوبێیەی کە ئەورۆ لە نێو کوردی ڕۆژاڤا و باکووردا باوە، کوتومت وەربگیرێ، بەڵکو دەبێ دەستکاریبکرێ و، ئەوەشم پەنجا ساڵ لەمەو بەر لەگەڵ ڕەوانشاد ئاپۆ عوسمان سەبری، کە کوردیزانێکی ژێهاتی بوو، باسکردووە (سەرنجی نامیلکەی: جەمال نەبەز: نووسینی کوردی بە لاتینی بدە، کە لە کەرکووك لە 1957/6/26 دا تەواومکردووە و، لە بەغدا لە 1957دا چاپی یەکەمی دەرچووە و، چاپی دووەمی لە سوێد لە 1987 دا دەرچووە).

بەڕای من، دەبێ خۆمان لە چوکڵە و کڵاوەکان دووربخەینەوە. بۆ وێنە: ش بەشێوەی ş و چ بە شێوەی ç و غ بەشێوەی x̃ نەنووسین، بەلکو بۆ ش sh و بۆ چ ch و بۆ غ xh بەکارببەین و، لە جیاتی ی، î بەکارنەبەین، بەلکو i بەکارببەین و، واز لە بزرۆکە (الكسرة المختلسة) بهێنین، کە لە ئەلفوبێی کۆندا دەرناکەوێ و، لە ئەلفوبێی لاتینیدا بە (i) نیشانەدەکرێ. بو وێنە: کردن وا: kirdin نەنووسین، بەلکو، وا: krdn بنووسین.

ڕێی ی قەڵەو (ڕ) وا: ř نەنووسین، بەڵکو وا: rh و لە جیاتی لێی قەڵەو (ڵ) وا: l' نەنووسین، بەلکو، وا: lh بنووسین. (سەرنجی Jemal Nebez: Alfabêya kurdî, ZEND, Kovara Enstîtuya Kurdî, Istenbul, Bihar 94, Hejmar 1, L 47-50.). لەگەڵ ئەوەشدا، لەم بەرهەمەدا، پێڕۆیی هەموو ئەم پێشنیازانەم نەکرد، بەلکو تەنێ ch و sh و xh م لە جیاتی چ و ش و غ بەکاربرد

و، ئەوانەی دیکەم، هەر وەك ئەلفوبێی لاتینیی باو، بەکاربرد، بە هیوای ئەوەی ڕۆژێك بێ، سەرنج و تێبینییەکانم لەو بارەیەوە بنجی خۆیان دابکوتن.

خوێنەرەوە لەم پێشگۆتنەدا دەبینێ، بنەڕەتی بیرکردنەوەم لە وشەی کوردی بەتایبەتی و، زمانی کوردی بە گشتی، تەنانەت خەریکبوونم بە مێژوو و کولتووری کوردەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنم بە بەشخوراویی کورد، وەك کەسێك کە بەڕێکەوت و، بێ ئەوەی هیچ پرسێك کرابێ پێم، لە نێو ئەو کۆمەلگەیەدا پێم ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. چۆنکە، ئەگەر لە جیاتی کوردستان، لە چین لە دایکبوومایە، چینی دەبووم، نەك کورد. خۆ ئەگەر لەوێش لە دایکبوومایە و، بمزانیایە کورد هەن و دەچەوسێندرێنەوە، بەپێی توانستی خۆم یارمەتیم دەدان. لەبەر ئەوە خزمەتکردنی زمان و کولتووری کورد و، لەسەرکردنەوەی مافی کورد، پێوەندیی بە ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی و دژبیانێتی نییە، بەلکو پێوەندیی بە بنەمای یەکسانیی ماف و دەسەلاتی وەکیەکی مرۆڤەوە هەیە.

ئەمەیان لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، بەکارهێنەری ئەم وشەنامەکە دەبینێ، کە چۆن گۆڕینی دەنگێك لە وشەیەکدا، وا لەو وشەیە دەکات کە بۆ مانایەکی دیکە بەکاربێ، واتە وشەیەکی نوێ دێتە کایە. هەروەها جێگۆڕکێی دەنگەکان لە وشەیەکدا، دەبێتە هۆی چێکردنی وشەیەکی دی بە مانایەکی دی.

شایانی باسە، بوونی وشەی کوردی لە زمانی عەرەبیی کۆندا و، بە تایبەتی لە قورئاندا، ڕەنگە یەکسەر لە ڕێی کورد خۆیەوە، نەبووبێ، بەلکو لە ڕێی عیبری زمانان و ئارامی زمانان و سریانی زمانانەوە بووبێ، کە ئەمانە هەر لە کۆنەوە پێوەندییان بە کوردەوە هەبووە. جوولەکەکان، پاش ڕەهەندەکردنیان بۆ ولاتی میدیا، لە نێو کورددا ژیاون و ئەوەتا هەتا ئەوڕۆش توانیویانە زمانە ئارامییە کۆنەکەیان، کە زمانی ئاینیان بووە بپارێزن، لە کاتێکدا، لە نێو عەرەب و ترك و

فارسدا، ئەو بوار و سەربەستییەیان نەبووە، زمانەکەشیان تا رادەیەکی زۆر کەوتووەتە ژێر کارکردی زمانی کوردییەوە. ئارامییەکانیش لە کوردستاندا، سالانێکی دوور و درێژ فەرمانڕەوابوون و، ئەوەتە هێندەك لە دیانەکانی کوردستان، ئەو زمانە ئاینییەیان پاراستووە، کە لە نێو عەرەب و ترك و فارسدا نەیانوێراوە بیپارێزن، سریانەکانیش هەروەها. بێجگە لەوەش ئەو قوتابییە عەرەبانەی کە لە سەردەمی پێش ئیسلامەتیدا هاتوونەتە حەڕان (هاران)ی نێزیك ئورفە (باکووری کوردستان) جۆرە تیپێکی عەرەبییان لەگەڵ خۆیان هێناوە کە لە ساڵی **568** ز. دا (واتە ماوەی چەند ساڵێك پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان) لە تەنیشت چەند وشەیەکی یۆنانییەوە نووسراوە و، هەتا ئێستەش بەتەواوی شیرۆڤەنەکراوە. دووریش نییە، هێندەك وشە یەکسەر لە ئاڤێستاییەوە وەرگیرابێ، چۆنکە زمانی ئاڤێستا لە کوردستاندا قسەکراوە پێی و زمانی ئاینی بەشێکی کوردی ئەو سەردەمە بووە کە موسلمانان هاتوونەتە کوردستانەوە.

ئەو گەنجانەی دەیانەوێ خزمەتی کوردۆلۆژی بکەن، دەبێ نەك هەر خەریکی زمانی کوردی، بەهەموو شێوەزار و بنزارەکانییەوە بن و بەس، بەلکو ئاوڕێك لە زمانە پێوەندیدارەکان بە کوردییەوە، وەك سانسکریت و ئاڤێستایی و پازەند و پارتی و سۆگدی و هەتیتی و پەهلەوی و پەشتوون و بەلووجی و ئۆسێتی و فارسی و لاتینی و یۆنانیی کۆن بدەن. بێجگە لەوەش زمانە سامییە کۆنەکان وەك ئارامی و سریانی و عیبری بخوێنن و هەوڵبدەن بە خەباتێکی گشتلایەنە خەریکی کۆکردنەوەی وشەی کوردی و بنەچە و رەچەلەك و خزمایەتییەکانیان بن و، هەر کەس چی دەستکەوت و چی بە بیردا هات، بینێرێ بۆ ماڵپەرێکی ئینتەرنێتی کە بە تایبەتی بۆ ئەم کارە دابمەزرێ. بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێ سەرنجی کارەکە بدات و بیروڕای خۆی لەو بارەیەوە دەربڕێ و، ئەم کارانەش پاش چەند

ساڵێك، دەبنە بەرهەمێكی پوختە و بنەمایەك بۆ وشەنامەیەكی زمانەوانیی ئینسیكلۆپیدیایی.

زمانی كوردی، هەمووی سەتساڵێك نابێ كە كورد خۆی خەریكی خزمەتكردنێتی، پاش ئەوەی هەزاران ساڵ بوو خستبوویە پشت گوێ. دووسەت، سێسەتساڵێكیش دەبێ، كە ژمارەیەك لە رۆژهەلاتناسانی ئەورووپایی، وەك بابەتێكی لاتەنیشت، خۆیان پێوەخەریككردووە. بەرهەمەكانیان، بەداخەوە، كەمەیەكی كەمی لێدەرچێ، ئەوانەی دی، بە گیانێكی زانستانە نەنووسراون، بەلكو هەوڵدراوە كە زمانی كوردی، وەك چەند زمانێك بدرێتە قەڵەم. فەیلی و گۆرانی و سۆرانی و كرمانجكی (زازاكی) هەریەكێكیان بە زمانی سەربەخۆ دانراون، نەك بە شێوەزاری زمانی كوردی. بێجگە لەوەش، زمانێكی وەك پەهلەوی، بە "فارسیی نێوەڕاست" دراوەتە قەڵەم، لە كاتێكدا كە ئەمە راست نییە. پەهلەوی زمانی فەرمی (رەسمی) ئیمپراتۆرێتیی ساسانی بوو، تا ئەو رۆژەی عەرەبە موسلمانەكان، پێتەختی ساسانیەكان (تەیسەفوون/ مەداین) یان گرت و تاقی كیسرایان رماند. ئەم فارسییەش كە ئەوڕۆ بەكاردەبرێ، ئەو كاتە هەبوو، چۆنكە ئەوەتە، هەر ماوەیەكی كەم پاش رۆچوونی ئیمپڕاتۆرێتیی ساسانی، رودەكی و فیردەوسی دەستیانكرد بە هەڵبەستدانان بە فارسی و، هەزاران وشەیان لە كوردییەوە وەرگرت، كە "شانامە" شایەتە بۆ ئەمە. باشە، خۆ پەهلەوی زمانێكی زیندوو بوو، جا ئەگەر پەهلەوی فارسی بوو، بۆچی پاش رووخانی دەوڵەتەكە، درێژەیان نەدا بە نووسین بەو پەهلەوییەی كە ئەورووپاییەكان كردوویانە بە "فارسیی نێوەڕاست" و ماوەیەكیش ئێمەیان پێهەڵخڵەتاند؟ لە كاتێكدا دەتوانین بێژین كە پەهلەوی زمانێكی دەستكردبوو، تێكەڵێك لە ئارامی و ئاڤێستایی و پاشماوەی زمانە كۆنەكانی دیكەی نێوچەی میدیا كە بنەچەی زمانی كوردیی ئەوڕۆن. پاش

ئەوەش، ئەگەر ئیمپراتۆرێتیی ساسانی، دەوڵەتێکی فارسی بوو و، پەهلەویش "فارسیی نێوەراست" بوو، بۆچی تەیسەفوون لە ولاتی فارسەکاندا نەبوو، بەلکو لە کوردستاندا بوو، چۆنکە ئێستەش، چوار هەنگاو لە تەیسەفوون دووربکەویتەوە، کوردستان دەستپێدەکات.جلەولا و شارەبان و زەرباتییە و مەندەلی ئێستەش کوردستانن. پاشان، بۆچی، گرنگترین تێکستی پەهلەوی، لە پەیکولی و کرماشان و شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا پارێزراون، نەك لە نێوچەی فارس؟ بەڕاستی دەبێ چاوێك بە زمان و مێژووی کورد و فارسدا هوردبینانە و زانستانە بخشێندرێتەوە، ئەوسا گەلێك راستینەی لە تاریکیدا قەتیس ماو، دەکەونە بەر تیشکی رۆناکی. یەکەمین هەنگاوی ئەمەش، بەهاتنەکایەی کۆلێجێك دەبێ کە بەتایبەتی بۆ خوێندن و لێکۆلێنەوەی بابەتەکانی کوردۆلۆژی دامەزرابێ، نەك لێدانی تەبڵ و زوڕنای "سۆرانێتی" و "بادینانێتی".

لەم سالانەی دواییدا و، پاش ئەوەی هەزاران کورد، لە ئەنجامی گەلێك هۆکارەوە، لە کوردستانەوە کۆچیانکرد بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، بەهۆی خوێندن و تێکەڵبوونەوە لە گەڵ خەلك و فەرهەنگی ئەم ولاتانە، وشەی رۆژاوایی لە نووسینەکانیاندا بەکاردەبەن. ئەم وشانە، هێندێکیان پێویست نین، چۆنکە لە کوردیدا بەرامبەریان هەیە و، هێنانیان بۆ نێو زمانی کوردی تەنێ بۆ خۆپێشاندانە. هێندێکیشان پێویستن و ، دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو وشانە لە هەموو زمانە رۆژاواییەکاندا، وەك یەك نانووسرێن و دەرنابڕدرێن. لەبەر ئەوە، ئەو کوردانەی لە شوێنە جیاوازەکانی ئەم ولاتانە دەژین، ئەوانیش بەو شێوە جیاوازانە دەیانخەنە زمانی کوردییەوە. بۆ وێنە: یەکێك دەنووسێ: "کەڵچەر"، یەکێکی دی دەنووسێ

"کولتوور"، ئەوی دەنووسێ "کەلتوور". لێرەدا دەبێ ڕێکەوتنێك هەبێ لەسەر ئەوەی، چ وێنەیەکی ئەم وشەیە بچێتە زمانی ستانداری کوردییەوە.
لە کۆتایی ئەم پێشگۆتنەدا دەخوازم بێژم کە بوونی ژمارەیەکی زۆر کوردی هەموو لایەکی کوردستان لە ئەورووپا، بە خوێندەوار و نەخوێندەواریانەوە و، تێکەڵبوونم لەگەلیان سالآنی ساڵ، کارێکی وایکرد کە گوێبیستی گەلێك لە شێوەزارەکانیان ببم و بەشێکی زۆری لای خۆم تۆماربکەم و لەگەڵ یەکدی بەراوردیان بکەم و لێیانبکۆڵمەوە. ئەوەش یارمەتییەکی باش بوو، چ بۆ فەرهەنگەکەم (فەرهەنگی ئەلمانی ـ کوردی، کە هێشتا چاپنەکراوە) و چ بۆ هێنانە بەهەمی ئەم وشەنامەکە، کە دیارە، وەك یەکەمین هەنگاوێکی دەستپێشکەرانە، هەڵە و ناتەواوییەکی فرەی تێدا هەیە و، تکای منیش لە هەموو لایەك ئەوەیە، بە چاوێکی هوردبینانەی بابەتهەڵسەنگێنەرانەوە، لە بیروبۆچوونی خۆیانم بگەیەنن، بۆ ئەوەی ئەگەر ژیانم بە بەرییەوە مابوو و، چاپێکی دی هاتە کایە، ئەوا ئەو سەرنجانە، بە سوپاسەوە، بخەمە بەرچاو و، گەلێك وشەی دیکەشی بخەمە سەر، بەلکو ئەو دەمە لە "وشەنامەك" ەوە ببێتە "وشەنامە".

جەمال نەبەز

بەرلین 2007/7/7

---

[1]. لێرەدا هێندەك لەو کارانە باسدەکەم: لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "صدى المستقبل" دا کە لە 1953/11/1 دا دەرچوو، وتارێکم نووسی لەژێر نێوی " كيف تتعلم اللغة الكردية" و، بە تەمابووم لە ژمارەکانی دوای ئەوەشدا، درێژە بەو وتارە بدەم و، وتاری دیکەش بنووسم، بەڵام، تەنێ دوو ژمارە لەو گۆڤارە دەرچوو، چۆنکە هەر پاش دەرچوونیژمارەی یەکەمی بریاری داخستنی درا. گۆڤارەکە دەبوو هەفتانە بێ، بەڵام لە سەرەتاوە بریاردرا، جارێ لە مانگێکدا دوو ژمارە دەربچێ لێی. خاوەنەکەی رسمي العامل و، بەرپێوەبەری بەرپرسیاریش عبدالكريم الشيخ داوود بوو، کە هەردووکیان چەپاژو و دژ بە رژێمی عێراق بوون. رسمی العامل لە سەردەمی عبدالكريم قاسم دا، بوو بە لایەنگری محەمەد حەدید (محمد حديد) کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی نیشتمانیی دێمۆکراسی (ألحزب الوطني الديمقراطي) بە سەرۆکایەتیی کامل چادرچی و، بە هاندانی قاسم جیابووەوە لێی و، پارتی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز (ألحزب الوطني التقدمي)ی دامەزراند. رسمی العامل لە 1961 ەوە تا سەردەمی رۆخانی رژێمی قاسم لە شوباتی 1963 دا، رۆژنامەیەکی بە نێوی "المستقبل" ەوە دەردەکرد کە زمانی حالی ئەم حیزبە بوو. وابزانم دوایی رسمی العامل تیرۆر کرا.

لە رۆژنامەی "صدى الاهالي" دا کە ئۆرگانی پارتی نیشتمانیی دێمۆکراسی بوو، لە ساڵی 1952 دا وتارێکم نووسی لە بارەی مافی خوێندەواری و رۆشنبیریی کوردەوە کە رۆژنامەکە سەرنێوەکەی کردبوو بە "ألحقوق الثقافية للمواطنين الاكراد" لەوێدا باسی ئەوەم کردبوو کە قوتابیی و خوێندکاری کورد زمانی عەرەبی بە زۆر دەسەپێندرێ بەسەریدا و لە زمانی زکماکی خۆی بێبەشدەکرێ. ئەم رۆژنامەیە پاش قەلەمباز (إنتفاضة)ی تیشرین 1952 داخرا.

لە رۆژنامەی "صوت الاهالی" دا کە زمانی حالی "پارتی نیشتمانیی دێمۆکراسی بوو، لە ساڵی 1954دا وتارێکم نووسی وەك بەرپێچدانەوەی سەرکۆماری ئەو دەمەی رژێمی ترك جەلال بایار، کە لە سەفەرێکدا بۆ ئەمریکا گوتبووی "لە ترکیا هەر ترك هەن". هەر لەو ژمارەیەدا، نووسینێکی رەحمەتی پارێزەر برایم ئەحمەدم بەنێوی "بەرەو رۆناکی" (نحو النور) کردبوو بە

عەرەبی. وتارەکەم لە ژێر نێوی "سیاسة تتريك الاكراد في تركيا" بوو. بە هۆی نەسیری کوڕی کامیل چادرچییەوە کە هاوڕێم بوو، چوومە لای چادرچی و، کە نووسینە عەرەبییەکەمی دی گوتی: "تۆ کوردیت؟. گوتم: "ئەرێ". گوتی: "ئەم عەرەبییە لە کوێ فێربوویت؟" گوتم: "لە کوردستان". بەلایەوە سەیر بوو. گوتم: "بەهۆی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکانەوە سەتان زانای کورد هەڵکەوتوون کە چەندین بەرهەمی بەرزیان بە عەرەبی نووسیوە و، هیچ لە وڵاتی عەرەبیشدا نە ژیاون". گوتی: "تکایە جارەکی دی وەرەوە، باسی وتارەکەت دەکەین، ئەوڕۆ کاتم زۆرنییە". بۆ جاری دووەم لەگەڵ مام جەلال چووین پێکەوە بۆ لای. ئەوەم لە بیرە کە چادرچی گوتی: "ئێمەی عەرەب دەمانەوێ یەکێتیی عەرەب بگەیەنینە ئەنجام، ئەوجا ئەگەر کورد بیانەوێ ئەو چەند ستانەی خۆیان جیابکەنەوە و ببنە دەوڵەت، ئەز لە دژ نابم". بەڵام گوتی: "ئەمە بیروڕای خۆمە، لە نێو حزبدا باسم نەکردووە". پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکەم، مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، وتارێکی نووسی هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بۆ پشتگیریی من، لەژێر نێوی "ألتتريك لايزيد الشعب الكردي إلاّ قوة وثورة على المستعمر". لەوەوە، سەفیری ڕژێمی ترک لە بەغدا شکاتی لە هەردووکمان و لە ڕۆژنامەکەش کرد. ئەز وتارەکەم بە نێوی خواستەمەنی ج.أ. کلۆڵ و مامۆستا جەمیل بە: ج.ب.ر. نووسیبوو. کامیل چادرچی ئامادە نەبوو نێوی ئێمە ئاشکرا بکات. لە دادگەییکردنی یەکەمدا کە حسین جميل پارێزەری ڕۆژنامەکە بوو، دادگە بڕیاریدا کە سووکایەتی بە سەرۆکی دەوڵەت کراوە، نەك بە سەرۆکی حکوومەت کە بە پێی قانوونی عێراق ئەوی سووکاتی بکردایە بە سەرۆکی حکوومەت سزا دەدرا و باسی سەرۆکی دەوڵەتی تێدا نەبوو. بەڵام سەفیری ڕژێمی ترك شکاتەکەی بردە دادگەیەکی بەرزتر و، ئەوجا ڕۆژنامەکە بە سزای پارەدان سزادرا. هەرچەندە پارێزەر عباس حسن جمعە کە بەڕێوەبەری بەرپرسیاری ڕۆژنامەکە بوو، دەیگوت "ئەمە شەڕی کورد و ترکە، ئێمەی عەرەب بۆچ دەبێ سزا ببژێرینەوە"، بەڵام ڕەحمەتی چادرچی گوتی: "ئەمە بیروباوەڕ و، ڕێی ئێمەیە و، ئێمە ڕازی بووین ئەو وتارانە بڵاوبکەینەوە". لە 1954/12/17 دا ڕۆژنامەکە داخرا. (سەرنج: نێوی هێندەك لە بڵاوکراوەکانی دیکەم لەم پێشگوتنەدا دێن).

[2]. بیرخەرەوەکەمان لەژێر نێوی "مذکرة المدرسین ألاکراد الی وزارة المعارف حول رفع مستوی الثقافة في کردستان خاصة والعراق عامة" دا بلاوکرایەوە. ئەو مامۆستایانەی ئیمزای بیرخەرەوەکەیان کرد ئەمانەبوون: فایەق عارف (دوانێوەندی/ سلێمانی)، ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد (دوانێوەندی/ سلێمانی)، ئیحسان عەبدولحەمید (نێوەندی رۆژهەلات/کەرکووک)، مستەفا سەید ئەحمەد نەریمان (قوتابخانەی قەلای عێراقی/کەرکووک)، عەبدوللا محەمەد حاج ئەلیاس (میدیا) (قوتابخانەی سویسوێنان/سلێمانی)، نەجمەدین مفتی (دوانێوەندی هەولێر)، عەبدولرەحمان رەزا (دوانێوەندی موسەللا/کەکووک)، جەمال نەبەز (نێوەندیی زوبێر).

3. قەدری ئەمین، مامۆستایەکی میسری گەنج بوو، و مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو. قوتابییە کەرکووکییەکان، لە زمانی عەرەبەکانی عێراق نەدەگەیشتن، لە زمانی وی، ئەوا هیچ. جارێکیان لە تاقیکردنەوەدا قۆپیی لە قوتابییەك گرتبوو و، لە ساڵۆنی تاقیکردنەوە دەریکردبوو، قوتابییەکەش کە نێوی تەحسین بوو هەڕەشەی کردبوو لێی و ترساندبووی. جا لەبەر ئەوەی ئەز و مامۆستا مووسا نووح لە لیژنەی کۆنترۆڵ (إنضباط) دا بووین، دەبوو تەماشای کێشەکە بکەین. لە کەرکووك مام تۆفیقێك هەبوو چەخماخساز بوو، مالی لە گەڕەکی موسەللا بوو، کە ئەز منداڵ بووم، جاروبار سەری سلێمانی دەدا و ناسیاوی باوکم بوو، وەك کوردی جاران، کە جلکی کوردییان دەپۆشی، خەنجەرێکیان دەکرد بە پشتێنەکەیاندا، ئەویش خەنجەرێکی لە پشتێندا بوو. لەپڕ مام تۆفیق پەیدا بوو، گوتی": ئەوە چییە، ئەو منداڵە بەسزمانەیان دەرکردووە و دەگری و خۆی و باوکی هاتوونە لام و هانایان هێناوە بۆ من، چی کردووە؟" گوتم: "لە کاتی تاقیکردنەوەدا، شتەکانی لەبەرنەبووە، تەماشای کتێبی کردووە و لەبەر کتێبەکە نووسیویەتەوە". گوتی: "جا ئەوە چیە؟ هەلبەتە فەقیرە نەیزانیوە، گوتوویەتی بۆ بە خراپ و هەڵە بینووسم، با راست بینووسم". لەگەڵ مام تۆفیق لە ژووری مامۆستایان بووم کە قەدری ئەمین خۆی کرد بە ژووردا و مام تۆفیقی بە خەنجەرەوە دی، ترسی لێنیشت و گوتی هەردەبێ بمبەیت بۆ لای "محافظ المدینة" (واتە: متەسەریفی ئەو سەردەمە). ناچار کەوتمەڕێ لەگەڵی و کە بە "خاسە" دا تێپەردەبووین، وەك خولخولۆکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. گوتم ئەوە

چیه؟ گوتی: "والله أنا بالتفت شرقاً و غرباً وشمالاً و گنوباً (جنوباً) کل کردي عنده خنگر (خنجر)، یرید یرتکب گریمة (جریمة) اتل (قتل). که چووینه نێو سەراکەوە و پۆلیسی دی، رویکرده من و گوتی:"أستاد گمال (جمال) والله أنا في منتهى الشگاعة (الشجاعة) والرگولة (الرجولة). حاربت في فلسطین وقهرت گیش (جیش) العدو" لە سەرای کەرکووك بردمە لای دادوەر (حاکم)ێك، دادوەرەکە پێیگوت، ئێرە کوردستانە و ئەوەش رەوشتێکە کە خەلك خەنجەر لە پشتێنەکەیان دەدەن و بۆ کوشتنی کەس هەڵیان نەگرتووە. قوتابییەکە (تەحسین) ئەو ساڵەی لە دەست چوو، بەڵام بردمە لای قەدری ئەمین و گوتم: داوای لێبووردن بکە لێی، بۆ ئەوەی بە جارێ لە قوتابخانە دەرنەکرێ. بەو شێوەیە کێشەکە کۆتایی هات. لەو پارچە نووسینەدا کە باسی یونس الاحمرم کردبوو (ژ5) لە بارەی قەدری ئەمینەوە نووسیبوم: "أما عن قضیة قدري امین الذي حارب في فلسطین، فکان من المنهزمین، ولا سیما في قضیة تحسین".

[4]. پاش دوورخستنەوەی من لە کەرکووك، عومەر عارف قاپەرەش، وەك مامۆستا لە جیاتی من، لە قۆتابخانەی موسەللا دامەزرا. عومەر خەلکی سلێمانی بوو، لە زانستگەی بەغدا ناسیم، لەبەشی ماتماتیك دەیخوێند، دە ساڵێك لە من بەتەمەنتر بوو. هەرچەندە خۆی بە کۆمۆنیست دەدایە قەڵەم و زۆرناژەنیی بۆ رژێمی سوڤێت دەکرد، بەڵام بیروباوەرەکی زۆر کۆنەپەرستانەی بەرامبەر بە ژن هەبوو. هاورێی نێزیکی دەرەبەگێکی هەمەوندی بوو، کە ئەویش سەرەرای هاوکاریی لەگەل رژێمی عێراق، خۆی بە چەپی دەدایە قەڵەم. رۆژێکیان عومەر و ئەو مەحموود فەهمی هەمەوندییەم پێکەوە لەسەر جادە دی، گوتم: "عومەر! وادیارە لە وردە و مردەدا کزیت!". کە عومەر گوازرایەوە کەرکووك، یەکەمین کاری ئەوەبوو، ئەو وشە کوردییانەی لە لابۆرەکە نووسیبووم، هەمووی لابردبوون و، بووبووە هاورێی ئارەق خواردنەوەی فەتاح دۆغرمەچی و، پاشی کودەتای قاسم، رۆژێکیان لە کەرکووك، مامۆستا مستەفا نەریمانم دی و عومەریش لەدوورەوە دەرکەوت لەنێو ئۆتۆمۆبیلێکی پر لە چەپلە لێدەراندا بۆ قاسم، گوتم "عومەر عارف لە چیدایە" نەریمان گوتی: "ئەوەتا ئالای مۆسکۆی هەڵکردووە و، فەتاح دۆغرەمەچیشی بە کلکی خۆیدا راکێشاوە".

5. ماموٚستاکان، لەنێو خوٚماندا، زوٚرجار بە قسەوکردەکانی یونس الاحمر پێدەکەنین. ئەز ژی بوٚ رابواردن پارچە نووسینێکم بە عەرەبی ئامادەکردبوو، کە دەمخوێندەوە بوٚ هەڤالماموٚستایان خوٚشیاندەهات لێی. بەداخەوە، هەموویم لە بیر نەماوە، وا لێرەدا ئەوەی لە بیرم ماوە دەینووسمەوە: "أما عن المصلح الاكبر، المعروف بيونس الاحمر، فليس له مقام و مقرَ، كأنه كاولي من الغجر. لقد هجم مرة على بيت يعقوب ألاخضر وأمطره بوابل من الحجر. فخرج له يعقوب وقال: من أنت؟ فأجاب: أنا يونس الاحمر. فقال يعقوب: ألم تكن لوطياً في الصغر؟ فرد عليه يونس قائلا: دعني أكون لوطيا في الصغر، فانا الان في الكبر. فقاطعه يعقوب و قال: كلا، التعلم في الصغر كالنقش في الحجر. فحكم عليه بالنقل الى مدينة كربلاء، لتكون عليه كربا وبلاء. إلا أنه وقع على قدمي عبدالامير عطرة لينقله الى بصرة. فكان له فيها صولات وجولات.

أما بشأن شخصه فهو سليط اللسان، بيد انه رعديد و جبان. إذ انه يخاف من ظله لخلل في عقله. أما عن شحه وبخله، فله فيهما آراء ونظريات و حكم و "خرنگعيات". فلقد صرح مرة بأنه لايستطيع أن يأكل الطعام إذا كثر، ثم أنه إذا أراد أن يستمع إلى المذياع فإنه يعوض عن ثمن الكهرباء صاعا بصاع. حتى إذا اضاء الراديو، اطفأ ضوء الغرفة، فتصبح كالليل في صحراء قرفة. فإن سأله سائل أو دخل عليه داخل، قال أن الغرفة المظلمة كالاحاديث المطلسمة، ففيها جو شاعرى وخيال ساحري.

[6]. سامی شاکر کە بە سامی شاکر العراقي نێوناس دەکرا، ماموٚستای جوگرافیا بوو، لە سەرەتاوە لە قوتابخانەی نێوەندیی روٚژاوا بوو، پاشان لە دوانێوەندیی موسەللا. ترکمانێکی نەخوٚش و زمانشڕبوو، روٚژێك لە پوٚلی قوتابخانەدا، بێ بوونی هیچ بوٚنەیەك، گوتبووی: "مەلا مستەفا جەردە و رێگر و یاخیبووە". قوتابییە کوردەکان لەوە تووڕە بووبوون و لە پوٚلەکە هاتبوونە دەرەوە، کە ئەمەم بیست زوٚر بێزاربووم و پێمگوت: "سامی، کەس نەما مەلا مستەفا نەبێ گووی بخوٚیت؟" گوتم: "ئەو قسەیە دەبێتە هوٚی ئاژاوە نانەوە لە هەموو کەرکووکدا و دەتەنێتەوە بوٚ شارەکانی دیکە". دوایی پەشیمانبووەوە لە قسەکانی و کێشەکە کوٚتاییی هات. بەرێز ماموٚستا

محەمەد ئەحمەد شاکەلی کە ئەو کاتە لە قوتابخانەی موسەللا قوتابی بوو و ئێستە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکوومەتی کوردستانە، لە وتارێکدا لە ژێر نێوی "کورد و تورکمان" کە لە لاپەرە 22 ی ژمارە 268 ی هەفتەنامەی "میدیا" دا لە 2006/12/5بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بۆ ئەو رووداوەکردەوە.

[7]. سەرەتای دامەزراندم لە کەرکووك لە قوتابخانەی دوانێوەندیی کەرکووك بوو، کە فاتیح بەگ بەڕێوەبەری بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا جەمال عەزیز کە لە سلێمانی هەڤالقوتابیم بوو، خەلکی کەرکووك بوو، ئەویش مامۆستای ماتماتیك بوو لە سلێمانی، مامۆستا عەلی خەفوور شالی کە ئەویش لە سلێمانی هەڤالقوتابیم بوو، لە کەرکووك وەك مامۆستای ماتماتیك دامەزرابوو، دەیویست جێگەکەی لەگەڵ مامۆستا جەمال عەزیز بگۆڕێتەوە و ئەوجا ئەز دەبوو لە جێگەی عەلی شالی کاربکەم و جەمال عەزیزیش لە قوتابخانەی موسەللا، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵی خزمەکانی جەمال عەزیز نێزیك قوتابخانەی دوانێوەندی بوو، ئەو چووە جێی من و ئەز ژی بۆ موسەللا. لەگەڵ ئەوەشدا نێوانم لەگەڵ فاتیح بەگ خۆشبوو. پاش کودەتای قاسم کە مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کۆنگرەیەکیان بەست بۆ باسی کێشەی خوێندن لە قوتابخانەکان و بەکارهێنانی زمانی کوردی. مامۆستا ترکمانەکانیش کۆنگرەیەکیان بەست، کە لەوەدا داوایانکرد خوێندن بە عەرەبی بێت. رۆژێکیان لە فاتیح بەگم پرسی، لەو بارەیەوە دەبێژی چی؟ گوتی: ئێمە سالانی ساڵ هەوڵماندا قوتابی و مامۆستای ترکمان مافێکیان وەدەستکەوێ، کەچی ئەمانە مافی خۆیان دەخەنە ژێر پێوە، ئەمانە بۆ مافی ترکمان کارناکەن، بەلکو تەنی دوژمنایەتیی کورد دەکەن. وەکو کەری دێز وانە، هەربۆ ئەوەی کورد هیچ مافێکی دەستنەکەوێ! واز لە مافی خۆیان دێنن". کە ئەو قسەیەی کرد، چیرۆکێك هاتەوە بیرم کە لەوە پێش لە کابرایەکی عەرەبی بەغدایی بیستووم، گوتی: سالانێك لەمەوبەر لە وەزارەتی نێوخۆ کارمدەکرد و، ماوەیەك بوو بەشێکی کوردی لە رادیۆی بەغدا کرابووەوە، جارێکیان نامەیەك هات بۆمان، بە ئیمزای ژمارەیەك ترکمان، نووسیبوویان: "دەبێ بەشێکی ترکمانی لە رادیۆی بەغدا بکرێتەوە. ئەگەر ئەوە ناکەن، بەشە کوردییەکە داخەن. خۆ ئەگەر بەشە کوردییەکە دابخەن، ئەوا ئێمە داوای

بەشی ترکمانی ناکەین" ئەوجا کابرا گوتی "ئەگەر کەسانێك داوای بەشێکی ترکمانی بکەن تێدەگەم. بەڵام ئەگەر بەشی کوردی دابخرێ، ئێدی داخوازییان نەمێنێ، لەوە ناگەم؟". ئەمەم بۆ فاتیح بەگ گێڕایەوە. گوتی: ئەوەش هەر لەم بابەتەیە.

[8]. لە ساڵی 1955 دا چیرۆکی "گەرداو" The Tempest ی نووسەری بەنێوبانگی ئینگلیز ولیەم شێکسپیرم کرد بە کوردی و هەر لەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە.

[9] . هەرچەندە دوو ساڵ لە قوتابخانەکانی کەرکووك خزمەتم هەبوو، بەڵام کارەکەم جێگیرنەکرابوو. لە قوتابخانەی زوبێر رۆژێکیان لە وانەیەك هاتمە دەروە و چوومە ژووری بەڕێوەبەر پیاوێکی چوار شانە دانیشتبوو، کە هەستمکرد دیومە، بەڵام نەمناسییەوە. مامۆستا سالم گوتی "ئەوە خزمەکەت هاتووە بۆ سەرەدانت". ئەو پیاوە محەمەد عەلی مستەفا قەراخی بوو کە پشکنەری ماتماتیك بوو لە وەزارەتی زانیاری. محەمەد عەلی مستەفا لە سەردەمی عوسمانیدا لە ئەستەموول خوێندبووی و بلیمەتێك بوو لە ماتماتیکدا و زۆربەی پەرتۆکی جەبر و هەندەسەی قوتابخانە نێوەندییەکانی عێراق بەرهەمی وی بوون. یەك دوو جار لە بەغدا لای رەحمەتی ئەورەحمان جادر (کە دۆستی باوکم بوو) دیبووم. کە منی دی دەستبەجێ بە کوردی چۆنی و چاکی کرد لەگەڵم و گوتی: "بەڕێوەبەر زۆر لە تۆ رازییە". منیش سوپاسمکردن و کە هاتە ژووری پۆلەکە و گوێی لە وانەکانم گرت، گوتی تۆ دەزانیت تا ئێستە کارەکەت جێگیرنەکراوە. دۆسێیەکەمی بەدەستەوە بوو. گوتم: "خۆت لە پۆلی وانە گوتنەوەمدابوویت". گوتی: "خۆ نەنووسراوە، کە تۆ وانە خراپ دەڵێیتەوە، بەڕێوەبەری زانیاریش بە باشی باسی تۆی کرد، شتی دیکە لە دژت نووسراوە، کە پێوەندیی بە کاری وانەگوتنەوە نییە"، ئەوجا باسێکی رابوردووی خۆم لە کەرکووك کرد بۆی، گوتی: "وریابە، ئێمە گەلێکی بێکەسین". پاش ماوەیەك بەڕێوەبەری زانیاری بەسرە داخۆیانییەکی دەرکرد و کارەکەمی جێگیرکرد.

A ئا

Adem ئادەم، وشەکە عیبرییە אדם. بە مانای← خاك xak/ ← گڵ gil'. بەهائوللا 1892.1817، پەیامیبەری بەهائییەکان، کە دوو ساڵ 1855.1854 بە دزییەوە و بەنێوی خواستەمەنیی دەروێش محەممەدە لە سلێمانی ژیاوە و، مامۆستای خوێندنخانەی ئایینی بووە، پێیوایە کە ئادەم بە کوردی قسەیکردووە (سەرنجی: E.G.Brown: Material for the Study of the Bahai Religion, (Cambridge 1961).

Aftawe ئافتاوە، واتە: مەسینە mesîne > ← ئاڤ av + ← تاوە tawe واتە: تاوەی ئاڤ/و tawey av/w. لە فارسیدا بووە بە آفتابە، وادیارە بنەڕەتەکەی کوردییە، چۆنکە ئاف/ڤ af/v نەبووە بە آب ab ی فارسی (فارسی: آب ab، کوردی: ئاڤ/ف av/f)واتە نەبووە بە آب تابە abtabe. تاوە tawe بە پەهلەوی تاڤەك tavek و تاپەك tapek.

Agir ئاگر، بە ئاڤێستایی ئاتەر(س) ater(s) ە و بە پەهلەوی ئاتەخش atexsh و ئاتور atur ە. لە زمانی کوردیدا وشەی ئار ar یش هەر بۆ ئاگر Agir بەکاردەبرێ.

Akam ئاکام، واتە: (أجل) بە عەرەبی. ئا a وێنەیەکی دیکەی ها ha یە کە کورتەی هات hat ە. ← کام kam و کات kat و گاڤ gav و ← هەنگاڤ hengav و ← قاف qaf هەمووی مانای کات kat ە. ئاکام akam لە بنەڕەتدا: هاکات hakat و/ ← هاکا haka یە.

Akar ئاکار (ڕەوشت rewisht) لە: ئاوایی کار awayî/kar (چۆنێتیی کار) ەوە هاتووە.

Al ئال (← لا la ← پەراسوو perasû).

Al’ ئاڵ، بە ڕەنگی سۆری کاڵ دەگوترێ ئاڵ al’. ئاڵ وێنەیەکی دیکەی ئار ar ە. کە ئار ar وشەیەکی دیکەیە بۆ ئاگر ← agir و ئاور awir. "ئاڵ" واتە: ڕەنگی وەك ڕەنگی ئاگر وایە. وشەی ئاڵ al’ کەوتووەتە فارسی و ترکییەوە. لە پەهلەویشدا وشەی ئەرووس erûs بە کاردێ بو ڕەنگی سۆری کاڵ، کە وشەی ئەروس erûs لە ئاروس arûs ەوە هاتووە، کە بەشی یەکەمی ئار ar (ئاگر agir)ە و بەشی دووەمی ûs لە ووس wûsەوە هاتووە. ووس wûs دەبێ لە بنەڕەتدا واس was و واش wash بووبێ، کە لە کوردیدا دەگوترێ جلکەکە ڕەنگەکەی سپی واش sipî wash ە، واتە: بەلای سپیدا دەڕوانێ، وەك سپییە. واش wash و واس was یەك مانان، کە وشەی وەش wesh مانای وەك ← wek ە، بە گۆڕینی دەنگی ش sh و س s و ك k لە جێی یەکدی. (سەرنجی وشەی وەسا wesa بدە کە مانای وەك wekە).

Al’et ئاڵەت، (جۆرە بەهاراتێکی تیژە، دەکرێ بە خواردنەوە بۆ تامخۆشی). ئاڵەت al’et < ئاڵ al’ + ـە e + ت t. ئاڵ al’ وێنەیەکی دیکەی ئار ar ە، کە ئار ar یش شێوەیەکی کورتکراوی ← ئاگر agir ە، واتە: ئاڵەت al’et شتێکی هێندە تیژە، وەك ئاگر گەرمە و دەسووتێنێ.(← ئیسۆت îsot، ← ئاڵ al’).

A ئا

Alternatîv ئالتەرناتیف. وشەیەکی ئەوروپاییە، کە لە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانیدا بۆ "لە جیاتی le ciyatî"، "ژ بری ji birî" و "بدیل" ی عەرەبی بەکاردەبرێ.

Amaje ئاماژە، مانای نیشانە (إشارة) یە، لە ئارمانجە armance ەوە هاتووە. ئارمانجە armance > ئارماژە armaje (نج nc بووە بە ژ j، سەرنجی وشەی تانجی tancî و تاژی tajî و هەنجیر hencîr و هەژیر hejîr بدە) ئەوجا دەنگی ر r کەوتووە و ئارماژە armaje بووە بە ئاماژە amaje. (← ئاوات awat).

Amar ئامار، واتە: هەژمار hejmar. ئامار amar لە بنەڕەتدا هامار hamar و هەمار hemar و هەژمار hejmare ە. هەژ hej و هش hish و هۆش hosh مانای (عقل)ە. مار mar دەچێتەوە سەر وشەی ئاڤێستایی: مەر mer، کە مانای: لە بیری خودا هێشتنەوەی شتێك. سەرنجی وشەی ئەڵمانی: merken بدە، کە مانای: سەردەرچوون لە شتێك، تێگەیشتنی شتێك دەگەیەنێ. هەروەها وشەی: merkbar کە مانای شتێکە بە ئاسانی لە بیردا بمێنێتەوە. سەرنجی وشەی لاتینی: memoria بدە، کە مانای بیرەوەری (ذاکرة) یە و وشەی mémoire ی فەرەنسی لەوەوە وەرگیراوە.

Anahîta ئاناهیتا (← ناهیت nahît).

Ar ئار (← ئاگر Agir).

Ar ئار (شەرەف) لە ئاڤێستاییدا ئەرییە erye. لە زمانی ئەلمانیدا (ئێرە) Ehre یە. زمانی عەرەبی ئەم ئار ar ەی کردووە بە "عار". (← ئاریا Arya).

Ard ئارد/ هارد hard لە پەهلەویدا ئارت art ە. (← هاڕین hařîn).

Arezû ئارەزوو، بە پەهلەوی/ ئارزۆك **arzok** ە.

Arî ئاری (⟵ ئاریایی **aryayî**).

Arya ئاریا، نێوچەی نێشتەجێبوونی ئار(یا)ییەکان (⟵ ئاریایی **aryayî**).

Aryayî/ئاریایی/ **Arî** ئاری. بەشێکبوون لە هۆزە هیندۆئەوروپاییەکان، کە هێندێکیان لە هیندستاندا نیشتەجێبوون و، ئەوانی دیکەش رروویانکردە نێوچەی خۆرهەلاتی ناڤین و دوورونێزیك و، ولاتەکەیان نێونا ولاتی ئاریا **Arya**. وشەی ئاریا بە مانای دۆست و زمانشیرین و پێزان (بەوەفا) و رووخۆش و بە ئاوڕوو و بە رۆمەت دێ. سەرنجی وشەی **Ehre** بدە لە زمانی ئەلمانیدا کە بە مانای رۆمەت **romet** و ئاوڕوو **awřû**ە. هەروەها سەرنجی وشەی ئار **ar** بدە کە لە زاری عەرەبیدا بووە بە "عار" و بە مانای شەرم و شوورەیی بەکاردەبرێ. بێ ئار **bê-ar** واتە بێشەرم **bêsherim**. دوورنییە وشەی ئێرەیی **êreyî** ش کە بە مانای: چاوچینۆکی و رووهەڵماڵراوی و بەخیلیبردن، دێ، هەر لەمەوە هاتبێ. ئەو ئاریاییانەی کە لە ئێران و هێندستان ژیاون، لەسەر دەمی کۆندا فەرهەنگێکی یەکگرتوو و زمانێکی یەکگرتوویان هەبووە بە نێوی زمان و فەرهەنگی ئارياييەوە. بەکارهێنانی وشەی ئاری **Arî**، وەك پێناسەیەکی رەگەزی بۆ ئەڵمان، کە لە سەردەمی هیتلەردا باوبوو، هەروەها، ماوەیەك لە لایەن تۆرانییەکانەوە بۆ

ئامانجێکی تایبەتی بەکاردەبرا، ساختەکارییەکی مێژوویی و فەرهەنگیی گەورە بوو، هیچ چەپی نەبوو، لە ساختەکارێتیی بەکارهێنانی زاراوەی سۆسیالیزم بۆ رژێمی تۆتالیتێر و دیکتاتۆری سۆڤێت و پاشکۆکانی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا. ئەڵمانەکان گێرمانی باکوورن و ترکەکانیش بە بنەچە و رەچەڵەك، خەڵکی چیای ئالتاین و، ئەڵمان و ترك ئاریایی نین، چۆنکە هیندۆئێرانی نین. وشەی Êran کە لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئەئیریە eîrye و، لە پەهلەویدا بە شێوەی ئێران Êran ە (وەك کوردی) و لە فارسیدا بووە بە ئیران Îran، لە بنەڕەتەوە لە ئاریان Aryan ەوە وەرگیراوە (← ئێران Êran).

Asayish ئاسایش، بە پەهلەوی: ئاسایشن asayshn.

Asewar ئاسەوار، ئاس as لە کوردیدا مانای رووت و رماو و رەجاڵ و بەرد و داوەشاوە، ← وار war مانای شوێن و جێ یە. ئاسەوار asewar مانای شوێنی دارِماو و پەرپووت.

Asman ئاسمان، < ئاسۆ aso+ مان man، ئاسۆ aso بە عارەبی (أفق)ە، ← مان man نیشانەی جێ cê یە. دەگوترێ دارەمان dareman واتە: شوێن و جێگەی دار، ئەو شوێنەی دارو درەختی لێیە، ئاسمان asman بە پەهلەوی: ئاسمان asman.

Ashti ئاشتی، بە پەهلەوی: ئاشتیهـ ashtîh.

Aso ئاسۆ (← Asman ئاسمان).

Ast ئاست (← Hendese هەندەسە).

At ئات (← Tat تات).

Av/w ئاڤ/و، بە ئاڤێستایی ئاپە ape و بە پەهلەوی: ئاپ ap و لە فارسیدا بووە بە آب ab. لە زمانی فەرەنسیدا: ئۆ eau یە.

Avjenî ئاڤژەنی، واتە: ← مەلە mele، ئاڤژەنی واتە: ژەندنی ئاڤ/و av/w jendinî. فارسی بۆ مەلە mele وشەی شنا shena و آشنا ashna و شناو shenav بەکاردەبا. وشەی آشنا ashna لە ئاڤ شەنا avshena < ئاڤ ژەنی avjenî یەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی ژ j بە ش sh. وشەی شناو shnaw ژەنینی ئاو jenînî aw ە کە دیارە ژەن jen کوردییە و بەفارسی زن zen ە، ئاو/ڤ aw/v کوردییە و فارسییەکەی آب ab ە. بۆ مەلەکردن melekirdin وشەیەکی ئاڤستایی هەیە کە سنا sna یە، کە رەنگە وشەی کوردیی سۆبەیی sobeyî و سۆبایی sobayî کە بۆ مەلەکردن بەکاردێ پێوەندیی بەم وشە ئاڤێستایە وە هەبێ، ئەوەش لە بریتی "سۆن بە ئاڤی" son bi avi کە سۆن son لە گەل: ژۆن jon و ژۆنین jonîn و ژەنین jenîn هاوڕەگ بن.

Awa ئاوا، بە پەهلەوی ئاپات apat ە واتە: شوێنێك کە ئاوایی بێ و ژیانی تێدا بێ و ئاوی تێدا بێ، بە فارسی بووە بە آباد. لە کوردیی باکووردا وشەی ئاڤاهی avahî بۆ خانوو/خانی xanû/î بەکاردەبرێ، کە وشەی ترکی ئێڤ/و ev/w لەمەوە هاتووە.

Av/wabûn ئاڤ (و) ا بوون، واتە: وندابوون wundabûn (← هاڤی Havî).

Aware ئاوارە > ئا a + وار war + ە e. ئا a، کورتەی ئاوی هاڤی/awî havî یە (← هاڤی havî). وار war (← هەوار

hewar) مانای نیشتمان و جێی ژیانه. ئاواره aware ئاوی/هاڤی awî/havî bû le بوو له هەوار hewar.

Awarte ئاوارته/ Ewarte ئەوارته/ هەوارته hewarte، به کەسێك، یان به شتێك دەگوترێ که له جێی خۆی نەمابێ، دوورخرابێتەوە. < ئەوار ewar + ته te > ← (هە)وار (he)war مانای جێی ژینگه و دانیشتنی مرۆڤە. ته te کورتکراوەی تەره tere (← تاراوگه tarawge) یه، که مانای دوورکەوتنەوەیه له شوێنی خۆ.

Awat ئاوات، له ئارمانج armanc ەوە هاتووه که به مانای نیشانه nîshane و مەبەست mebest دێ. ئارمانج armanc > ئامانج amanc > ئاماج amac > ئاواج awac > ئاوات awat.

دیاره، شێوەیەکی دیکه بۆ ئارمانج armanc له شێوەزاری دزفولیدا هەیه که ئەوەش: ئاماج amac ە و به شێوەی amaç به مانای مەبەست mebest کەوتووەته زاری ترکییەوە.

Awayî و Avahî ئاوایی، به مانای جێی دانیشتن و لێژیان و خانی (خانوو) دێ. وشەکه پێوەندی به ئاو/ ڤ aw/v ەوە هەیه، واته ئەو شوێنەی ئاو/ ڤ ی لێیه. کورد دەبێژن "ئاو به ئاوەدانیدا دەڕوا". وشەی ئاڤاهی avahî به شێوەی ev/ew چووته ترکییەوە و به مانای خانی xanî بەکاردێ (← ئاوا awa).

Awaz ئاواز، به پەهلەوی: ئاڤاچ avachە.

Awbare ئاوباره، ئەو دارانەیه که بەسەر کەندالێکدا رادەهێڵرێن بۆ پەڕاندنەوەی ئاو. دیاره وشەی "عبّارة"ی عەرەبی له

مەوە وەرگیراوە. کە aw بووە بە (عَبْ) وەك چۆن کانی kanî بووە بە کەعنی ke´nî و باشیگە bashige بووە بە بەعشیقە و باگۆڤە bagove بووە بە بەعقووبە. تەنانەت وشەی عَبَر (عبور) یش عەرەبی نییە. سەرنجی وشەی bwar بوار بدرێ.

Awejû ئاوەژوو، a ئا نیشانەی پێچەوانە و نە ne یە (← **Awiř** ئاوڕ). **Wejû** وەژوو وێنەیەکی دیکەی وەکوو wekûە، واتە: پێچەوانەی ئەوەی هەیە.

Awez ئاوەز، (بەهۆش behosh، ژیر jîr) < ئا a + وەز wez < ها ha + وەز wez < هاو haw + وەز wez. وەز wez وێنەیەکی دیکەی وەج wec ە کە مانای هۆش hosh (عقل) ە. مروڤی بێ وەج bêwec واتە: مرۆڤی گەوج gewc. گەوج gewc یش کەوج kewc ە کە لە، کەل ـ وەج kel-wec یان، کاڵ ـ وەج kal’-wec ە وە هاتووە، (سەرنجی: کاڵ فام بدە kal’-fam) واتە: کەسێك کە هۆشی ناتەواو و کەل بێ. ئاوەز awez < هاو ـ وەج haw-wec واتە: خاوەن هۆش. بێ وەز bê-wez واتە: بێ وەج bê-wec. وەج wec و مەژ mej (مەژی mejî و مێشك mêshk یەك شتن)(سەرنجی وشەی گەمژە gemje بدە کە گەوجە gewce و کەم مەژ kem mejeە). هاو haw و خاو xaw هاومانان و هەردووکیان بە مانای خاوەن بەش xawen-besh دێن، سەرنجی وشەی هاوڕێ hawřê، هاوولات hawwilat بدە. دەنگی خ x و هـ h جێی یەکدی دەگرنەوە لە

کوردیدا، سەرنجی وشەی وانە wane (درس) بدە کە لە خوانە xwane و خوێندن xwêndin ەوە هاتووە.

Awêne ئاوێنە، ئاو aw + وێنە wêne. ئاو aw تایبەتکارێکی هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە پاگژ و بێگەرد بوو وێنەی دەوروبەری خۆی دیاردەخا. "ئاوێنە" ئەو ئامرازەیە کە بە شێوەی (وەك) ئاو وێنە دەردەخا (← نەینك neynek). وشەکە بە شێوەی آیینە ayine لە فارسیدا دەرکەوتووە.

Awiř ئاوڕ، ئاوڕدانەوە Awiřdanewe < ئا a + وەر wer + دان dan + ە e + وە we، ئا a نیشانەی نە ne و پێچەوانە pêchewane یە، ئەم نیشانە هێندۆئەوروپاییە کۆنە لە کوردیی ئەوڕۆودا بە شێوەی هەء he´ هەیە. بۆ وێنە: کەسێك پرسیار بکات لێت و بێژیت: نامەکەت نووسی؟ وەرامت: هەء. واتە: نا. وەر wer و بەر ber یەك مانایان هەیە (سەرنجی "ئەم بەر و ئەو بەر" و "ئەم وەر و ئەو وەر" بدە). ئاوردانەوە واتە چاو دانەبەر بەری پێچەوانە.

Awrîshim ئاوریشم، (هەوریشم hewrîshim) بە پەهلەوی ئەپەریشوم eperîshum ە و لە فارسیدا بووە بە آبریشم abrishim.

Ax ئاخ (← خاك xak).

Axêz ئاخێز (← رزگاری rizgarî).

Axha ئاغا، وشەیەکی مەنگۆلییە.

Axo ئاخۆ، داخۆ daxo/ داخوا daxwa لە داخواز daxwaz ەوە هاتووە. داخواز daxwaz بووە بە داخوا daxwa و ئەوجا داخۆ daxo و دوایی بە کەوتنی دەنگی د d بووە بە ئاخوا axwa و ئەوجا ئاخو axo.

Axond ئاخۆند (مەلای شیعە) لە ئاغا خوێند (ە وار)ەوە هاتووە.

Axur ئاخور، جێیەکە بە گڵ و قوڕ و بەرد دروستدەکرێ و ئالیکی تێدەکەن بۆ چوارپێیان. لە پەهلەویدا بە شێوەی **axwer** ئاخوەر هەیە. ← **Ax** ئاخ لە کوردیدا مانای گڵ **gil’** و خاك **xak** ە.

Ayin ئاین، کە ئەوڕۆ لە زمانی کوردیدا بە چەند مانایەك دێ، یەکێك لەوانە مانای دین **dîn** (← دین **dîn**)ە، وشەیەکی کۆنی کوردییە. لە پەهلەویدا بە شێوەی ئایێن **ayên** و ئادڤێن **advên** دێ، کە بە گەلێك مانا بە کارهاتووە وەك: رەوشی ژیان، خۆڕسك، سروشت، تایبەتکار، رەشتوخوو، جێژن، قانوون، نەرێت (نظام). (← مەل **mel**).

Az ئاز، واتە خواردن **xwardin**، کە بە سانسکریت: ئەس **es** ە و بە ئەڵمانی **essen** مانای خواردنە. ئاز **az** لە وشەی ← ئازوخە **azuxe** دا دەردەکەوێ، کە بۆ خواردنێك بە کاردەهێنرێ کە لە ماڵدا دانراِبێ بۆ ماوەیەك. وشەی ئاز **az** بە گۆڕێنی دەنگی ز **z** بە ژ **j** و ئەوجا بە ش **sh** بووە بە ئاش **ash** کە بۆ چێشت بەکاردێ، بۆ وێنە بە چێشتلێنەر دەگوترێ: ئازپیش **azpîsh** واتە: ئەو کەسەی کە خواردن دەپیشێنێ، لە فارسیدا کراوە بە آشپز **ashpez** پز **pez** ی فارسی لە پختن **poxten** > پیشاندن **pîshandin** ەوە دێ.

Azad ئازاد، بە ئاڤێستایی ئازاتە **azate** و بە فارسیی کۆن ئاداتە **adate** یە و بەپەهلەوی ئازات

azat ە و ئازادی **azadî** بە پەهلوی ئازاتیهـ **azatîh** ە، کە ئەو دەنگی ت **t** یە لە هێندەك شێوەزاری کوردیدا ماوە، بە پێچەوانەی فارسییەوە، بۆ وێنە: نابود **nabûd** (فارسی)، نابووت **nabût** (کوردی)، صد **sed** (فارسی)، سەت **set** (کوردی) و **adate** فارسیی کۆن بە **azate** ی ئاڤێستایی بەراوردبکە (ز **z** ی ئاڤێستایی و د **d** ی فارسیی کۆن).

Azar ئازار، بە ئاڤێستایی و بە پەهلەوی ئازار **azar** ە، لە زمانی کوردیدا پاشکۆی ئاژ **aj** ـ بە مانای شتی زەبر و تیژ بەکاردێ. سەرنجی وشەی دەرزی ـ ئاژن **derzî-ajin** و ئاژنین **ajinîn** بدە، کە شتێکی تیژ بکرێ بە شوێنێکدا.

Azuxe ئازوخە، > ئاز **az** + خە **xe**.
← ئاز **az** (خواردن)ە، خە **xe** کورتکراوەی خەو **xew**ە، واتە: خەولێخراو **xewlêxraw** ، دانراو بۆ کاتی خۆی، کورد دەبێژن پارەی نوستوو **parey nustû** واتە: پارەی خەوتوو **parey xewtû** ، پارەیەك کە جارێ دانراوە بۆ کاتی خۆی (تەنگانە)، وشەی ئازوخە **azuxe** تەنانەت ئەگەر خە **xe** کورتکراوەی خستە **xiste** > خستن **xistin** یش بێ، هەر وەك خۆی کەوتووتە فارسی و ترکییەوە. دووریش نییە وشەی خەوتن **xewtin** پێوەندیی بە خۆخستن **xwexistin** ەوە هەبێ. (← خەو(ن) **(xew(n)**).

B ب

Ba با، لە پەهلەویدا ڤات **vat** و لە فارسیدا باد **bad** ە. وشەی ڤیند **wind** ی ئەڵمانی و ویند **wind** ی ئینگلیزی پێوەندییەکی رەگەییان هەیە بەمەوە. چۆنکە دەنگی ڤ **v** و **w** و ب **b** دەگۆڕێنەوە بەیەك، هەروەها دەنگی ت **t** و د **d** (← **azad** ئازاد).

Bac باج/**baj** باژ. لە زمانی ئێرانیی کۆندا باجی **bacî** بووە. گەورەپیاوان پارە و یارمەتییان وەرگرتووە لە خەلك و پێیان گوتووە: باج **bac**.

Bagirdên باگردێن، (باگردان **bagirdan**). لە بان گردێن **bangirdên** و بان گردان **bangirdan** ەوە هاتووە. بان **ban** سەری سەرەوەی خانوو، یان شوێنێکی دیکەیە، هەروەها شوێنی بەرز. گردێن **girdên** لە گرد **gird** و گر **gir** ەوە دێ کە مانای خڕ **xir** ە. واتە: باگردێن ئەو ئامێرە خڕەیە کە بانی پێ دەگێڕدرێ، کە وشەی گێڕان **gêřan** یش پێوەندی بە تایبەتکاری خڕی **xiřî** یەوە هەیە، سەرنجی وشەی بەدەورداگێڕان بدە، کە بە مانای خولپێدان **xulpêdan** دێ.

Bakgrawind باکگراوند. واتە: پشت خان **pisht xan** وشەکە **back ground** ی ئینگلیزییە.

Bal’ باڵ، ئەو ئەندامەی کە ← مەل **mel** پێدەفڕێ. لە ئاڤێستاییدا وارە **ware** و لە پەهلەویدا بارەك **barek** ە.

Bal’a باڵا، وشەیەکی دیکەیە بۆ بەژن **bejin** (بەژن و باڵا **bejin û bal’a**) بە پەهلەوی بەشن **beshn** ە.

Bal’aban باڵابان، بارابان ئامێرێکی مۆزیکە. وشەکە رووسییە.

B ب

Bangush بانگوش، بەو کەسە دەڵێن
کە بە ← باگردێن bagirdên
گوشار بخاتە سەر سەربانی بە
← قوڕ quř داپۆشراو، بۆ
ئەوەی لە کاتی باران باریندا،
درزەکانی بێنێتەوەیەك و دڵۆپە
نەچێتە نێو ژووری خانوو. بان
ban رووی سەرەوەی خانووە،
← گوش gush لە گوشین
gushîn و ← گوشار gushar
ەوە هاتووە، کە لە عەرەبیدا
(ضغط)ە.

Baran باران/waran واران. بە
پەهلەوی ڤاران varan ە، لە
شێوەزارێکی کوردیدا، لە پاڵ
وشەی بارین barin دا، وشەی
ڤارین varîn یش هەیە.

Barwêt باروێت/ تۆمەتی هەڵبەستراو
/tometî helbestraw بوختان
.buxtan < بار bar (خستنە
سەر xistine ser) + وێت wêt.
wêt وێت وێنەیەکی دیکەی وێژ
wêj ە، واتە: گوتن gutin/ وتن
witin (سەرنجی وشەی واتەوات
wate wat (إشاعة) بدە کە لە
وتەوت wute wut < گوتە
گوت gute gut ەوە هاتووە.
هەروەها ویت ویتك wît-wîtik،
کە پەرتۆکێکی پیرۆزی
ئێزدییەکان بووە. wît-yar
ویتیار لە زمانی کوردیدا بە
قسەبێژ qise bêj دەگوترێ.

Bash باش (← وەش wesh).

Bask باسك، (← بازوو bazŭ).

Batu باتو، (گون gun)، با ba لە
زمانی کوردیدا بە ئارەزووی
سێکسیی مێ بۆ نێر دەگوترێ.
ئەمە لە وشەی "دێلە بە با
dêl'e be ba"دا دیارە، واتە:
دێلە سەگێك (سەگێکی مێیینە
کە "بەبا" یە، واتە: ئارەزووی
سێکسی هەیە). تو tu لە تۆ to
ەوە هاتووە کە تۆ to هاوماناى
← تۆو tow ە.

Baw باو، له باما **bama** ی ئاڤێستاییەوە هاتووە کە بە مانای رۆناکی و دیار و درەخشانە. دەگوترێ ئەو شتە باوە. هەروەها بە شتێك دەگوترێ کە رەنگی لە شتێکی دیکە بچێ (شین باو **shîn baw**).

Bawesh باوەش، < با **ba** + وەش **wesh**. وەش **wesh** لە وەشاندن **weshandin** و وشین **wishîn** و گوشین **gushîn** ەوە هاتووە. واتە: با **ba** < بە **be** (خۆ) وە (**xo**) **we** گوشین. ئەم وشەیە لە شێوەی آغوش (آگوش) دا کەوتووەتە فارسییەوە. دیارە گوشین و گوش فارسی نین. بەلکو فشاردن و فشار فارسین.

Bax باخ، شوێنێکە کە دار و درەخت و گوڵ و رووەکی دیکەی تێدابێ و بە پەرژینێك دەورە درابێ. باخ **bax** لە پەهلەویدا باگ **bag** ە کە لە فارسیدا بووە بە باغ **baxh**. باخچە **baxche** (باخی بچووك) < باخ **bax** + چە **che**. زاری ترکی وشەی باغچە **baxche** ی یەکسەر لە کوردییەوە وەرگرتووە و، بەم جۆرە: **bahce** دەینووسێ و لە فارسییەوە وەرینەگرتووە، ئەگەنا وای دەنووسێ: باغچە **bağçe**. هەروەها وشەی باخچڤان **baxchivan** (باخچەوان **baxchewan**)ی لە کوردییەوە وەرگرتووە، نەك لە فارسییەوە، چۆنکە زاری ترکی ئەستەمووڵی خ **x** بە هـ **h** دەنووسێ و، بەم جۆرە دەینووسێ **bahçivan** بەڵام لە فارسیدا باغبان **baxhban** ە. کەچی لە فەرهەنگی ئیتمولۆجیای زاری ترکییدا (**I.Z.Eyuboğlu: Türk Dilinin Etimologi sözlüğü, Istanbul 1988**) وا دەستنیشانکراوە کە لە فارسییەوە وەرگیرابێ (ل 34) کە

ئەمە راست نییە و هەر بۆ ئەوەیە نێوی زمانی کوردی نەبرێ.

baxel' باخەڵ، باخەڵ baxel' < با ba + خەڵ xel'. با ba واتە: لا la (لای من lay min)، کن kin (لە کن من le kin min)، نك nik (لە نك من le nik min)، ئالی alî (ئالیا من aliya min). با ba و بە be یەك präposition ن، بۆ وێنە: کلیلەکە بە من نییە kilîleke be min niye واتە: لای من نییە lay min niye، نە با منە ne ba mine، نە جەم منە ne cem mine. خەڵ xel' (خەل xel) وێنەیەکی دیکەی کەل kel ە، کە لە کن ئەل kin el و کن ئال kin al ەوە هاتووە، واتە: تەنیشت لا tenîshit la، نێزیك لا nêzîk la. وشەی نك nik لە نێزیك nêzîk ەوە هاتووە. وشەی کن ئال kin al < کن ئەل kin el بووە بە کێل kêl (کێلی گۆڕ kêlî gor) و کێلەك kêl-ek (کە لە کوردیی باکووردا بۆ "تەنیشت tenîsht بەکاردەبرێ). وشەی باخەل baxel لەمەوە دێ کە بە مانای لە نزیکەوە، لە کنەوە، لە لاوە، دێ. دیارە مانای دیکەشی وەرگرتووە و، لە فارسیدا شێوەی "بغل"ی وەرگرتووە، هەروەها وشەی پاڵ pal' (لە پاڵ مندا، واتە: لە تەنیشت ولای من) (پاڵدانەوە pal'danewe)، لە باخەڵ baxel ەوە کورتکراوەتەوە. دیارە präposition ی با ba (بە be) (ب b) دەبێتە پ p وەك: بە منە be mine دەبێتە: پێمە pême. کاتێك بچێتە پاڵ جێنێو.

باز Baz، مەلێکە بۆ راو بەکاردەهێندرێ. لە وشەی ئاڤێستایی vez ڤەزەوە وەرگێراوە کە مانای فڕین fiřîn ە. وشەی باز baz لە

پەهلەویدا بە شێوەی باژ **baj** و باچ **bach** هەیە. وشەکە لە پێش سەردەمی ئیسلامەتیدا کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە. وشەی واشە **washe** ش کە لە عەرەبیدا بووە بە "باشق"، هەرلەم بنەڕەتەوەیە.

Bazdan بازدان/ **Wazdan** وازدان. مانای بزووتن **bizûtin**/ بزاڤ **bizav** و جوولان **cûl'an** ە. واتە: لە شوێنی خۆوە بۆ شوێنێکی دی. وازی **wazî** مانای یاری **yarî** یە واتە: جوولان **cûl'an** (← **Bezîn** بەزین).

Bazû بازوو، باسك **bask**، لە ئاڤێستادا بازەڤ **bazev** ە.

Bed بەد، واتە: خراپ **xrap**، بە پەهلەوی ڤەت **vet** و لە فارسیدا بووە بە بد **bed** و لە ئینگلیزیدا **bad** ە.

Bedew بەدەو، بە کەسێکی جوان و خۆشیك دەبێژن. وشەی بەتەو **betew** یش هەر بەو مانایە بەکاردێ. لێرەدا بەتەو **betew** > بە **be** + تەو **tew**. تەو **tew** کورتکراوەی تەوز **tewz** ە، کە مانای خشڵ **xishl'** و رازانەوە و جوانییە. بەتەو **betew** واتە: کەسێکی رازاوە و جوان و بەرچاوکەوتوو. لێرەدا سەرنجی وشەی **beutiful** و **beuty** ی ئنگلیزی بدرێ کە مانای جوانی **cwanî** و خۆشیکی **xoshîkî** یە. هەروەها وشەی **boutique** ی فەڕەنسی، کە بەو دوکانە دەگوترێ کە شتی مۆدە و جوان دەفرۆشێ، وشەی (بدیع) ی عەرەبی، لە مەوە سەرچاوەی گرتووە.

Befir بەفر/ وەفر **wefir**، بەرف **berf**. وشەکە ئاڤێستاییە. ڤەفرە **vefre** یە و بە پەهلەوی وەفر **wefr** ە.

Beg بەگ، وشەیەکی کوردیی کۆنە کە بە مانای ← مەزن **mezin** و ← گەورە **gewre** و ← خۆدێ

xodê (← خوا xwa) دێ. بە سانسکریت خۆدێ xodê (خوا xwa) بهەگە bhege یە. هەر لە کوردیدا وشەی باخوێ -ba xwê هەیە بۆ خوا. وشەی بەگ beg بە شێوەی bey کەوتووەتە زاری ترکییەوە و، وشەی büyük ی ترکی لەمەوە وەرگیراوە. وشەی big ی ئینگلیزی، هاوڕەگی وشەی بەگە. لە زاری رووسیدا وشەی بۆگ бог بە مانای خودێ دێ. هەروەها وشەی بێگم bêgim کە هێندییەکان بۆ پایەبەرزان بەکاری دێنن و، لە میسر کراوە بە "بیجوم" لە مەوە هاتووە. تەنانەت وشەی فەخفوری fexfûrî لە بەگ پووری beg pûrî یەوە هاتووە، واتە: کوڕی خودێ ← kurî xudê، ئەمەش نازنێوی پاشا کۆنەکانی چین بووە و، فەخفووری بە beg وەوە نێونراوە. وشەی بەگ کەوتووەتە عەرەبی و فارسیشەوە.

Begudate بەگوداتە. نێوی کۆنی بەغدا Bexhda یە کە مانای خودێ داو ە (← Beg بەگ).

bel بەل، بە مانای درێژ dirêj و شۆڕبووەوە و بەرزوبارێك دێ. بەل bel لە بالاّ bala دەوە هاتووە کە بالا bala ش لە بەرز berz دەوە هاتووە (← بەرز berz).

Belge بەلگە، بە مانای هۆیەك، یان دەستاوێژێك، یان ئامێرێك بەکاردەبرێ بۆ سەلماندنی قسەیەك، یان بانگەشەیەك کە بە عەرەبی (دلیل)ە. بەلگە > بەل bel + گە ge. بەل bel لە پەل pel دەوە وەرگیراوە کە پەل لە کوردیدا مانای پارچە کاخەز (← کاخەز kaxez) parche و گەلاّ gela یە و، لە بنەڕەتدا لە ← پەڕ per دەوە هاتووە. بەلگە لە پەهلەویدا ڤەلگ velg ە و لە فارسیدا بووە بە برگ berg (بەرگ). وشەی گەلاّ gel'a ش

هەر لە ڤەلك **velg** ەوە هاتووە، وەك وشەی پەل **pel**. بە کوردیی باکوور بە پارچە کاخەز **kaxez** دەگوترێ پەل **pel** واتە: گەلاً **gel'a**. وشەی ورق (وەرق) ی عەرەبی، ئەویش هەر لە ڤەلگ **velg** ەوە هاتووە بەم شێوەیە: ڤەلگ **velg** > وەلگ **welg** > وەلەگ **weleg** > وەرەگ **wereg** > وەرەق **wereq** (ورق). وشەیەکی ترکی هەیە بەرامبەر بەلگە **belge** ی کوردی، کە نێزیکە لێی و، ئەوەش بیلگی **bilgi** یە کە ئەمەیان لەگەڵ بەلگە **belge** ی کوردی هاوڕەچەلەك نین. بیلگی **bilgi** ترکی لە بیلمەك **bilmek** واتە: زانین **zanîn** ەوە وەرگیراوە.

pel پەل، (گەلاً **gel'a**) (← بەلگە **belge**).

Benc بەنج، بەنج و پەنج **penc** واتە: سڕکردنی شوێنێکی لەش. بەنج **benc** لەگەل بەنگ **beng** و بەند **bend** (بەستن **bestin**، گرتن **girtin**) هاوڕەگە. بەنگ **beng** جۆرە گیایەکە، کە هێزی بێهۆشکەری هەیە. (بەنگ ـ کێشان **beng-kêshan**، بەنگ ـ کێش **beng-kêsh**)، بەنگ لە زمانی عەرەبیدا کراوە بە بنج (بەنج). بەنج لە وشەی سانسکریتی بهەنگا **bhenga** وە هاتووە، کە لە پەهلەویدا بووە بە مەنگ **meng**، مەنگ **meng** و مەند **mend** کە لە زمانی کوردیی ئەوڕۆدا بە مانای لەسەرخۆ **leserxwe** و کەم دوو **kem-dû** و کەم جووڵە **kem cûl'e** یە، هەر لەم ڕەگەوە دێ.

Bender بەندەر، (شوێنی کەناری زەریا کە کەشتی لێی دەوەستێ). > بەند **bend** + ـەر **er**، ـەر **er** کورتەی زەر **zer**/زەریا **zerya**

یە، واتە: ئەو شوێنەی کە زەریا
zerya لەوێدا بەند bend دەبێ.

Benexwên بەنەخوێن، بەندەخوێن
bendexwên (← دۆخێن
doxên).

Beng بەنگ، (← بەنج benc/ پەنج
penc).

beng-kêsh بەنگ - کێش، بەنگ -
کێشان beng-kêshan (←
بەنج benc/ پەنج penc).

Benzîn بەنزین، وشەکە بە فەڕەنسی
benzène و بە ئەڵمانی
Benzin و بە رووسی
бензйн، وشەکە کەوتووەتە
عەرەبی و فارسی و ترکییەوە،
هەر بە شێوەی بەنزین.

Ber بەر، (ئەگەر بۆ بەری مێوە وشتی
دی بێ) بە پەهلەوی: بەر berە.
خۆ ئەگەر بە مانای، لا la و
پێش pêsh و بەردەم berdem
بێ، ئەوا بە پەهلەوی: ڤەر
verە، لە کوردیشدا وشەی ڤەر
ver (وەك پەهلەوی) بە مانای
لا la هەیە. ئەگەر بەمانای
شوێنی شەرمی لەش بێ، بۆ
وێنە "تووکی بەر" ئەوا لە
ئاڤێستادا ڤەرە vere یە.

Beraz بەراز/ Wiraz وراز، لە
ئاڤێستاییدا ڤەرازە veraze و لە
پەهلەویدا وراز wiraz ە.

Berel'l'a بەرەڵلا، لە: بەر هەڵدا
berhel'da وە هاتووە، واتە:
بەرەکەی (کە دایپۆشیوە)
هەڵدراوەتەوە و هیچ شتێك
بەرینەگرتووە پێی.

Berewpêrî بەرەوپێری،
(چوونەپێشەوە لە شتێك، یان لە
کەسێك، واتە: پێشوازیکردن).
بەرەوپێری berewpêrî (نەك
بەرەوپیری berewpîrî). پێر
pêr مانای پێش pêsh ە.
دەنگی ش sh و دەنگی ر r زۆر
جار جێیەك دەگرنەوە، وەك
وشەی پاشێو pashshêw
دەبێتە پارشێو parshêw.

B ب

Berk بەرك (← **Berq** بەرق).

Bermal’ بەرماڵ، < بەر **ber** + ماڵ **mal’**. بەر **ber** واتە: پێش **pêsh**، ماڵ **mal’** لە ماڵین **mal’în** ەوە هاتووە. ماڵین **mal’în** واتە: پێداهێنان **pêdahênan** و پێدادان **pêdadan**. ماڵین **mal’în** بۆ پاككردنەوەش دێ.. ئەوەش هەر دەسپێداهێنانە. بەرماڵ ئەو پارچە قوماشەیە كە نوێژ دەكرێ لە سەری و بە ڕوو دەماڵرێ.

Berq بەرق، بروسك (ە) **brusk(e)** یە. بەرق **berq** كورتەی وشەی بروسك **birusk** ە. بروسك **brusk** < بروس **brus** + ك **k**، (ك **k** ـ بۆ كورتكردنەوەی شرینییە). وشەكە خۆی بروس **brus** ە كە بە ئەڵمانی **Blitz** ە. لێرەدا سەرنجی وشەی بلێسە **bil’êse** ی كوردی و وشەی **blaze** ی ئینگیلیزی بدرێ كە مانای "گڕ **gir**" ە. لە زمانی كوردیدا وشەی بەرك **berk** هەیە كە نێوی ئەستێرەی گەلاوێژ **gelawêj** ە، گەلاوێژ **gelawêj** لە گڕ ـ هاوێژ **giř- hawêj** ەوە هاتووە، واتە: كە گر و تیشك دەهاوێژێ و بە عەرەبی "الشعری" و فارسی "شعری" یە. وشەی بەرق **berq** كەوتووەتە عەرەبی و فارسییەوە بە شێوەی "برق"، كە لە وشەی بەرك **berk**ی كوردییەوە هاتووە.

Bersîle بەرسیلە، لە بەرشیلە **bershîle** و بەرشیرە **bershîre** ەوە هاتووە. واتە: ترێ بەرلەوەی شیرینی تێبپەڕێ.

Bertîl بەرتیل، < بەر **ber** + تیل **tîl**. بەر **ber** واتە: پێش **pêsh**. تیلكردن **tîlkirdin** واتە:

خلۆرکردن xlorkirdin، خوارکردنەوە xwarkirdinewe ی شتێك، وەك لە یاری هەڵماتێندا باوە. وشەی بەرتیل bertîl یش هەیە، کە بەو برە پارەیە، یان، بەو میچە دەبێژدرێ کە لە کایەی هەڵماتێندا دادەنرێ. کەواتە: بەرتیل bertîl پارەیەکە، یان، شتێکە کە لە بەر تلی (پەنجە)ی کەسێکدا دادەنرێ بۆ تیلکردن (خوارکردنەوەی) کارێك، واتە: لە رێی راست لادانی کارێك (⟵ تلی tilî، ⟵ پەنجە pence).

Berz بەرز، بە ئاڤێستایی بەرەزە bereze و بەرزا berza یە، بە دەنگگۆڕکێی ر r بۆ ل l بووە بە بلند bilind و، بەم شێوەیە چووەتە فارسی و ترکییەوە. لە فارسیدا بووە بە بولەند (بلند) و لە ترکییدا bülent. لە ئاڤێستادا وشەیەکی دیکەش هەیە کە بۆ بەرزایی berzayî (واتە: بەرزێتی berzêtî) بەکاردێ، ئەو وشەیەش: بەرەزایتی berezaytî یە. وشەی Burg ی ئەڵمانی کە لە بنەڕەتدا لاتینییە و، بەمانای شوێنی بەرز بەکاردێ و "برج" لە زمانی عەرەبیدا، لەم بنەڕەتەوەیە.

Bes بەس، لە ئاڤێستادا ڤەس ves ە.

Betal’ بەتاڵ (⟵ vala ڤالا).

Bezat بەزات/ biwêr بوێر (⟵ Dak داك).

Bezîn بەزین، سەرنجی وشەی لەبەزچوون le bez chûn بدە کە بە مانای: تەزینی لنگە لە ماندووتییدا ونەتوانینی بۆ بزووتن. بەز bez و بز biz لە بزووتن bizûtin و بزاڤ bizav (حرکة) ەوە هاتوون، کە وشەیەکی هێند ۆ ئێرانیی کۆنە. سەرنجی وشەی faire bouger ی فەرەنسی و Bewegung ی

ئەڵمانی بدە، کە هەردووکیان مانای بزووتن دەگەیەنن. بەزین bezîn، مانای شکان shikan ە لە شەڕدا، بەڵام لە بنەڕەتدا مانای راکردن و کەوتنە جووڵە و بازدان bazdan ە و، لە وشەی ئاڤێستایی ڤەز vez ەوە هاتووە کە مانای فرین firîn ە (← باز baz). بازدان لە شێوەی کوردیی باکووردا مانای راکردن و هەڵاتن و رەڤین revîn ە. ← نەبەز nebez کەسێکە کە راناکا و هەڵنایەت.

Bê بێ، نیشانەی نەبوونی شتێکە کە لە پەهلەویشدا هەر بێ bê یە و لە فارسیدا بووە بە بی bî.

Bê awez بێ ئاوەز، (گەوج gewc، گێل gêl) (← ئاوەز awez).

Bêgane بێگانە، (← بیانی biyanî).

Bêshke بێشکە، ئامێرێکە کە کورد، جاران، منداڵی خۆیان تێدا پاڵدە خست و دەنواند و رایاندەژەند، پاش ئەوەی منداڵەکەیان بە دەسترازە destraze دەبەستەوە. بێشکە bêshke لە بێچگەهـ bêchge(h) ەوە هاتووە، بێچکە bêchke واتە: منداڵ، بچووکی مرۆڤ، یان هی ئاژەڵ و مەل. گەهـ ge(h) پاشگرە بۆ شوێن، واتە: جێی بێچکە (شوێنی منداڵ). ئەم وشەیە چووەتە زاری ترکییەوە و بووە بە beşik. لە هێندەك شێوەزاری کوردیدا بە بێشکە دەگوترێ ← دەرگوش dergush، وشەی دەرگوش dergush لە دارگوش dargush ەوە هاتووە، واتە تەختە و دارێك کە بێچکە (زارۆك، منداڵ) بگوشێ بە خۆیەوە، بۆ بێشکە bêshke وشەی لانك lanik یش هەیە کە لانە lane یەکی گچکەیە.

Bêwer بێوەر، واتە: بێ ئەنجام bê encam. وشەکە بەرامبەر بێبەر bêber ە، کە لە ئاڤێستاییدا بە ئەڤەرێ be everê یە.

B ب

Bêwez بێوەز، (← ئاوەز **awez**).

Bêz بێز (← قێز **qêz**).

Bêzar بێزار. بێ **bê** + زار **zar** (زار
مانای **deng**ە ← **zar** زار).
Bêzarبێزار واتە: بێ دەنگ
bêdeng و بێتاقەت **bêtaqet** و
لە چالاکیکەوتوو.

Bêzat بێزات، واتە: بێورە **bêwire**.
وشەی بێزات **bêzat** لە بێ
زەرت **bê zert**ەوە هاتووە،
"زەرت" **zert** مانای دڵ **dil’** ە.
وشەی زەرت **zert** لە زمانی
کوردیدا لە وشەی دڵ **dil’**
کۆنترە. (دەنگی ز **z** لە دەنگی د
d کۆنترە، سەرنجی وشەی زەریا
zerya و دەریا **derya** بدە) لە
کوردیدا دەگوترێ زاڤا **zava**، لە
فارسیدا دەگوترێ داماد
damad و نموونەش بۆ ئەمە
زۆرە. **Bêzat** کەسێکە کە دڵی
بەهێز نەبێ، واتە ترسنۆك
tirsinok/ترسۆنەك **tirsonek** بێ.

Bêzŭ بێزوو (← قێز **qêz**).

Bijar(tin) بژار(تن) (← **bizûtin**
بزووتن).

Bijîshk بژیشك، دوکتۆر (← چازان
chazan) بژیشك **bijîshk** لە
بژی **bijî** + شك **shk**ەوە
هاتووە. ـ شك **shk** ـ وێنەیەکی
دیکەی چك **chik** و کورتکراوەی
چێك **chêk** و چێکردن
chêkirdin. (ددان چێکەر
didan chêker = واتە: دان
چاکەرەوە، دانساز **dansaz**). لە
زمانی کوردیدا وشەی بژیك
bijîk هەیە و، بە کەسێك
دەگوترێ کە بتوانێ خۆی خۆی
بژێنێ. بژیشك **bijîshk** بەم
جۆرە ئەو کەسەیە کە
دەسەڵاتی ژیاندنی هەیە، کە
ئەوەش بۆ دوکتۆر بە کاردەبرێ.
ئەم وشەیە لە فارسیدا پزیشك
pizîshkە، کە ئەم وشەیە
پێوەندیی بە وشەی بژیشك

bijîshk ی کوردییەوە نییە. پزیشك pizîshk لە وشەی ئینگلیزی physician (فیزیشن) ەوە هاتووە. دوور نییە ئەم بژیشك bijîshk ی کوردییە، وێنەیەکی کوردیی ئەو وشە لاتینییە کۆنەبێ کە پێوەندیی بە وشەی فیزیۆ وە هەیە، کە ئەندامی لەشە، ئەگەرچی بژیشك، لە پەهلەویدا بچەشك bicheshkە و، زۆر نێزیکە لە بژیشك bijîshk ەوە.

Bil'êse بلێسە، بریتیە لە بەرزبوونەوەی گڕ و تیشکی ئاگر. وشەکە لە بنەڕەتدا برێسە birêse و برێس birês ە، کە هەردووکیان لە کوردیدا هەن، هەروەها لەگەڵ وشەی ئەڵمانی Blitz (هەورە تریشقە) و ئینگلیزی blase (گڕی ئاگر)، یەك رەگیان هەیە. وشەی Berq برق ی عەرەبی کە بە مانای هەورە تریشقە و بریسکەدانە لە مە وەگیراوە (← بروسك birusk).

Bilûr بلوور، جۆرە شووشەیەکی بە نرخە لە beryllus ی لاتینیەوە هاتووە کە بەمانای درەوشان و تیشکهاویشتن و بەردی بە نرخە دێ.

Bilûz بلووز، لە وشەی فەڕەنسی blouseەوە هاتووە.

Bilwêr بلوێر/ Bilûr بلوور، وشەیەکی کوردی زۆر کۆنە لە بـ bi و لوێر liwêr ەوە هاتووە، واتە: بەو شتە دەلوێرێندرێ. سەرنجی وشەی لاتینی lyra بدرێ کە لە وشەی یۆنانیی کۆن λῦρα ەوە هاتووە و ئێستە لە ئەڵمانیدا بە شێوەی lyra بە کاردێ. هەروەها سەرنجی وشەی lyrik ی ئەڵمانی بدرێ کە لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە و، بۆ هونراوەی لیریکی poèsie lyriaque بە کاردێ، کە

ئەمەش لە وشەی لاتینی lyricus و یۆنانی lyrikos (λυρικός)ەوە هاتووە.

Bilxur بلخور، بلهور bilhur، بلخور bilxur، بە ساوەرێك، یان شتێك دەگوترێ کە کوترابێ. بلخور bilxur = > بل bil + خور xur، بل bil شتێکە کە نەرم بووبێ (تەماتەکە بڵە (tematek bil’e). خور xur وێنەیەکی دیکەی هور hur ە واتە: هورد hurd (ورد wird). بلخور bilxur کراوە بە بلغور bilxhur و کەوتووتە زاری ترکییەوە بە شێوەی burgul بورگول و، بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکانی بووە بە (برغل) burxhul و، بەو شێوەیە کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە.

Bin بن، لە بوونە bûne ی ئاڤێستاییەوە هاتووە.

Binaxe بناخە، > بن bin + ئاخ ax + ـە e. ← ئاخ ax مانای ← گڵ gil’ و ← خاك xak ← زەوی zewî یە. بناخە binaxe واتە: بن ئاخ bin ax و بن زەوی bin zewî ، ئاخ و خاك هەریەك وشەن، بە جێگۆڕینی دەنگەکان بەو دوو جۆرە دەرهاتوون.

Binc بنج، و بنچ binch، بنچینە binchîne > بنجینە bincîne واتە: لە بن bin و جێهێن cêhên ەوە هاتووە. واتە: (بنی جێ)، ئەو جێیەی کە بنی شتەکەی تێدایە.

Binch بنچ، (← بنج Binc).

Bineche بنەچە، لە بنە جەه bineceh ەوە هاتووە، واتە: جهێی (شوێنی) بنك bink و ڕەگەکەی.

bineřet بنەڕەت لە بنەڕەگ binereg ەوە هاتووە. (←بنیات biniyat).

Binyat بنیات، بە مانای بنچینە binchîne و بناوان binawan دێ. بە پەهلەوی: بون - دات bun-dat ە و، لە فارسیدا بووە بە بنیاد bonyad. لە عەرەبیدا بووە بە بنیان. بنیان bunyan لە بن bin + نیان niyan ەوە هاتووە. نان nan لە کوردیدا مانای دانان danan ە (ئەو سەرینە بنێ ژێر سەرت، واتە: دایبنێ ژێر سەرت).

Bira برا، بە پەهلەوی: براتەر biraterە وبە فارسی برادر berader و بە ئینگلیزی brother و بە ئەڵمانی Bruder، وشەیەکی هیندۆئەورووپاییی کۆنە و، کەوتووتە زاری ترکییەوە بە شێوەی birader.

Birde بردە، بە شتێ براو و دزراو دەگوترێ (کردەی من و بردەی تۆ). بە کوێلە koyle ش دەگوترێ: بردە. لە پەهلەویدا وشەی ڤەرتەك vertek هەیە، کە لە فارسیدا بووە بە "بُردە".

Biringî برنگی (⟵ قەیچی qeychî).

Birk برك (⟵ ئەستێرك estêrk) لە برگە birge ەوە هاتووە، کە بەو شوێنە دەگوترێ کە لە زەویدا دەبڕدرێ بۆ جۆگەلە دروستکردن. وشەی "برکە"ی عەرەبی بە مانای حەوز hewz لەمەوە هاتووە.

Bist بست، (مست mist)ە. هەردووکیان بنچینەیان یەکە، دوو وشەی هێندۆئەورپاییی کۆنن. بە ئینگلیزی fist و بە ئەڵمانیی و Faust و بە ئەڵمانی پەتیی کۆن füst ە. کە Faust بە ئەڵمانی مستە کۆڵەیە.

Biste بستە، (پستە piste) کە لە زمانە ئەورووپاییەکانیشدا هەیە. بە ئەڵمانی pistazie و بە

ئینگلیزی pistachio و بە فەرەنسی pistache. لە عەرەبیدا بووە بە فستق بە گۆڕینی دەنگی پ p بۆ ف f. وشەیەکی کۆنی کوردیی - ئێرانییە. کە بە یۆنانی fistákè (φιστίκι) و بە لاتینیی نوێ pistacia یە.

Biyanî بیانی، لە شێوەزاری کوردیی باکووردا بۆ بێگانە bêgane بەکاردێ. بیانی < بـ bi + یانی yanî < بێ bê + یانی yanî. بـ bi کورتکراو و گوشراوی بێ bê یە. یانی yanî و خانی xanî (خانوو xanû) یەکمانان. تەنانەت وشەی یانە yane، دەمێکە لە نێو کوردی باشووری کوردستاندا بۆ نادی ی عەرەبی و club ی ئینگلیزی بەکاردێ (نموونە: "یانەی سەرکەوتن" لە بەغدا). کەواتە "بیانی biyanî" مانای "بێ خانی bê xanî" یە. واتە: کەسێك کە نیشتەجێی شوێنێك نەبێ و بێ ماڵ بێ. هەروەها وشەی "بێگانە bêgane" ش لە بێ bê و گانە gane وە هاتووە. گانە gane وێنەیەکی دیکەی خانە xane (خانی xanî، خانوو xanû) ە. کە لە زمانی عەرەبیدا بووە بە "حانە ĥane" و بۆ ئەو دوکانە بەکاردەبرێ کە مەی و خواردنەوەی ئەلکۆلی تێدا دەخورێتەوە. هەروەها وشەی حانوت ĥanût کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ دوکانی گچکە بەکاردەبرێ، لە خانووتك xanûtk ەوە وەرگیراوە، واتە: خانە (خانوو) یەکی گچکە. وشەی بیانی biyanî بە جێگۆڕکێی شوێنی دەنگەکانی، بووە بە yebanî و بەو جۆرە

چووەتە زاری تركییەوە، كە وشەی **yabanci** (یەبانجی) بۆ "بیانی **biyanî**" بەكاردەبرێ.

Biyanû بیانوو، واتە: بەڵگەی نابەجێ. لە بێ **bê** + هاندۆ **hando** (مقدار) ەوە هاتووە. واتە: قسەیەك كە هەند **hend**ی نەبێ.

Biyawan بیاوان، بە شوێنێ بێ ئاو و بێ سەوزە دەگوترێ. لە پەهلەویدا ڤیابان **viyaban** و ڤیاڤان **viyavan** هەیە كە هەردوو بە یەك مانا دێن. دیارە ئاب **ab** و ئاڤ **av** لە پەهلەویدا مانای ئاو/ڤ **aw/v** (← ئاو/ڤ **aw/v**)ە.

Bizav بزاڤ (← **bizûtin** بزووتن).

Bizin بزن، بە پەهلەوی: بەچەك **bechek** ە. دەنگی چ دەگۆڕێ بو ژ **j** و ز **z**، بۆ وێنە رۆچ **roch** < رۆژ **roj** < رۆز **roz** (فارسی: رۆز **rûz**).

Bizŭtin بزووتن، بزاڤ **bizav**، بزۆك **bizok**، بزۆز **bizoz** كە بە مانای جووڵە **cul'e** و جووڵان **cûl'an** و فرەجووڵ **firecûl'** دێن. دەبێ بنچینەیەكی زۆر كۆنی هێندۆئەوروپاییان هەبێ. لە زمانی فەرەنسیدا وشەی **boujet** هەیە بە مانای جووله و بزووتن و، لە ئەڵمانیدا وشەی **Bewegung** هەیە هەر بەو مانایەیە. دیارە، وشەی بژار **bijar** و بژارتن **bijartin** یش پێوەندییان بەم بنەچەیەوە هەیە. چۆنكە بژارتن **bijartin** بزواندنی هێندەك شتە لە شوێنی خۆیان بۆ شوێنێكی دی. (← بەزین **bezîn**).

Bîber بیبەر، بە سانسكریت **pîppelî** پیپەلی یە كە لە عەرەبی و فارسیدا بووە بە فلفل. لە ئەڵمانیدا **paprika** یە.

Bîmar بیمار (نەخۆش **nexosh**) بە پەهلەوی: ڤێمار **vêmar** ە. ڤێه **weh** بە ئەڵمانی ئازار **azar** ە.

Bîr بیر/**Vîr** ڤیر. بە پەهلەوی ڤیر **vîr**ە.

Bogen بۆگەن، (← گەماڵ **gemal’**).

Bosh بۆش، (ڤالا **vala**، والا **wala**) لە بووش **bûsh** > پووش **pûsh** > پووچ **pûch** ەوە هاتووە، کە وشەی **pŭt** پووت یش هەر هاوڕەگی وانە.

Bokwê بۆکوێ، (کوێوە **kwêwe**)، بە کوردیی باکوور کیڤە **kîve** و کووڤە **kŭve** یە، لە ئاڤێستادا کڤە **kve** یە و لە فارسیدا بووە بە کُجا **koca**.

Boyimbax بۆیمباخ، وشەیەکی ترکییە، لە بوین باغ ەوە هاتووە، **boyun** بۆیون، لە زاری ترکیدا بە **mil** مل دەگوترێ و باغ **bağ** مانای بەندە. (← قەروێت **qerewêt** ← ملبەند **milbend**).

Brusk بروسك (بروسکە **bruske** (← **Berq** بەرق).

Butil’ بوتڵ، بە شووشەیەك دەگوترێ کە گاز، یان شلاییەکی تێدەکرێ. لە وشەی لاتینی ـ فەڕەنسی یەوە هاتووە کە بە فەڕەنسی **bouteille** یە.

Bûdel’e بوودەلە > **Bûd** بوود + ـەڵە **el’e** (نیشانەی گچکەکردنەوەیە). بود **Bûd** لە پووت **put** ەوە هاتووە کە هاومانای پووچ **pûch**ە. بوودەڵە کەسێکە هیچی لەباردا نەبێ و بێدەسەڵات بێ، واتە: نێوەرۆکی پووچ و پووت بێ.

Bûk بووک، بە کچێك، یان ژنێك دەگوترێ کە ببرێ بۆ زاوا، یان، ماوەیەکی کورت بێ کە برابێ بۆی. لە سانسکریتدا وشەی ڤەدوو **vedû** هەیە بو مێیینە **mêyîne**. لە کوردیدا وشەیەکی دی هەیە بۆ بووك **bûk** ئەوەش وەوی **wewî** یە کە وشەی **hewê** هەوێ/ **hevî** هەڤی کە

B ب

هاو ـ وێ hev-vî/haw-wê
هەڤ ـ ڤی یە واتە: هاو مێ haw
mê/ هاو ژن haw jin لە مەوە
هاتووە. wê وێ لە زمانی
کوردیدا ئامرازی مێیینەیە، بۆ
وێنە: wê gut وێ گوت، واتە:
ژنەکە گوتی jineke gutî. wê
وێ و mê مێ یەك بنەڕەتن.
هەروەها لە ئاڤێستادا وشەی
یوپە ـ ڤەد yupe-ved هەیە بۆ
شووکردن، وشەی بووك bûk لە
فارسیدا بووە بە بیوگ beyûg.

Bûm بووم (← ئێران Êran).

Bŭt بووت (← تات tat).

C چ

Cadû جادوو، (سیحر) بە ئاڤێستایی یاتوو **yatû** ە. پەهلەوی یاتووك **yatûk**.

Cam جام، دەفری بچووك بۆ ئاو خواردنەوە. بە پەهلەوی جام **cam** و یام **yam** ە.

Camane جامانە، (جۆرە مێزەرێکە پیاوانی کورد لە سەری دەنێن)، لە پەهلەویدا جامەك **camek** و یامەك **yamek** هەیە بە مانای پارچە کاڵایەك کە هێشتا نە دوورابێ. وشەی جاو **caw** کە جۆرە شالێکە لە داوە لۆکە چێدەکرێ، لە مەوە هاتووە. جامانە **camane** و جاوانە **cawane** هەر یەکشتن. دەنگی م **m** و، و **w** جێییەکان گرتووەتەوە. هەروەها لە کوردیدا وشەی جام **cam** بۆ کاڵای لە بەرکردن بەکارهاتووە. بۆ وێنە: جامەمەرگ **camemerg** (کفن)، **dêwcame** دێوجامە، واتە: جلکی دێو **cilkî dêw**.

Cambaz جامباز، (دەڵاڵ) لە کوردیدا وشەی جامبازە **cambaze**، یان جەمبازە **cenbaze** هەیە بۆ دەست و پێ بزووتن و هەتڕینی بەرزە وڵاخ. کە ئەم وشەیە لە جەم **cem** (جم و جووڵ **cim û cûl’** واتە: بزووتن **bizûtin**) ە وە هاتووە. باز **baz** (بازدان **bazdan**، واتە: جووڵان **cûl’an**). بەو کەسەی کە دەبێتە هۆی کرین و فرۆشتنی بەرزە وڵاخ دەگوترێ جامباز **cambaz**، هەروەها بە مرۆڤی فێلباز **fêlbaz** یش (←**fêl’** فێڵ).

Camemerg جامەمەرگ (← **camane** جامانە).

Can جان، لە پەهلەویدا هەروەك کوردیی ئەورۆ گیان **gyan** ە و

له فارسیدا به شێوەی جان **can** بەکاردێ، کە لە کوردیی باکووریشدا هەر بەو جۆرەیە، وشەکە بە شێوەی جان **can** کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Cash جاش، جاش **cash** کەسێکە کە کارێك بگرێتە دەست کە کاری، یان پیشەی خۆی نەبێ. جاش پۆلیس **cash polîs** کەسێکە کە پۆلیس نەبێ، بەڵام کاری پۆلیس بکات. جاش کەوش **cash kewsh**، پێڵاوێکە کە جێی کەوش بگرێتەوە، بەڵام کەوش نەبێ. جاش **cash** لە "لە جیاتی شت **le ciyatî shit**"ەوە هاتووە. پێوەندیی نییە بە جاشەکەر **casheker**ەوە کە لە بنەڕەتدا جاشك **cashk**ەو، هاوڕەگی ← جووچك **cûçik**ە.

Caw جاو (← جامانە **camane**).

Cecal' جەجاڵ/ دەجاڵ **decal'** > دەج **dec** + ئاڵ **al'**. دەج **dec** لە دژ **dij**ەوە هاتووە کە مانای پێچەوانەیە. ئاڵ **al'** لە ئەفسانەی کوردیدا نێوی دێوێکە کە منداڵ دەکوژێ، بەڵام لە بنەڕتدا نێوی "خۆدێ" بووە. دوورنییە ئاڵ **al'** لە بنەڕەتدا ئار **ar** (ئاگر **agir**) بووبێ. دژئاڵ **dijal'** < دەجاڵ **decal'** مانای دوژمنی خۆدێ. بێجگە لە مەش، ئاڵ **al'** نێوی دایکی رۆستەمی زاڵ بووە. دەجاڵ **decal'** وەك دَجّال کە بە "دَجّال الاعور" واتە: "جەجاڵە کۆر **cecal'e kor**" بەنێوبانگە، کەوتووەتە زاری عەرەبی و فارسییەوە. وشەی "دَجَلْ" لە زاری عەرەبی و "دَغَلْ باز" لە زاری فارسیدا، هەروەها دەخەڵی

dexel'î (فێڵکردن fêl'kirdin)ی کوردی، لەمەوە هاتووە.

Cefeng جەفەنگ/ زەڤەنگ zeveng، زەڤ zev لە کوردیدا وێنەیەکی دیکەی دەڤ dev ە. کە دەم dem ە. دەم/ڤ dem/v بە ئاڤێستایی zefenە. ئەنگ eng لە ئاهەنگ aheng ەوە هاتووە. جەڤەنگ cefeng واتە: ئاهەنگی دەم ahengî dem.

Cehenem جەهەنەم، (← دۆژە doje/ دۆژەخ dojex/ دۆزەخ dozex) کە گوایە وشەیەکی ئارامییە بە مانای "جێی نزم cêy nizim". ڕاستیەکەی وشەکە ئارامی نییە، کوردییە. جەهەنەم cehenem لە جەهـ ceh (واتە: cê(h) جێ) و نم nim کە لە نزم nizim ەوە هاتووە، واتە: جێی نزم cihêy nizim کە لە قورئاندا بە "أسفل ألسافلين" نێوی ڕۆیوە. جەهەنەم cehenem کوردییەکی پەتییە کەوتووتە فارسی و عەرەبییەوە.

Cemxane جەمخانە، شوێنی کۆبوونەوەی کوردە عەلەوییەکانە (← عەلەوی ʿElewî) بۆ کاروباری ئایینی خۆیان. جەمخانە cemxane لە "جمع خانە" ەوە نەهاتووە، بەلکو جەم cem لە کۆم kom و کۆمەڵ komel' ەوە هاتووە (← کۆمار komar). دەنگی ك k لە زمانی کوردیدا هێندەك جار بە دەنگی گ g دەگۆڕێ، سەرنجی وشەی گۆماو gomaw بدە کە کۆم ـ ئاو kom-aw ە، هەروەها وشەی باوگ bawig لە جیاتی باوك bawik لە شێوەزاری کوردیی فەیلیدا. هێندەك جار، دەنگی گ g دەبێ

به c ج (giyan گیان دەبێ به can جان).

Cengel’ جەنگەڵ، به سانسکریت جەنگەله cengele یه و به ئەڵمانی Jungel ە.

Ceř جەڕ، ئەو برخوویە کە بۆ قایمکرن و پێکەوەبەستنی دوو پارچە دار، یان، دوو پارچە ئاسن بە کاردەبرێ، لە کاتێکدا بەهۆی ئامێرێکەوە بادەدرێ کە پێیدەگوترێ جەڕبادەر ceřbader. هێندەك جاریش پێدەگوترێ ← دەرنەفیس dernefîs. جەڕ ceř لە گەڕ geř دەوەهاتووە. چۆنکە جەڕ ceř بەجەڕبادەر cerbadeř بادەدرێ و خولدەدرێ و دەهێنرێتە گەڕاندن geřandin (جەڕاندن ceřandin) واتە: بادان و گەڕاندن و خولدان و جووڵاندن. لە کوردیدا دەگوترێ: بیجەڕێنە bîceřêne واتە: بیگەڕێنە bîgeřêne. وشەی جَرّ و جریان ی عەرەبی لەمەوە هاتووە. (← خەڕەك xeřek) هەروەها وشەی جەیران ceyran کە کوردیی باکوور بۆ تەوژمی ← کارەبا /kareba kariva بەکاریدەبەن لە ← گەریان geryan دەوە هاتووە.

Ceste جەستە، (لەش lesh) ← هێژا hêja.

Cewal’ جەواڵ/ Ciwal’ جواڵ. توورەکێکی دەم پەل و کەم قووڵ. لە ce جە، واتە: cê جێ و wal’ واڵ، واتە: کە دەم کراوە و کەم قووڵ. لە ترکیدا بووە بە çuval و لە عەرەبیدا بووە بە جولق.

cê جێ، بە پەهلەوی گیاك giyakە، بە فارسی جا ca یە. پاشگری گا ga (گە ge، گەهـ geh) کە بۆ جێگە cêge بەکاردێت، لە مەوە هاتووە.

Cêjin جێژن/ جەژن **cejin**، کە گێژن **gêjin** یشی پێدەڵێن، لە گێژ **gêj** و گێز **gêz** و گێزان **gêzan**/ گێژان **gêjan** ەوە هاتووە، کە بە مانای جووڵان **cûl’an** و گێزان **gêzan** (راتلەکان **ratlekan**)ە. وشەی جۆش **cosh** بە مانای جووڵان **cûl’an** و گەرم بوون **gerimbûn** یش هەر لەم بنچینەیەوە دێ. دەگوترێ: سەماوەرەکە کەوتووەتە گیزە، واتە: کەوتووەتە گەلاربوون و جۆش خواردن. گێژاو/ڤ **gêjaw/v** واتە: جووڵانی ئاو **cûl’anî aw/v** جۆشی ئاو/ڤ **coshî aw/v**. جێژن **cêjin** بە پەهلەوی جەشن **ceshin** ە.

Ciger جگەر، جەرگ **cerg** بە پەهلەوی جکەر **ciker** ە.

Cil’fiř جلڤڕ، مرۆڤی شێتۆکە **mirovî shetoke** (← جلخوار **cilxwar**)

Cilxwar جلخوار، وشەیەکە لەسەر دەمی شانشینی کوردستان شێخ مەحموودا پەیدابوو بۆ نێونانی ئەو کەسانەی کە کورد بوون، بەڵام دەیانویست حکومەتی عوسمانی و دەسەڵاتی ترک بهێننەوە کوردستان و، بە زۆریش بە ترکی قسەیان دەکرد. وەك لە ئەفسەر جەمال عارف کەرکووکیم بیست لە بەغدا لە پەنجاکاندا، ئەم وشەیە لە لایەن جەمالی عیرفانەوە داهێنراوە. جەمال عارف لە کاتی فەرمانرەوایی شێخ مەحموودا، لە لەشکری کوردستاندا ئەفسەر بووە، وەك جەمالی عیرفان و کامیلی حەسەن ئەفەندی و ڤالەی ئایشەخان و ئەحمەد بەهجەت و، چەند کەسێکی دی. جلخوار **cilxwar** لە جلی خوار **cilî xwar** ەوە نە هاتووە، بەلکو لە "جر **cir**" ی خوارەوە هاتووە. جر **cir** لە کوردیی باکووردا بە مانای خووڕەوشت دێ. دەگوترێ: جرێ وی خراپە **cirê wî xirape** واتە: ڕەوشتی

وی خراپە. لە کوردیدا بە مرۆڤی شێتوکە و کەسێك کە قسەی هەلەق و مەلەق بکا دەگوترێ ← جلفڕ cil'fiř، کە ئەوەش لە جلّ cil' (جر cir) و فڕ (لە فرین fiřîn ەوە) هاتووە. واتە: جڕفڕ ciřfiř ە رەوشتوخووی وایە کە قسەی بێسەروبەری وا دەکا، هەر قسەیەکی بە لایەکدا دەفڕێ.

Cinêw جنێو، (جوێن ciwên، سخێف sixêf، دژوون dijûn). جنێو cinêw > دژنێو dijnêw (ژ j وێنەیەکی دیکەی دەنگی ج c یە). لە کوردیدا بۆ جنێو cinêw وشەی دژون dijûn و دژوێن dijwên یش هەیە. نێو nêw (ناو/ڤ naw/v) ە. دژ dij لە دژایەتی dijayetî یەوە هاتووە، واتە: دژی شتێك گوتن. بە فارسی "دشنام" dishnam ە.

Ciwên جوێن (← cinêw جنێو، ← دژوێن dijwên/ دژنێو dijnêw).

Ciya جیا/ جودا cuda، بە پەهلەوی یوتاك yutak و جوتاك cutak ە.

Ciyawaz جیاواز. مانای لەیەك نەچوو leyeknechû ە. وشەکە لە cê جێ (واتە: shwên شوێن) و واز waz ەوە دێ. جیاواز ciyawaz بەم جۆرە، جێ واز cêwaz ە، واتە: لە جێ جوولاوە و لە جێیەکی دیکەیە. وشەی ciyawaz لە زاری عەرەبیدا بە شێوەی: جاوَزَ، یتجاوز، تجاوزاً دەرچووە، بەمانای لە جێ و سنووری خۆ دەرچوون.

Cîř جیڕ، بە شتێك دەبێژن کە سفت بێ و باش نە جووڕێ. هاومانایەکی دیکەشی هەیە

ئەوەش چیڕ chîř ە. چیڕ chîř و جیڕ cîř لە چڕ çiř ەوە هاتوون.

Co جۆ/ yew یەو/ yeve یەڤە. بە پەهلەوی یەو yew ە.

Col'a جۆلا ، لە جوولان cûl'an (بزووتن bizûtin) ەوە دێ. سەرنجی وشەی جم و جۆل cim û col' بدرێ، کە جۆڵ col' وێنەیەکی دیکەی گۆڵ gol' (گوڕ guř = خێرایی xêrayî یە). (سەرنجی جووتەوانەی: گورج و گۆڵ gurc û gul' بدە، ← Gurc گورج).

cumhûr جومهوور، بە عەربیکراوی وشەی کۆمار و گۆمارە (← کۆمار komar).

Cûchik جووچك بێچووی مریشك، یان مەلێکی (← mel مەل) دیکەیە، بە پەهلەوی ژووزەك jûzek ە. جووچك لە چووچك chûchik ەوە هاتووە بە مانای "پچووك pichûk" . دەنگی چ c و دەنگی چ ch زۆر جار جێییەك دەگرن. بۆ وێنە جووت cût کە لە شێوەزاری کوردیی ناڤیندا بە دوانە diwane دەبێژرێ، لە شێوەزاری کرمانجکی (زازاکی) دا دەبێتە چوت chut. وشەی چووچك chûchik ی کوردی بە وێنەی چۆجوق/ك çocuk چووەتە زاری ترکییەوە و، بۆ ← زارۆ/ك zarok (← منداڵ mindal') بە کاردەبرێ. جووچك cûchik بە فارسی جوجەیە. وشەی جوو cû ی کوردی، پێوەندی بە وشەی Jung ی ئەڵمانی و Jong ی ئینگلیزی و Jeune ی فەرەنسییەوە هەیە کە بە مانای ← گەنج genc بە کاردەبرێن. لە زمانی کوردیدا، گەلێك وشە هەن کە پێوەندییان بە ← گەنج genc ەوە هەیە، وەك

C ج

جوان ciwan، جوانوو cwanû (بێچووی ئەسب، ئەسپی گەنج).

Cûn جوون، جوون و جاوین cawîn هاومانان. وشەکە بنەڕەتێکی هێندۆئەوروپایی کۆنی هەیە. بە ئەڵمانی kauen و بە ئینگلیزی chewing وبە فارسی جاویدن. بنەچە و ڕەچەڵەکی جاوین cawîn کاوین kawîn ە (← قاوت qawit). هەر لە ئەڵمانیدا وشەی kauern هەیە بۆ کاوێژکردن kawêjkirdin.

Cût جووت (جۆت cot)، لە جوو cû + ت t ەوە هاتووە. جۆ cû وێنەیەکی دیکەی دوو dû ە و ت t ش لە تا ta/تێ tê هاتووە، واتە: دووتاکردن dûtakirdin دووتێکردن dûtêkirdin.

Cûtkirdin جووتکردن/ جۆتکردن cotkirdin، جۆتکار cotkar/ جۆتیار cotyar واتە: دوو گا بهێنرێن بۆ زەوی کێلان. جوو cû وێنەیەکی دیکەی دوو dû ە. ت t لە تا ta/ تێ tê وە هاتووە واتە: دوو گا بکرێنە یەك (← جووت cût، ← جۆت cot).

CH چ

Chadir چادر، لە وشەی سانسکریتی چەتەر **cheter** ەوە هاتووە. کە وشەی ← چەتر **chetir** (← سەیوان **seywan**) یش هەر لە مەوە هاتووە. فارسی ئەم وشەیەی وەرگرتووە و بەکاری دەهێنێ بۆ ئەو سەرپۆشە ژنانەیەی کە هەموو سەر و چاو دادەپۆشێ، کە بە کوردی ← چارشێو **charshêw** ە.

Chak چاك (← **chûk** چووك).

Chaket چاکەت لە **Jaket** ئینگلیزی و **jaquette**ی فەرەنسییەوە هاتووە، کە بە ئەڵمانی **Jacke** یە.

Chap چاپ/ **chapxane** چاپخانە. چاپ **chap** بە نەخشبوونی هێڵێك، یان وێنەیەك دەگوترێ لەسەر شتێکی دیکە. لە سانسکریت و هێندیی کۆندا چهاپ **chhap** بە نەخشکێش دەگوترێ.

Charchî چارچی، لە هێندەك شێوەزاری باکووردا بە دوو شەقام دەگوترێ کە یەکتریان گردە برِ برِیبێ و، چوار رێیان لەمە دروستکردبێ. چارچی **charchî** لە چوار جی **chwar cî** (چوار جێ (**chwar cê (h)** وە هاتووە.

Charshêw چارشێو/چارشەو **charshew**/ چارشۆ **charsho**. چارشێو **charshêw** > چار **char** + شێو **shêw**، چار **char** کورتراوەی ← چادر **chadir** ە. شێو **shêw**/ شێڤ **shêw** تاریکایی شەو/ ڤ، واتە: چادرێك کە تاریکایی و نەبینراوییەك پەیدا بکا، وەك تاریکاییی شەو. چارشێو **charshêw** لای کورد بەو جاجمەش دەگوترێ کە نوێنی شەوی تێدەخرێ.

CH چ

Chay چای/ چایی **chayî**. وشەیەکی چینییە کەوتووتە نێو زمانی کوردی و، گەلێك زمانانی دیکەی جیهانەوە. خەڵکی چین **3200** ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسا، چاییان ناسیوە و، لە چینەوە چایی بەرەو هێندستان و سریلانکا و شوێنانی دیکە چووە.

Chazan چازان، ئەم وشەیە لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردییدا بە مانای ← بژیشك **bijîshk** (دوکتۆری نەخۆشی) دێ. چازان **chazan** لە چارەزان **charezan** ەوە هاتووە. ئەم وشەیە "چار **char**" (چار چییە **char chiye?**) لە گەڵ وشەی **cure** **to** ی ئینگلیزی و وشەی **kur** ی ئەڵمانی، کە بە مانای پرۆسەی چاکبوونەوە لە نەخۆشی دێ، رەگیان یەکە. وشەی **kur** ی ئەڵمانی لە وشەی **cura** ی لاتینییەوە دێ، کە بە "مشوور خواردن بۆ چاککردنەوەی نەخۆشی و خزمەتکردنی نەخۆش" دێ. وشەی **cure** ی ئینگلیزی، کە بە مانای "چاککبوونەوە" دێ، ئەمەش هەر لەو رەگەزە لاتینییە یە. وشەی چار **char**ی کوردی بە پەهلەوی: چەر **cher**ە.

Chek چەك (← چووك **chûk**)

Chekush چەکوش، لە چەك **chek** + کوت **kut** ەوە هاتووە. واتە: ئامێرێك، چەکێك کە بۆ شت کوتاندن بەکاردێ. لە ئاڤێستاییدا چەکووشە **chekûshe** یە. وشەکە چووەتە فارسی و زاری عەرەبیی خەڵکی عێراقەوە.

Chemche چەمچە، بچووککراوەی وشەی چەم **chem** ە. چەم **chem** وێنەیەکی دیکەی ← جام **cam** ە، واتە: جامچە **camche** (جامێکی بچووک **camêkî bichûk**).

Chena چەنا (← کچ **kich**).

CH چ

Chend چەند، بڕێکی نادیار لە شتێك. بە پەهلەوی: چەند **chend**، و لە فارسیشدا چند **chend** ە، وشەی چەند **chend** لە چ **chi** و هەند **hend** (مقدار) ەوە هاتووە. واتە: چ هەند؟ **chi hend**، چ بڕ؟ **chi biř**.

Chepřaz چەپڕاز، لە چەپڕاست **chepřast** ەوە هاتووە. نیشانەی **X**. هەروەك خۆی بە شێوەی **çapraz** کەوتووەتە زاری ترکی.

Cheqo چەقۆ (← چووك **chûk**).

Cheres چەرەس (جۆرە خواردنێکە بریتییە لە ← مێوژ **mêwij** و ← پستە **piste** و وشکەمەنی **wishkemenî** ی دیکە کە بە شەوان، لەگەڵ چایی، دەخورێن و، پێیدەگوترێ شەوچەرە **shewchere**، چەرە **chere** لە چەورە **chewre** ەوە هاتووە (← چەور **chewir**). چڕان **chiřan** (خواردن/ بۆ ئاژەڵ بەکاردەبرێ) واتە: لەوەڕین **leweřîn**. چڕان **chiřan** وێنەیەکی دیکەی تڕان **tiřan** ە، (سەرنجی وشەی تێتڕاندن **têtřandin** بدە، کە بۆ ئاژەڵ بەکاردەبرێ، کاتێك بخوات و، بە مرۆڤی زۆر خۆریش دەگوترێ). چەرەس **cheres** لە: چەورە ـ ئاسا **chewre-asa** ەوە هاتووە، واتە: وەك خواردنی چەور، لە بابەتی خواردنی چەور.

Cherim چەرم، بە ئاڤێستایی چەرمەن **chermen** ە و بە فارسی چرم **cherm**.

Cherx چەرخ، لە بنەڕەتدا خەرچ **xerch** و خەرچك **xerchik** بووە و، بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکان، بووە بە چەرخ **cherx**. چەرخین **cherxîn** واتە: سووڕاندن **sûřandin** و جووڵانەوە **cûl'anewe**. لە

CH چ

زمانی کوردیدا وشەی خەرچەك xerchek هەیە، کە بریتییە لە دارێك دەزوو هەڵدەپێچن لێی. چەرخەك cherxek لە خەرچەك xerchek ەوە هاتووە، واتە: چەکی خڕاندن (گەڕاندن و خولدان)، کە دووایی بووە بە ← خەڕەك xeřek.

خەڕەك xeřek و ← هەڕەك heřek هەر یەك شتن و هەر لەو وشەیەوە وشەی خول xul (خولدان xuldan خولخواردن xulxwardin و خلبوونەوە xilbûnewe و خلۆربوون xulorbûn و گلۆربوون gilorbûn هاتوون. وشەی "حرکة" ی عەرەبی لە خەڕەك xeřek و هەڕەك heřek ەوە هاتووە.

Chetir چەتر، (← سەیوان seywan) لە وشەی سانسکریتی چەترە chettire ەوە هاتووە، کە وشەی کەپر kepir یش هەر لە مەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی چ ch بۆ k و هـ h بو پ p و کەوتنی دەنگی ت t (← چادر chadir).

Chewir چەور، لە بنەڕەتدا شەورshewir ە کە شەو shew وێنەیەکی دیکەی ← شەم shem (واتە: مۆم mom) ە و، مۆم mom یش، وێنەیەکی دیکەی رووناوی rûnawî یە.

وشەی شاورمە schawirme کە بریتییە لە بابۆڵە babol'e نانێکی پڕکراو لە گۆشتی سۆرەوەکراو و پیاز و تەماتە و سەوزی و، لوبنانیەکان دەیفرۆشن و ترکەکان Dönerی پێدەڵێن، مانای چەورمە chewirme یە، واتە: چەورەمەنی chewremenî.

وشەی قاورمە qawirme کە ترکەکان بە کاریدەبەن بۆ گۆشتی سۆرەوەکراو و خوێکراو، هەر وشەی شاورمە shawirme

CH چ

و چەورمە chewirme یە. قەور qewir وێنەیەکی دیکەی وشەی چەور chewir ە. قەوراندن qewrandin واتە: چەوراندن chewrandin سۆرکردنەوە لە رووندا. وشەی کەرە kere/ کەرۆ kero ئەوەش هەر لە چەور chewir ەوە هاتووە.

Chêj چێژ (← مەزە meze).

Chêw چێو (چینکە chînke، پارچەدار parchedar، شڤ shiv) بە پەهلەوی چۆپ chop و لە فارسیدا بووە بە چوب chûb (← شیپ shîp).

Chilchira چلچرا، لە چل چرا chil chira ەوە نەهاتووە، بەلکو لە چڕچرا chiřchira وە هاتووە، چڕ chiř وێنەیەکی دیکەی پر pir و فرە fire یە کە بە مانای زۆر zor یێک دێ کە لە نێزیك یەکەوە دانرابن. چلچرا chilchira (چڕەچرا chirechira) واتە: چرای زۆر (← فرە fire).

Chilêpa چلێپا. نیشانەی + واتە "صليب". وشەی سەلێب selîb بووە بە چەلیب chelîb ئەوجا چلێپ chilêp. وشەی چەلەبی chelebî واتە: صليبي لەم گۆڕینەی وشەی "صليب" ەوە هاتووە.

Chil'kin چلکن، لە چرکن chirkin ەوە هاتووە < چرك chirk + ـن in. چرك chirk لە چەورك chewrik ەوە هاتووە. ـك ik نیشانەی بچووکردنەوەیە. چرکن chirkin واتە: شتێك، یان کەسێك کە چەورییەکی کەمی پێوەبێ. (← چەور chewir، ← چەرەس cheres، ← کەرە kere/کەرۆ kero).

Ching چنگ، بە هەموو پەنجەکانی دەست پێکەوە دەگوترێ چنگ ching، هی مرۆڤ بێ، یان هی

گیانەوەرێکی دی، وەك یەکە.
وشەی چنگاڵ chingal’ کە بۆ
خواردن بەکاردێ، لە بنەڕەتدا
چنگار chingar و چنگدار
chingdarە و، لە مەوە هاتووە.
بنەڕەتی چنگ ching وشەی
ئاڤێستایی chinghe یە. وشەی
چنگاڵ chingal لە زاری
ترکییدا کراوە بە چەتال çatal.

Chingal’ چنگاڵ (← ching چنگ).

Chiř چڕ، بە ئاڤێستایی چەریتەو
cherîtewە.

Chira چرا، بە پەهلەوی چەراگ
cherag و چراگ chirag ە و
لە فارسیدا بووە بە چراغ.

Chish چش، وشەیەکە بۆ ئەوە
دەگوترێ کە شتێك بەلای
یەکێکەوە گرنگ نەبێ، روودەدا
یان نا. چش chish > چ ch +
تشت tisht، تشت tisht (شت
shit) واتە: چ شتێك، هەرچی
تشتێك دەبێ، با ببێ.

Chîmento چیمەنتۆ/ چەمەنتۆ
لە وشەی chemento Zement
ی ئەڵمانییەوە هاتووە، بە
ئینگلیزی cement ە، کە لە
فارسیدا بووە بە سیمان sîman.

Chîp چیپ (← شیپ shîp).

Chok چۆك (← Ejno ئەژنۆ).

Chon چۆن، لە چ chi و، وێنە wêne
وە هاتووە (چ وێنە؟ chi
wêne?).

Chom چۆم/ چەم chem (← شەم
shem).

Chûk چووك، بە زۆری، بە کێری ←
منداڵ mindal’ دەگوترێ:
چووك chûk. بە داوێنێ لای
خوارەوەی لەشی پیاویش
دەگوترێ: چاك chak (چاکی
لێبکە بەلادا، واتە: داوێنێ لێبکە
بەلادا و ئازایانە و چالاکانە وەرە
پێش). هەر لە کوردیدا، وشەی
چاقۆ chaqo هەیە، بە مانای
کێر kêr (ئەندامی سێکسی

CH چ

پیاو) بە چاقۆ chaqo ی گەورەش، دەگوترێ: کێرد kêrd. کێرد kêrd و کارد kard هەر یەك مانایان هەیە لە زمانی کوردیدا، کە وشەی عێر ‘Êrی عەرەبی و کیر kîrی فارسی لە مەوە هاتووە. کەواتە وشەی چەقۆ cheqo (چەکۆ cheko) و چووك chûk و کێر kêr هەموو بە مانای ← چەك chek دێن. بە هەموو ئامێرێکی کاریش، لە کوردیدا دەگوترێ چەك chek، نەك هەر بە کێر kêr. بێجگە لەوەش بە مرۆڤی رووت و قووت و "کێر بەدەرەوە" ش هەر دەگوترێ چەك chek. "چەککردن chekkidin" واتە، رووتکردنەوە لە چەك (ئامێری کار لێسەندن). لە زاری ترکییدا بە کێر kêr دەگوترێ سیك sîk کە سیك sîk لە سیخ sîx ی کوردییەوە وەگیراوە، سیخ sîx بە زەرگی دەرویشەکان و شیش shîsh یش دەگوترێ، کە ئەمەش هەر وەك چەك chek بەکاردەبرێ.

Chwar چوار/ چار char لە ئاڤێستادا چەتور chetur، و چەدوەر chedwer ە. لە فارسیدا بووە بە چهار chehar. وشەی چەدوەر chedwer ی ئاڤێستایی لە چوار chwar ی کوردییەوە نێزیکترە وەك لە چار char و چهار chehar ی فارسییەوە.

Dad داد (عەدالەت) بە ئاڤێستایی داتە date و بە پەهلەوی: دات datە.

Dahênan داهێنان (أختراع، أبداع)، داهێنان dahênan > دا da + هێنان hênan، دا da پێشگرێکە بۆ "هێنانەخواری، هێنانەپێش"، داهێنان dahênan لە پەهلەویدا: دائینا da-îna یە.

Dak داك/ دایك dayik. لە هزوارشن دا بە شێوەی داکیا dakya دێ. کە بنەچەی ئەمەش دەبێ زایك zayik بێ، واتە: بووەیەك کە بزێ. دوور نییە وشەی ← داد dad (عەدالەت) یش کە بە پەهلەوی: دات datە، هەر لە زاد zad > ← زات zat ەوە هاتبێ کە بە مانای پیرۆزی pîrozî و بەرزی berzî و بوێری bwêrî دێ. وەك دەگوترێ: ئەم زاتە em zate. بە زاتی خۆدێ be zatî xodê مرۆڤێکی بە زاتە mirovêkî be zate. زاتی نەکرد zatî nekird (نەوێرا newêra).

Dal'aho دالاهو، چیایەکە لە نێوچەی کرماشان بەپێی رامانی یارسانییەکان نهێنیی ئێزدانی لەسەر ئەو چیایە گەیەندراوە بە لایەنگرانی "ئەهلی هەق". دالّ dal' مانای جێگە cêg یە (سەرنجی وشەی دالان dal'an و کەندالّ kendal' و دالّدە dal'de (بدە) هۆ ho کورتکراوەی هۆما homa، واتە: خودێ یە.

Danewan دانەوان (← نەوال newal).

Dar دار (درەخت dirext/ دار dar) بە ئاڤێستایی دار ـ ئو uw ـ dar و، پەهلەوی دار dar ە.

Dargush دارگوش (← Dergush دەرگوش).

D د

Dashpûl' داشپوول، سندوقی کچکەی نێو ئوتۆمبیل لە ئینگلیزییەوە هاتووە. لە dish (قاپ، دەفر) و pull (راکێشان).

Dawa داوا، لە داخواز daxwaz ەوە هاتووە. داخواز daxwaz > داخوا daxwa > داوا dawa. وشەکە پێوەندیی بە "دعوی" ی عەرەبییەوە نییە. هەریەکەیان رەگێکی جیاوازی هەیە لەوەی دییان. (دۆز Doz).

Dax داخ، جۆرە گەرمییەکە بسووتێنێ. لە ئاڤێستادا داگ dag و دەژە deje یە.

Dayik دایك/ دیا diya/دا da/جا ca. دایك dayik > دا da + یك ik (نیشانەی بچووککردنەوەیە بۆ خۆشەویستی). دا da وێنەیەکی دیکەی زا za یە کەلە زایین zayîn (مندالبوون mindalbûn، زارۆ za-řo بوون) ەوە دێ.

(← داك dak، ← ماك mak).

Defter دەفتەر، لە dipî (نووسین) ەوە هاتووە کە دپیر dpîr بە پەهلەوی مانای نووسەر نڤیسکار/nûser/nivîskar بنووس binûs ە. هەر لەم وشەیەشەوە دەبستان debistan (قوتابخانە) وەرگیراوە. زاری فارسی وشەی دبیر debîr ی سازکردووە بۆ سکرتێر skirtêr و مامۆستای قوتابخانە نێوەندییەکان.

Dehol' دەهۆڵ، دەهۆڵ dehol' لە دەوێڵ dewêl' ەوە وەرگیراوە کە ئەویش لە زەویڵ zewîl' ەوە وەرگیراوە. دەوێڵ بە پارچە چەرمێکی باریك دەگوترێ، کە بۆ دروستکردنی دەهۆڵ بەکاردەبرێ.

Del'emê دەڵەمێ، بە شتێك دەبێژن (بەتایبەتی هێلکە) کە نێوەکولاو

بێ، یان پەنیرێك كە نە گوشرابێ، واتە: نە شل بێ و نە توند بێ. دەڵەمێ del’emê < دەڵ del’ + ـە e + مێ mê. دەڵ del’ تەڕایی دەركەوتنە لە شتێك. (ئەو دیوارە، یان ئەو مەشكەیە دەیدەڵێنێ) واتە: ئاو دەردەچێ لێی. دەڵ del’/ لە زەل zel ەوە دێ، كە مانای تەڕ و شلە. دەگوترێ زەلان zelan واتە: خلیسكان بەهۆی تەڕی زەوییەوە. دەنگی ز z كۆنترە لە دەنگی د d. مێ mê لە مەیین meyîn ەوە دێ. مەیین meyîn توندبوونەوەی شلاییەكە واتە دەڵمێ del’emê شلاییەكە كە مەییبێ. دیارە لە زمانی كوردیدا دۆڵەمێ dol’emê و دەڵەمە del’eme ش هەیە هەر بەو مانایە. زەل zel بەو مانایەی سەرەوە كەوتووەتە زاری عەرەبییەوە، سەرنجی (زلّ، زلق، زلاقة، زلوج/ لزوج... تزحلق...هتد) بدە.

Demarekul’ دەمارەكوڵ، (⟵ دوپشك **Dupishk**).

Deng دەنگ، وێنەیەكی نوێی وشەی كۆنی كوردیی زەنگ **zeng** ە، كە دەنگی ز **z** بووە بە د **d**. دەنگ **deng** مانای هاتنە زمان و قسەكردنە. (سەرنجی وشەی زەنا **zena** واتە: دەنگ هەڵبڕین و هاواركردن بدە). كورد دەبێژن: "كابرا دانیشتبوو، خەڵك هەموو قسەیاندەكرد، ئەو دەنگی نەكرد" واتە: نەهاتە زمان (⟵ زمان **ziman** و زوان **ziwan** یەك شتن) كەواتە: وشەی زەنگ **zeng** لە زوان **ziwan** ەوە هاتووە. سەرنجی وشەی **Zunge** ی ئەڵمانی و **tongue** ی ئینگلیزی بدەن كە بە مانای

زمان ziman دێن. هەروەها سەرنجی وشەی دوان dwan (قسەکردن qisekirdin) بدەن کە ئەوەش هەر لە زوان ziwan (زمان ziman) ەوە هاتووە.

Derd دەرد، لە پەهلەویدا دەرت dertە و لە فارسیدا بە مانای ← ئێش êsh بەکاردێ. بەڵام لە کوردیدا بۆ نەخۆشی nexoshî بەکاردێ. هێندەك جار، دەرد و ئازار derd û azar (← Azar ئازار) پێکەوە بەکاردەبرێن، واتە: نەخۆشی و ئێش.

Derfet دەرفەت. لە دەرڤەز dervez/ دەروەز derwez ەوە هاتووە، بەمانای جێی دەربازبوون. وشەی دەروازە derwaze لەمەوە هاتووە.

Dergush دەرگوش/ گەرگوش gergush (← بێشکە bêshke). گەرگوش gergush بە پەهلەوی گەهڤارەك gehvarek ە، لە گەڕ geř (گەڕاندن geřandin، پێچپێدان pêchpêdan، سووڕاندن sûřandin و گوش gush کە لە گوشین gushîn ەوە دێ). گەرگوش gergush ئەو دەزگەیەیە کە زارۆ (منداڵ) تێیدا، دێتە سووڕاندن (ڕاژەندن rajendin) و بە دەسترازە، تێیدا دەگوشرێ. دەرگوش dergush لە دار ـ گوش dar-gush ەوە هاتووە، ئەو دار (تەختە) یەی زارۆکی تێدا دەگوشرێ.

Derjen دەرژەن (← دەرزی derzî).

Derwaze دەروازە (← دەرفەت derfet).

Derzen دەرزەن، زۆر، یان دوانزە دانە لە شتێك. وشەیەکی ئەوروپاییە.

بە ئینگلیزی: dozenth بە فەرەنسی: douzaine و بە ئەلمانی: Dutzend.

Derzî دەرزیی، لە بنەڕەتدا دەرژەن derjen ە کە ئەم وشەیە لە کوردیدا هەیە و بۆ دەرزیی دروومان بەکاردەبرێ. دەر der مانای کون kun ە. دەرژەن derjen واتە: کونکەر kunker، کونلێدەر kunlêder. (⟵ Dirz درز).

Derzû دەرزوو/ derzî دەرزی. سەرنجی وشەی ئاڤێستایی derezu دەرەزو بدرێ کە مانای پڕکردنەوەی درزە..

Desel'at دەسەڵات (دەستەڵات destel'at). دەسەلات desel'at لە دەست dest و هەڵهات hel'hat ەوە هاتووە. واتە: دەست ـ هەڵ ـ هاتن بۆ کردنی کارێك. وشەی "تسلط" ی عەرەبی لە "دەسەڵات" ەوە هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە: دەسەلات > تەسەلەت > تەسەلت > تەسەلوت > تسلّط، دوایی وشەی "سلطة" داتاشراوە لێی.

Desht دەشت، بە پەهلەویش هەر desht ە.

Dest دەست، بە پەهلەوی: دەست dest ە، بەڵام لە ئاڤێستادا زەست zest ە. کە دەنگی ز z لە دەنگی د d کۆنترە. بۆ وێنە زاوا/زاڤا zawa/zava ی کوردی لە گەڵ: داماد damad ی فارسی و، زانین zanîn و زانست zanist ی کوردی لەگەڵ دانش danish ی فارسی و دەریا derya ی فارسی لە گەل زەریا zerya ی کوردی بەراورد بکە.

Destař دەستاڕ، لە دەست dest + هاڕ hař ەوە هاتووە. واتە: بە دەست شت دەهاڕێ.

Destemo دەستەمۆ (← نامۆ namo).

Destewa دەستەوا، پارەیەکە کە بە دەستی بە قەرزبدرێ. لە: دەستە deste-waw ـ واو ەوە هاتووە. واو waw قەرز qerz ە و شێوەیەکی کۆنی کوردیی وام wam ە کە لە فارسیدا بۆ قەرز بەکاردەبرێ.

Destûr دەستوور (قانوون)، وشەیەکی کوردیی کۆنە کە بە پەهلەوی: دەستڤەر dest-ver ە. لە زمانی کوردیدا وشەی "دەستەبەر desteber" و "دەستەوەر destewer" هەن، کە هەردووکیان بە یەك مانان، کە بۆ "گرتنە ملخۆی کارێك" بەکاردێن. وشەی دەستوور destûr، وەك وشەیەکی بیانی، کەوتووتە زاری عەرەبییەوە و، فارسیش بەکاریدەبەن بەمانای "فەرمانپێدان". لەکاتێکدا کە وشەی "دەستەبەر desteber" و "دەستەوەر destewer" لە فارسیدا نین.

Dewît دەویت (بێخیرەت bêxîret، بێورە bêwire) < دەو dew + یت yît، دەو dew راکردن و هەڵاتنە. دەویت dewît کەسێکە کە لە تەنگانەدا خۆی ناگرێ و رادەکا و هەڵدێ.

Dêl'ebeba دێڵەبەبا (← باتو Batu).

Dêmografî(ya) دێمۆگرافی(یا) ی δημογραφικός یۆنانییە.

Dêwane دێوانە (← دین dîn).

Dêwcame دێوجامە (← جامانە camane).

Dij دژ، وێنەیەکی دیکەی دوش dush ە، کە دوش dush بە پەهلەوی مانای بەد bed و خراپ xirap دەگەیەنێ. دژ لە کوردیی ئەوڕۆدا نیشانەی بەرامبەر beramber و

پێچەوانە pêchewane دەگەیەنێ. و لە ئاڤێستاییشدا هەر دژ dij ە.

Dij دژ بە مانای ← قەڵا qel'a، لە ئاڤێستاییدا deize دەیزە یە (سەرنجی وشەی قەڵادزێ qel'adizê بدە بە مانای قەڵای قەڵایان).

Dijnêw دژنێو (← Dijwên دژوێن).

Dijwar دژوار (← Dish دش).

Dijwên دژوێن، دژنێو dijnêw ← جنێو cinêw ← جوێن cwên، واتە: پێچەوانەی نێو (ناو)، واتە: قسەی خراپ.

Dihok دهۆك. لە: دە de/ دێ dê (گوند gund) + ـوك ok– (نیشانەی گچکەکردنەوە). واتە: گوندێکی گچکە gundêkî /gichke دێی گچکە dêy gichke.

Diraw/v دراو/ڤ (پارە pare) لە دراخمێ draxmê (δραχμή) ی یۆنانییەوە هاتووە و، لە فارسی و عەرەبیدا بووە بە درهەم. کورد دەبێژن: "بە زێڕ و دراوم سەندی".

Dirawsê دراوسێ (هاوسێ hawsê) دراوسێ dirawsê > در dir + ئاو aw > هاو haw + سێ sê. سێ sê مانای سێبەر sêber ە. دەرهاوسێبەر derhawsêber کە دەر (دەرگە derge) کەیان هاوسێبەری یەکن. وشەی سێ sê لە سایە saye ەوە هاتووە کە بە مانای سێبەر و پەنا pena دێ و لە پەهلەویدا: سایەك sayek ە. بە گۆڕینی دەنگی ئا (a) بۆ ێ (ê)، سایە saye بووە بە سێ sê.

Direw درەو (← Diro درۆ).

Dirêj درێژ، بە ئاڤێستایی دراجە dirace و بە پەهلەوی دراج dirac ە و لە فارسیدا بووە بە دراز deraz.

Dirinc درنج (← درۆ diro).

Diřkezî درکەزی (← گەسك **gesk**).

Diro درۆ/ درەو **direw**/دەرەو **derew**. درۆ **diro**، واتە: قسەی ناڕاست کە بە هۆشیاری بکرێ. درۆ **diro** لە ئاڤێستاییدا درەوگە **direwge** و درووج **dirûc** ە و لە پەهلەویدا درۆگ **drog** ە و لە فارسیدا بووە بە دروغ **drûxh**. واتە: بزوێنی (ە) ی پەهلەوی لە کوردیدا ماوە و لە فارسیدا نەماوە و، بووە بە بزوێنێ درێژ: وو **û**. وشەی درنج **dirinc** یش هەر درووج **dirûc** ی ئاڤێستاییە. لە زمانی کوردیدا وشەی درنج **dirinc** لە گەڵ دێو **dêw** بەکاردەبرێ، دەگوترێ: دێو و درنج **dêw û dirinc**.

Dirz درز، لە وشەی ئاڤێستایی **dirize** یان **dereza** وە هاتووە کە مانای پڕکردنەوەی کەلێنێك، یان برینداریيەکی باریك لە شتێکدا، واتە: (← قلیش **qilîsh**) ێك. لە ئەڵمانیدا وشەی **Druse** هەیە کە بە کۆمەڵە بەردێکی هێلکەیی نێوبۆش، واتە: درزدار، دەگوترێ. وشەی **dirz** لە گەڵ ← دەرزی **derzî** هاوڕەگن و بە شێوەی تەرزی **terzî** بۆ بەرگدروو **bergdirû** کەوتووەتە زاری ترکییەوە. دەرزی **derzî** نێوێکی دیکەی هەیە لە کوردیدا کە ئەوەش ← دەرژەن **derjen** ە، کە لە درز ژەن **dirz jen** ەوە هاتووە، واتە: درز لێدەدا **dirzlêdeda**.

Dish دش (خوشکی مێرد - بۆژن و خوشکی ژن - بۆ مێرد). دش **dish** لە کوردیدا، بە مانای خراپ **xirap** و بەد **bed** و گەمار **gemar** دێ. لە کوردیی ئەردەڵاندا "دشە **dishe**" بە

ماناى خراپ xirap و گەمار gemar دێ. دش dish، وێنەیەکى دیکەى وشەى دژ dij ە،کە بە ماناى بەرامبەر beramber و پێچەوانە pêchewane و نەیار neyar دێ و، لە پەهلەویدا دژ dij دوش dush ە. سەرنجى وشەى ← دژوێن dijwên (← جوێن cwên) و دژوار dijwar (گران giran، ← تیژ tîj سەختیدار sextîdar ← سەخت sext) بدە.

Diyan دیان، لە زمانى کوردیدا بە لایەنگرانى ئاینى عیسا دەگوترێ. عیسایى Îsayî بە زمانى ئەلمانى christ ە و بە ئینگلیزى christian ە (کە هێندەك کردوویانە بە خرستیان xristyan). وشەى "کرستیان krstyan" لە کوردیدا تیان tyan ە کەى وەرگیراوە و کراوە بە دیان dyan.

Dîcle دیجلە (رۆبارى دیجلە) لە تیگلە tîgle و تیگرە tîgre وە هاتووە. بە یۆنانى Τίγρης و بە ئەلمانى Tigris کە Tig وێنەیەکى دیکەى تیژ tîj ە (وەك tîx تیخ). Rîs ریس لە رێژ rêj ەوە هاتووە. واتە: تیژڕێژ tîjrêj لە (خێرارێژ xêra ro) وە هاتووە.

Dîlmace دیلماجە (← Terceman تەرجەمان).

Dîmen دیمەن (چاوهەنداز، منظرة) < دى dî + مەن men. dî لە دیتن dîtin (بینین bînîn) ەوە هاتووە. مەن men < مان man. مان man (شوێن shwên، جێ cê) واتە: ئەو شوێنەى کە دێتە دیتن، سەرنجى وشەى دارەمان dareman بدە (ئەو شوێنەى دارى لێیە

هەروەها وشەی نیشتمان **nîshtiman** شوێنی لێدانیشتن، لە عەرەبیدا بووە بە "دِمَنْ" هۆنراوە: أربعٌ بالأمسِ كانتْ دِمَناً) بدە. (← **man** مان).

Dîn دین، وشەیەکی زۆر کۆنە، لە ئاڤێستادا بە شێوەی دائێنە **daêne**/ دەئێنا **deêna** و لە پەهلەویدا بە شێوەی دین **dîn** هەیە. هەروەها لە زمانە سامییە کۆنەکانیشدا هەیە. بۆ وێنە: لە زمانی ئەکەدیدا بە شێوەی دینوو **dinû** و دێنوو **dênû** هەیە کە بە مانای ویژدان، ← قانوون و ماف و دادپەروەری دێ. لە زمانی عەرەبیدا لە جیاتی ئاین **ayin** بەکاردێ. دین **dîn** لە قورئاندا بە مانای رۆژی دادپەروەری (رۆژی پەسلان ـ قیامەت) (مالكِ يومِ الدينِ) واتە: "خاوەنی رۆژی دادگەیی و لێپرسینەوە"یە. وشەکە بەم مانایە، وشەیەکی عەرەبی نییە، بەڵکو کوردییەکی کۆنە و لە وشەی دیوان **dîwan** ەوە هاتووە. کوردی کۆن ئەم وشەیە (دیوان) یان بۆ ئەو فەرمانگەیە بەکارهێناوە، کە خەڵك روویان تێکردووە بۆ راییکردنی کاروباری خۆیان. وشەکە بە شێوەی دێوان **dêwan** بووە و لە کوردیی کۆن **dîpî pane** ەوە هاتووە کە شوێنی دەفتەرداری **defterdarî** (نووسینگەی میری **nûsîngey mîrî**) لە وێ بووە. وشەی دەفتەر **defter** لە دیپیر **dîpîr** ەوە هاتووە، بە گۆرینی دەنگی پ **p** بو ف **f**. فارسەکان لە سەتەی رابوردوودا وشەی دبیر **debîr** واتە: سکرتێریان بۆ مامۆستای قۆتابخانە نێوەندییەکان بەکارهێناوە، کە

dîpîr له وشه‌ی دیپیر وه‌ریانگرتووه. وشه‌ی دیوه‌خان dîwexan یش که شوێنی میوانانه، هه‌ر له‌م وشه‌یه‌وه هاتووه، که دیوان dîw ی خانی/ خانوو xanî/û ده‌گه‌یه‌نێ.

Dîn دین، به مانای شێت shêt له کوردیی باکوردا به‌کاردێ. ئه‌م وشه‌یه له وشه‌ی دێوانه dêwane واته: شێتۆکه‌وه هاتووه، واته: وه‌ک دێو wek dêw.

Dînar دینار، له وشه‌ی لاتینی denarius ه‌وه دێ، که به یۆنانی دیناریۆ δηνάριο یه.

Dîrek دیره‌ک/ دیره‌گ dîreg (کۆڵه‌که kol'eke). وشه‌ی دیره‌ک dîrek له داره‌ک dar-ek ه‌وه هاتووه. بابا تایه‌ری هه‌مه‌دانی ئه‌م وشه‌یه‌ی به‌کارهێناوه له هونراوه‌کانیدا. وشه‌که له سلێمانی وه‌ک دیره‌ک dîrek و له گه‌رمیان وه‌ک دیره‌گ dîreg به‌کاردێ. ده‌نگی ک k وه‌ک گ g له شێوه‌زاری کوردیی ناڤین و کوردیی ژێرین دا، له جێیه‌ک به‌کارده‌برێن. (سه‌رنجی: باوک bawk و باوگ bawig بده).

Dîshleme دیشله‌مه/ دیشلامه dîshlame (چایی خواردنه‌وه، به‌وه‌ی کلۆیه‌ک شه‌کر بخرێته ده‌مه‌وه). دیش dîsh وێنه‌یه‌کی دیکه‌ی دۆش dosh ه (← دۆشاو doshaw/دیشاڤ dîshav) دیشله‌مه dîshleme < دیش (ئاڤ) dîsh (av) له ده‌مه le deme < دیشله‌مه dîshleme له (دیش + له‌مه) یی ترکییه‌وه نه‌هاتوه. شتێکی رێکه‌وته که ددان didan/دران diran به ترکی دیش dîsh ه و، وا داده‌نێن که کلۆ شه‌کره که

به ددان دەگیرێ و چایەکە دەکرێ بە سەریدا. کارەکە پێوەندیی راستەوخۆی بە شرینییەکەوە هەیە، کە دیشاڤ **dîshav** ە، نەك راستەوخۆ بە ددانەوە.

Dîtin دیتن، واتە: بینین **bînîn**. لە پەهلەویدا (دیتەن **dîten** ە و لە فارسیدا بووە بە دیدن).

Dîwan دیوان (← **Dîn** دین).

Dîwexan دیوەخان (← **Dîn** دین).

Doje دۆژە (← جەهەنەم **cehenem**). و دۆژەخ **dojex** کە لە فارسیدا بووە بە دوزخ **dûzex**. دۆژە **doje** لە دۆزە **doze** وە وەرگێراوە کە لە بنەرەتدا ← دۆز **doz** ە و، ← دۆز **doz** یش لە داخوازەوە وەرگیراوە. وشەی دۆز **doz** لە کوردیدا بە مانای مەسەلە **mesele**، کێشە **kêshe** و بە مانای تۆڵە **tole** (انتقام) یش دێ. لە زمانی کوردیدا وشەی دۆساخ **dosax** (دۆز **doz** + ← ئاخ **ax**) و دۆساخ خاز **dosax xaz** هەیە بۆ زیندان **zîndan** و گرتووخانە **girtûxane** و شوێنی تۆڵەسەندن **shwênî tol’esendin**، کە دیارە لێرەدا دەنگی س **s** و ز **z** جێییەکان گرتووە. ← ئاخ - **ax** لێرەدا مانای زەوی و شوێنە.

Dol’ab دۆڵاب، لە: دوو لەپ **dû-lep** ەوە هاتووە. لەپ **lep** لە کوردیدا بە مانای "دوو پارچە **dû parche** و دوو بەش **dû besh**" بەکاردێ. لا **la** لە لەپ **lep** ەوە هاتووە. دۆڵاب **dolab** لە عەرەبیدا بووە دولاب.

Doshaw دۆشاو/ دیشاڤ **dîshav** > دۆش **dosh** + ئاو **aw**، ئاو **aw** لێرەدا بە مانای شلاییە. دۆش

dosh وێنەیەکی دیکەی دۆخ **dox** ە کە لە کوردیدا بە مانای "توندوتێژ **tundutêj**" دێ. هەروەها: مانای تراو **tiraw** (مائع) واتە: شلاییەك کە کەمێك توندبووبێتەوە. لە کوردیدا دەگوترێ "دۆشاوی تەماتە **doshawî temate**" واتە: ئاوی تەماتە پاش ئەوەی کەمێك توندبووبێتەوە. کەواتە: دۆشاو **doshaw**/ دۆخاو **doxaw** ە، واتە: شلاییەکی توندەوەبوو. وشەی تۆخ **tox** (واتە: رەنگی تێر **rengî têr** و توند **tund**) بنەرەتی وشەی دۆخ **dox** ە.

Dost دۆست، لە پەهلەویشدا هەر دۆست **dost** ە. لە فارسیدا بووە بە دوست **dûst**.

Doxên دۆخێن/ بەندەخوێن/ **bendexwên**/ ← هۆجەنە **hocene**. دۆخێن **doxên** > دۆخ **dox** + ێن **ên**، دۆخ **dox** مانای بار **bar** و چۆنییێتی **chonêtî** ی شتێکە. دۆخێن بۆ ئەوەیە کە بار و چۆنێتی شتێك دیاریبکا. واتە: شوێنێك کە پێشاننادرێ بە خەلك، بخاتە دۆخیکی تایبەتییەوە و "بیدۆخێنێ **bîdoxenê**". بەندەخوێن **bendexwên** یش لە "بەن **ben**" ی دۆخاندن **doxandin** ەوە هاتووە. وشەکە پێوەندیی بە خوێن **xwên** ەوە نییە.

Doz دۆز، وشەیەکی کوردییە لە شێوەی کوردیی باکووردا بەکاردەبرێ، مانای "مەسەلە **mesele**" و کێشە **kêshe** و تۆڵە **tol'e**" یە. وشەی دۆز **doz** لە داخواز **daxwaz** ەوە هاتووە، بەم شێوەیە: داخواز **daxwaz**

< دۆخۆز doxoz < دۆز doz. یەکێك لە تایبەتکارەکانی کوردیی باکوور ئەوەیە بزوێنی درێژی ئا a پاش هێندەك دەنگ وەك د d و ڤ v گێڕدەکرێتەوە. بۆ وێنە: بە قادر qadir دەگوترێ قۆدر qodir بە بەقال beqal دەگوترێ بەقۆل beqol.

Drêl درێل. مەکینەی شت کونکردن. بە ئینگلیزی **drill** و بە ئەلمانی **Drell** ە.

Dujmin دوژمن < دوژ **duj** + من **min**. دوژ **duj** مانای ڤاژی **vaji**، پێچەوانە **pêchewane**. من **min** لە منیك **minîk** ەوە هاتووە کە مانای بیرلێکردنەوە **bîrlêkirdinewe** یە. دوژمن **dujmin** واتە: پێچەوانە بیرلێکردنەوە، واتە: خراپبیرکردنەوەی کەسێك بەرامبەر کەسێکی دی. وشەی منیك **minîk** پێوەندییەکی رەگیی هەیە بە **to mean** ی ئینگلیزی و **meinen** ی ئەڵمانی یەوە. دوژمن **dujmin** بە پەهلەوی دوشمەن **dushmen** ە و بە فارسی دوشمان **doshman** ە.

Duktor دوکتۆر، وشەیەکی لاتینیە **doctor** مانای فێرکەر **fêrker** ە، وشەی لاتینی **docere** مانای فێرکردن **fêrkirdin** ە کە وشەی فێرکەر **dozent,** **docent** لەمەوە هاتووە. بەڵام لە کوردەواریدا بە زۆری بۆ ← بژیشك **bijîshk** (طبیب) بەکاردێ.

Dup دوپ (← دوپشك **dupishk**).

Dupishk دو/پشك (کلاش دوم **dum kilash**). وشەیەکی دیکەش هەیە، بۆ دوپشك،

D د

ئەوەش زوشك zushk ە. دوپ dup و زوپ zup هەردووكیان وێنەی كۆنی دوڤ duv واتە: ← كلك kilk ن، دوپشك dupishk واتە: جانەوەرێك كە كلكێكی پێوەیە. هەر لە كوردیدا وشەیەكی دیكەش هەیە بۆ دوپشك dupishk ئەوەش دەمارە كوڵ demare kul’ ە. ← كلاش دوم kil’ashdum یش هەر دوپشك dupishk ە. دوم dum لێرەدا، وێنەیەكی دیكەی دوڤ duvە كە دووگ dûg یش هەر وێنەیەكی دیكەی دوڤ duv، واتە: كلك kilk ە. دەنگی ز z و د d لە زمانی كوردیدا جێیی یەكدەگرنەوە، بەڵام ز z لە د d كۆنترە. سەرنجی وشەی زەریا zerya (زێ z ê بە مانای رۆبار robar) و دەریا derya، هەروەها زرت zirt و دل dil، زاو/ڤا zaw/va و داماد (لە فارسیدا) بدە. دوپشك < دوڤ duv (كلك kilk) + شك shk (چك chik = پچووك pichûk). واتە: جانەوەرێك كە كلكێكی پچووك (كوڵ kul’)ی پێوەیە واتە: دەمارە (دەم/ دوم ـ دار dar ـ dem/dum)ە كوڵ demare kul’ ە.

Duv دوڤ (← دوپشك dupishk).

Dûg دووگ (← دوپشك dupishk).

Dûkel’ دووكەڵ، كورد دەبێژن: ئاگر و دوو agir û dû واتە: ئاگر و دووكەڵ. دوو dû دووكەڵ dukel’ ە و، بە پەهلەوی دووت dût ە. كەڵ kel’، كەل kel ە كە بە مانای بەرزایی دێ، واتە: دوویەك كە لە ئاگرێك هەستێ و بەرزببێتەوە. دەگوترێ: دوكەڵی لێهەلدەستێ. وشەی "دُخان" ی

عەرەبی لەمەوە هاتووە. وشەی
تووتن tûtin لە دوودن dûdin
(واتە دووکەڵکەر) ەوە هاتووە.

Dûst دووست، بە شێوەزاری کوردیی دەوروبەری ئورفە Urfe بە شوێنی تەختانی دەگوترێ دووست dûst کە وێنەیەکی دیکەی دەشت desht ە. دووست dûst بە گۆڕینی دەنگی ست st بە ز z بووە بە دووز dûz و چووەتە زاری ترکییەوە بە مانای ڕێك، ریکوراست. وەك چۆن چەپڕاست chepřast ی کوردی، بە وێنەی چەپراز çepraz چووەتە زاری ترکییەوە، بە گۆڕینی دەنگی ست st بۆ ز z.

Dwêt دوێت، بە کچ kich دەگوترێ لە کاتێکدا کە بگوترێ کچی فیسارەکەسە. دوێت dwêt وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە، لە پەهلەویدا دوخت duxt ە و بە ئینگلیزی دوتەر daughter ە و بە ئەڵمانی توختەر Tochter ە. لە فارسیدا بووە بە دختر (دۆختەر doxter).

E ئه

Efendî ئەفەندی، وشەیەکی یۆنانییە کەوتووەتە کوردی و ترکی و هێندەك شێوەزاری عەرەبییەوە. بە یۆنانی: ئەفەنتیس **Efentis** (αφέντης).

Ejno ئەژنۆ/ ژنۆ **jino** بە ئاڤێستایی زانوو **zanû**، پەهلەوی: زانووك **zanûk** و ژنوو **jnû**، بە فەرەنسی **jenon** و بە ئەڵمانی **Knie** و لە فارسیدا بووە بە زانو **zanû**.

Ekzoz ئەکزوز، بە دووکەڵکێشی ئۆتۆموبێل دەگوترێ. لە وشەی **exhaust** ی ئینگلیزییە وە هاتووە کە بە مانای پاککردنەوەیە، لێرەدا مەبەست لە پاککردنەوەیە لە ← دووکەڵ **dûkel’** و ← گاز **gaz**.

El’mas ئەڵماس، لە وشەی یۆنانیی **ασημής** ەوە هاتووە.

Elwend ئەلوەند (رۆباری ئەلوەند)، بە سانسکریت: ئاور ڤەنت **awrvent** ە و بە پەهلەوی **ervend**، واتە: خێرا و بە گوڕ.

Elmode ئەلمۆدە، بە ژنێك دەگوترێ کە جل و بەرگی ئەوروپایی، بە تایبەتی کراسی کورتی لە بەردابێ. وشەکە لە وشەی فەرەنسی **a la mode** واتە "بە پێی مۆدە" ەوە هاتووە.

Erdel’an ئەردەڵان، پێدەچی ئەردەڵان **erdel’an** لە ئار **ar** + داڵ **dal’** + ان **an** ەوە هاتبێ. ئار **ar** ئاگر **agir**، داڵ **dal’** جێ و شوێن **cê û shwen** ە. واتە: جێی ئاگر **cěy agir**.

Erz ئەرز، یان **erd** و هێندەك جاریش "عەرد **erd**". لە زمانی کوردیدا بە مانای " ← ئاخ **ax** ← خاك **xak** و ← زەوی **zew/vî**

و خڕەی زەوی xiřey zew/vî" یش بەکاردێ. وشەکە لە بنەڕەتدا عیبرییە، کە لە تەوراتدا بە شێوەی هائارێتز הָאָרֶץ هاتووە. ئەم وشەیە کەوتووەتە زمانە ئەوروپاییەکانەوە. بۆ وێنە: لە ئینگلیزیدا بووە بە earth و لە ئەڵمانیدا Erde. هەروەها لە زاری عەرەبیدا بە شێوەی "ألارض" هاتووە.

Eshkêl’ ئەشکێڵ. لە ast-kêl ئاست ـ کێل، واتە: ئاستی تەنیشت astî tenîsht (← kêl کێل). بە عەرەبی "قطر"ە.

Eskemil(î) ئەسکەمل (ی). کورسی یەککەسی. لە وشەی رووسی скэмéйка وە هاتووە.

Esker ئەسکەر. شێوەیەکی دیکەیە بۆ وشەی Leshker /Leshkir لەشکر/ لەشکەر. لەشکەر leshker بووە بە ئەشکەر eshker و ئەوجا ئەسکەر esker و لە عەرەبیدا بووە بە عسكر.

Espswar ئەسپسوار، لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ئەوانەی سواری ئەسپ دەبوون پێیاندەگوتن ئەسڤاران esvaran، کە ئەمە لە ئەسپ سڤاران esp svaran ەوە هاتووە. وشەی عەرەبی "اسوار" (گەل: أساورة) و سفر (گەل: أسفار) یش هەر لەمەوە هاتووە (← سەفەر sefer).

Estê ئەستێ، جورە بەردێکە کاتێك لە پارچە هاسنێك دەدرێ، یان لێیدەخرێ، پزیسکی ئاگر دەردەچێ لێی. لە ئاڤێستادا دوو وشە هەیە ئەسمەن esmen و ئەسەن esen کە بە مانای بەرد و سەنگ دێن. دیارە وشەی هەسان hesan، کە ئەویش جۆرە بەردێکە بۆ تیژکردنەوەی

← کێرد kêrd و ← چەقۆ cheqo بەکاردەبرێ، پێوەندیی بەم وشەیەوە هەیە.

Estêrk ئەستێرک/ ئەستێڵك estêl'k/ ستێرك stêrk شوێنێکە ئاوی تێدا گیردرابێ و بۆ مەلەکردن بەکاربێ. واتە: بەنداوێکی بچووك. ئەم وشەیە لە ڕێی فارسییەوە بووە بە استخر و بە شێوەی اصطخر چووەتە زاری عەرەبییەوە.

Estran ئەستران، وشەیەکی دیکەیە لە کوردیدا بۆ ← ستران stran (← گۆرانی goranî) کە پێوەندیی بنەڕەتیی هەیە بە وشەی لاتینی historie ەوە کە بۆ مێژوو، یان ← چیرۆك chîrok بەکاردەبرێ. لە ئاڤێستاییدا وشەی تاورونا tawruna هەیە بۆ ئەمە، کە لە فارسیدا بووە بە ترانە.

Estûr ئەستوور (هەستوور hestûr و ستوور stûr و ستر stir) بە شتێك دەبێژن کە تەنك و زراڤ وباریك نەبێ. لە پەهلەویدا وشەی ئەستۆبار estobar و هۆستوبار hostubar هەیە، هەر بە مانای ئەستوور. لە کوردیدا هەستوو hestû و هەستی hestî و ئێسك êsk و هێسك hêsk هەن، بە مانای ئێسقان êsqan. بار bar وەك وار war پاشکۆیەکە هەبوونی شتێك، یان تایبەتکارێك پێشاندەدا، وەك دەبێژیت: خوێندەوار xwêndewar (کەسێك کە خوێندنی هەیە)، بەندیوار bendîwar (کەسێك کە بە یەکێکەوە، یان بە شتێکەوە بەندە)، شوێنەوار shwênewar (شتێك کە شوێنی هەیە) (← هەوار hewar).

کەواتە: ئەستوور estûr لە بنەرەتدا بۆ شتێك بەکارهێنراوە کە وەك هەستوو hestû (ئێسقان êsqan) بووبێ، رەك و پتەو بووبێ و زوو نەشکابێ، واتە: هەستوو ـ وار hestû-war بووبێ. ئەم وشەیە لە فارسیدا بووە بە استوار ostuvar. لە ئەڵمانیدا وشەی stur هەیە بۆ کەسێك کە رەق و تەق بێ ونەرمبوو نەبێ، کە بەرامبەر وشەی کوردی: سور siwir و وشەی ئینگلیزی stubborn ە. ئەستوور estûr لە فارسیدا شێوەی قطور qotûr ی وەگرتووە کە ئەم "قطور" ە لە کۆتەرە kotere ە دارەوە سەری هەڵداوە و لە عەرەبیدا وشەی قطر ← Eshkêl ئەشکێڵ لەم وشە کوردییەوە وەرگیراوە بە گۆڕینی دەنگی ك k بە ق q. کە کۆتەرە kotere جاروبار لە کوردیدا بۆ ئەستووریی مل، گێپەڕەی مل gêpeřey mil بەکاردەبرێ.

Etles ئەتلەس. وشەیەکی یۆنانییە άτλαντας، لە بنەڕەتدا نێوی دێوێکی ئەفسانەیی بووە. وشەکە کەوتووەتە گەلێك زمانی ئەورووپایی و رۆژهەڵاتییەوە. لە عەرەبی و فارسیدا بە شێوەی أطلس دەنووسرێ و، هەروەك کوردی بۆ پەرتۆکێك بەکاردەبرێ کە نەخشەی ولاتانی تێدابێ.

Etresh ئەترەش (← تاس Tas/ تاسبردنەوە Tasbirdinewe).

Ez ئەز، پرۆنێوی تاك لە دۆخی بکەریدا (ألحالة الفاعلية) کە زۆر کەڤنارە. بەرامبەر بە ئەد ed ی فارسیی کۆن (سەرنجی: ئەدەم دارەیوش ـ ئەزم داریۆش) بدە، کە وێنەیەکی دیکەی ئەز ez ی

E ئه

کوردییه. ئەز ez خزماتییەکی زمانەوانی لەگەڵ ich ی ئەڵمانیدا هەیە کە ich یش لە دۆخی بکەرییدا nominal causus بەکاردەبرێ.

Élewî عەلەوی، ئاینێکی ← سینکرێتیستی sînkrêtîstî کوردییە، کە بە هەڵە بە لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەدرێنە قەلەم. راستییەکەی وشەکە ئارەوی ar-e-wi یە، کە ar ئار، ← ئاگر agir ە و بنچینەی دەگەڕێتەوە بۆ میترایزم (کولتووری خۆر xor).

Émbar عەمبار/عەمار /émar هەمبار /hembar هەمار hemar بۆ شوێنی شتومەك تێدا هەلگرتن بەکاردێ، کە لە عەرەبیدا بۆ ئەمە "مخزن" بەکاردێ کە لە ← خەزێنە xezêne ەوە وەرگیراوە. هەمبار hembar لە پەهلەویدا هەنبار henbar ە و لە فارسیدا بووە بە: أنبار enbar.

Émbe عەمبە، جۆرە گیایەکی ترشە، ترشیاتی زەرد دروستدەکرێ لێی. وشەکە هیندییە ئەنب enb یان ئام am ە.

Éqar عەقار/ئەقار eqar، وشەیەکی زۆر کۆنی هێندۆئەوروپاییە بە مانای پارچە زەوی دێ کە بۆ خانوو دروستکردن بەکاردێ. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Aker (ئاکەر) هەیە بۆ نێونانی زەوییەك کە بە گاسن کێڵکرابێ و بۆ تۆو چاندن ئامادەکرابێ، کە لە زمانی ئەلمانیی کۆندا ئاکار Ackar ە. وشەی ئاك ak ی ئەڵمانی و ← ئاخ ax ی کوردیی هەردووکیان بە مانای زەوی zewî/vî دێن، وشەی "عقار" ی عەرەبی لە ئاکارە akar وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا ئاخ - کار ax-karە واتە:

زەوییەك كە كاركراوە، یان،
دەكرێ لەسەری.

Érd عەرد (← **Erz** ئەرز).

Éter عەتەر/ **Étr** عەتر، لە زمانی
عەرەبیدا بووە بە عطر. لە
odeur ی فەرەنسییەوە هاتووە
كە مانای بۆن **bon** ە.

Éynek عەینەك، دەنگی "ع" لە زمانی
كوردیدا نەبووە، بەڵام لە ڕێی
فێربوونی زمانی عەرەبی و
وەرگرتنی هێندەك وشەی
عەرەبی كە ئەم دەنگەیان تێدایە
وەك: "عەرەب **Éreb**"، "عەیب
éyb" یان، لە تەنگكردنەوەی
دەنگی بزوێنی درێژ پەیدا بووە.
وەك وشەی كانی **kanî** كراوە بە
كەعنی **ke'nî** و تاڵ **tal’** كراوە
بە تەعل **te'l** و ئاسمان **asman**
كراوە بە عەسمان **ésman**، لە
هێندەك شێوەزاردا. "عەینەك"
Éynek وشەیەكە لەم بابەتە.

عەینەك **Éynek** لە بنەڕتدا
ئاووێنەك **awwênek** (←
ئاوێنە **awêne**) بووە و بووە بە
عەوێنەك **Éwênek** و ئەوجا
بە عەینەك **Éynek**، ـەك **ek**
پاشۆیەكە بۆ بچووكردنەوە.
وشەی عەینەك **Éynek** لە گەڵ
"عوینە" ی عەرەبی (گەل:
عوینات) بنەڕتیان یەك نییە.
"عوینە" ی عەرەبی بەڕێكەوت
وشەی "چاویلكە **chawîlke**/
بەرچاڤك **berchavk**" ی
كوردی دەگرێتەوە.

Ême (w) manan ئێمە (و) مانان > ئێمە **ême** + مان **man** + ئان **an**. مان **man** کورتکراوەی مینا **mîna** (وەك **wek**، وەکو **weku**، وەکی **wekî**) + ئان **an** (نیشانەی گەل). ئێمە و مانان، واتە: ئێمە و، ئەوانەی وەکی ئێمەن.

Ênsîklopîdya ئێنسیکلۆپیدیا. یۆنانییە: **εγκνκλοπαίδεία**.

Êran ئێران، لە وشەی ئێرانیی کۆن: "بووم ـ ی ـ ئاریان ـ ام" **bûm-î-aryan-am** ەوە هاتووە، واتە: زەوی ئارییەکان. (← ئاریا **arya**). وشەی بووم **bûm** هەتا ئەورۆش لە زمانی کوردییدا بۆ زەوی **zewî** بەکاردەبرێ. سەرنجی وشەی بوومەلەرزە **bûm-elerze** بدە، کە مانای زەوی لەرزە **zewî-lerze** یە.

Êsh ئێش، مانای ئازار و زەحمەتکێشانە بەدەست شتێکەوە، لە بنەڕەتدا لە کێش **kêsh** ەوە هاتووە. ئەم وشەیە لە ئینگلیزیدا بەشێوەی ئێیك **ache** هەیە. ئێش **êsh**، بە شێوەی ئیش **îsh** چووەتە زاری ترکییەوە و بۆ کار **kar** بەکاردەبرێ، چۆنکە کارکردن، مانای زەحمەتکێشان و ئێش لە خۆ گرتنە.

Êshk ئێشك/ **Kêshk** کێشك. ئێشك **êshk** کورتکراوەی کێشك **kêshk** ە واتە: مانەوە بۆ پارێزگاریی کەسێك یان شتێك، بەتایبەتی بەشەو. وشەکە پێوەندیی هەیە بە کێش **kêsh** و کێشکردن **kêshkirdin**، بار و قورسایی هەڵگرتنی شتێك. وشەی ئێش **êsh** و ئیش **îsh**

یش هەر لەمەوە هاتووە. (← ئێش êsh، ← ئیش îsh).

Êsqan ئێسقان/ هێسك **Hêsk**.
ئێسقان **êsqan** < ئێسق **êsq** + ـان **an** < ئێسك **êsk** + ـان **an** < هێسك **hêsk** + ـان **an**. ـان **an** كورتكراوەی دان **dan** ە كە مانای جێ **cê**/ شوێن **shwên** ە. ئێسقان **êsqan** واتە: شوێنی هێسك.

Êtîmolojya ئێتیمۆلۆژیا، بنەچە و ڕەچڵەكی وشەی زمان. لە **ετνμολογία** ی یۆنانییەوە هاتووە، كە لە لاتینیدا **etymologia** یە و، لە ئینگلیزیدا بووە بە **etymology** .

Êwet ئێوەت/ حێوەت **ĥêwet**. سەرپەرشتی **serperishtî**، بەخێوكردن **bexêwkirdin**، خاوەنداری **xawendarî**. بڕگەی یەكەمی وشەكە ئێو **êw**، یان حێو **ĥêw** ە، كە خێو **xêw** ە واتە: بەخێوكردن و سەرپەرشتیكردن و پەروەردەكردن **perwerdekirdin** ە.

Êzidî ئێزدی. بە لایەنگرانی كێشی تاوسێ مەلەك **Tawisê melek** دەگوترێ كە ئەم ئاینە ئاینێكی كوردیی سینكرێتیستیە. هەر لەسەردەمی كۆنەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەكانیەوە ترك و عەرەب و فارسە موسلمانە تەنگەتیلكەكان هەوڵیان داوە بەدرۆ و بوختان، ئێزدییەكان، لەلایەكەوە بەلایەنگرانی یەزیدی كوڕی معاویە و، لە لایەكی دیكەوە بە شەیتان (← **Sheytan**) پەرست بدەنە قەلەم. جارێ وشەكە یەزیدی **yezîdî** نییە، بەلكو ئێزدی **Êzdî** یە، پاشان ئێزدییەكان ناتوانن لایەنگری یەزید بن، چۆنكە یەزید موسلمان بووە و ئێزدییەكان

ئێ Ê

موسلمان نین. دوای ئەمەش وشەی ← Sheytan شەیتان ی عەرەبی کە "شیطان" ە لەگەل شاتەن Shaten ی کوردی تێکەلکراوە. ئەگەنا ئێزدییەکان خواپەرستن و، وشەی ← Tawis تاوسیش، پێوەندیی بە مەلی (← مەل mel) تاوسەوە (← تاوس Tawis) نییە، بەلکو پێوەندیی بە گیانی ئێزدانییەوە هەیە.

F ف

Fanîle فانیلە (ژێرکراس **jêrkiras**)، فانیلە **fanîle** لە **flanelle** ی فەرەنسییەوە هاتووە و بووە بە فانیلە **fanîle**، لە ئەڵمانیدا بە شێوەی **Flanell** و لە یۆنانیدا "فانیلە **φανέλα**" دەنووسرێ.

Fanos فانۆس/ فانۆز **fanoz** چرایەکی تایبەتییە. لە **phanos** (**φανός**) ی یۆنانییەوە هاتووە، کەوتووەتە عەرەبی و فارسییەوە بە شێوەی فانوُس.

Ferengî فەڕەنگی. کوردی کۆن بە خەلکی ئەوروپایان گوتووە: فەڕەنگی و بە ئەوروپاش فەرەنگستان **ferengistan**. وادیارە ئەم وشەیە لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا پەیدابووە، کاتێك کورد ئەورووپاییان لە ڕێی فرانکەکانەوە **Franken** ناسکرد.

Ferheng فەرهەنگ، بە مانای وشەنامە **wishename** (←) قاموس **qamûs**) و کولتوور **kultûr** یش بەکاردەبرێ. لە فارسیدا هەر فرهنگ **ferheng** ە. بەڵام لە پەهلەویدا فرههنگ **freheng** ە. فره **fre** لە کوردیدا بە مانای زۆر و جۆر جۆر دێ (ئەو زەوییە فرە بەشە، واتە: بەشی گەلێك کەسی تێدایە). هەنگ **heng** لە کوردیدا گەلێك مانای هەیە، یەکێك لەوانە بە کۆمەڵێك شتی جۆر جۆر دەگوترێ هەنگ. کەواتە فرههنگ **freheng** کۆمەڵێك هەڵسوکەوت و خوورەوشت و نرخ و نەرێتە کە مرۆڤ پێڕەوی دەکا و کۆمەڵگە ڕێزیلێدەگرێ، واتە: کولتوور **kultûr**. بەکارهێنانی فەرهەنگ

F ف

بۆ (قاموس) ڕەنگە پڕ بە پڕی خۆی نەبێ بەلکو ← وشەنامە wishename ڕاستربێ.

Ferhûd فەرهوود، ئەم وشەیە بە زۆری لە نێو عەرەبی عێراقدا بەکاردەبرێ، بەڵام لە بنچینەدا کوردییە. فەر fer لە فڕ fiř (فڕاندن fiřandin) و، هوود hûd بە مانای فەرمان hukim kirdin /ferman (حوکم) بەزۆرداری دێ. واتە: فەرماندان بە شت فڕاندن، ← تالآن tal'an و بڕۆیی.

Ferîk فەریك، بە شتێك دەگوترێ کە جارێ تازەبێ و تەواو پێنەگەیشتبێ، وەك فەریکە گوێز ferîke gwêz، فەریکە نۆك ferîke nok. فەریك ferîk پێوەندیی هەیە بە وشەی ئەڵمانی frisch (تەڕ و تازە) و fresh ی ئینگلیزی، کە هەر بەو مانایەیە. هەروەها وشەی fraisی فەرەنسی.

Ferman فەرمان، بە پەهلەوی هەر فەرمان ferman ە، کە چووەتە نیو عەرەبی و ترکی و فارسییەوە.

Fermeson فەرمەسۆن، بەلایەنگرانی "ماڵی ئازاد" دەگوترێ. لە وشەی ئینگلیزی Freemason ەوە هاتووە کە free مانای ← ئازاد azad ە و mason مانای بەردتاش berdtash ە. حیزبێکە لەگەلێك وڵاتی جیهاندا بەنهێنی کاردەکات، ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ئابووری و فەرمانڕەواییە، بەنێوی دامەزراندنی "خانووی ئازاد" ەوە. حیزبەکە بە شێوەی شانەشانە ڕێکخراوە کەبەو شانانە دەگوترێ "لۆج". لە ئێران و کوردستاندا بەو لۆجانە دەگوترێ "فەرامۆشخانە".

Fermûn فەرموون، واتە: قسەکردن بە شێوەی ڕێزلێنان لە قسەکەر. فەرموون **fermûn** > فەر **fer** + موون **mûn** بە پەهلەوی فرەمووتەن **fremûten**. فەر **fer** لە ئاڤێستا و پەهلەویدا بە شێوەی فرە **fire** دێ کە دەکەوێتە بەردەمی کار (فعل) و بە مانای پێش **pêsh**، بەر **ber** دێ. **Muten** کە لە کوردیدا موون **mûn** ە و بە مانای هۆنین **honîn** ە. مووتەن **mûten** ی پەهلەوی لە فارسیدا بووە بە: مودن. فەر **fer** بە وێنەی پەر **per** (بەر **ber**) ە. کە دەنگی ف **f** و پ **p** جێگۆڕکێ دەکەن. سەرنجی وشەی پەڕپووت **peřpût** واتە: پێش پووت (بوون) **pêsh pût bûn** واتە: پێش پووچ بوون و تونەبوون **pêsh pûchbûn û tunebûn** و سەرنجی وشەی راپەرموون **ra-per-mûn** بدرێ، دەگوترێ وا را ـ دە ـ پەر ـ مووم **wa-ra-de-per-mûm** پێش ئەوەی کارەکە بکرێ، پێموایە وادەبێ، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم.

Fexfûrî فەخفوری ← بەگ **Beg**.

Fêl’ فێڵ/ ← تەڵەکە **tel’eke**. فێڵ **fêl’** لە پیلە **pîle** ەوە هاتووە کە مانای گەڕوگێچەڵ و بیانوو گرتنە. وشەی "حیلة" ی عەرەبیش لەمەوە هاتووە.

Fêrbûn فێربوون/ فێرکردن **fêrkirdin**. فێر **fêr** لە وشەی ئاڤێستایی فرا **fira** وە هاتووە، کە مانای چوونە بەرەو شتێك. لە فارسیدا بووە بە فرا **fera** (سەرنجی وشەی فارسی: فراگرفتن ـ واتە: فێربوون **fêrbûn** بدرێ).

Fêstîval فێستیڤاڵ. لە لاتینیدا **festivus** ە بە مانای جێژن کردن **cêjin kirdin** لە زمانە

ئەوروپاییەکاندا هەیە. لە فەڕەنسیی و ئینگلیزیدا **festival** ە، کە بە مانای یارییەکانی جێژن دێ.

Finish فنش/ فنشکردن **finishkirdin** لە وشەی ئینگلیزی **finish** ەوە هاتووە، واتە: تەواوکردنی کارێك، لە کوردیدا بووە بە لەسەرکارلابردن، دەرکردن. فنشیانکرد **finishyan kird**. ئەم وشەیە لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، کاتێك ئینگلیزەکان هاتنە باشووری کوردستانەوە، کەوتە زمانی کوردییەوە.

Firat (ڕۆباری فرات). دوور نییە وشەکە یۆنانی بێ و لە -*παρα* *ποταμία* ("پارا ـ بۆتامیا") وە هاتبێ کە مانای "دەوروبەری ڕۆبار"ە، کە زرێبار **zirêbar** یش شتێکە لەو بابەتە.

Fire فرە، بە مانای ← زۆر **zor** دێ. فرە **fire** لە پرە **pire** ەوە هاتووە، کە مانای زۆرە (← پر **pir**).

Firezana فرەزانا. بە پەهلەوی فرەزانەك **firezanek** ەو لە فارسیدا بووە بە فرزانە **ferzane**.

Firîshte فریشتە (مەلایکەت) لە پەریشتە **perîshte** ەوە هاتووە < پەری **perî** + یشتە **îshte** (← پەری **perî**). وشەی **ferry** ئینگلیزی پێوەندیی ڕەگی بە فریشتەوە هەیە.

Firîw فریو (← پروپووچ **pir û pûch**، ← وڕێنە **wiřêne**).

Firîwdan فریودان/ فرێودان **firêwdan** لە ئاڤێستادا فرە ـ ئیدیڤە **fire-îdîve** یە و لە پەهلەویدا فرێفتەن **firêften**ە.

Fiřnî فڕنی، لە فڕو **fiřo** وە هاتووە. فڕو **fiřo** و فریشك **firîshk**،

هەردووکیان بە مانای ← ژەك jek دێن، کە ژەك jek لە ژەندن jendin ەوە دێ (مەشکە ژەندن). (← jan ژان).

Firoshtin فرۆشتن/ فرۆتن Firotin، لە پەهلەویدا بە شێوەی فرۆختەن firoxten دێ.

Firseng فرسەنگ، یەکەیەکە بۆ پێوانی دووریی بەکاردێ، کە بە پەهلەوی: فرەسەنگ freseng ە و لە عەرەبیدا بووە بە فرسخ (گەل: فراسخ).

Firya فریا/ فریاکەوتن firyakewtin، مانای بە دەنگ و هاواری کەسێکەوە چوون. فریا firya لە فڕێ fiřê وە هاتووە. لە کوردیدا دەگوترێ پارە بۆ مە فڕێ کە pare bo me fiřêke واتە: پارە بخەڕێ بۆ مە. فڕێ کرن fiřêkirin و فڕێ خستن fiřê xistin لە ڤە (وە) رێ کر(د)ن ve(we)rê kir(d)n و ڤە (وە) رێ خستن ve(we) rê xistin ەوە هاتووە. واتە: شتێك خستنەڕێ، یان کەوتنەڕێ بۆ یارمەتیدان. جاروبار لە جیاتی: ڤە (وە) رێ کر (د) ن، دەگوترێ: بەڕێ کردن، بە ڕێخستن beřêkirdin, beřêxistin. لە پەهلەویدا وشەی فرەیات fireyat هەیە بە مانای چوون بەدەنگ هاواری کەسێکەوە.

Fîřo فیڕۆ(بە خۆڕایی لە دەست چوون). فیڕۆ < ڤی fî + رۆ ro، ڤی fî لە فیت fît ەوە هاتووە کە فیت fît وێنەیەکی دیکەی پیت pît ە، کە پیت خێر و بەرەکەتە. کەواتە: فیڕۆ fîro فیت ڕۆ fîtro و پیت ڕۆ pîtro واتە: خێر پێوە نەماو.

Fîter فیتەر. ترومبێل چاکەرەوە، لە fitter ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە بە مەکینە چاکەرەوە، مەکینە دامەزرێنەر، دەگوترێ.

ف F

Fûl فوول/ فوولکردن fûlkirdin بۆ پڕکردنی تانکی (← تانکی tankî) ی ئۆتۆمۆبێل بە ← بەنزین benzîn، یان بۆ ← سەر خۆشبوون serxoshbûnی تەواو بەکاردەبرێ. هەردووکیان لە وشەی ئینگلیزی full (← پڕ pir) دوە هاتووە. هەر ئەم وشەیە بە شێوەی Voll (پڕ pir) و füllen پڕکردن pirkirdin لە ئەڵمانیدا هەیە.

G گ

Ga گا/ گاڤ gav بە پەهلەوی گاڤ gav و بە فارسیش هەر گاو gaw و نیشانەشە بۆ زلی zilî.

Galiske گالیسکە عەرەبانەیە. وشەکە وشەیەکی سلاڤییە. لە رووسی و پۆلۆنیدا هەیە. بە رووسی кодяска (کالیسکا) یە و لە ئەڵمانیدا بە شێوەی kalesche هاتووە بە زمانی چیکی kolesa (کۆلیسا) یە بە زمانی پۆلۆنی kolaska (کۆلاسکا) یە.

Galon گاڵۆن، پێوانەیەکە بۆ قەوارەی شلایی، بە تایبەتی بەنزین. گاڵون 3.78 لیترە. وشەکە فەرەنسییە gallon.

Galor گالۆر (← قالۆر qalor).

Gamêsh گامێش/ گامووش gamûsh بە پەهلەوی گاڤمێش gavmêsh ە. لە وشەی گا ga + مووش mûsh/ ← مێش mêsh (واتە: ← مەڕ meř). گامێش، واتە: مەڕێك کە هێندەی گایەك زل بێ. لە زمانی کوردیدا بۆ زلکردنی شتێك پاشکۆی گا دەخرێتە پاڵی، وەك گاکۆتر gakotir کۆترێکی زل. گابەرد gaberd بەردێکی زل. وشەی گامووش gamûsh بە شێوەی جامووس camûs کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە.

Gav گاڤ، مانای کات kat دەگەیەنێ. ئەم گاڤ gav ە، لە کوردیی کرمانجیی ناڤینیش (سۆرانی) دا هەیە. کورد دەبێژن: "لە ڤاڤی خۆیدا قسە دەکا" واتە: لە کاتی خۆیدا (لە گاڤی خۆیدا) قسە دەکا. دەنگی گ g رەقبووەتەوە و بووە بە ق q. دەنگی ڤ v یش لە نیوەلێویی halblabial ەوە

G گ

بووه بە لێویی labial واتە:
بووه بە ف f.

Gaz گاز. بنچینەی وشەکە وشەی xaos (χάος) ی یۆنانییە کە مانای شوێنێکی بۆشە (←Bosh بۆش). مەنییەکە، زوو دەسووتێ و گڕ دەگرێ. لە عەرەبیدا بووه بە غاز.

Gawir گاور (← Gewre).

Gech گەچ، بە پەهلەوی و پازەند هەر گەچ gech ە، لە زاری عەرەبیدا کراوه بە جص.

Geda گەدا (← Gede گەدە).

Gede گەدە (ورگ wirg). بە شوێنی ریخۆڵەکانی مروڤ دەبێژن گەدە gede، کە وشەی gedev "گەدەڤ" یش هەیە، کە دیارە "گەدەك"ە. وشەی گەدە gede بووه بە مەدە mede و میدە mîde، کە لە عەرەبیدا بووه بە "معدة". هەروەها کەوتووەتە تركییەوە وەك mîde وهەر لەم وشەیەشەوە (گەدە gede) وشەی "غذاء" ی عەرەبی و gide ی تركی وەرگیراوە، کە بە مانای خواردەمەنی xwardemenî بەکاریدەهێنن. بێجگە لەوەش، وشەی "گەدا geda" واتە: ← دەرۆزەکەر /derozeker پارسکەر parsker یش لەمەوە هاتووە، کەسێك کە بۆ تێرکردنی گەدە (ورگ) ی خۆی، دەست لە خەلك پاندەکەتەوە.

Gel'a گەلا، لە ← کالا kal'a ەوە هاتووە. لە کوردیدا وشەی کاڵ کوت kal' kut هەیە بۆ ئەو ئامێرەی کە گەلا و جلکی پێدەکوتن (← کالا kal'a).

Gelawej گەلاوێژ (← Berq بەرق).

Gemal' گەماڵ، بە سەگی گەورە دەبێژن گەماڵ gemal'. لە

هێندەك شوێنی کوردستاندا دەنگی ڵ **l’** بە شێوە کۆنەکەی کە ر **r** یە دەردەبردرێ و دەبێتە "گەمار **gemar**". وشەی گەماڵ **gemal’** لە گەمار **gemar** ەوە هاتووە. گەمار **gemar** بە کوردیی باکوور مانای ← پیس **pîs** واتە: شتێك کە ← خاوێن **xawên** نەبێ. وشەی گەمار **gemar** لە گەنار **genar** ەوە هاتووە. گەن **gen** مانای چڵکن و پیس و ناخاوێنە. کە گەنین بە رووسی **гнить;** ە، وشەی بۆگەن **bogen** کە لە بۆن گەن **bongen** ەوە هاتووە، مانای بۆنی پیس دەگەیەنێ.

Gemar گەمار، ← گەماڵ **gemal’**.

Gemje گەمژە، وێنەیەکی دیکەی وشەی گەوجە **gewce** یە، بە گۆڕینی دەنگی م **m** و، و **w** و، ج **c** و، ژ **j** بۆ یەکدی. گەم **gem** و گەو **gew** یەك شتن و ج **c** و ژ **j** یەك شتن. (← ئاوز **awiz** ← وەزیر **wezîr**، ← وەج **wec**).

Genc گەنج. وشەیەکی کۆنی هێندۆئەورووپاییە. کە بە ئینگلیزی **young** ە و بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ **geong** و **giung** و **geng** . بە ئەڵمانی یونگ **Jung** ە. (← **xezêne** خەزینە).

Genîn گەنین. لە گەن **gen** (بۆن پیسی) ەوە دێ کە بە پەهلەوی گەن (د) **gen(d)** ە و بە رووسی بە گەنین دەگوترێ **гнить;**

Genc گەنج، واتە: تشتی بە نرخ. بە پەهلەویش هەر گەنج **genc** ە. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە کنز. گەنجینە **gencîne** ئەو ژوورە، یان ئەو شوێنەیە کە شتی بە نرخی تێدا دادەنرێ. وشەی "خزن" ی عەرەبیش هەر

لەم وشەیەوە وەگیراوە، بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکانی وشەی "کنز" بۆ "کزن" و ئەوجا گۆڕینی دەنگی ك k بۆ خ x و کردنی بە "خزن" و "خزانة" کە "خزانة" (خزینة) xezêne یە.

Gencefe گەنجەفە، قسەیەك کە گاڵتەکردن بێ بە خەڵك. گەنجەفە gencefe لە گەنگ ـ گەڤ ـ ە geng-gef-e ەوە هاتووە. گەنگ geng مانای گەن gen، واتە: بۆگەن bogen و ← گەمار gemar ە. گەنگ geng و گەند gend یش هاومانان. گەڤ gev و ← گەپ gep هاومانان و بە مانای دەم dem دێن. (گاڵتە و گەپ gal’te û gep). گەنجەفە واتە: دەم خستنەکار بە شێوەیەکی بۆگەن.

Gencîne گەنجینە، (← خەزێنە xezêne، ← گەنج genc).

Gend گەند (← گەنجەفە gencefe).

Gep گەپ، لە کوردیدا گەلێك مانای هەیە. جارێك بە مانای دەم dem دێ. دەگوترێ گەپیکە gepîke (واتە لە دەمتەوە قووتی بدە). وشەی قەپ qep (قەپلێدان qeplêdan واتە: گازلێگرتن gazlêgirtin). دەم و قەپاڵ qepal’ شێوەیەکی دیکەی گەپ gep ە. هەروەها وشەی گووپ gûp یش هەر لەم بنچینەوە هاتووە. هەروەها قاپ qap و کووپە Kûpe (کە دەفرێکی خڕە) و Cup ی ئینگلیزی پێوەندیی بەمەوە هەیە.

Geř گەڕ (گەڕی geřî) نەخۆشییەکە بە پەهلەویش هەر ger یان گەرەنوو gerenûە و لە عەرەبیدا بووە بە جَرَب.

Gerac گەراج وشەیەکە لە فەڕەنسیدا گەراژ garage، لە ئینگلیزیدا گەراج garage و لە ئەلمانیدا گەراج garage ە. لە بنەڕەتدا بەمانای بردنی شتێك بۆ شوێنێکی ئەمین.

Geřek گەڕەك/ Tax تاخ، نێوچەیەکی گچکە لە شار، یان گوندێك. گەڕ geř + ـەك ek–. واتە: شوێنی پێداگەڕان. ڕەنگە وشەی کەرکووك kerkûk لە گەڕەکۆك geřekok، گەڕەکێکی گچکەوە هاتبێ.

Gerentî گەرەنتی. زامنکردنی کارێك یان شتێك. وشەکە ئەوروپاییە. بە فەڕەنسی و ئەلمانی Garantie و ئیتالیی Garanzia.

Gergush گەرگوش (دارگوش dargush).

Gerim گەرم، بە پەهلەویش هەر گەرم gerim و لە فارسیشدا هەر گرم germ. وشەیەکی هیندۆئەورووپاییی کۆنە، بە ئینگلیزی ووٚرم warm و بە ئەڵمانی ڤارم warmە. وشەکە بنەچەیەکی سانسکریتی هەیە کە گەهرمە gehirme یە.

Geřnas گەڕناس، لە کوردیی باکووردا بە مانای پاڵەوان دێ. گەڕ geř مانای شەڕ sheř و زۆرانبازی zoranbazî یە لە کوردیدا (بڕوانە: شەڕ و گەڕ sheř û geř و، سەرنجی وشەی فەڕەنسی la guerre و ئینگلیزی war بدە کە، مانای جەنگ ceng ە، شەڕ ی کوردی لە "شرّ"ی عەرەبییەوە نەهاتووە، بەلکو وێنەیەکی دیکەی geř ە.). گەڕناس geřnas کەسێکە کە لە شەڕ و گەڕ بزانێ. ئەم وشەیە بە شێوەی فرناس firnas کەوتووەتە فارسییەوە و بۆ شێری ئازا و گەردن ئەستوور، بەکاردێ. شایانی باسە ناس

nas ی کوردی له فارسیدا شناس shenas ه نەك ناس nas. "گرَ و فرَ" ی عەرەبیش لەم بنچینەیەوە دێ.

Gerû گەروو، قورگ qurg/ قوڕوو qurû/ گەوری gewrî. هەموویان هاومانای یەكن. گەروو gerû وشەیەكی هیندۆئەوروپایی كۆنە، بە پەهلەوی: gerûk، بە فەرەنسی gorge و، بە ئەڵمانی gurgeln بە ئاو لە دەم و گەروو وەردان و خەرخەرە دەگوترێ. بە فارسی بووە بە گلو gelû.

Geřyan گەڕیان، یان گەڕان geřan. رەگی گەڕیان geřyan ← گەڕ geř ە. گەڕ geř و هەڕ heř (← هەڕە heře/ مشار mishar) و خەڕ xeř (← خەڕەك xeřek) بە مانای جووڵان و بزووتن دێ. وشەی عەرەبی "جریان" لە وشەی كوردی گەڕیان geryan ەوە دێ، بە گۆڕینی دەنگی گ g بو ج g. "جریان" بە شێوە عەرەبییەكەی كەوتووەتە زاری توركییەوە cereyan و بۆ تەوژمی ← كارڤا kariva (كارەبا) بەكاردەبرێ. كە لە هێندەك شێوەزاری كوردیی باكووردا بووە بە جەیران ceyran. وشەی گەڕیان geryan لە فارسیدا گردان gerdan و لە فەرەنسیدا courant ە.

gesk گەسك/ گزیك gizîk/ گۆسك gosk. لە كەزی kezî یەوە هاتووە. كەزی kezî پرچ pirch و زولفی ژنە. گزیك نێوی جۆرە گیایەكی ریشودارە. گەسك gesk خۆی لە بنەڕەتدا لە تاڵی و شكەوە بوو، و جۆرە دەوەنێك

دروستدەکرا. وشەی دڕکەزی diřkezî یش، لە دڕك کەزی diřk-kezî وە هاتووە.

Gev گەڤ (گەف gef) (← گەنجەفە gencefe).

Gewc گەوج (← ئاوەز awez).

Gewre گەورە، یان وشەیەکی هیندۆئەورووپاییە کە بە لاتینی grossus و بە ئەڵمانی groß و بە فەرەنسی gros و بە ئینگلیزی greatە، یان ئەم وشەیە لە وشەی کاورا kawra ەوە هاتووە کە شێوەیەکی دیکەی کابرا kabra یە < کاك برا kakbira. کە کاك kak بۆ برا گەورە بەکاردێ. ئەو دەمە، کاورا kawra بووە بە گاورا gawra و دوایی گەورە gewre. (سەرنجی وشەی کافر kafir بدە کە بووە بە گاور gawir).

Gez گەز، ئامێرێکە کە هەر لە کۆنەوە لە لای کورد بۆ پێوانەی درێژی و پانی و قووڵی بەکاربراوە و، هەر بەو شێوەیە کەوتووەتە فارسییەوە (ئەوە گەز و ئەوە ئەرز، ئەگەر یەز دوورە، گەز نێزیکە). وشەی عەرەبی "قیاس" کە لە ڕەگی "قس" ەوە وەرگیراوە، لە "گەز" ەوە هاتووە. هەروەها وشەی قاس qas (هەندازە hendaze) لە کوردیی باکووردا هەر لەم بنچینەیەوە دێ. سەرنجی وشەی Maß ی ئەڵمانی بدرێ کە مانای قاس qas ی کوردی دەدا.

Gezare گەزارە (zimandrêj زماندرێژ). لە Ga-zare گازارەوە هاتووە. Ga← گا لە کوردیدا بە مانای زل دێ و ← Zar زار واتە زمان. (← زمان ziman).

Gêlas گێلاس (← گۆیژ Goyîj).

Gêpeře گێپەڕە (گێپەڕەی مل gêpeřey mil). گێ gê لە گوێ

G گ

peře وە هاتووە. پەڕە gwê واتە: ئەستووریی مل (← ئەستوور estûr).

Gêzer گێزەر/ گوێزەر gwêzer. گێ gê و گوێ gwê هەردووکیان یەکمانا دەگەیەنن لە کوردیدا. زەر zer رەنگی زەرد zerd ە. گێزەر gêzer بە رەنگەکەیدا بە گوێیەکی زەرد دەچوێنرێ. بەڵگە بۆ ئەمەش ئەوەیە بە پشتی مل لە کوردیدا دەگوترێ گێزەرە gêzere واتە: ئەو شوێنەی ئەستۆ esto، کە پێوەندیی بە گێ gê (گوێ gwê) وە هەیە. هەروەها دەگوترێ بە گازەرا gazera ی پشتدا کەوت.

Gil’ گڵ (گل gil) خۆڵی تێکەڵکراو بە ئاو. بە پەهلەویش هەر گل gilە.

Gil’aw گڵاو، جاران کە دەمی سەگ بەر شتێك بکەوتایە، ئەو شتەیان بە گڵ و ئاو دەششت و دەیانگوت: گڵاویی دەردەکەن، لەوەوە بە شتی پیس دەگوترێ گڵاو، واتە: دەبێ بە گڵ و ئاو بشۆردرێ.

Gil’bêne گڵبێنە (← Qur قوڕ/ حەری Ĥerî).

Gil’op گڵۆپ (چرای ئەلەکتریکی) وشەکە ئینگلیزییە (globe).

Glorbûnewe گلۆر بوونەوە (← چەرخ cherx).

Girawe گراوە، گراڤ girav دوورگە dûrge (جزیرة) < گر gir + ئاو/ڤ aw/v + ە e. گر gir (گڵ gil’)ە خاك xak. واتە: خاکێك کە لە نێو ئاودایە.

Girinc گرنج، گر gir لە زمانی کوردیدا بە مانای شتی زبر وکنجڕ کنجڕ دێ. وشەی گرنج girnic (گرنج گرنج girnc girnc) و گرژ girj و گڕ giř

(دانی گڕ danî giř) یش هەر لەمەوە دێن. گر gir شتێکە کە لووس lûs نەبێ.

Girîs گریس (← نەگریس negrîs).

Gîpe گیپە، خواردنێکە لە گۆشتی هوورکراو و ← کشمیش kishmîsh و بادام (باوی bawî) و بەهارات دروستدەکرێ و دەخرێتە نێو پارچە ورگێکی مەڕەوە، شێوەیەکی ← خڕ xir ی هەیە. گیپ gîp لە زمانی کوردیدا وێنەیەکی دیکەی گووپ gûp ە. هەر لە کوردیدا گیپاڵ gîpal' هەیە (گەد و گیپاڵ ged û gîpal') کە گیپاڵ، بەو بەشە لە زگ دەبێژن کە دەکەوێتە سەر ← ریخۆڵە rîxol'e وە. هەروەها وشەی گیپن gîpin هەیە بە مانای گووپن gûpin. گیپ gîp لە کوردیدا گیپار gîpar و گیپا gîpa شی پێدەبێژن، واتە: گووپێکی پڕ gûpêkî pir. ئەم وشەیە کەوتووەتە زاری فارسییەوە بە شێوەی گیپا و کیپا، کە دیارە لە فارسیدا بە گووپ gûp نایەژن گیپ gîp، بەلکو لُپ lop. بە مەدا دەردەکەوێ کە ئەمە خواردنێکە لە بنەڕەتدا کوردییە.

Gîrfan گیرفان (بەریك berîk) بە پەهلەوی گریڤ - پان grîv-pan ە، کە لە فارسیدا بووە بە گریبان. وشەی گیر gîr و گر gir (بەرگر bergir) لە کوردیدا بۆشتێك بەکاردێ کە دەست، یان شتێکی دی پێوە بەندبکرێ، یان بە شوێنێکەوە بەندکرابێ. گیرفان gîrfan لە گیرڤان gîrvan (گیروان gîrwan)ەوە دێ. لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ دەسکی شتێك

(دەستگر destgir) یان، دەسکی دەرگەیەك وشەی Griff بەکاردەبرێ کە لە کاری greifen بەدەست گرتن be destgirtin ەوە دێ.

Gîrsandin گیرساندن (← نەگریس negrîs).

Go گۆ (← komar کۆمار).

Goc گۆج (← کەچ kech).

Gonye گۆنیە، (ئامێرێکە لە کاروباری ← هەندەسە hendese دا بەکاردەبرێ بۆ پێوانی گۆشە پێی. وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە γωνιομετρία و لە ئینگلیزیدا بووە بە goniometer و لە فەرەنسیدا gonométr و لە ئەڵمانیدا gonometer. وشەی گوێنی/ گۆنی gwênî /gonî لەمەوە هاتووە.

Gor̆ گۆڕ، Gor̆ê گۆڕێ. کورد دەبێژن: ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ. Gor̆ê لێرەدا کۆڕێ kor̆ê یە بە گۆڕینی دەنگی ك k بۆ گ g.

Goshe گۆشە (← قاش qash).

Gotbûn گۆت بوون، واتە: نەتوانین (بۆ رۆیشتن بە پێ). گۆت got وێنەیەکی دیکەی کۆت kot ە، واتە: بەندبوون bend bûn بە زنجیر zincîr، یان بە سنگ sing ەوە.

Gotre گۆترە/ gûtere گووتەرە/ Gotirme گۆترمە. خەملاندنی شتێك بە بێ پێوان و ژماردن. لە گۆتن gotin ەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە هەر قسەی دەمییە.

Gotin گۆتن/ wutin وتن. بە ئاڤێستایی ڤەش vesh ە.

Govan گۆڤان (شایەت، گەواه) < گۆ go + ڤان van < گۆت got + ڤان van. گۆت got لە گۆتن gotin ەوە هاتووە. واتە: کەسێك کە دێتە گۆ. ڤان/وان

v/wan ئامرازی کارای کارە
.(nomen agentis)
Govend گۆڤەند، وێنەیەکی دیکەی
کۆ ko + وەند wend (کۆوەند
kowend)ە.
Goyîj گۆیژ (گەویژ gewîj) > گۆیش
goyîsh > گۆیشك goyîshk >
گۆیچك goyichk (واتە: گۆ go
یەکی بچووك). هەروەها لە
کوردیدا، گۆهیشك gohîshk و
گڤیشك givîshk یش هەر بۆ
گۆیژ goyîj بەکاردەبرێن.
وادیارە هێندەك میوە هەن وەك
گێلاس gêlas و گێراز gêraz
(کە ئەوەش لە بنەماڵەی گێلاس
gêlas ە) پێوەندییان بە گۆ go
وە هەیە. لە کاتێکدا لاس las
(لاز laz راز raz) لە کوردیدا بۆ
جوانی و شەنگی بەکاردێ.
سەرنجی وشەی رازاندنەوە،
رازانەوە razanewe لێرەدا
بدرێ کە مانای جوانکردن
cwankirdin ە.
Gul' گوڵ، لە وشەی ئاڤێستایی ڤاردها
vardiha وە هاتووە کە لە
پەهلەویدا بووە بە verda
ڤەردا/ ڤەرتا verta و لە
عەرەبیدا بووە بە "وَرْدْ"
werd.
Gul'bêne گوڵبێنە > گوڵ gul' +
بێنە bêne. گوڵ gul' لە
جێگۆرکیی دەنگەکانی وشەکەوە
هاتووە کە گەڵو gel'û > گەروو
gerû بووە بە گوڵ gul'، بێنە
bêne واتە: هەناسە henase.
بێندان bêndan واتە:
هەناسەدان henasedan.
سەرنجی وشەی بین خواردنەوە
bîn xwardinewe بدە واتە:
هەناسەگرتن henasegirtin و
هەناسەنەدان henasenedan
بۆ لە سەرڕۆیشتنی کارێك. بینی

G گ

بگرە bînî bigre واتە: بۆری
هەناسەی بگرە. کەواتە: گوڵ
بێنە gul’bêne گەرووبێنە
gerû bêne یە، واتە: گەرووی
هەناسەدانی تەندوور.

Guman گومان، بە پەهلەویش هەر
گومان guman ە. بە فارسی
گمان geman ە.

Gun گون/← xaye خایە. گون
Gun ی مرۆڤ و گوان Gwan
ی ئاژەڵ پێوەندییان بە یەکەوە
هەیە (گەڵ و گوان gel’ û
gwan واتە: نێولنگ و گون)
گوان < لە گۆ go + دان dan
ەوە هاتووە. سەرنجی گۆی مەمك
goy memik بدە کە گۆ go
بەو نووکە خڕە دەگوترێ کە بە
سەری مەمکەوەیە. گۆدان
godan واتە: جێی گۆ cêy go.
گوان gwan و گون gun
هەردووکیان دوو ئەندامی خڕن.
هێندەك جار بە مەمكی ژنیش
دەگوترێ گوان gwan.

Gurc گورج، بە مانای خێرا xêra.
کورد دەبێژن گورج و گوڵ gurc
û gol’ کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا
گورج و گۆڕ gurc û goř
بووبێ. گۆڕ goř وەك شێوەیەکی
دیکەی گوڕ guř (خێرایی
xêrayî) ڕەنگە وشەی گُرد ی
فارسی کە بە مانای ئازا azaیە
لە وشەی گورج gurc ەوە هاتبێ
بە گۆڕینی دەنگی ج c بۆ د d.

Gurge zê گورگە زێ (← زاو و زێ
zaw û zê/ زاڤ و زێ zav û
zê).

Gurîs گوریس، لە گوش gush ڕێس
rês ەوە هاتووە، واتە: گوشی
ڕێسراو gushî rêsraw. لە
هێندەك شێوەزاری کوردیی
باکووردا بە گوریس gurîs
(گورێس gurês) دەبێژن

ڤەریس verîs. ئەم وشەیە، لە ڤەش ڕێس ەوە هاتووە، کە ڤەشاندن/ وەشاندن veshandin/weshandin و گوشین gushîn، یەك مانایان هەیە. وشەی گوش gush خۆی لە گوشین gushîn ەوە دێ.

Gush گوش (← گوریس gurîs/گورێس gurês).

Gushar گوشار، واتە: قورسایی خستنە سەر شتێك. گوشار gushar لە گوشین gushîn ەوە دێ. کە وێنەیەکی دیکەی وشین wishîn ە و لە فارسیدا بووە بە فشار (← بانگوش bangush).

Gûmerz گوومەرز/ گوومەز gûmez، بە پەهلەوی: گومبەت gombetە و، لە فارسیدا بووە بە گنبد gonbed.

Gûmirg گوومرگ. وشەکە بنەڕەتێکی لاتینی هەیە کە Commercium ە کە لە فەڕەنسیدا بووە بە Comerce و لە ئیتالیاییدا Commercio و لە ئەڵمانیدا Kommerz و لە ئینگلیزیدا Commerce. لەسەر دەمی کۆندا بۆ بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و هاتوچوو بەکاردەبرا. لەسەر دەمی عوسمانیەکاندا ئەم وشەیە لە ئەورووپاوە گەیشتووەتە ئەوێ و بە شێوەی gümrük کەوتووەتە زاری ترکی عوسمانی و بە شێوی گوومرگ gûmrig کوردی و بە شێوەی گەل کمارك کەوتووەتە عەرەبی و، بۆ وەرگرتنی مزی تێپەڕینی کاڵایەك دەگوترێ بە سنووری دەڤەرێك، یان وڵاتێکدا.

Gûp گووپ (← gep گەپ).

Gwan گوان (← Gun گون).

Gware گوارە، لە وشەی ئاڤێستایی گەئۆشڤارە gaosh-vare ەوە

G گ

هاتووە، لە فارسیدا بووە بە گوشوارە. گەوش gewsh بە ئاڤێستایی مانای گوێ، کە لە فارسیدا بووە بە گوُش gûsh.

Gwênî گوێنی/ Gonî گۆنی (← Gonye گۆنیە).

Gwêz گوێز و گوز goz، بە پەهلەوی گۆز goz و لە فارسیدا بووە: گوز gewz و لە شێوەی "جوز" دا کراوە بە عەرەبی.

Gyan گیان (رۆح) کە بە ئاڤێستایی گەییە geîye یە و بە پەهلەوی هەر گیان gyan ە، لە فارسی و هێندەك شێوەزاری کوردیدا بووە بە جان can و هەر وەك جان can و هەر بەو مانایە، چووەتە نێو ترکییەوە.

ه H

Hacas هاجاس /نێوبژی/ناڤجی **nêwbijî**/**navcî** (← هار **har**).

Hag هاگ /هێلکه **hêlke**/← هێگ **hêg** (← خۆ **xo**).

Haka هاکا (بەم زووانە) > ها **ha** + کا **ka**. ها **ha** لە زمانی کوردیدا فرەمانایە. یەکێك لەوانە: کورتەی هات **hat**ە. کا **ka** کورتەی کات **kat**ە. هاکا **haka** واتە: هات کاتی **hat katî**ئەوا کاتی هات **ewa katî hat**، وا ئێستە دەگات **wa êste degat**. (← ئاکام **Akam**).

Halaw/v هالاو/ڤ > هاڵ **hal'** + ئاو/ڤ **aw/v**. هاڵ **hal'** و هەڵ **hel'** هاومانان و پێشگرێکن کە ئاماژە بۆ بەرەوژووربونەوە و سەرکەوتن دەکەن (سەرنجی: هەڵچوون **hel'chûn**، هەڵسان **hel'san**، هەڵدان **hel'dan** بدە). هەڵ **hel'** لێرەدا کورتکراوەی هەڵم **hel'm**ە، کە هەڵم **hel'm** لە هەڵمی دەم **hel'mî dem** دەمەوە دێ، واتە: سەرکردنی هەڵمی دەمی مرۆڤ، یان دەمی ئاو، یان شتێکی دیکەی وەك ئاگر **agir** (هاڵاوی ئاگر **hal'awî agir**). هەڵمی دەم **hel'mî dem** بووە بە هەڵم **hel'm**. هاڵاو **halaw** لە هەڵم **hel'm** + ئاو/ ڤ **aw/v** ەوە (هەڵماو/ڤ **hel'ma/w/v**) دێ. هاڵاو/ڤ **hal'aw/v** لە زاری ترکیدا بووە بە: **alev**.

Har هار، هاری **harî** نەخۆشییە کە تووشی سەگ **seg**/و ← مرۆڤ **mirov** و هێندەك گیانداری دیکەی، وەك شەمشەمەکوێرە **shemsheme kwêre** دەبێ.

هار har وشەیەکی کۆنی کوردییە کە هەر بەو شێوەیە کەوتووتە فارسییەوە (سەرنجی فەرهەنگی فارسی موعین بدرێ). هار har وێنەیەکی دیکەی هاج hac (بزۆز bizoz و جووڵە جووڵکەر cûl'ecûl'ker)ە. (سەرنجی هاج و واج hac û wac و هاژەهاژ hajehaj و هاژ و واژ haj û waj بدە). هەروەها سەرنجی وشەی هاجاس hacas (نێوبژیکردن nêwbijîkirdin/ ناڤجیکرن navcîkirin بدە) کە لە هاج hac + ئاس as (ئاساییکردن asayîkirdin، دامراندن damirandin)ەوە هاتووە.

Hař هاڕ (← **Hařin** هاڕین).

Hařîn هاڕین، واتە: کردن بە ئارد ard (← ئارد ard)، هاڕ hař بە مانای بەرد berd دێ لە کوردیدا و، وەك پاشکۆی وشە، دەبێتە ئامێرێك کە شت ورد بکا (← دەستاڕ destař).

Harwê هاروێ (← خەیار xeyar).

Havî هاڤی (namo ناموٚ، بێگانە bêgane) لە هاڤیتن havîtin/ hawîshtin هاویشتن/ ەوە هاتووە. هاڤی havî واتە: فرێدراو fiřêdiraw/ peřkiraw پەڕکراو. هاڤیبوون havîbûn (دەربەدەربوون derbederbûn/ wundabûn وندابوون).

Hav/wîn هاڤ(و)ین: لە ئاڤێستادا دوو وشە هەیە بۆ ئەمە: هامە hame و هامێن hamên.

Hawlan هاولان، هاولانە hawlane. < هاو/هەڤ haw/hev + لان/ـە lan/e. هاو haw و هەڤ hev مانای پێکەوە pêkewe، بهەڤرا bihevra دەدا. لان lan/e مانای جێ و شوێن. کە لە بنەڕەتدا

دالّ ـ ئان dal’-an ە. دالّ، ماناى جىّ و شويّنە (← دالاّهۆ dal’aho). هاولان hawlan بە دوو كەس، يان چەند كەسيّك دەگوترىّ كە پيّكەوە بن، يان پيّكەوە بژين. وەك evlane (زەواج) كەوتووەتە تركييەوە.

Hawsê هاوسىّ (← دراوسىّ dirawsê).

Hesan هەسان (← Estê ئەستىّ).

Hetaw/v هەتاو/ڤ، بە پەهلەوى: ئاڤتاب avtab، وشەكە پيّوەنديى بە تاو/ڤ taw/v واتە: تين tîn (گەرمى germî) يەوە هەيە. سەرنجى وشەى گرانەتا graneta/گرانەتىّ giranetê (تايەكى قورس و گران tayekî qurs û giran) بدە.

Hetwan هەتوان (مەلحەم بۆ برين) < هە he + توان twan. هە he كورتكراوەى هەنوون (پشتى خۆت بەو دەرمانە ب هەنوو، سەرى دلّى خۆى پيّهەنوو serî dilî xoy pê henû). توان twan (سوان swan، ساوان sawan) واتە: تيّهەلّسوون، ليّرەدا دەنگى س s و ت t چوونە جيّييەك.

Hegbe هەگبە (چانتاى بچووك). لە سەر دەمى كۆندا جۆرە خورجيّك بووە كە لە پشتى ولاخ قايمكراوە بۆ سەفەر. هەگبە hegbe لە هەژگ بار hejgbar ەوە هاتووە كە هەژگ hejg بە چرۆچيلكە chiruchîlke، يان بەو رەشكە reshke يە دەگوترىّ كە كا دەكيّشرىّ پيّى. هەژگبار hejgbar بووە بە هەگبار hegbar و ئەوجا بە هەگبە hegbe. وشەى "حقيبة" ى عەرەبى لەم هەگبەيەوە هاتووە، نەك لە

bag ی ئینگلیزییەوە کە بە مانای جانتایە.

Hej هەژ (⟵ **Qêz** قێز).

Hejar هەژار. هەژ **hej** لە زمانی کوردیدا هاومانای هیشك **hîshk**/ وشك **wushk** ە. هەژگ **hejg** لکەداری وشکەوەبووە. هەژار **hejar** لە بنەڕەتدا هەژدار **hejdar** ە، دارێك کە تەڕایی تێدا نەماوە. هەژار ئەوڕۆ بۆ مرۆڤی دەستکورت **destkurt** و بەلەنگاز **belengaz** بەکاردەبرێ.

Hejîn هەژین (بزووتن **bizûtin** و لەرزین **lerzîn**). وشەکە لە دەنگەکەیەوە هاتووە. سەرنجی وشەی هاژەهاژ **hajehaj** ی ئاو و هاژەهاژی ئەسپ بدرێ، وشەی (هزة) ی عەرەبی لە مەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی ژ **j** بۆ ز **z** چۆنکە دەنگی ژ **j** لە عەرەبیدا نییە.

Hejmar هەژمار (⟵ ئامار **amar**).

Hel'bet هەڵبەت. لە أَلْبَتَّة ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای جەخت کردن **cextkirdin** لەسەر شتێکە، بە دڵنیایی **bedilniyayî**.

Hel'gurd هەڵگورد، نێوی چیایەکە لە باشووری کوردستان. هەڵ **hel'** لە هەر **her** و هەرد **herd** ەوە هاتووە کە هەرد **herd** مانای چیا **chiya**، یان لاپاڵی چیا **lapal'î chiya** یە. گورد **gurd** وێنەیەکی دیکەی کورد **kurd**ە. واتە: چیای کورد. چیای دیکەش هەن کە بە نێوی کوردەوە نێونراون، وەك: چیای کورمانج **chiyay kurmanc** (جبل الاکراد) لە ڕۆژاوای کوردستان. هەرد **herd** بەشێوەی هار (הר) کەوتووەتە زمانی عیبرییەوە.

Hel'm هەڵم (← هاڵاو/ڤ hal'aw/v).

Hel'warte هەڵوارتە /ریزبەدەر rîzbeder/نێوبەدەر/ هەڵاوارتە hel'awarte/ هاوارتە hawarte/ ئاوارتە awarte (مستثنی) > هەڵاوارتە hel'awarte > hel' هەڵ + awarte ئاوارتە. هەڵ hel' پێشگرێکە بۆ لابردن و دەرهێنان و دەرکێشان (هەڵکێشان hel'kêshan، هەڵکەندن hel'kendin، هەڵبڕین hel'biřîn). ئاوارتە > ئاوار awar + تە te، وار war مانای شوێن و جێگەیە. تە te کورتەی تەرە tere یە. کەواتە هەڵاوارتە ئەو شتەیە کە لە شوێنی خۆی لابرابێ و جیاکرابێتەوە لەو جێیەی تێدا بووە. ← ئاوارتە awarte ش بە تەنێ، هەر مانای لە شوێنی خۆی نەماوە.

Hemane هەمانە/ hewane هەوانە، لە: هەناو ـ وانە henaw-wane ەوە هاتووە کە ئانە ane کورتکراوەی دانە dane یە. دان dan شوێن shwên /جێگە cêge یە (گوڵدان gul'dan شوێنی گوڵ، شەکردان shekirdan جێی شەکر). ← هەناو henaw، ئەو شتەیە کە بەشی نێوەوە/ناوەندی شتێك بگرێتەوە. هەناوی مرۆڤ henawî mirov (ناو زگ و ورگ، ناخی مرۆڤ). هەناوانە henawane بووە بە هەوانە hewane و ئەوجا هەمانە hemane و هەمبانە hembane و هەنبانە henbane و، بەو پارچە پێستە دەگوترێ کە شتۆمەکی

تێدەکرێ. له فارسیدا پێیدەگوترێ انبانه enbane. انبان له فارسیدا به مانای پڕ piř دێ. دەنگی م m و نب nb جێییەك دەگرنەوە. سەرنجی وشەی هەمار hemar بدرێ که له فارسیدا بووه به انبار enbar.

Hemû هەموو/ هەم/ هەڤ hem/hev له عەرەبیدا بووه به عەم (عَم) و ئەوجا به عام.

Hem(y)ar هەمیار (←mal' ماڵ).

Henaw هەناو (← هندر hindir).

Hendaze هەندازه (مقیاس) هەندازه hendaze < هەند (مقدار) hend + ئازه aze < هەند hend + ئاسه ase < هەند hend + ئاسته aste. که ئاسته، به مانای (مستوی) شتێك دێ. وشەی هەندازه له پەهلەویدا هەنداچەك hendachek ە. که هەند hend (بڕ، مقدار) ی کوردی لەمەوه هاتووه. و هەند hend له فارسیدا بووه به أند end و هەندازه که هەنداچەك بووه، له فارسیدا بووه به أندازه endaze. و بەمپێیه وشەی "هندسه" که له عەرەبی و فارسیدا بەکاردەبرێ، لەم وشه کوردییەوه وەرگیراوه، ئەگەرنا، ئەگەر له فارسییەوه وەربگیرایه، نەدەبوو بگوترێ هندسه، بەلکو أندزه endeze چۆنکه فارس نابێژن هەند hend بەڵکو أند end. بێجگه لەوەش، دەنگی ست st له ئاسته aste دا نەبووه به ز z بەلکو، وەك دەنگی سه se ماوەتەوه < سته ste. (← هەندەسه hendese).

Hendese هەندەسه، هەندەسه hendese < هەند hend + سه se "هەند" له زمانی کوردیدا به مانای بڕ (مقدار) دێ، واته: بۆ چەندایەتی شت بەکاردەبرێ. بۆ وێنه: له کوردیی ئەورۆدا دەگوترێ: "رۆستەم هاوسێیەکەی

به هەند ناگریّ" واتە: هیچ جورە برِیّك/چەندایەتیەك دانانیّ بۆی. وشەی "مقدار" ی عەرەبی، کەوتووتە فارسیەوە و، بە تەواوی بەرامبەر بە "هەند" hend ی کوردی بەکاردەبریّ، بۆ ویّنە دەگوتریّ: اَقای علی آدم بی مقدار یست" واتە: "عەلی ئاغا مرۆڤیّکی بیّ هەندە". دەمیّنیّتەوە سە se کە لە ئاست ast ەوە هاتووە. ئاست ast، مانای جیّ و شویّنی شتە (لەو ئاستەدا مەوەستە، واتە: لەو شویّنەدا مەوەستە) کە ئاست ast و ← ئاسۆ aso یەك بنەرِتیان هەیە (← ئاسمان asman).

Heneza هەنەزا. زارۆی هەڤی (هەوی) یە، هە he ویّنەیەکی دیکەی xe/ خۆ xo یە. واتە: خۆنەزا xweneza واتە: زارۆ (منداڵەکە) لەخۆی نەزاوە و هی هەویّکەیەتی. (← هەویّ hewê).

Heng هەنگ، چەند مانایەکی هەیە، وەك نیشانە، ئامانج، کۆمەڵە شتیّك، یان، بەشیّك لە لەشکریّك (سەرنجی وشەی سەرهەنگ serheng بدریّ کە فارسەکان بەکاریدەبەن). وشەکە لە بنەرِەتدا کوردییە و، هویّنگە hwênge یە (فەرهەنگی فارسی موعین). وشەی هەنگ بووە بە هەند hend بە مانای برِ biř (مقدار) کە لە فارسیدا بووە بە أند end. کورد دەبیّژن: بە هەندیان نەزانی be hendyan nezanî واتە: "قەدریان نەگرت qedryan negirt" (← هەندەسە Hendese، ← هەندازە Hendaze).

Hengaw هەنگاو (← هنگاڤ hingav).

Hengwîn هەنگوین /هەنگڤین hengvîn/ هنگڤ hingiv. هەنگڤین hengvîn < هەنگ

heng + و/ڤ w/v + ین în. به پەهلەوی: ئەنگوبین ەengubîn و، لە عەرەبیدا بووە بە أنجبین. وشەی هەنگ heng لە فارسیدا بە شێوەی أنگ eng بەکار نابرێ و لە جیاتی وی "زنبور عسل" بەکاردەبرێ.

Herd هەرد (← Hel’gurd هەڵگورد).

Heře هەڕە، بڕەك biřek /مشار mishar. (← خەڕەك xeřek). لە فارسیدا بووە بە أره (← خەڕەك xeřek).

Heřet هەڕەت (مانای گەیشتنە پۆپەی شتێك). بە کوردی دەبێژن هەڕەتی لاوێتی، یان هەڕەتی گەنجێتی واتە: ئەو پەڕی. هەروەها دەبێژن هەڕەتیا heřetya، یان، هەڕەکیا heřekya واتە: لە ماندوویەتیدا پەکیکەوت. هەڕەت heřet > هەر her + ـەت et. هەر her یان herî مانای پەڕ peř (ئەو پەڕ ew peř) ی بەرزێتی (هەرە گەورە here gewre، هەری مەزن herî mezin، هەرە خۆشەویستی here xoshewîstî). هەر her (هار har) بۆ بەرزێتی چیاش بەکاردێ. (← هەرد herd).

Herêm هەرێم (←Îqlîm ئیقلیم).

Heřî هەڕی/ ← قوڕ quř / حەری ĥerî

Hesan هەسان (← ئەستێ estê).

Hetav/w هەتاو/ڤ، لە: هێزتاڤ/و hêztav/w ەوە هاتووە، واتە هێزی گەرمی.

Heval هەڤال/Havîl هاڤیل (← Hawel’ هاوەڵ) > هەڤ hev + پاشگر ـ ئال al ـ هەڤ hev (هاو haw). ئال al (لا la) واتا: هاولا hawla. بە شێوەی خاڤیر חבר کەوتووەتە زمانی عیبرییەوە و، بۆ هاوڕێ و ئەندام بەکاردێ.

H ه

Hevî (← bûk بووك).

Hewa هەوا، لە کوردیدا بە مانای با ba و بۆشایی boshayî دێ. هەوا hewa لە شێوەی ĥewa شدا هەیە کە بە مانای ← ئاسمان asman دێ. دەگوترێ: روویکردە حەوا (واتە: روویکردە ئاسمان). ئەم وشەیە، بە مانای ئاسمان، بە ئینگلیزی heaven ە کە بە مانای خودێ xudê (خوا xwa) یش دێ. بە ئینگلیزی دەگوترێ: thank Heaven (سوپاس بۆ خودێ). وشەی heaven لە زمانی ئەڵمانیدا Himmel ە، کە لە وشەی کۆنی ئەڵمانی kemeno وە هاتووە کە بە مانای "شاردنەوە shardnewe دێ، لێرەدا سەرنجی وشەی ← کەمین kemîn ی کوردی بدرێ کە مانای شوێنی خۆشاردنەوەیە. لە کوردیشدا وشەی هەیڤ heyv هەیە کە مانای مانگ mang ە و لە ئاسماندایە. هەوا hewa لە (هواء) ی عەرەبییەوە نەهاتووە، بەڵکو وشەیەکی هێندۆجەرمینی و کوردییە.

Hewar هەوار، وەك ← وار war مانای جێی ژیان و دانیشتنە. (← وار war) وار war لە کوردیدا پاشگرێکە مانای هەبوونی شتێك پێشاندەدا. وەك بەندیوار bendîwar واتە: پێوەندیی هەبوون (بەندبوون) بە شتێکەوە. کۆڵەوار kol’ewar کەسێکە کە لە لەشیدا، کۆڵی kol’î هەیە. وار war شێوەیەکی دیکەی هەیە لە کوردیدا، ئەوەش: بار bar بۆ وێنە: گوناهبار gunahbar واتە: کەسێك کە گوناهی هەیە. بار bar و وار war بە

پەهلەوی ڤار var ە. وشەی وار war (ڤار var) هەر وەك خۆی کەوتووەتە زاری ترکییەوە و هەر بە مانای هەبوون hebûn بەکاردێ. هەر لە وشەی وار war ەوە، بە مانای جێ cê یش دێ، وشەی yer ی ترکی، لە ڕێی war < wêr ەوە، لە ترکییدا بە مانای شوێن بەکاردێ (سەرنجی وشەی iş yeri "شوێنی کار" بدرێ).

Hewîr/hevîr هەویر/هەڤیر (⟵ هەوێن **Hewên**، هەڤێن **Hevên**).

Hewê هەوێ/ **Hevî** هەڤی (⟵ **Bûk** بووك).

Hewên هەوێن، وشەیەکی دیکەش لە کوردییدا بۆ هەوێن هەیە، کە ئەوەش ئامیان **amyan** ە. مایەیەکە دەکرێتە شیرەوە و شیرەکە تورت دەکات و، بەشەکانی پێکەوە دەلکێنێ. لەم وشەیەوە (هەوین/هەڤین **hewîn/hevîn**) وشەی هەویر/ هەڤیر **hewîr/hevîr** دروستبووە، کە لە عەرەبیدا کراوە بە "خمیر" و فارسیش وەریگرتووە.

Hewraz هەوراز /ئەرڤاز **ervaz**. هەوراز **hewraz** < هەور **hewir** + ئاز **az**. ئاز **az** کورتەی ئاست **ast** (⟵ هەندەسە **hendese**) هەوراز **hewraz** < هەور ئاست **hewir-ast**. ئەرڤاز **ervaz** < ئرڤ **erv** + ئاز **az**. ئەرڤ **erv** لە ئەڤر **evr** ەوە هاتووە، بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکان. ئەڤر **evr** هەور **hewr** ە.

Heywan هەیوان، کە لە کوردیدا بە شێوەی هەویان **hewyan** و هەی دۆ **hey do** ش هەیە، لە فارسیدا بووە بە أیوان **eywan** و عەرەبیش هەر بە شێوەی أیوان وەریگرتووە. لە بنەڕەتدا

پێوەندیی بە سەیوان **seywan** ەوە هەیە. دەنگی س **s** و ه **h** زورجار جێییەك دەگرنەوە. (سەرنجی سێ **sê** ی کرمانجی و هرە **hire** ی زازاکی بدە کە هەردووکیان مانایان (3) یە. هەروەها **cent** ی فەڕەنسی و **Hundert** ی ئەلمانی کە هەردووکیان مانایان "سەت" ە).

Hêg هێگ (← **Hêlke** هێلکە).

Hêja هێژا، واتە: گەورە و خاوەن پایە و خاوەن ڕێز. هێژا **hêja** لە وشەی ئاڤێستایی هوجەستە **hu-ceste** ەوە هاتووە کە بە مانای ← پیرۆز **pîroz** و باش **bash** و گوڵی هەمیشە بەهار **gulî hemîshe behar** ە. جەستە **ceste** لە کوردیدا بە مانای لەش **lesh** و گیان **giyan** دێ. هوجەستە **huceste** واتە: گیان بەرز **giyan berz**. وشەی "خجستە" ی فارسی لەمەوە وەگیراوە. وشەی هێژا **hêja** لە گەلێك زمانی ئەوروپاییدا، بە شێوەیەکی نێزیك لە هێژا **heja** هەیە. بۆ وێنە: **huge** هیوج (ئینگلیزی) کە بۆ گەورە و زل **zil** بەکاردێ هەروەها **high** بەرز و، **hoch** (هۆخ) ی ئەڵمانی کە بە مانای بەرز **berz** و بالا **bala** بەکاردەبرێ و، **haut(e)** ی فەرەنسی کە مانای بەرز **berz** ە.

Hêlke هێلکە/ **Hêg** هێگ. وشەیەکی هێندۆئەورووپاییی کۆنە بەمانای ← تۆو **Tow** (← **xak** خاك).

Hêmin هێمن/ هێون **hêwin**. هێمن **hêmin** لە هێم **hêm** و هێون **hêwin** لە هێو **hêw** ەوە هاتووە. کە هێم **hêm** و هێو **hêw** دوو وێنەن بۆ یەك وشە و، هەردووکیان بە مانای لەسەرخۆیی **leserxoyî** دێن. وشەی هێواش **hêwash** یش بریتییە لە هێو **hêw** + واش **wash**. واش **wash** (← واش

wash) وێنەیەکی دیکەی وەش
wesh و وەك wek ە. هێواش
hêwash مانای وەك
لەسەرخۆیی، بە چەشنێکی
لەسەرخۆ. بەکاوەخۆیی. وشەی
هێواش کەوتووەتە فارسی و
ترکییەوە هەر بەو مانایە. دیارە
لە وشەی واش wash دا
هێندەك جار دەنگی ش sh
دەبێتە س s و بە شێوەی وەسا
wesa (ئاوا awa، وەکی wekî)
دەردەچێ، واتە: هێواش
hêwasha هێوئاشا < hêwash
< هێوئاسا hêwasa کە ئاسا
asa و wesa بە مانای شێوە
shêwe، جۆر cor ە (خۆتاسایی
xotasayî واتە: بە شێوەی
خۆت be shêwey xot). دەبێ
ئەوەش بگوترێ کە وشەی هێور
hêwir بە مانای تەڕ teř یش
دێ، واتە: شتێك کە ڕەك rek و
هشك hishk نییەو، ڕەگی هێو
/hêw هێم hêm لێرەدا هەر
دەچێتەوە سەر نەرمی، چۆنکە
تەڕی و نەرمی دوو تایبەتکاری
نێزیك یەکن. سەرنجی وشەی
humeur ی فەڕەنسی بدە کە
مانای شلایی shlayî یە،
هەروەها humide کە مانای
تەڕ ter ە. هەروەها وشەی
ئینگلیزی humid (تەڕ) کە لە
لاتینیدا humidus و لە
یۆنانیدا "ύγ - ρός"ە.

Hêz هێز. دوو وشەی ئاڤێستایی هەن
کە پێوەندییان بە هێز hêz ەوە
هەیە، هەزەن گەهـ hezengeh
و هێزڤارنە hêzvarne.

Hijin هژن (← خەزێنە xezêne).

Hindir هندر، /هوندر hundir/
هەندرۆ hendro بە نێوەوەی
شتێك دەبێژن (بۆ وێنە:
هوندری خانی = نێوەوەی
خانی) بە ئاڤێستایی: (ئەنتەرە
entere و بە پەهلەوی:

ئەندەرۆن enderon ە و، لە فارسیدا بووە بە أندرون (أندر). لێرەدا سەرنجی وشەی inter ی لاتینی بدرێ کە بە مانای، نێوەوەی شتە. هەروەها وشەی هەناو henau لە هەنداو hendaw و هندرناو/ڤ hindirnaw/v ەوە هاتووە واتە: ناوی ناوەوە (نێوی نێوەوە).

Hingav هنگاڤ /هەنگاو hengaw، هنگاڤ hingav > هند hind (مقدار، بڕ) + گاڤ/و gav/w، هەندگاڤ و هندگاڤ، مانای بڕ (مقدار)ی کاتە. بەڵام هێندەك جار هەنگاو hengaw بە مانای شەقاو sheqaw > شەق sheq + قاو qaw > قاف qaf > گاڤ gav بەکاردێ واتە: کاتی شەقێك sheqêk katî کە بە عەرەبی (خطوة) یە. وشەی شەقام sheqam (جادە) یش هەر وێنەیەکی دیکەی sheqawەوە.

Hînbûn هینبوون/ فێربون fêrbûn (هوونبوون hûnbûn)

Hîndar هیندار (خوێندەوار xwêndewar) (← خێوەت xêwet ← هوونبوون hûnbûn).

Ho هۆ (← xizim خزم).

Hocene هۆجەنە (← Doxên دۆخێن) هۆجەنە hocene لە هۆچك بەنە hochik beneەوە هاتووە. هۆچك hochik لە زمانی کوردیدا، بە داوێنی خوارەوەی مرۆڤ دەگوترێ. هۆجەنە واتە: ئەو بەنەی کە داوێنی خوارەوەی مرۆڤ بەنددەکا. هۆجەنە وشەیەکی سنەییانەیە. (← وەنجەنە wencene).

Hogir هۆگر (← هۆڤ **hov**)

Homa هۆما/ هوما **huma**/هۆمای **homay**. مانای خۆدێ **xodê** یە لە زمانی کوردیدا، کە لە شێوەزاری کرمانجکیدا بەکاردەبرێ. لەو شێوەزارەدا دەگوترێ: هۆمای زانۆ **homay zano** واتە: خۆدێ دەزانێ. هۆما < هۆ **ho** + ما **ma**، هۆ **ho** وێنەیەکی دیکەی خۆ **xo** یە. ما **ma** کاری رابوردووی "ماین **mayin**/مان **man** واتە: هەرخۆ مایە **her xo maye**. هۆما **homa** مەلێکی خەیاڵیشە کە بە زمانی لاتینی **phönix** ی پێدەڵێن. لە میتۆلوژیای کوردیدا رەوان (روح)ی خۆدێ (هۆما) بەر لە وەی گەردوون دروست بکا، لە شێوەی مەلێکدا بووە و، گەردوون (کون) هەموو ئاو بووە، وشکایی و خۆر و مانگ و ستێرەکان نەبوون و، هیچ گیانەوەرێکیش نەبووە. ئەم باوەڕە لە میتۆلوژیای ئێزیدی و یارسانی (کاکەیی) دا بە ئاشکرا دیارە، وەك لە پەرتۆکی پیرۆزی "جەلوە **celwe** و پەرتۆکە ڕەشە "**meshef resh** ی ئێزیدی و "شاهنامە حقیقت" ی یارسانییەکان کە لە سەرەتای سەتەی رابوردوودا نووسراوە. وادیارە ← سۆما **soma** کە رۆناکی و بیناییە، لەگەڵ هۆما **homa** دا یەك شت بن. چۆنکە دەنگی س **s** و هـ **h** جێی یەك دەگرن، بۆ وێنە هەسن **hesin** (ئاسن **asin**) بە فارسی "آهن **ahin**" ە و ئاسك **ask** بە فارسی آهو **ahu** یە، هەروەها وشەی سێ **sê** بە کرمانجکی: هێرێ **hêrê** یە. بێجگە لەوەش، ئێستە کورد بە خۆدێ دەبێژن "بینایی

چاوان"، کە بینایی چاوان bînayîy chawan بە تەواوی " سۆما" soma یە.

Hoqe هۆقە/ weqe وەقە، یەکەی کێشانی قورسایی شتە. کە لە عەرەبیی نووسیندا بووە بە "حُقَّة" و لەسەر زمانی عەرەبیی خەلکی عێراق وگییە wugyye یە. وشەکە بنەڕەتێکی هێندۆجەرمەنیی هەیە. بۆ وێنە: بە ئەلمانی بە تەرازوو دەگوترێ ڤاگە Waage و، Wäg بە شتێك دەگوترێ کە قورسایی کەمێك پرتر بێ.

Hov هۆڤ، مرۆڤی زوردار zordar و ملهۆر milhor. هۆ ho وێنەیەکی دیکەی خوو xû (عادەت)ە. سەرنجی وشەی هۆگر hogir بدە کە مانای خووگر xûgir ە (واتە: کەسێك کە هۆگری شتێك بوو، بەو شتەوە خووی گرتووە). ڤە ve کورتکراوەی ڤەلا vela یە کە مانای قامچی qamchî یە. لە کوردیدا وشەی وەلە wele (ڤەلە vele) هەیە، کە بۆ لێخۆڕینی گوێرەکە (گۆلك golik) بەکاردەبرێ. کەواتە: هۆڤ hov کەسێکە کە خووی بە قامچی وەشاندنەوە گرتبێ و، لە خەلك بخوڕێ وەك ئەوەی ← شوان shwan لە گۆلك golik دەخوڕێ.

Horin هۆڕن، وشەکە ئینگلیزییە horn، واتە: دەنگێك بۆ هوشیارکردنەوە.

Hoz هۆز (← خزم xizim).

Hozan هۆزان < هۆ ho + زان zan. هۆ ho لە هۆنین honîn ەوە کورتکراوەتەوە. زان zan نێوی کارای چاوگەی زانین zanîn ە. واتە: کەسێك کە دەزانێ چۆن

وشه بهۆنێتەوە. وشەکە لە "وَزان" ی عەرەبییەوە نەهاتووە. هەرچەندە وشەی "وزن" پێوەندیی بە "میزان" (تەرازوو)ەوە هەیە کە وشەی "میزان" بنەچەیەکی هیندۆئەورووپایی هەیە. سەرنجی وشەی measure ی ئینگلیزی و فەرەنسی و maß ی ئەڵمانی و قاس qas ی کوردی بدە کە مانای "پێوان pêwan"ە.

Hûnbûn هوونبوون/ هین بوون hînbun مانای فێربوون fêrbûn ە. هوو hû و خوو xû یەک وشەن، دەنگی هـ h بووە بە خ x. مانای خووگرتن بە شتێکەوە. ← هۆگر hogir یش هەر خووگر xûgir ە. (← هۆڤ hov).

Hûte هووتە (هەو hew/ خەو xew). هووتە hûte خەوتە xewte یە، کە دەنگی هـ h بووە بە خ x.

Hûn هوون/ هۆن hon (ئێوە êwe) وشەی هوون hûn و هۆن hon وێنەیەکی دیکەی خوون xûn و خۆن xon < خۆ xo + ن n واتە: خۆتان xotan. هەر بەرامبەر ئەوەش وشەی هێت hêt هەیە لە کوردیدا کە بە مانای خۆت xot دێ. دەنگی هـ h و خ x زۆرجار جێیەکدی دەگرنەوە.

ح Ĥ

Ĥanût حانووت، وشەیەکی کوردییە کەوتووەتە زاری عەرەبی و عیبری חָנוּת یەوە و بۆ دوکانی بچووك بەکاردەبرێ. بنەچەی وشەکە خانوو **xanû** + تك **tik**ە. واتە: خانووی بچووك، خانووتك **xanûtik** > خانووت **xanût** > حانووت **ĥanût**. هەروەها وشەی حانە **ĥane** ی عەرەبی، کە شوێنی خواردنەوەی مەیە (← مەی **mey**) لە خانە **xane** ی کوردییەوە وەرگیراوە. دەنگی ح **ĥ**و خ **x** زۆر جار جێییەك دەگرنەوە.

Ĥel حەل (کات/گاڤ **gav/kat**) ـ لەو حەلەدا **lew ĥeleda**. حەل **ĥel** لە هەل **hel** (← دەرفەت **derfet**) ەوە هاتووە. هێندەك جار دەنگی هـ **h** دەبێتە ح **ĥ**. (← حەن **Ĥen**).

Ĥen حەن (شوێن و کاتی تایبەتی ـ لە حەنی خۆیدا قسە بکا). حەن **ĥen** لە هەن **hen** ەوە هاتووە. هەن **hen** کورتکراوەی ← هەنگاو **hengaw** واتە: دەم **dem** و کات **kat**.

Ĥeři حەڕی (← قوڕ **quř**).

Ĥêwet حێوەت (← ئێوەت **êwet**).

Ĥez حەز/ هەژ **hej**. حەز **ĥez** لە خواز **xwaz** ەوە هاتووە. خواز **xwaz** > حواز **ĥwaz** > حاز **ĥaz** > حەز **ĥez**. وشەی حواز **ĥwaz** دەنگی ح **ĥ** کەوتووە لێی و بووە بە واز **waz** و ئەوجا باز **baz** (کۆترباز **kotirbaz** ـ کەسێك کە حەز لە کۆتر بکا، مێباز **mêbaz** کەسێك حەز لە مێینە بکا، واز واز **waz waz** ـ کەسێك کە هەر دەمەو حەز لە شتێکی دیکە بکا). بە گۆڕینی

دەنگی ح ĥ و هـ h بۆ یەکدی و ز z و ژ j بۆ یەکدی وشەی حەز ĥez و هەژ hej بەیەك مانا دروستبوون.

Ĥol حۆل (مرۆڤی گێل (mirovî gêl (← حولحولی ĥulĥulî). حۆل ĥol لە فارسیدا بووە بە خَل xul.

Ĥulĥulî حولحولی، بە کەسێك دەبێژرێ، کە نەخۆشییەکی دەروونی لەگەڵ بێ و، هەر دەمە لە سەر واز (← ĥez حەز) و فیکێك بێ، واتە: ← وازوازی wazwazî و دەمدەمی demdemî بێ. حولحولی لە خولخولی xulxulî یەوە هاتووە. واتە: کەسێك کە هەردەم بە جۆرێك خول xul بخوا (← خول xul) وشەی ← حۆل ĥol کەوتووەتە زاری عیبری. بە نەخۆشخانە دەگوترێ بێت خۆلیم בֵּית- חוֹלִים.

Ĥunce حونجە/حینجی ĥincî، بە سەر و بۆر و ژێر و زەنە دانان بۆ وشەی عەرەبی دەبێژن: حونجەکردن، بەتایبەتی ئەوە لە خوێندنخانە ئیسلامییەکانی کوردستاندا، کۆن باو بوو. حونجە ĥunce بەرامبەر ← سایە saye بەکاردەهێنرا، کە مانای خوێندنەوەی بێگرێوگۆڵی وشە و رستەکان بوو. حونجە ĥunce لە بنەڕەتدا لە هونجە hunce ەوە هاتووە، کە بنچینەی خونجە xunce یە. چۆنکە دەنگی خ x و هـ h لە کوردیدا بە زۆری جێییەك دەگرنەوە، وەك لە کوردی هەورامیدا دیارە. خونجە xunce ش وێنەیەکی دیکەی خوێندە xwênde یە (← خواجا xwaca).

Ĥ ح

Ĥurmê حورمێ/ هورمێ **hurmê** (نێوێکە بۆ بانگکردنی ژنان لە لایەن مێردەکانیانەوە). وشەکە لە حور **ĥur**/هور **hur** و، مێ **mê** وە هاتووە، مێ **mê** لێرەدا، دەبێ لە من **min** ەوە هاتبێ. حور **ĥur**/هور **hur** (حۆری **ĥorî** /هۆری **horî** نێوێکە بۆ کچانی نێو بەهشت) واتە: حۆریی من **ĥorîy min** (هۆری من **horî min**). وشەی حورمێ لە عەرەبیدا بووە بە "حُرمة"، بە تایبەتی لە زاری عەرەبیی خەلکی عێراقدا. ئەم وشەیە لە بنەڕەتەوە، وشەیەکی هێندۆئەوروپاییە، بەڵام بۆ مەبەستێکی دی. بۆ وێنە: لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی هوورە **Hure** بۆ ژنی رووسپی بەکاردەبرێ، کە لە زمانی کۆنی ئەڵمانیدا بۆ ژنێك بەکاربراوە کە لە گەڵ پیاوانێك بنوێ مێردی خۆی نەبن. لە زمانی ئینگلیزیشدا **whore** هەیە کە هەر بەو مانایە بەکاردەبرێ.

Ĥushtir حوشتر (وشتر **wishtir**/ هوشتر **hushtir**) بە ئاڤێستایی ئوشترە **ushtire** یە و بە پەهلەوی ئوشتر **ushtir** ە و لە فارسیدا بووە بە شُتر **shutur**.

Îqlîm ئیقلیم، له وشەی یۆنانی کلیما κλίμα (Klîma) وه هاتووه، که به نێوچەیەکی جوگرافیایی دەگوترێ، به ئینگلیزی climate ه و clime ه، به ئەڵمانی Klima یه. بەڵام ئێسته بۆ کەشوهەوا بەکاردەبرێ. وشەی کلیم Klîm بوه به هەلیم helîm و ئەوجا هەرێم herêm و له عەرەبیدا بووه به "حریم".

Îshtîha ئیشتیها (← Nashta ناشتا).

Îsot ئیسۆت (بەهاراتی تیژ beharatî tîj) < ئیس îs + سۆت sot. ئیس îs مانای هەڵبوون و پێبوون hel'bûn, pêbûn ه بۆ ئاگر و چرا و مۆم و ... هتد. (سەرنجی وشەی هەلگیرسا -hel gîr-sa داگیرسا da-gîr-sa. ئیسا îsa لێرەدا به مانای هەلگیرسان و پێبوون. سۆت sot له سووتان sûtan هوه هاتووه. ئیسۆت به بیبەری زۆر تیژ دەگوترێ که هێندە تیژه، دەم و گەدە دەسۆتێنێ. وشەکه کەوتووەته زاری ترکییەوه.

Îsh ئیش (← ئێش êsh).

Îstîkan ئیستیکان، پیالەی چایخواردنەوه Piyaley chayî xwardinewe، وشەکه له وشەی رووسی ستاکان стакáн هوه هاتووه.

Îstop ئیستۆپ. ئامێری وەستاندنی ئۆتۆمۆبێل، یان دەزگەیەکی مۆتۆردار، وشەکه stop ی ئینگلیزییه.

J ژ

Jal’e ژاڵە، بە سانسکریتی **jhardak** ە کە دوور نییە وشەی ژەهر **jehir** (ژار **jar**) لە مەوە هاتبێ، چۆنکە ژاڵە تاڵە وەك ژەهر. وشەی ژەهر **jehir** بە پەهلەوی: زەهر **zehr** ە کە لە فارسیدا هەر وەك خۆی بە شێوەی زەهر **zehr** بەکاردەبرێ.

Jan ژان، بە مانای ئازار و/ ← ئێش **êsh** دێ. لە ئاڤێستادا وشەی ژان **jan** مانای کوشتن **kushtin** و لێدان **lêdan** ەوادیارە وشەی ژەن **jen** کە وەك پاشگرێك دێ، بۆ وێنە: شمشاڵژەن **shimshal’-jen**، مەشکەژەن **meshke-jen**، هەر لەم وتەیەوە دێ، واتە: شمشاڵلێدەر **shimshal’-lêder** و مەشکەلێدەر **meshke-lêder**.

Jehir/Jar ژەهر/ژار (← ژاڵە).

Jek ژەك (← **Fiřnî** فڕنی).

Jevek ژەڤەك (نێوان **nêwan**، ناو دوو تشت، یان: ناو چەند شتێك). ژەڤەك **jevek** لە: ژ ـ هەڤ ـ یەك **je-hev-yek** ەوە هاتووە. کە هەڤ **hev** مانای هەموو **hemû** ەو، ژ **j** مانای لە **le** یە.

Jêhatin ژێهاتن، ژێهاتی **jêhatî** (بە مانای لێوەشاوەیی **lêweshaweyî**/لێوەشاوە **lêweshawe**). < ژێ **jê** + هاتن **hatin** < جێ **cê** + هاتن **hatin**. واتە: کەسێك کە لە جێی راستینەی خۆیدا بێ و ئەوەی لێهاتبێ.

Ji ژ، لە کوردیی باکووردا، جە **ce** لە کوردیی گۆرانیدا، بە پەهلەوی: هەچ **hech** ە و لە فارسیدا بووە بە أز **ez**.

Jin ژن، لە ژین **jîn** و ژیان **jiyan**ەوە هاتووە، کە وشەی ژین **jîn** و ژیان **jiyan** لە زایین **zayîn**ەوە هاتووە، واتە: گیانلەبەرێك کە بزێ. ژن **jin** لە ئاڤێستادا گنا **gina** و جەن **cen** ە و لە پەهلەویدا: ژەن **jen** و لە فارسیدا بووە بە "زن" **zen** و زندگی **zendigî** مانای ژیان **jiyan** ە و بە رووسی **женá** (ژنا) یە.

Jineftin ژنەفتن (ژنەوتن **jinewtin**/ ژنەوین **jinewîn**) بە مانای بیستن **bîstin** و گوێلێبوون **gwêlêbûn** دێ و، لە هێندەك زاری کوردیدا وەك: خانەقینی و هەورامانی بەکاردێ. بە پەهلەوی: ئەشنووتەن و **eshnûten** شنەفتەن (**sheneften**)ە. لە فارسیدا بووە بە شنیدەن.

Jîr ژیر (⟵ وەزیر **wezîr**).

K ك

Kaban کابان (← کەڤانی **kevanî**).

Kabra کابرا (← گەورە **Gewre**).

Kakil’ کاکڵ. ناوک **nawik**/ لە کا **ka** کە نیشانەی شوێن **shwên**/ جێ **cê** یە، (سەرنجی وشەی کایە **kaye** بدە (لەو کایەدا واتە: لەو شوێنەدا). کڵ **kil’** کر **kir** ە. کر **kir** مانای ناوک **nawik** ە. سەرنجی وشەی کڕۆك **kiřok** بدە کە بە مانای ناوك **nawik**ە. کەواتە کاکڵ **kakil** مانای جێی نێوەوەی شتێك.

Kal’a کاڵا، کە بۆ قوماش و/ ← کەرەسە **kerese** ی خاو بەکاردێ، لە ← کاڵ **kal’** ەوە هاتووە، واتە: بەکارنەهێنراو، پێنەگەیشتوو، دەستلێنەدراو، تەڕ، ← فەریك **ferîk** سەرنجی وشەی ← **kishtukal’** کشتوکاڵ (کشت و کاڵ) بدرێ (← گەلا **gela**).

Kalyar کالیار، بە هاروو **harû** (← خەیار **xeyar**) ی گەورە و زەردبوو دەگوترێ. کالیار **kalyar** > کال **kal** (واتە: پیر **pîr** و گەورە **gewre**) + یار **yar** (کورتکراوەی کال ـ خەیار **kal xeyar** (← خەیار **xeyar**) ە. واتە: خەیاری پیر **xeyarî pîr**.

Kam کام (← کاوخوە **kawxwe**).

Kamp کامپ (← قامووس **qamûs**).

Kamyon کامیۆن. وشەکە فەڕەنسییە **camion** و بەمانای لۆری **Lorî** یە. (← **Lorî** لۆری).

Kanî کانی، لە خانیە **xanye** ی ئاڤێستاییەوە هاتووە.

Kanîn (← **qarîn** قارین).

ک K

Kar کار، بە سانسکریت: کاریە **karye** و بە پەهلەوی: کار **kar** ە.

Kardanik کاردانك/ مندالّدان **.mindal'dan** کار **kar** لە زمانی کوردیدا بە مانای بێچوو **bêchû** ش دێ. دان/ك **dan/k** جێ و شوێن. کاردانك واتە: جێی بەچکە **.cêy bechke**

Kareba کارەبا/ **Kariva** کارڤا. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو پسپسۆك (تەزبیح)انە بەکارهێنراوە کە هێزی راکێشانی کایان هەیە. بەمەیان گوتووە کا ـ رڤە **ka-rive** واتە: کارفێن **ka-rifên**. لە عەربیدا کراوە بە "کهرباء".

Karêjî کارێژ(ی)، بە ئاوهاتنەوەی پیاو دەگوترێ لە کاتی کاری سێکسیدا. کا **ka** لە کاو **kaw** (ئارەزوو **arezû**) ەوە هاتووە. کارێژی مانای رشتنی حەز و ئارەزوو.

Kariva کارڤا (← کارەبا **kareba**).

Karîn کارین (← **qarîn** قارین).

Karwan کاروان، لە بنەڕتدا و لە پازەندا بە شێوەی کارڤان **karvan** ە. کە کار لێرەدا مانای لەشکر و جەنگ و، ـ ڤان **van** یش پاشگری بکەرە. بەڵام لە دواییدا بۆ قافڵە بەکاربراوە. ئەم وشەیە کەوتووەتە زمانە ئەوروپاییەکانەوە. سەرنجی وشەی **karavane** ی ئەڵمانی بدرێ، کە فەرهەنگی **Duden** ی ئەڵمانی وشەکە دەباتەوە سەر فارسی، لە کاتێکدا وشەکە پازەندە. پازەند **pazend** فارسی نییە، بەڵام دیارە هەموو شتێکی کۆنی کورد و ئێرانی لە لایەن ئەوروپاییەکان و فارسەکانەوە کراون بە فارسی.

Kase کاسە، بە گلێنە **gil'êne** و ← قاپ **qap** دەبێژن کاسە **.kase**

کاسە **kase** وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە. بە قاپ و سنووقی (← سندووق **sindûq**) پارە بە ئەڵمانی دەبێژن: **kasse** و بە پارەی دەستی کە بدرێ بە نرخی کرینی شتێک بە ئینگلیزی دەگوترێ: **cash** بە عەرەبی (نقد). وشەی کاسە **kase** لە عەرەبیدا بووە بە کأس.

Kawan کاوان (← کەڤانی **kevanî**).

Kawêj کاوێژ (← قاوت **qawit**، ← جوون **cûn**).

Kawis کاوس، نێوی پیاوانەیە لای کورد. > کاک **kak** + وس **wis**. وس **wis** لە وێس **wês** (وێسف **wêsif**)، یان لە وەیس **weys** ەوە هاتووە.

Kawxwe کاوخوە (بە کاوخوە کاربکە، واتە: لە سەرخۆ، بە ئارەزووی خۆ کاربکە). کاو **Kaw** وێنیەکی دیکەی کامە **kame** ی ئاڤێستاییە کە مانای ئارەزوو **arezû** ە و، لە فارسیدا بووە بە: کام **kam**. وشەی کام **kam** لە کوردیدا هەر بە مانا ئاڤێستاییەکەی بەکاردێ. دەگوترێ: "خواردنەکەی لە بەردەم مندا خوارد، بەشی منی نەدا، کاممکرد **kamim-kird**" واتە: ئارەزوومکرد **arezûm kird**، حەزمکرد لێی **ĥezim kird lêy** (← حەز **ĥez**).

Kaxez کاخەز، وشەیەکی چینییە کەوتووەتە گەلێک زمانەوە.

Kech کەچ، (← کچ **kich**).

Kech کەچ (ناڕاست **nařast**، خوار **xwar**، کۆڵ **kol’**). کەچ و کۆڵ **kech û kol’** وێنەیەکی دیکەی کەل **kel**. عَوَج (عوُج) ی عەرەبی لە کەچ **kech** ەوە هاتووە. لە کوردیدا کەچ مەچ

ك K

kech mech (کەژ مەژ kejmej) هەیە کە عوج و معوج ی عەرەبی لە مەوە هاتووە. هەروەها سەرنجی وشەی گۆج goc یش بدرێ کە هاوڕەگی ئەمەیە. وشەی گۆج goc بە شێوەی عِوَج کەوتووەتە قورئانەوە. (قرآناً عربياً غيرِ ذي عِوَج.. 28 ك الزمر 39).

kech mech کەچ مەچ (کەژمەژ kejmej) ← کەچ kech.

Keftyar کەفتیار/ کەمتیار kemtyar هەردووکیان یەکمانان و، نێوی چوارپێیەکن. لەسەر دەمی کۆندا کورد پێیانوابووە کە کەمتیار زۆر حەز لە ئاوازی مۆسیقا دەکات و، بەوە راویانکردووە و گوتوویانە:"کەمتیار پیاوێکی چاکە، قولە پێی بسمیت دەنگ ناکا" وشەی کەم ـ تیار -kem tyar لە کەم ـ تەر kem-ter ەوە هاتووە کە کەم ـ تەر ـ کردن kem ter kirdin مانای دەم ـ بەستنەوەیە. (سەرنجی وشەی قەمتەرکراو qemterkiraw بدە). کەفت keft لە وشەی کەفتیار keftyar دا لە کەفتن/کەوتن keftin/kewtin ەوە هاتووە، واتە: خستن بە زەویدا xistin be zewîda پاش کەمترکردن. وشەکە وەك خۆی بە شێوەی کەفتار(کفتار) کەوتووەتە فارسییەوە.

kel کەل، لە زمانی کوردیدا بەچیا و شوێنی بەرز دەگوترێ کەلkel و، بە بورجەکانی ئاسمانیش دەگوترێ کەلو kelu. لە سەر دەمی کۆندا، لە بەری خۆرهەلاتی باشووری بەغدا شوێنێك بووە بە نێوی"کەلوازی kelwazî" کە ئەمە وشەیەکی

کوردییە ومانای قەلای کراوەیە،
واز waz لە کوردیی فەیلیدا
مانای کراوەیە، وە we (کە لە
کوردیی باکووردا ڤە ve یە و
دەکەوێتە پێش وشەکەوە
(ڤەکری vekirî/ کراوە
kirawe) ئەو ـ وە we یە لە
واز waz ەوە هاتووە. واز waz
بووە بە وەز wez ئەوجا وە we
کە لە فارسیدا بووە بە باز baz.
دوور نییە ئەو شوێنەی
کەئێستە کوردەکانی بەغدا بە
عەلوازییە و عەرەبەکان بە
عیواضیة نێوی دەبەن و، نازانن
وشەکە لە کوێوە هاتووە، ئەوە
هەر ئەو کەلوازی kelwazî یە
بووبێ. کەلوازی kelwazî <
ئەلوازی elwazî < عەلوازی
élwazî < عیواضیة. هەروەها
وشەی ← قەلا qela قەڵات
qel’at پێوەندیی بە وشەی کەل
kel و کەلو kelu ەوە هەیە و،
وشەی قلعە ی عەرەبی لە مەوە
هاتووە. کە لە کوردیدا وشەی
کەڵات kelat یش هەیە کە بۆ
قەڵات qelat بەکاردێ.

Kel’eget کەڵەگەت، واتە: مرۆڤی باڵا
بەرز. ← کەل kel/ کەڵ kel’
(سەرنجی وشەی کەل و کەژ
بدرێ) مانای بەرز و بلندە.
کەڵەکە بەرد واتە: بەد لە سەر
بەرد هەڵچنراو و بەرزکراو.
گەت get و کەت ket یەك
وشەن. دەگوترێ کابرایێکی کەتە
kete بوو، واتە: زل zil بوو.

Kelegî کەلەگی، بە ژوورێك دەگوترێ
کە لە تەنیشت، یان لە پشت
هەیوان (← هەیوان heywan)
ی ماڵێکەوە بێ. کەلەگی kelegî
< کەل kel + ـە e + گی gî.
کەل kel و کێل kêl لە کوردیدا
مانای تەنیشت tenîsht ە. کێلی

K ک

گۆڕ kêlî gor̆ ئەو بەردەیە کە لە تەنیشت، یان لای گۆڕەوە دادەچەقێنرێ، یان دادەنرێ. لە کوردیی باکووردا کێلەك kêlek مانای "تەنیشت"ە. کەلەکە keleke و کێلەکە kêleke کە هاومانان، بە لای تەنیشتی بەشی سەرەوەی لەشی مرۆڤ دەگوترێ. لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە دەنگی ك k و گ g زۆر جار لە جێییەك دادەنرێن. بۆ وێنە: لە کوردیی فەیلی دا باوك bawik دەبێتە باوگ bawigو باشەکە basheke دەبێتە باشەگە bashege.

Kel’ek کەڵەك/ کەلەهەك kelehek بە کۆمەڵە بەردێك دەگوترێ کە خرابنەتە سەریەك. کەل kel لە زمانی کوردیدا بە چیا chya ش دەگوترێ. کەڵەك kel’ek < کەل kel + ـەك ek (نیشانەی گچکە کردنەوە)، کەڵەك kel’ek واتە: کەل (چیا) یەکی گچکە kel (chya) yekî gichke.

Keleke کەلەکە/ کێلەکە kêleke (← کەلەگی kelegî).

Kelepûr کەلەپوور (میرات، شتی لە پاش مردوو بەجێماو). کەلەپوور kelepûr لە کەل kel (ناتەواو natewaw) وپر pir (تەواو و زۆر tewaw û zor)ەوە هاتووە. کەلوپر kelûpir لە زمانی کوردیدا بۆ شڕەوپڕە shir̆ewpir̆e یەك بەکاردەبرێ کە لە کەسێك بەجێدەمێنێ. وشەکە هەر بەو شێوەیە کەوتووەتە فارسییەوە.

Kelu کەلو (بورجی ئاسمان) (← کەل kel).

Kelupel کەلوپەل (شتومەکی کەسێك یان هی نێومال). ← کەل kel (شتی ناتەواو) پەل pel < پەر

per > پار par > پارچە
parche دوە هاتووە. (پارچەی
شتومەك).
kem كەم/ كێم kêm (بەشێكی
بچووك لە شتێك). بە
پەهلەویش هەر: كەم kem ە.
Kemer كەمەر (← كەڤر
kevir/كەور kewir).
Kemîn كەمین (← hewa هەوا).
Kenal' كەناڵ، وشەیەكی ئەوروپاییە.
بە لاتینی Canalis و بە ئەلمانی
Kanal و بە ئیتالی Canale
بە ئینگلیزی Channel و
مەبەست لەو لوولەیەیە كە ئاوی
پێدا دەڕوا. لە عەرەبیدا بووە
بە "قناة".
Kenar كەنار (لێواری زەریا lêwarî
zerya). لە كن kin + ئار ar
دوە هاتووە. كن kin مانای لا
la/تەنیشت tenîsht/نك
nik/كێلەك kêlek ە. ئار ar لە

ئارا ara وە هاتووە، كە مانای
جێ cê/شوێن shwên ە. كەنار
kenar > كن ئار kinar واتە:
لای/تەنیشت/ كنی/ئەو شوێنە
kin schwên/lay schwên.
هەروەها لێوار lêwar لە لێو
lêw + ئار ar دوە هاتووە، واتە:
لێوی ئەو شوێنە lew/vî ew
shwêne.
kenîshk كەنیشك (← كچ kich).
Kepir كەپر (← چەتر chetir).
Kepû/kepo كەپوو/ كەپۆ (لووت lût،
بێڤل bêvil) ← قەپۆز
qepoz.
Ker كەر (chwarpê چوارپێ/
گوێدرێژ gwêdirêj) لە
سانسكریتدا كەرە kere و لە
ئاڤێستادا xere یە و كەر ker،
بە پەهلەوی و فارسی خەر (خر
xer)ە، وشەی خەر xer و هەر
her یش لە هێندەك شێوەزاری
كوردیدا بەكاردەبرێن.

K ك

Ker کەر، مرۆڤی گەوج و کەمهۆش، کەر ker لە ← کەل kel و ← کەچ kech ەوە هاتووە بە گۆڕینی دەنگی ل l بۆ ر r. کەر ker بە مانای ناتەواو (← کەل kel) ەو، پێوەندیی بە ← کەر ker ەوە، کە (ئاژەڵ ajel’) ە، نییە.

keř کەڕ، کەسێکە کە گوێی وا گران بێ هیچ نەبیستێ. کەڕ keř لە کڕ kiř ەوە هاتووە. کڕی kiřî واتە: بێدەنگی و نەجووڵان. (مریشکەکە کڕکەوتووە واتە: دانیشتووە لەسەر هێلکەکانی و بێدەنگە و ناجووڵێ. هەر لەمەشەوە وشەی کڕۆك kiřok هاتووە کە بۆ "جماد" ی عەرەبی بەکاردەبرێ، بەرامبەر رووەك (نبات) و ئاژەل (حیوان) و مرۆڤ (أنسان). وشەی کەڕ بە پەهلەویش هەر: کەڕ keř ە.

Keramat کەرامات، لە وشەی "كرامة" ی عەرەبییەوە نەهاتووە کە بە مانای ئاوڕوو awřû دێ. بەلکو لە وشەیەکی یۆنانییەوە هاتووە کە لە لاتینیشدا بە شێوەی کاریزما charisma یە و بریتییە لە بەهرەی تایبەتی و بلیمەتیی کەسێك بۆ لێکدانەوەی شت. کاریس charis ژنە خودێی کۆنی یۆنانی کە زات و ورەی بە خەلك بەخشیوە. وشەی کاریزما لە ئەڵمانیدا هەروەك charisma و بەو مانایە بەکاردێ.

Kere کەرە/ کەرۆ kero لە/← چەور chewir ەوە هاتووە. (← چەرەس cheres).

Kerese کەرەسە/ کەرەستە kereste. لە: کار رستە kar riste ەوە هاتووە. (← کار kar). رستە

ك K

riste له رستەك ristek ەوە هاتووە. رستی ristî له زمانی کوردیدا بۆ بنچینەی خانوو وبناخه (← بناخه binaxe) بەکاردەبرێ. کار رسته (کەرەسته، کەرەسه)واته: ئەو شتانەی که بۆ سەرەتای کارێك بەکاردەبرێن. وشەی راستی rastî که به بنچینه (أصل) دادەنرێ پێوەندیی به وشەی رستی ristî یەوە هەیه. هەروەها وشەی رستن /ristin رسین risîn واته: چەند شتێك پێکەوە دەرێسرێن و، واته: پێکەوە بنیات دەنرێن، پێوەندیی بەم وشەیەوە هەیه.

Kerewiz کەرەوز/ کەرپەس /kerpes کەرسەپ kersep شینایییەکه دەکرێ به ← زەلاته .zelate ئەمەش هەر وەك زۆربەی هەره زۆری شینایییەکانی دیکه، له زمانی کوردیدا، به که ke، یان به کا ka، یان به ك ki دەستپێدەکا. بۆ وێنه: کەوەر kewer، کاهوو kahû، کەلەرم kelerim، کەدو kedu، کاڵەك kal’ek، کنگر kingir. فەرهەنگی فارسی موعین (معین) دەنووسێ: وشەی کەرەوز kerewz عیبرییه. بەڵام نابێ عیبری‌بێ و له عەرەبیدا بووبێ به کرفس، ئەوەته وشەی لاتینی curnus که جۆره گیایەکه له عەرەبیدا بووه به "کرنوس". وشەی کەرەوز (کرفس به عەرەبی) به لاتینی Apium graveolens ە، که وشەی گراڤیۆلێنس زۆر له وشەی کەرەوز ی کوردی و کرفس ی عەرەبی نێزیکه.

Kerkûk کەرکووك (← geřek گەڕەگ).

ك K

Kerwêshk کەروێشك/ کەرۆشك
keroshk لە کەر گوێچك ker
gwêchk و کەرگۆچك
kergochkەوە هاتووە واتە:
گوێچکەکانی وەك گوێچکەی کەر
وانە.

Kesek کەسەك/ کەستەك **Kestek**
بە قفلی دەرگە دەگوترێت.
هەروەها بەو جۆرە شتانەش
دەگوترێ کە توندکراونەتەوە و
قالبیانگرتووە. کەستەك
Kestek > kest + ـك ek ـ
(نیشانەی گچکەکردنە). کەست
kest وێنەیەکی دیکەی خەست
xest ە واتە: توندکراوە و بەرەو
رەکبوون چوو. کە خەست xest
خۆی لە سەخت sext ەوە
هاتووە بە گۆڕینی شوێنی
دەنگەکانی وشەکە. سەخت sext
بە مانای گران giran و
زەحمەت بۆ پێداچوون و گرتن
دێ.

Keshkejno کەشکەژنو، لە: کاسەکی
ئەژنو kasekî ejno وەوە
هاتووە، واتە: کاسەی بچووکی
ئەژنو (کاسۆلکەی ئەژنو
kasolkey ejno). (← کاسە
kase).

Keshkol' کەشکۆڵ، لە: کاسە ـ کۆڵ
kase-kol' (کاسەی کۆڵ kasey
kol') ەوە هاتووە (← کاسە
kase، ← کۆڵ kol').

Kete کەتە (← کەڵەگەت kel'eget).

Ketîre کەتیرە، جۆرە ← سریش
sirîsh ێکە کە درەخت
ئێقیدەکاتەوە و بۆ پێکەوە
نووساندنی شت بەکاردەبرێ.
ئەم وشەیە ئاڤێستاییەو، ژەتەرە
jetere یە کە لە فارسیدا بووە
بە ژد (ژەد jed). و زاری فارسی

K ك

وشەی کەتیرە ketîre و کەتیرا ketîra ی کوردیش بەکاردەبا.

Kevanî کەڤانی/ کاڤانی /kavanî ← کابانی kabanî، بە ژنی ماڵ دەگوترێ. کەڤ/ کاو kaw لە: کانیا kanya ی سانسکریتییەوە (← کچ kich) ەوە هاتووە، کە مانای مێینە mêyîne دەدا بۆ ڕێزلێگرتن. ـ انی anî ـ کورتەی خانی xanî (خانوو xanû) ە. واتە: ژنی گەورەی ماڵ jinî gewrey mal'. کە کاوان kawan یش هەر هاومانای ئەوەیە.

Kevir کەڤر/ کەور kewir/ بەرد berd. وشەکە لە کەڤەر /kever کەوەر kewer ەوە هاتووە، مانای بەندەلانی چیا (کێو kêw) دەگەیەنێ، واتە: کەمەری شاخ، کە کەمەر kemer و کەڤەر kever و کەوەر kewer هەر یەك ڕەگیان هەیە. هەروەها وشەی کوچك kuchkکە بەردی بچووکە لە کەڤرچك kevirchik ەوە هاتووە. ـ چك chik ـ پاشگرە بۆ کچکەکردن. (← قوفر qofir).

Kew کەو، لە: "کەوی kewî" یەوە هاتووە. "کەوی kewî" ڕەنگی شینی کاڵە، واتە: ڕەنگی بۆر borبەم جۆرە کۆتر kotir/ کەڤۆك kevok واتە: کەویتر kewîtir بۆرتر bortir ئەمەیان لێکدانەوەیەکە. لێکدانەوەیەکی دیکەش هەیە ئەویە کەوی kewî واتە: ماڵی، بە کەسێکی ڕام/ بوو، یان بە مەلێکی ڕام/ بوو دەگوترێ: کەوی kewî. کۆتر kotir یش بەم پێیە، واتە: ڕامتر ramtir ماڵیتر mal'îtir. وشەکە لە سانسکریتدا کەپینجەلە

K ك

kepîncele یە کە لە فارسیدا بووە بە کەبك (کبك) kebk و لە عەرەبیدا قبج.

kewsh کەوش، بە پەهلەوی: کەفش kefsh ە و، لە فارسیدا وەك کفش kefsh بەکاردێ.

Keyna کەینا (← کچ kich).

Keys کەیس وشەکە case ی ئینگلیزییە، کە بە مانای بارودۆخ و چۆنێتی دێ. بەفەڕەنسی casە، کە بەشێوەی کا ka دەردەبڕدرێ و هەر بەو مانایەیە.

kezeb کەزەب (جگەر/ciger جەرگ cerg). کەزەب kezeb لە: کال بەز kalbezەوە هاتووە. کال kal لە: ڕەنگی کال rengî kalەوە دێ، کە جۆرە ئاڵ al' ێکە. وشەی بەز bez بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکانی تیپەکە، بووە بە زەب zeb. بەز bez چەوریی نێو زکی چوارپێیە. کەزەب kezeb واتە: بەزێکی ڕەنگ کاڵ. وشەی کبد (جگەر)ی عەرەبی لە کالبەزەوە هاتووە بە گۆڕینی دەنگی ز z بۆ د d. هەر بەم جۆرە وشەی قلب (دل dil/زەرت zert) لەم کالبەز kalbezەوە هاتووە، کە بە زمانی ئێرانیی کۆن کالبود kalbod ە. کورد دەبێژن: کەزەب شەوات kezeb shewat واتە: جگەر سووتاو ciger sûtaw.

Kêbil' کێبڵ. بە ئینگلیزی cable و بە فرەنسی câble و بە ئەڵمانی kabel ە. جۆرە گوریسێکی ئەستووری زۆر قایمە.

Kêl کێل (← باخەڵ baxel'، ← کەلەگی kelegî).

Kêlek کێلەك / کەلەك kelek (← باخەڵ baxel'، ← کەلەگی kelegî).

Kêr کێر (← چووك chûk).

Kêrd کێرد/ کارد kard (← چووك chûk).

Kich كچ، لە زمانی کوردیدا گەلێك وشە هەن بۆ کچ kich وەك: کەچ kech، کیژ kîj، کەنیشك kenîshk، قیز qîz، چەنا chena، کەینا keyna، کناچە kinache، کەنی kenî،... هتد. وشەی کچ kich و هەموو وشەکانی دیکەش لە وشەی سانسکریتی kenya وە هاتووە کە بە مانای (← ژن jin) یان، مێیینە mêyîne یە و بە پەهلەوی بە ژنی گەنج jinî genc دەگوترێ kenîch (سەرنجی وشەی کناچە kinache ی کوردیی هەورامی بدە). وشەی کیژ kîj بە شێوەی کز kiz/ قز qiz چووەتە زاری ترکییەوە. دەنگی چ ch لە کەچ kech و کچ kich دا و چە che لە کناچە kinache دا، هەروەها دەنگی زz لە قیز qîz و ژ j لە کیژ kîj دا بۆ کچکە کردنەوەی خۆشەویستییە. ز z و ژ j وێنەیەکی دیکەی چ ch ن. (← کەڤانی kevanî/ کاڤانی kavanî).

Kifte کفتە/ کفتك kiftik. لە کوتەن kuten و کوتان kutan و کوتاندن kutandin ەوە هاتووە. کفتە kifte (کفتك kiftik) خواردنێکە لە ساڤار savar و برنج و گۆشتی کوتراو و نۆك و بەهارات دروستدەکرێ و لەگەڵ یەك دەکوترێن. کوتان kutan و کوتاندن kutandin وێنەیەکی دیکەی (کڤتان kivtan و کڤتاندن kivtandin)ە کە بەم شێوەیەی لە کوردیی ئەورۆدا بەکار ناهێنرێ، بەڵام وێنەی لە هێندەك وشەدا ماوە، بۆ وێنە: کفتیی لەش kiftîy lesh واتە:

داهێزاویی لەش و، وەك ئەوەی کوترابێ. تەنانەت بەفری تۆپەڵکراو بە کوردی "کوتە"ی پێدەڵێن کە ئەمە کفتە kivte و کفتە kifte یە. کوتە گۆشت kute gosht یش لە کفتە گۆشت kifte gosht ەوە هاتووە واتە: گۆشتی کوتکراو/کوتراو kutkiraw/kutraw. وشەی کفتە kifte کەوتووەتە فارسی و ترکییەوە، کە بە ترکی بووە بە küfte.

Kil’ کڵ، شوێنی سۆرکرنەوەی ← سواڵەت swal’et ە.

Kila کلا/ کلاکەوتن kilakewtin (دوورە و پەرێز بوون). کلا kila لە کن لا kin-la وە هاتووە. کن kin و نك nik مانای تەنیشتtenîsht ە. (لە کن من le kin min، لە نك من le nik min) کلاکەوتن kilakewtin واتە: کن لا کەوتن kin la kewtin، تەنیشت کەوتن tenîsht kewtin.

Kilam کلام، لە زمانی کوردیدا بە مانای جۆرە گۆرانییەك دێ. کلام kilam لە"کلام"ی عەرەبییەوە، کە بە مانای قسەکردنە، نەهاتووە، بەڵکو وشەیەکی هێندۆئەوروپاییی کۆنە. سەرنجی وشەی klang ی ئەڵمانی بدرێ، کە بە مانای ئاواز awaz ە و klingen دەنگدانەوە و ئاوازلێدەرکەوتنە. هەروەها وشەی clang (کلانگ) ی ئینگلیزی کە بە مانای دەنگلێوەهاتنە و، وشەی ئینگلیزی clandestine کە مانای بە دزێوە و لە ژێرەوە و بە بێدەنگی کارکدنە.

Kil’ash-dum کڵاش دوم (← دوپشك dupishk). کڵ kil’ لە کوڵ kul’ ەوە هاتووە، واتە: ← کورت kurt. دوم dum واتە:

کلك **kilk**، کلاش دوم **kil'ash-dum** واتە: جانەوەرێك کە خاوەنی کلکێکی کورتە. دوڤ **duv** و **dûg** دووگ و **dum** دوم، هەرسێکیان بنچینەیان یەکە و مانایان کلك **kilk** ە.

Kl'awrojne کلاورۆژنە (← رۆناك **ronak**، ← رووناك **rûnak**).

Kilir کلر، بە شوێنی ← کلیل/کلیت **kilîl/kilît** دەگوترێ لە دەرگەدا. کلر **kilir** < کل **kil** + ـر **ir**. کل **kil** لە کلیل **kilîl** (کلیت **kilît**) ەوە هاتووە. ـر **ir** لە: رێ **rê** ەوە هاتووە، واتە: کلیل رێ **kilîl-rê** رێی کلیل **kilîl /rêy** شوێنی کلیل **kilîl shwênî**، کونی کلیل **kunî kilîl**.

Kilîl کلیل/ کلیت **kilît** وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە، کە لە زمانی فەڕەنسیدا **clé** و **clef** ن و بە ئینگلیزی **key** و بە رووسی **ключ** کلووچ وبە ئەڵمانی **schlüssel** و لە فارسیدا بووە بە کلید **kilîd**. عەرەبەکان وشەی کلید **kilîd** یان کردووە بە: إقليد. لە زمانی کوردیدا هێندەك وشە هەن کە پێوەندییان بە کلیل **kilîl** ەوە هەیە. بۆ وێنە بە پەنجەتووتەلە **pence tûtele** دەگوترێ قلیچك **qilîchk**. قل **qil** ← پەنجە **pence** ەیە و **ichk–** پاشگرە بۆ بچووککردنەوە. هەروەها وشەی تلی **tilî** لە زمانی کوردیدا مانای پەنجە **pence** یە، کە قلی **qilî** و تلی **tilî** نێزیکی یەکن بە گۆڕینی دەنگی ق **q** و ت **t** بۆ جێییەك. بێجگە لەوەش، وشەی قلیل **qilîl** هەیە بۆ شتێك کە کونی تێبووبێ، وشەی قلێش **qil'îsh** هەیە بۆ درز کە قلیچك **qilîchk** ە.

Kilk کلك (← قەڵەم **qel'em**).

Kil’om کلۆم/ کولۆم kul’om (← قەڵەم qel’em).

Kilor کلۆر/ Kulor کولۆر نێو بۆش nêw bosh، ناڤ ڤالا nav vala، کولۆر kulor لە: کول kul + وار war ەوە هاتووە. کول kul و کون kun یەك ڕەگیان هەیە، کول وار kul war کون وار kun war ە، واتە: شتێك کە کونی تێدابێ. (سەرنجی: دانی کولۆر danî kulor بدە، دانێك کە کونی تێدابێ.

Kiltûr کلتوور (کلدان kildan/ جێی کل لێدانان cêy killêdanan) > کل kil + توور tûr، توورك tûrik کورتکراوەی توور tûrە واتە: توورەکەیەکی کچکە. کلتوور kiltûr واتە: کلدانێکی کچکە. توورەکەیەکی کچکە بۆ کل.

Kin کن (لە کن le kin/ لە لا le la/ لە نك le nik) لە کن kin جێگۆڕکی دەنگی وشەی نك nik ەوە هاتووە کە نك nik کورتکراوەی نێزیك nêzîk ە. (← باخەڵ baxel’). سەرنجی وشەی ئینگلیزی kin بدرێ کە مانای خزم xizim ە.

Kinache کناچە (← کچ kich).

Kiřandin کڕاندن، وشەیەکی هێندۆئەوروپاییی کۆنە، سەرنجی وشەی ئەڵمانی kratzen و ئینگلیزی to scratch بدرێ کە بە مانای کڕاندن دێن. دوور نییە وشەی خوران xuran و خوراندن xurandin کە بە نینۆکهانین بە پێتدا دەگوترێ پێوەندیی بنەڕەتیی بە کڕان kiřan و کڕاندن kiřandin ەوە هەبێ. ئەگەرچی لە پەهلەویدا وشەی خار xar بۆ دڕك diřk هەیە. هەروەها وشەی خوران و خوراندن بە شێوەی خاران و خاراندن کەوتووەتە فارسییەوە، بەڵام دەنگی ك k ی کوردی

K ک

زۆرجار لە فارسیدا دەبێتە خ x (سەرنجی وشەی کەر ker و کڕین kiřîn لە زمانی کوردی و خر xer و خریدن xerîden ی فارسی بدرێ.

Kird کرد. وشەیەکی شێوەزاری زازاکی و دملّی یە، کە لە بنەڕەتدا مەبەست لە زمانی کوردی **kurdî** یە. **kirdasî** کرداسی. ئەو کوردانەی بە شێوەزاری زازاکی و دملّی (← **kird** کرد) قسە دەکەن بە شێوەزاری کرمانجی دەبێژن کرداسی **kirdasî** و بەو کوردانەش دەبێژن کرداس **kirdas** (کرداس لە کورد ئاسایی **kurdasayî** یەوە هاتووە، واتە: وەك کوردی **wek kurdî**).

Kirîf/v کریف/ڤ/ کرێف/ڤ **kirêf/v.** ئێزدییەکان بەکاری دەهێنن بۆ نێونانی ئەو کەسەی کە منداڵی یەکێکی دیکەی لە باوەشدا خەتەنە کرابێ، هەروەها بۆ دۆست و خزمیش بەکاردەبرێ. لە پەهلەویدا وشەی کەرپەك **kerpek** هەیە بۆ پاداش (ثواب) ی کاری باش.

Kurmanc کرمانج/ **Kirmanc** کورمانج. وشەیەکی دیکەیە بۆ نێوی ← کورد **kurd**. هەر لەبەر ئەوەیە بە زمانی کوردی دەگوترێ زمانی کرمانجی **zimanî kirmancî**. ئەگەر چی، جاروبار و بە هەڵە تەنێ بۆ شێوەزاری کوردیی باکوور بەکاردەبرێ. هێندەك جار بەشێوەی کرماج **kirmac** دەردەبڕدرێ. کرمانج لە هێندەك جێی کوردستان نێویکە بۆ خەڵکی گوند و دەرەوەی شار. لەبارەی بنەچەی ئەم وشەیەوە، رۆژهەڵاتناسی رووس ڤلادیمیر مینۆرسکی (1877ـ1966) پێیوایە کە وشەی کرمانج

kirmanc له کورد ـ ماد kurd-mad ەوە هاتووە کە "کوردەمادەکان" دەگرێتەوە. خاوەنی ئەم وشەنامەیەش ئەو بۆچوونەی بەلاوە راستە و لەڕێی زمانەوانییەوە ساخی کردووەتەوە (سەرنجی: جەمال نەبەز: "رەخنەی زمانەوانی". گۆڤاری "ئاسۆی زانکۆیی" زانستگەی سلێمانی. تەمووزی 1978، ل 90ـ91). "شانامە" ی فیردەوسی (932؟ـ1020) کە باسی بنەچە و رەچەلەکی کورد دەکات و دەیبەستێ بە چیرۆکی ئەژدەهاك/ زوحاك ەوە، نێوی دوو چێشتکەری خێرخوازی زوحاکیش دەبات، یەکێکیان گەرمانك Germank و ئەوی دییان ئەرمانك Ermank (سەرنجی: شاهنامە. بلاوکەرەوەی: J.A.Vullers، بەرگی یەکەم، لایدن 1877، ل 36، بەیتی 37ـ38 و ئەو لاپەڕەیە. کوردەزازاکان بە شێوەزارەکەی خۆیان دەبێژن کرمانجکی kirmanckî و بە کوردیی زازا دەبێژن kird/e کرد/ە و بە کوردانە kurdane دەبێژن کردانە kirdane. هەروەها بە کوردە کرمانجەکان دەبێژن: کرداس(ە) kirdas/e و بە کوردییەکەیان دەبێژن کرداسی kirdasî واتە: کوردی ـ ئاسا kurdî-asa واتە: لە کوردی دەچێ. (سەرنجی Malmisanij: Ferhengê Dimliki-Tirki بدە).

Kiřok کرۆك (جماد) (← کەڕ keř).

Kishmîsh کشمیش، کشمیش kishmîsh > کش kish + میش mîsh. کش kish کورتکراوەی کشك kishk ە، کە وێنەیەکی کۆنی وشك wishk/ هیشك hishk ەو بە پەهلەوی:

ك K

hushk ە و لە فارسیدا بووە بە خشك xoshk. میش mîsh وێنەیەکی دیکەی مەویژ mewîj و مەویش mewîsh و ← مێوژ mêwij ە. کەواتە: کشمیش بریتییە لە مێوژێکی وشك.

Kisht û kal’ کشتوکاڵ < کشت kisht + کاڵ kal’. کشت kisht وێنەیەکی دیکەی کشك kishk ە واتە: وشك wushk/ هیشك hîshk. کاڵ kal’ بە مانای: پێنەگەیشتوو و تەڕ. کشتوکاڵ واتە: وشك و تەر wushk û teř.

Kish û mat کشو مات. کش kish مانای وشك wushk و بێدەنگ bêdeng ە (← kal’ û + kisht کشتوکاڵ). مات mat مانای کز kiz و بێجووڵە bêcul’e یە.

Kîj کیژ (← کچ kich).

Kîmya کیمیا، کە بە فەرەنسی شیمی chimie و بە ئینگلیزی chemistry و بە ئەڵمانی Chemie یە، لە وشەی یۆنانی χημεία (xêmia)وە وەگیراوە کە بە مانای لە گەل یەك تێکەڵکردن/ تەڤلهەڤکرن tevlihevkirin.

kîn کین/ قین qîn، هەردووکیان هاومانان و، مانایان ← رك rik ە. کین kîn بە پەهلەوی کێن kên ە.

Kitk کتك/ کتك kitik/ ختك xitik ئەمانە هەموو وشەی کوردین بۆ ← پشیلە pishîle و پسیك pisîk و، وشەکە وشەیەکی هێندۆئەوروپاییی کۆنە. سەرنجی وشەی cat ی ئینگلیزی و chat ی فەرەنسی و katze ی ئەڵمانی بدرێ کە بۆ پشیلە pishîle بەکاردەبرێن.

K ك

Klox کلۆخ، واتە: گڵی وشککراو **gil'î wushkiraw**. کلۆخ **klox** > کل **kil** + ئۆخ **ox** > گڵ **gil'** + ئاخ **ax** واتە: گڵی زەوی. بە شێوەی کلوخ **kolûx** کەوتووەتە فارسییەوە.

Ko کۆ (← کۆمار **komar**).

Kochkirdin کۆچکردن، وشەی کۆچ **koch** لە بنەڕتدا وشەیەکی مەغۆلییە، کە بە کوردی: ڕەوکردن **rewkirdin** ە. وشەی کۆچەر **kocher** کەوتووەتە زمانی کوردییەوە، بەڵام بە کوردیی ڕاست: ڕەوەند **rewend** ە.

Kok کۆك (← قورمیش **qurmîsh**).

Kol' کۆڵ. وێنەیەکی دیکەی کوڵ **kul'** ە.

Kolêra کۆلێرا (ڕشانەوە **rishanewe**) لە وشەی یۆنانی **χολέρα** خۆلێرا وە هاتووە.

Kol'ewar کۆڵەوار > ← کۆڵ **kol'** + ـە **e** + وار **war** کەسێك کە کۆڵیی هەبێ. کۆڕ **koř** و ← کۆر **kor** و کوڵ **kul'** و کووڕ **kûr**، هەرچەندە مانایان جیاوازە، بەڵام بنچینەی ڕەگیان هەر یەکە، واتە: هەبوونی کۆڵی (ناتەواوی لە لەشدا). وار **war** پاشکۆیەکە کە هەبوونی شتێك دەردەخا (← هەوار **hewar** ← وار **war**). تەنانەت وار **war** کە بە مانای وەڵات **wel'at** و نیشتمان **nîshtiman** دێ، ئەوەش هەر بە مانای ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ هەیەتی و خاوەنێتی. وشەی بەندیوار **bendîwar** یش هەر مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بەندبوونێکی بە شتێکەوە هەیە. کۆڵ **kol'** لە ← کوڵ **kul'** ەوە هاتووە.

Kolîn کۆلین/ لێکۆلین lêkolîn (← Qûl’ قوولّ/ kûr کوور).

Komar کۆمار، komar و کۆمالّ komal’ یەکمانان. دەنگی (ر r) و (لّ l’) جێییەکیانگرتووە. کە دەنگی ر r لە هێندەك زاراوەی کوردیدا ماوە، وەك کۆیی و هەولێری و کۆنتره لە دەنگی لّ l’. بۆ وێنە: وشەی نێرەکەلّ nêrekel’ و نێرەکەر nêreker وشەی قوولّ qûl’ و کوور kûr (لە کوردیی باکووردا) وەك یەك و لە جیاتییەك بەکاردەبرێن. کۆمار < کۆم kom + ئار ar، ئار ar کورتکراوەی ← وار war < هەوار hewar. وار war و hewar هەردوکیان یەکمانان و بۆ شوێنی نیشتەجێبون و لێژیان بەکاردەبرێن. ڤارا vara لە سانسکریت و ڤار var لە ئاڤێستایی و پەهلەویدا بە مانای شوێن و جێگە دێن. کۆم kom بریتییە لە ژمارەیەك خەلّك کە پێکەوە دانیشتبن، یان، بەهۆی شتێکەوە گرێدایی هەبێ لە نێوانیاندا. کە دیارە وشەی کۆمەلّ komel’ یش لە کۆمار komar ەوە هاتووە. وشەی کۆمار komar (کۆم هەوار komhewar) بە شێوەی "جمهور" کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە. "کۆم هەوار komhewar و گۆم هەوار gomhewar" یەکمانان و دەنگی ك k و گ g لە جیاتییەك بەکاردەبرێن. بۆ وێنە: لە شێوەزارەکانی کرمانجی خوارووda (خانەقینی، مەندەلایی،بەدرەیی، کەلّهوڕی، کرماشانی... هتد دا) دەنگی گ g جێیدەنگی ك k دەگرێتەوە.

بۆ وێنە: دەبێژن باوگم bawgim لە جێی باوکم bawkim و باشەگە bashege لە جێی باشەکە basheke. هەروەها وشەی کات kat و گاڤ gav لە شێوەزاری ناڤین و باکووردا نموونەیەکی دیکەن. نموونەیەکی دیکەی وشەی کۆ ko و گۆ go یە کە لە بنەڕەتدا یەك شتن. "گۆ" go بە مانای خڕ xiř دێ. کۆ ko، لە زمانی لاتینیدا کۆ co یە، هەروەك کۆم com کە وێنەیەکی کۆنی cun ە و، مانای لەگەڵ legel' و پێکەوەبوون pêkewebûn ە لە لاتینیدا. لە بەرئەوە وێنەیەکی دیکەی کۆم هەوار komhewar گۆم هەوار gomhewar بووە، کە بووە بە "جمهور"، بە گۆڕینی دەنگی گ g بو ج c، چۆنکە دەنگی گ g لە زاری عەرەبیدا نییە، بۆ وێنە: وشەی بزرگ مهری ئێرانی، لە زمانی عەرەبیدا بووە بە بزر جمهر.

Komel' کۆمەڵ ← کۆمار **komar**.

Kontrol کۆنترۆڵ، لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە **contrôle** و، بە ئەڵمانی **kontroll** و بە ئینگلیزی **control**. وشە لە بنچینەدا **contre-rolle** بووە، واتە: ڕۆڵێکی پێچەوانە.

Kor کۆر (نابینا **nabîna**) بە پەهلەوی هەر کۆر **kor** ە و، بە فارسی کوُر **kûr** ە. لە کوردیدا بۆ کۆر **kor**. وشەی کوێر **kör** یش هەیە کە هەر بەو شێوەیە چووەتە ترکییەوە. دەبێ وشەی کۆر **kor** لە سەر دەمی کۆندا چاو/ڤ کۆر **chaw/v kor** بووبێ و، لەگەڵ کات، وشەی چاو/ڤ **chaw/v** کەوتبێ لێی. چۆنکە وشەی کۆر **kor** دەبێ هاوڕەگی کۆڵ **kol'** بێ.

Kose کۆسە/ Koste کۆستە. پیاوێك کە مووی ریشی نەهاتبێ، یان شێوەی خۆی گۆڕیبێ. جاران لە کوردەواریدا یارییەك هەبوو بە نێوی کۆسەوەوی kose wewî (← بووك bûk).

Kotir کۆتر/ کەڤۆك kevok بە پەهلەوی کەپۆتەر kepoter و، لە فارسیدا بووە بە کبوتر kebûter. کۆتر kotir لە کەوی kewî + تر tir ەوە هاتووە واتە: شینتر shîntir. وشەی کەڤۆك kevok یش لە کەڤ kev (کەو kew) + ۆك ok (پاشگرێکە بۆ پتر پێشاندانی شتێك)، واتە: کەڤ تر kev-tir (شینتر). وشەی کەڤۆك لە فارسیدا کراوە بە کبك kebk و کبوك kebûk کە ئەمەیان وێنەیەکی دیکەی کەڤۆك kevok ی کوردییە بە گۆڕینی دەنگی ڤ v بۆ ب b و گوڕینی دەنگی ۆ o بۆ وو û. (← کەو kew).

Kox کۆخ/ کۆختە koxte خانووی بچووك xanûy bichûk. لە زمانی کوردیدا وشەیەکی دیکە هەیە بۆ کۆخ kox/ کۆختە koxte ئەوەش: کۆزلاخ kozlax. کۆز koz و کووز kûz پارچەیەکی بچووکە لە شتێك، واتە: ← قاش qash یێکە لەو شتە. کۆزلاخ kozlax > کۆز koz + لـ li + ← ئاخ ax (خاك xak/ زەوی zewî). کۆزلاخ kozlax کەواتە: کووزێك (پارچەیەکی بچووك لە ئاخ، خاك، زەوی). کۆزلاخ کورتکراوەتەوە بووە بە کۆخ kox. وشەی کۆخ بە شێوەی کوخ kûx کەوتووەتە زاری عەرەبی و فارسییەوە.

K ك

Kuchk كوچك (⟵ كەڤر /kevir كەور kewir).

Kul كول (⟵ كوڵ kul’).

Kul’ كوڵ، بە شتێك دەگوترێ كە درێژییەكەی تەواو نەبێ و كەم بێ. كوڵ kul’ لە ⟵ كورت kurt دوە هاتووە. كورت kurt > كور kur > كول kul<كوڵ kul’. وشەی كول kul یش كە بۆ كەمی تیژی بەكاردەبرێ هەر لە كورت kurt دوە هاتووە.

Kulîng كولینگ/ كۆلینك kolînk هاومانای یەكن و بریتین لە ئامێری زەویكۆڵینوشەكە لە: كۆڵین kol’în دوە هاتووە. كۆڵ kol’ لە ⟵ قووڵ qûl’ دوە هاتووە، واتە: قوول كردن qûl kirdin ی زەوی. وشەی قوول qûl لە كووڵ kûl’ و كۆڵ kol’ دوە هاتووە. (⟵ كوور kûr).

Kurt كورت، وشەیەكی هێندۆئەوروپاییی كۆنە. سەرنجی وشەی kurtz ی ئەڵمانی و short ی ئینگلیزی و court ی فەرەنسی و وشەی kopótkий رووسی بدرێ. لە فارسیدا وشەی كوتاه (كوتاهی) بەكاردەبرێ، كە ئەوەش لە وشەی كوردیی كورتاهی kurtahî یەوە وەرگیراوە، كە لە كرمانجیی باكووردا بەكادەبرێ.

Kurt كورت (كورد kurd) (⟵ شوان/شڤان shw/van).

Kurtek كورتەك كەوای كورتی پیاوانەیە لە پەهلەویدا هەر كورتەك kwrtek ە، و لە عەرەبیدا بووە بە قرطق كە بۆ كراس بەكاردەبرێ.

Kushin كوشن، شوێنی دانیشتن لە نێو ئۆتۆمۆبیلدا. لە couching ی ئینگلیزییەوە هاتووە.

Kuve كوڤە/ كیڤە Kîve (⟵ بۆ كوێ bo kwê).

ك K

Kuz/s کوز/س. ئەندامی سێکسی مرۆڤی مێینە. لە **kun** کون + **zê** زێ وە هاتووە. زێ لە **zê** زایین **zayîn** ەوە هاتووە. (← **zaw û zê** زاوزێ).

Kûpe کووپە (← **Gep** گەپ).

Kûr کوور (← قوولّ **qûl'**).

Kûz کووز(← کۆخ **kox**).

Kwêwe کوێوە (← بۆ کوێ **bo kwê**).

kwêxa کوێخا، کە بە کوردیی هەورامی: کۆخا **koxa** یە و "کەیخا **keyxa** ش هەیە، بە پەهلەوی: **ketek-xvetay**. خڤەتای **xvetay** مانای خاوەن **xawen** (← خێو **xêw**)ە، کەتەك **ketek** یش مانای خانوو **xanû** (خانی **xanî**) یە. سەرنجی وشەی ← **koxte(k)** کۆختە(ك) بدە. کەتەك خڤەتای **ketek xvetay** مانای خاوەن ماڵ.

L ل

La لا گەلێك مانای هەیە لە زمانی کوردیدا. لەوانە: (لنك li nik، لە کن le kin، لبال li bal، باڵ bal’، ئالی alî) باڵ bal’ لە پاڵ pal’ەوە هاتووە کە بە مانای "تەنیشت و لای کەسێك"، یان "لای شتێك دێ". پاڵ بە فارسی "پهلو" pehloە. لا la لە ئال alەوە هاتووە، بە جێگۆڕینی شوێنی دەنگەکانی وشەکە. وەك "کن kin" (لە کن من)/ "نك nik" (لنك من) و، وشەی زیخ zîxی "سۆرانی" لە "بادینانی"دا بووە بە xîz. وشەی ئال al بە شێوەی ئێل êl چووەتە زاری ترکییەوە و بۆ "دەست dest" بەکاردەبرێ. (← لاقرتی laqirtî).

La لا (← دۆلاب dolab).

Lalengî لالەنگی (← نارنگی naringî).

Lanik لانك (← بێشکە Bêshke).

Laq لاق (واتە: لنگ ling) وشەکە وشەیەکی هێندۆئەوروپاییی کۆنە، بە سانسکریتی Lak-uṭá، بە ئینگلیزی legە، بە زمانی سوێدی lägg ئێسقانی لاقە. وشەی لەقە leqeش لە لاق laqەوە هاتووە.

Laqirtî لاقرتی دەگوترێ: "قسەی لاقرتی" واتە: قسەی ناڕێکوپێك. قرت qirt لە کوردیدا بە مانای "ڕێك rêk" دێ. دەبێژیت: "نانەکەی قرت بڕی" واتە "نانەکەی ڕێك بڕی". "لا la" لە کوردیدا بە مانای شتێکی ناسەرەکی دێ، وەك دەبێژیت: "لا کۆڵان la kol’an" واتە: کۆڵانێکی تەنیشت و دوورە دەست و ناسەرەکی. لا la بە مانای "نیوە nîwe"ش دێ. دەگوترێ

"کردمان به دوو لا" واته: "کردمان به دوو نیوه". کەواتە: لاقرتی laqirtî مانای "نیوه ڕیك و نیوه چڵ" ه.

Lare لاره (⟵ لارەسا laresa).

Laresa لارەسا (سێبەری نێوەڕوان sêberî nêwerwan) < la لا. sa سا + re ره + la لا (تەنیشت tenîsht/ پاڵ pal'، < al ئال + re ره < rê ڕێ + sa سا (سێ sê، سێبەر sêber) واته: لاڕێ سیبەر lařê sêber سێبەرێك كه له ڕێ لادەدا. لاره lare له لاڕێ lařê وه هاتووه، واته: به لادا دەکەوێ و، لەگەڵ لەره lere هاوڕەگن.

Las لاس/ لاز laz/ لاج lac/ لاو Law. ئەمانه هەموو هاومانان و، به مانای کوڕی گەنج دێن. لاسۆ laso و لازۆ lazo هەردووکیان نێون بۆ کوڕ (پیاو). سەرنجی چیرۆکی لاس و خەزال las û xezal بدرێ. لاس las وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە. سەرنجی وشەی lad ی ئینگلیزی بدرێ که مانای گەنج genc ه. هەروەها وشەی لاو law له کوردیدا که هاومانای ئەوانەی سەرەوەیە، له گوڕینی دەنگی s و z و c و w بۆ یەکدی هاتووه. له پەرتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردیدا"، چاپی بامبێرگ (1976) نووسیومه که law له غولام (غلام) ی xhulam عەرەبییەوە دێ، ئەوە ڕاست نییە. غلام xhulam کراوه به خولام xulam. لاو law کوردییەکی پەتییە.

Lasayî لاسایی له: لا la ئاسایی asayî یەوە هاتووه. لا la مانای نیوه nîwe، واته: نیوه ئاسایی

asayî nîwe. (← Dolab دولاب).

Lastîk/Lastîq لاستیک/لاستیق، وشەیەکی ئەوروپاییە، سەرنجی وشەی elastisch ی ئەڵمانی و وشەی یۆنانی ἐλαστικός بدرێ کە مانای شتێک دەگەیەنێ، کە بتوانرێ بکشێنرێ، واتە: لە کشاندنەوە هاتووە.

Lashîpan لاشیپان (دار، یان ئاسنی تەنیشتی چوارچێوەی دەرگە). لاشیپان lashîpan > لا la + شیپ shîp + ئان an. شیپ shîp و شڤ shiv و چێو chêw و چیپ chîp هەموو هەر یەک مانایان هەیە و، بە پارچەدار دەگوترێ. ئان an لە وشەی لاشیپان lashîpan دا، نیشانەی گەل (جمع)ە. واتە: داری لایەکان، داری تەنیشتەکان.

Law لاو (← Las لاس... هتد).

Lawandinewe لاواندنەوە، ئەم وشەیە، لە لایەکەوە بە مانای دڵدانەوە و خۆشەویستیپێشاندان بەرامبەر کەسێک و، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو گۆرانییەیە کە پاش مردنی کەسێک، ژنێک بۆی دەچڕێنێ و، بەوە خەڵکەکە دەهێنێتە گریان بۆ مردووەکە. "لاواندنەوە" پێوەندیی بە ← "لاو law" (←گەنج genc)ەوە نییە، وەک لە نێو خەڵکدا باوە، کە گوایە ئەو گۆرانییە بۆ بەزەییپێهاتنەوەیە بە لاوێکی مردوو. بەڵکو "لاو law" لە زمانی کوردیدا مانایەکی دیکەشی هەیە ئەوەش: خۆشەویستی xoshewîstî (ئەڤینی evînî) یە. کەواتە: "لاواندنەوە" مانای "خۆشەویستی دەربڕینە". کورد

دەبێژن: "بیلاوێنەوە" واتە: "دڵی بدەرەوە، خۆشەویستیی پێشانبدە". وشەی "لاو law" بەم مانایە پێوەندیی بە وشەی love ی ئینگلیزی و liebe ی ئەڵمانییەوە هەیە کە هەردووکیان مانای "خۆشەویستی" دەگەیەنن.

Lawich لاوچ، لە زمانی کوردیدا بە جێیەك دەگوترێ کە سێ لای وشکانی و لایەکی ئاو بێ. لاوچ lawich < لا la + ئاو aw + چ ch < (جهـ cih، جێ cê). واتە: لا ئاو جێ، واتە: جێی لایەکی ئاوە. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە خلیج. خ x کورتکراوەی خاك xak، لیچ lîc یش لە لاوچ lawich < لاوج lawic < لیچ lîc واتە: خاك لاوج xak lawic بووە بە خلیج.

Lawja لاوژا (براگەورە biragewre) لە: لاو law + هێژا hêja ەوە هاتووە، واتە: لاوهێژا lawhêja. (← لاو law، ← هێژا hêja).

Lawj(e) لاوژە (← گۆرانی goranî، ← ستران sitran)، لاوك lawik (گۆرانییە کۆنەکانی کورد) لەو lew، لەپ lep، لەوس lews (دەمولەوس demûlewis)، لاوس lawis (لای سەرەوەی دەم، نیوەی دەم). ئەم وشانە هەموویان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی laut بۆ دەنگ بەکاردێ. لە زمانی ئیگلیزیدا language و لە فەڕەنسیدا language بۆ زمان بەکاردێن، لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی lyrik هەیە. دەم و زمان و زمانی قسەکردن پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. وژە wije وێنەیەکی دیکەی ← وشە wishe یە. لاوژە، لاوشەیە واتە: وشەیەکی ناتەواو. هەر لەو وشیەوە وشەی "لهجە" ی

L ل

عەرەبی دێ کە لە لاوژە lawje > لاوجە lawce > لەهجە (لهجة) دروست بووە و کوردییەکەی ڕۆنە، بە شێوەی laf لاف، کەوتووەتە زاری ترکییەوە. لاف laf لە کوردی و فارسیدا بە مانای وتەی درۆ diro/ درەو direw بەکاردێ. لە زمانی کوردیدا وشەی لافە lafe هەیە، بە مانای ← wiřêne وڕێنە.

Legen لەگەن، وشەیەکی کوردییە کە خەلکی عێراق بەکاریدەهێنن. لە زمانی یۆنانیدا lechane و لە زمانی بابلیدا Lignu ە. لە Le کورتکراوەی لان Lan ە، واتە: جێ، گەن gen گەنیوو شتی پیس بوو. لەگەن ئەو ئامێرەیە کە مرۆڤ دەستیان دەشۆن تێیدا و پیسایی دەستی تێدەکەن. لە عەرەبیدا بووە بە لَجن کە مانای پیسایی دەدات.

Lehce لەهجە، ئەم وشەیە لە زمانی فارسی و عەرەبیدا بەکاردەبرێ بۆ "شێوەزار". لە زمانی کوردیدا وشەی ← لاوژە lawje هەیە کە ستران و گۆرانییەکی تایبەتییە. هەر لە زمانی کوردیدا گڕەلاوژە giřelawje بەکاردەبرێ بۆ جۆرە دەنگێکی تێکەڵوپێکەڵ کە کەس تێینەگا. بە گۆرانییە کوردییە کۆنەکان دەگوترێ: لاوك lawik (لاوك و حەیران lawik û ĥeyran). لاوژە و لاوك لە کوردیدا لە گەڵ language ی ئینگلیزی و language ی فەڕەنسی کە هەردووکیان مانای "زمان"ە، بنەچە و ڕەچەلەکەکانیان یەکە. Langue بەتەنێ "زمانی نێودەم" ە. وشەی "لەهجە" لە کوردییەوە چووەتە زمانی عەرەبی و "لاوژە lawje" بووە

به لاژه laje و ئەوجا لاجه lace و دوایی لەهجه lehce و، فارسەكانیش له عەرەبەوە وەریانگرتووە. لەبەر ئەوەی خاوەنی فەرهەنگی "معین" كه كوردی نەزانیوە، پێیوابووە كه "لەهجه" (لهجة) وشەیەكی عەرەبییە، بێ ئەوەی بگەڕێ به دوای بنەچەكەیدا. راستییەكەی، نه هەر تەنێ "لەهجه" عەرەبی نییە و كوردییە، بەڵكو وشەی "لغة" (لوغەت) یش عەرەبی نییە و له logos (λόγος) ی یۆنانییەوە وەرگیراوە كه به مانای وشه و قسه دێ، جا له بەر ئەوەی عەرەبەكان دەنگی "گ g" له زمانەكەیاندا نییە، جاری وا هەیە دەیكەن به "ج" و جاری واش هەیە دەیكەن به "غ". بۆ وێنه "گوندی شاپور" دەكەنه "جندی شاپور" و "گاریپالدی" دەكەنه "غاریبالدی" و "گراماتیك (رێزمان)" دەكەنه "أجرُمية" و"گوند gund" دەكەن به "جُند".

Leheng لەهەنگ < له le + هەنگ heng، < لاو law + هەنگ heng واته: لاوێك كه له هەنگ دەدا. ← هەنگ heng له زمانی كوردیدا به گەلێك مانا، لەوانه به مانای نیشانه nîshane و ئامانج amanc بەكاردێ. سەرنجی وشەی هنگافتن/ئەنگاوتن hingavtin/engawtin بدرێ كه مانای نیشانه شكاندن و له نیشانەدانه.

Lend لەند، به پارچه زەوییەكی بەرز دەگوترێ كه دەوروبەری به ئاو گیرابێ. وشەی land له زۆربەی زمانه ئەوروپاییەكاندا به خاك xak و زەوی zewî و وڵات welat دەگوترێ.

L ل

Lendehor لەندەهۆر، مرۆڤی ← کەڵەگەت **kel’eget** و زل. لەند **lend** مانای ← بەرز **berz** (سەرنجی وشەی کەندولەند **kend û lend** بدرێ کە کەند **kend** مانای چاڵوچۆڵە **chal’ûchol’** ە. ← لەند **lend** یش مانای بەرزاییە. هۆر (هور) **hor/hur** مانای ← (ئە)ستوور **e(stûr)** ە. بۆ وێنە: ملهۆر **milhor** واتە مل ئەستوور **milestûr**، هور (هۆر) **hur/hor** وێنەیەکی دیکەی وشەی (ئە)ستوور **(e)stûr** ە.

Lenger لەنگەر، لە لەنگر **lengir** و لەنگیگر **lengîgir** ەوە هاتووە. واتە: ئامێرێك، یان شتێك کە لەنگی **lengî** ی شتێکی دیکە رابگرێ. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە "أنجَر" و لە فارسیدا هەر بە شێوەی لنگر **lenger** وەرگیراوە.

Leqe لەقە، (← لاق **laq**).

Leqleq لەق لەق، ئەو مەلەیە کە هەمیشە لاقێکی دادەنێ و لاقێکی هەلدەبڕێ و لاقە و لاق دەوەستێ. وشەکە کوردییەکی رووتە. لە عەرەبیدا بووە بە أللقلق. وشەکە پێوەندیی بە وشەی لاقەوە هەیە (← لاق **laq**، ← لنگ **ling**). کاری لەقین **leqîn** یش هەر لە وشەی لاق **laq** ەوە دێ. طە باقر لە پەرتۆکی "من تراثنا اللغوي ألقديم" دەیباتەوە سەر وشەی "رەق رەققوو" **reqreqqû** ی بابلی.

Leqîn لەقین (← لاق **laq**).

Leř لەڕ، واتە: کەسێك کە قەڵەو و گۆشتن نەبێ. لەڕ لە لەخەر **lexer** ەوە هاتووە، کە لەخەر وشەیەکی کوردییە هەر بە مانای لەڕ دێ. لەخەر **lexer** لە

فارسیدا بە شێوەی "لاغر"
دەرکەوتووە.

Leshkir لەشکر/ **Leshker** لەشکەر. وشەیەکی کۆنی کوردییە، لە فارسیدا وەك لەشکەر (لشکر **leshker**) بەکاردێ. سەرنجی چیرۆکی کۆن بدرێ کە باسی "کەوڵ سۆری بەر لەشکر" دەکا.

Lewashe لەواشە، جۆرە نانێکی پانە < لەو **lew** + واش **wash** + ـە **e**، لەو **lew** وێنەیەکی دیکەی لەپ **lep** (بەری دەست **berî dest**)ە، ← واش **wash** (وەش **wesh**، ← وەك **wek** ە) ← سپی واش **sipî wash**). واتە: لەواش ئەو شتەیە کە وەك بەری دەست پانە. هەروەها، لە کوردیدا وشەی "لەواسە **lewase**" هەیە کە بە بەری دەست دەگوترێ، کە ئەمەش لە "لەو ئاسا **lewasa**" و < لەپ ئاسا **lepasa** ەوە هاتووە کە مانای: وەك (ئاسا) بەری لەپە.

Lewend لەوەند (لاوچاك **lawchak**) < ← لاو **law** + ← وەند **wend**. واتە: لاوێکی خاوەن هەند **xawend hend**. هەند **hend** (مقدار)ە.

Lêwar لێوار (← کەنار **kenar**).

Lifke لفکە/ لفك **lifk**/ لەفکە **lefke**، پارچەیەکە کە لە پرزالی رووەك دروستدەکرێ و لە گەرماودا خۆی پێدەشۆن. لفکە **lifke** لە لەپکە **lepke** ەوە هاتووە، واتە: لەپی دەست **lepî dest** کە **lepke** وشەیەکی دیکەیە بۆ لفکەی حەمام، لەپك **lepk** و لەپکە **lepke**پارچە پەڕۆ **parche peřo** یە، وەك دەستکێش لە دەستی دەکەن و خۆیانی پێدەشۆن. وشەی لفَ، یلفُ، التفاف، ملَف کە بە مانای

پێچان pêchan و تێپێچان
têpêchan دێن، لەم لەفکە
lefke و لەپکە lepke یەوە
وەرگیراوە.

Lifkrî لفکری/ لفگیری lifgîrî /
لفگرین lifgirîn، واتە: ژنمێری
jinmêrî پێکەوەنان، شووکردن
و ژنهێنان (زواج). لف lif
مانای← جومرانە cumrane/
دووانە duwane یە.

Lirf لرف (← Mishexor
مشەخۆر).

Ling لنگ/ Lîng لینگ، بە ← لاق
laq ی مرۆڤ دەگوترێ.
پێوەندیی بە وشەی سانسکریتی
لینگە lînge وە هەیە کە بە
مانای ئامێری زاوزێی پیاوە. ئەم
وشە کوردییە هەر بە شێوەی
لینگ lîng کەوتووەتە
فارسییەوە. لە ئینگلیزیدا وشەی
leg بۆ لاق laq هەیە. دوورنییە
وشەی ← لەند lend ی کوردی
کە بۆ بەرزاییەك بەکاردێ کە
ئەم لا و ئەو لای ئاو بێ،
پێوەندی بەم وشەیەوە هەبێ،
نەك لە وشەی بلند bilind ەوە
وەرگیرابێ کە بە مانای بەرزییە.
چۆنکە وشەی لەند lend لە
زمانی هیندیدا هەر بەو مانایە
بەکاردێ.

Liwêr لوێر/ Lewar لەوار، بە کەسی
خاوەن شت دەگوترێ (سەرنجی
لات و لوێر lat û liwêr / lat û
lewar لات و لەوار بدرێ). لە
شێوەزاری شاری کوناری
ئەفگانستاندا وشەی lwar لوار
هەیە بە مانای ← gewre
گەورە و سەرکردە serkirde.

Lixhaw لغاو، یان لغاڤ lixhav،
جۆرە ئاسنێکە دەیخەنە دەمی
ئەسپەوە بۆ ئەوەی لە کاتی
سواربووندا بتوانن بیگرن. لغاڤ
lixhav < لـ li + غاڤ xhav <

L ل

لـ li + گاڤ gav < لـ li + گەڤ gev < لـ li + گەپ gep (دەنگی پ p و ڤ v و w جێییەکدەگرنەوە). ← گەپ gep مانای قسەکردن و دەمبزواندنە. ل گەپ li gep مانای لە دەمنراو، لە دەمخراو (سەرنجی وشەی گاڵتە و گەپ gal'te û gep بدری)، تەنانەت وشەی گووپ gûp ی کوردی پێوەندیی بە گەپ gep ەوە هەیە. وشەی لغاو/ڤ lixaw/v لە فارسیدا بە شێوەی لگام legam دەرچووەو و لە عەرەبیدا بووە بە لجام. لە پەرتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" دا کە لە ساڵی 1976 دا چاپکراوە نووسیومە، کە لغاو lixhaw ی کوردی لە "لجام" ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ئەو بۆچوونەی ئەو کاتەم راست نەبوو. لێرەدا راستیدەکەمەوە.

Lo لۆ، لە: لەبۆ lebo وە هاتووە.

Lobî لۆبی. بە کۆمەڵێك کەس دەگوترێ کە پشتگیریی لە شتێك بکەن. وشەکە لە وشەی Lobia ی لاتینیی ناڤینەوە هاتووە کە مانای "کۆختە" koxte یە. لە ئەڵمانی و ئینگلیزیدا lobby یە کە لە بنەڕەتدا بە مانای "ژووری چاوەڕوانی" بووە.

Loc لۆج، وشەیەکی کۆنی فەڕەنسییە Loge (لۆژ). لە زمانی ئیتالییایدا بووە بە Loggia کە بە مانای ← کەپر kepir دێ.

Logarîtim لۆگاریتم. لە ماتماتیکدا بەکاردێ. وشەیەکی لاتینیی نوێیە کە لە ئینگلیزیدا بووە بە Logarithm و لە ئەڵمانیدا Logarithmus.

Lorî لۆری. وشەکە ئینگلیزییە lorry.

Luxhet لوغەت (لغة) (← لەهجە lehce).

L ل

Lûle لووله، له لوولکردن lûlkirdin ەوە دێ. لوول lûl و لوور lûr مانای پێچدان pêchdan و هەر یەك شتن. لۆرەپ lorep کونی گوانی چوارپێیە، کە شیر دێتە خوارێ پێیدا وشەیەکی زۆر کۆنی کوردی و هێندۆجەرمانییە. سەرنجی وشەی Rohr ی ئەڵمانی بدرێ کە بە مانای لووله و ← قامیش qamîsh دێ. وشەی لووله lûle هەر وەك خۆی کەوتووەتە فارسییەوە. (← ڕۆبار robar).

Lût لووت/← کەپوو kepû/ بێڤل bevil. لووت lût له ڕووت rûtەوە هاتووە. ڕووت rût خۆی وشەیەکی دیکەیە بۆ لووت lût.

M م

Mach ماچ، لە ← ماش **mash** ەوە هاتووە کە بەمانای ماڵینی جێگەیەکە (← ماشەدان **mashedan**، ماشەماش **mashemash**). ماچ **mach** ماڵینی روومەت، یان شوێنێکی دیکە، یان شتێکی دیکەیە، بە دەم. ماچ کردن **mach kirdin** واتە: ← ماشدان **mashdan**، یان ماشین **mashîn** ی ئەو شوێنە، یان ئەو شتە. ماش **mash** و ماچ **mach** و ماڵ **mal'** (ماڵین **mal'în**) بنەڕتیان یەکە. لە کوردیدا: ماچین **machîn** یش بۆ ماچ کردن **machkirdin** هەیە.

Mak ماك، لە کوردیدا گەلێك مانای هەیە. یەکێك لەوانە: "مادە **made**" یە کە بە مانای← دایك **dayk** یش دێ. ماك **mak** پێکهاتەی شتە. وشەی ماك **mak** لە پەهلەویدا ماتەك **matek** ە. ماتەك ڤار **matekvar** (رەسەن، ئەسڵی) یە. لە عەرەبیدا بووە بە مادّة و لە زمانی ئەڵمانیدا **materie** و لە ئینگلیزیدا **matter** و لە فەرەنسیدا **matière** و لە لاتینیدا **materialis**.

mal' ماڵ، واتە: ← خانوو **xanû**/ خانی **xanî** لە "مال" ی عەرەبییەوە نەهاتووە. ماڵ **mal'** لە بنەرەتدا مار **mar** ە کە هەتا ئەورۆ لە شێوەزاری هەولێر و دەوروبەریدا بەکاردەبرێ. وشەی مار **mar** لە هەمیار **hemyar** و هەمار **hemar** ەوە هاتووە کە مانای: شوێنی لێدانان و کۆکردنەوەی هەم (هەموو) **hem/hemû**

شتومەکە کە لە فارسیدا بووە بە انبار enbar و لە هێندەك شێوەزاری کوردیدا بووە بە عەمار ˁemar. (← ˁEmbar عەمبار). ← هەوار hewar یش کە لە بنەڕەتدا هەو(ڤ) ـ وار hew(v)war ە، واتە "هەڤ" hev (هەموو) لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، لەم ڕەگەوەیە.

Mal'bat ماڵبات، < ماڵ mal' + بات bat. ماڵبات واتە: ماڵی باوان (باوکان، باڤان) بۆ بنەماڵە و خانەوادە بەکاردەبرێ. بات bat لە باڤك bavk ەوە هاتووە، باڤك bavk بووە بە بافك bafk وئەوجا بافت baft و ئەوجا بات bat.

maman مامان، بەو ژنە دەگوترێ کە لە کاتی منداڵبووندا یارمەتیی ژن دەدا. مامان maman لە ماما mama (کە مانای دایك dayik ە) و مان man ەوە هاتووە واتە: مامامان mamaman. مان man و مینا mîna بە مانای ← وەك wek دێن. سەرنجی وشەی ئێمە و مانان ême û manan بدرێ کە مانای ئێمە و ئەوانەی وەك ئێمەن. مامان، کەسێکە وەك دایك وایە.

Mamir مامر (← مریشك mirîshk). ما ma وێنەیەکی دیکەی مێ mê یە. مر mir مەل mel ە. (← مەل mel) واتە: مەلێکی مێ.

Mamosta مامۆستا، لە دوو وشە پێکدێ: مام mam + وەستا westa. مام mam لە مام mam (برای باوك) ەوە نەهاتووە، بەلکو لە ئام am ەوە هاتووە کە بەشێکە لە وشەی

ئامۆژگار amojgar، واتە: کەسێك کە موچیاری muchyarî بکا. مۆچاندن mochandin لە کوردیدا مانای ئامۆژگاریکردن amojgarîkirdin ە. وشەی ئامۆژگار لە پەهلەویدا هەر وەك کوردییە، ئەوە نەبێ کە دەنگی گ g بووە بە ك k و دەگوترێ: ئامۆژکار amojkar واتە: کەسێك کە کارەکەی ئامۆژگاریکردنە. ئامۆژگار، لە فارسیدا بووە بە آموزگار amûzgar. بەشی دووەمی وشەی مامۆستا واتە: ستا sta لە ستات stat ی پەهلەوییەوە هاتووە، کە بە مانای گەیاندن geyandin ە. بەڵام وشەی أستاد ostad کە فارسەکان بەکاریدەهێنن بۆ مامۆستا و عەرەبەکان کردوویانە بە "أستاذ" ئەوە لە وشەی پەهلەوی ostat ئۆستات ەوە هاتووە، کە مانای لێزان و شارەزا shareza یە. هەر لەم وشەی ostat ەوە وشەی کوردی وەستا westa وەرگیراوە، کە بە کوردیی باکوور هۆستا hosta یە و بەو شێوەیە کەوتووتەوە ترکییەوە.

Man ~ ~ مان، پاشگرێکە کە بنووسێ بە هێندەك وشەوە، وشەیەکی نوێ دروستدەکا. بە مانای بیرکردنەوە و کەوتنە دۆخێکەوە، وەك سەرسوڕمان sersûřman، پەشێمان peshêman، دامان daman. ئەم پاشگرە لە ئاڤێستادا مەنەهـ meneh ە.

Man ~ ~ مان، پاشگرێکە بۆ ← جێگە cêge بەکاردێ واتە: ماڵ و شوێنی لێبوونە. وەك دارەمان

dareman (جیٚ دارودرەخت).
ئەم پاشگرە لە ئاڤێستادا دیمانە
dîmane یە.
Mana مانا، لە minîk ەوە هاتووە کە
مانای بیرکردنەوەیە. سەرنجی
وشەی ئینگلیزی to mean و
ئەلمانی meinen بدریٚ. وشەی
"معنی" ی عەرەبی لەمەوە
هاتووە. مانا mana لە "
معنی" وە نەهاتووە،
پێچەوانەکەی راستە.
Manshêt مانشێت. وشەیەکی
ئەورووپاییە بۆ سەر نێوی
وتارێك، یان هەواڵێك بەکاردیٚ.
لە manchette ی فەڕەنسییەوە
وەرگیراوە کە بە ئەلمانی
manschette ە.
Mar مار، (جانەوەر canewer) بە
پەهلەوی هەر مار mar ە. مار
mar بە شێوەزاری لوڕی بە
مانای دایك دیٚ. کە بە پەهلەوی
ماتەر mater ە و لە زمانە
ئەورووپاییەکانیشدا هەیە. بۆ
وێنە بە ئینگلیزی mother و
بە ئەڵمانی Mutter و لە
فارسیدا بووە بە مادر mader.
Marke مارکە، بە مانای نیشانە
nîshane و پێناسە pênase و
مۆدێل ← modêl ی شتێك
دیٚ. دەگوتریٚ ئۆتۆمبیلەکە چ
مارکەیەکە؟ وشەکە بە فەڕەنسی
marque و بە ئەلمانی marke
و، بە ئینگلیزی mark ە.
Maroxe مارۆخە (پارچە زەوی
گچکە) > مار mar (ماڵ mal’)
+ ۆخە oxe (ئاخە axe واتە:
زەوی (← ئاخ ax). مارۆخە
maroxe واتە: ماڵۆچکە
mal’ochke.
Mash ماش، (دانەوێڵە danewêl’e)
بە سانسکریت هەر ماش
mashە.

Mashedan ماشەدان/ ماشین
mashîn و ماشتین mashtîn
بە پاككردنەوە و گەسكدان و
ماڵین دەگوترێ. ماشە mashe
لە ماژە maje و مژین mijîn
ەوە هاتووە. كورد دەبێژن:
"نانەكەی ماشە ماش
mashemash خوارد"، واتە:
هەمووی خوارد و رامالی دا.
وشەی ← ماچ mach یش هەر
لە ماش mash ەوە هاتووە.
وشەی ماشین mashîn و ماڵین
malîn یەك بنەڕەتیان هەیە،
دەنگی ش sh و ڵ l'
جێییەكیانگرتووتەوە.
Mashên ماشێن (ترومبێل
tirombêl) وشەكە لە وشەی
فەڕەنسییەوە وەرگیراوە كە
مانای ← مەكینە mekîne یە.
Mashîn ماشین (← ماشەدان
mashedan).

Masî ماسی، بە ئاڤێستایی مەسیە
mesiye و زمانی پارتی
masyag ە و لە پەهلەویدا
ماهیك mahîk ە ولە فارسیدا
بووە بە ماهی mahî. دیارە
دەنگی س s شێوەیەكی كۆنی
دەنگی ه h یە (وەك ئاسن asin
كوردی و آهن ahin فارسی).
Mast ماست، بە سانسكریت بە شیری
ترش دەگوترێ مەستو mástu
كە لە لاتینیدا بووە بە moose.
Mat مات (← matemînî
ماتەمینی).
Matemînî ماتەمینی، واتە: دۆخی
خەمداگیری و، بەدەست خەمەوە
دامان و مات دامان. مات mat لە
زمانی كوردیدا بە مانای كپی
kipî و بێدەنگبوون
bêdengbûn ە، بە هۆی خەم،
یان، بیركردنەوەی قووڵەوە.
وشەی مات mat وشەیەكی

کۆنی هێندۆئەوروپاییە کە لە گەلێك لە زمانە ئەوروپاییەکاندا هەیە. بۆ وێنە: **mat** بە فەرەنسی و **matt** بە ئەڵمانی، بە مانای کز **kiz** و بێجووڵە **bêcûl'e** و بێتاقەت دێ. مین **mîn** لە مینا **mîna** وە هاتووە کە بە مانای وێنە **wêne** (وەکو **weku**)ە (← مینا **mîna**). ماتەمینی **matemînî** وێنەی ماتی بە خۆوەگرتن. وشەی "مأتم" ی عەرەبی لە ماتەمینی **matemînî** کوردیەوە وەگیراوە.

Mater ماتەر (← **meter** مەتەر).

Maxolan ماخۆلان، وشەیەکی بە بنچینە یۆنانییە: **melaxolia** کە لە زمانی ئینگلیزیدا بووە بە **melancolia** و لە ئەڵمانیدا **Melankolie**. ماخۆلان نەخۆشییەکی دەماری مێشکە کە مرۆڤ جێ بە خۆی ناگرێ. (ئەوە چییە؟ ماخۆلانت گرتووە؟).

Maye مایە، بە بنەچە و رەچەڵەکی شت دەگوترێ، یان، بڕ **biř**، هەند **hend** (مقدار) ی شت. بە پەهلەوی ماتەك **matek** ە کە لە عەرەبیدا بووە بە مادة. وشەی سەرمایە **sermaye** لەمەوە هاتووە و کەوتووەتە زاری فارسی و ترکی و عەرەبییەوە.

Mayesîrî مایەسیری، یان باوەسیری **bawesîrî** نەخۆشییەکە تووشی کۆمی مرۆڤ دەبێ. لە باسۆرە **basore** وە هاتووە. کۆمی مرۆڤ دەئاوسێ (بادەکا) و سۆردەبێتەوە. ئەم وشەیە، بە شێوەی بواسیر کە وشەی باسۆرە **basore** یە و گەل (جمع) کراوەتەوە، کەوتووەتە زاری عەرەبی و زاری فارسیش هەر

بەو شێوەیە، لە عەرەبییەوە وەریگرتووە.

Me مە (← مەقاش **meqash**).

Megez مەگەز (← مێش **mêsh**).

Megrîcenî مەگریجەنی (مقەست **miqest**، قەیچی **qeychî**، دوێرد **dwêrd**) مەگریجەنی **megrîcenî** لە مەگریژەنی **megrîjenî** یەوە هاتووە، واتە: مەگر لێدان **megirlêdan** (ژەندن **jendin** مانای لێدان **lêdan** ە، بلوێرژەن **bilwêrjen** = بلوێرلێدەر **bilwêrlêder**). مەگریجەنی **megrîcenî** کە لە مە **me** + گر **gir** + ی **î** + جەنی **cenî** یەوە هاتووە لە بنەرەتدا > مە **me** + گر **gir** + ی **î** + ژەنی **jeni** یەوە هاتووە. واتە: ئەو ئامێرەی کە لە شتێکی گیراو دەدا (← مەقاش **meqash**).

Meh مەهـ (مانگ **mang**) بە ئاڤێستایی ماونگهە **mawinghe** و، ماهە **mahe** و ماسە **mase** یە.

Mehabad مەهاباد، مەهـ **meh** وێنەیەکی دیکەی مەز **mez** ە. کە مەز **mez** لە مەزن **mezin** ەوە هاتووە و بە مانای گەورە **gewre** یە. مەهاباد وێنەیەکی دیکەی مەزناوا **mezinawa** یە.

Me مە (← مەقاش **meqash**).

Mekare مەکارە (← مەقاش **meqash**، ← مەگریجەنی **megrîcenî**).

Mekîne مەکینە (ئەو ئامێرەیە کە دەزگەیەك دەخاتە کار). وشەیەکی ئەورووپاییە کە لە فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزیدا هەیە: بە ئەڵمانی **maschine** و بە فەرەنسی **machine** و بە ئینگلیزی **machinery** و بە لاتینی **machina**. وشەی میکانیك **mîkanik** کە بە مانای جووڵان

و بزووتن cûlan û bizûtin ە، هەر لەم بنەڕەتەوە هاتووە.

Meko مەكۆ/ مەكۆك mekok (← مەگریجەنی megrîcenî).

Mekok مەكۆك (← مەقاش meqash).

Mel مەل (پەلەوەر pelewer، باڵدار baldar، باڵندە bal'inde) مەل mel لە مەر mer ەوە هاتووە كە دەنگی ر r یّی كۆن بووە بە ل l. "مەر mer" و "مر mir" هەردووكیان بە مانای پەلەوەر pelewer دێن. مر mir لە وشەی ← مریشك mir + îshk (واتە: مەلێكی بچووك). مراوی mirawî mir + awî واتە: مەلی ئاوی melî awî (پەلەوەری ئاوی pelewerî awî). مر mir بە پەهلەوی مورڤ murv ە. كە بە كوردیی فەیلی "مرخ mirx"ە. لە زمانی كوردیدا قەلمراو qelmiraw هەیە، ئەو قەلەیە كە وەك مراوی دەتوانێ بچێتە نێو ئاو. "عەینە مەل eyne melʿ" كە بە كوردیی هەورامی "ئاینە مەل ayne mel" ی پێدەڵێن، بە مانای: مەلی فێلباز melî fêlbaz ە. ئاین ayin وشەیەكە كە یەكێك لە ماناكانی فێل fêl ە. (سەرنجی وشەی: ئاین و ئۆین ayin û oyin بدە) كە وشەی ئۆین oyin بە مانای یاری yarî یە و كەوتووەتە زاری تركییەوە. دەنگی "ع" كە لە بنەرەتدا لە زمانی كوردیدا نییە، بە زۆری، لە جیاتی بزوێن (vowel) ی درێژ دێ. بۆ وینە دەنگی a لە وشەی كانی kanî دا و لە شێوەزاری كوردیی رۆژئاوادا دەبێتە ع eʿ و دەگوترێ كەعنی keʿnî. شایانی باسە، بە پێی

میتۆلۆژیای کورد (ئێزدی و یارسانی) ڕەوانی ئێزدانی لە پێش ئاڤراندنی گەردووندا، لە شێوەی مەلێکدا بووە. مەل لە کن کوردی کۆن پیرۆز بووە، بۆ وێنە: سیمرخ **sîmirx**، کە مرخ **mirx** هەر وەك لە کوردیی فەیلیدا، مانای مەل **mel** ە. لە زمانی کوردیدا بە ← ئاڤژەنی **avjenî** دەگوترێ مەلە **mele** چۆنکە مرۆڤ بەسەر ئاوەوە هەردوو باڵی وەك مەل دەجووڵێنێ.

Mele مەلە (← مەل **mel**).

Memik مەمك < مەم **mem** + ـك **ik**. مەم **mem** لە (مام **mam** واتە: دایك **dayik**) ەوە هاتووە کە بە پازەندیش هەر مام **mam** ە. ـك **ik** پاشگرێکە بۆبچووککردنەوە بە نیشانەی خۆشەویستی.

Mend مەند (← مەنگ **meng**).

Meng مەنگ (← بەنج **benc** و پەنج **penc**).

Menî مەنی (← خواردەمەنی **xwardemenî**).

Meqash مەقاش/ مقاش **miqash**/ مەقاش **meqash** < مە **me** + قاش **qash**. قاش **qash** وێنەیەکی دیکەی کاش **kash** ە، بە گۆڕینی دەنگی ك **k** بۆ ق **q**. کاش **kash** لە کوردیدا بە مانای کێشکردن **kêshkirdin** دێ. مە **me** پێشگرێکە کە لە گەلێك نێوی ئامێر (ئالەت) دا هەیە. وەك ← مەکۆك **mekok** (ئامێرێکە جۆلا بەکاریدەهێنێ بۆ ڕستن، واتە: ڕێکخستنی جلك)، ← مەکارە **mekare** (ئامێرێکە دارتاش بەکاریدەهێنێ بۆ تاشینی دار)، مەتارە **metare** (ئەو

گومگومەیەیە کە ئاوی تێدەکرێ کاتێك مروڤ بچێ بۆ شوێنی دوور و لە ماڵی خۆی تەرە tere ببێ، واتە: جیابێتەوە (← تاراوگە tarawge)، مەگریجەنی megrîcenî (مقەست miqest، / تۆرتۆ torto مەرازێکە بۆ بڕینی شت). مە me کورتکراوەی ـ مایە maye یەیە، کە لە زمانی کوردیدا گەلێك مانای هەیە، یەکێك لەوانە هۆ ho (وسیلە، سبب) یە. مەقاش meqash یش وشەیەکە لەو بابەتە پێکهاتووە، واتە: لە مە (هو) + قاش. قاش qash (وێنەیەکی دیکەی وشەی کاش kash/ کێش kêsh ە، بە گۆڕینی دەنگی ك k بۆ ق q، (سەرنجی: رك rik و رق riq و کین kîn و قین qîn و ... هتد بدە). کەواتە: مەقاش meqash مانای هۆی کێشکردن hoy kêshkirdin واتە: هوی راکێشان hoy rakêshan. وشەی مەقاش meqash بە شێوەی منقاش minqash کەوتووتە زاری عەرەبی و، بە شێوەی ماشە mashe کەوتووتە زاری ترکییەوە.

Meqel’î مەقەڵی > مە me (پێشگرێکە بۆ ئامێر amêr (← مەقاش meqash) + قەڵی qel’î ـ کەڵی kel’î مەبەست لە "کەڵی kel’î" کەڵە ئاگر kel’e agir).

Meř مەڕ، کە بە کوردی مێشن mêshin و میشنە mîshine شی پێدەڵێن، بە پەهلەوی مێش mêsh ە کە لە فارسیدا بووە بە میش mîsh. دەنگی ش sh گۆڕاوە بە ڕ r. وەك چۆن دەنگی ش sh لە وشەی چوارمەشقی

chwarmeshqî دا گۆڕاوە بە ر r و بووە بە چوارمێردەکی chwarmêrdekî (سەرنجی پاش ـ شێو pash-shêw بدە کە بووە بە پار ـ شێو -par shêw) وشەی مێش mêsh لە کوردیی باکووردا بووە بە مێهـ mêh، کە لەمەوە وشەی مێهتن mêhtin واتە: مژین mijîn (دۆشین doshîn ی مەڕ) وەرگیراوە. وشەی مەڕ mer/مێهـ mêh (مێش mêsh) پێوەندیی بە روون rûn و چەوری chewrî یەوە هەیە (← مەشکە meshke).

Merg مەرگ (مردن mirdin) بە ئاڤێستایی مەهرگە mehirge یە. لە فارسی و کوردیدا وەك: مەرگ merg بەکاردەبرێ و لە فەڕەنسیدا mort و بە زمانی ئەڵمانی Mord بە کوشتن و مراندن دەگوترێ.

Mesaj مەساژ. هەواڵدانان بۆ یەکێك، بەتایبەتی لە کاتی تەلەفۆنکردندا، ئەگەر ئەو کەسە خۆی لەسەر تەلەفۆن نەبێ. بە ئینگلیزی و فەڕەنسی message ە و، وشەکە لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگیراوە.

Mesh مەش، لە "مشی" عەرەبییەوە نەهاتووە کە مانای "رۆیشتن بە پێ" یە، بەلکو بنەڕەتێکی هیندۆئەوروپایی هەیە. سەرنجی وشەی marche ی فەڕەنسی و marschieren ی ئەڵمانی بدە کە بە مانای رۆیشتن و کەوتنەڕێ یە. مەش mesh کورتەی مارش marsh ە.

Meshke مەشکە، پارچە پێستەیەکی مەڕە، جاروبار دەباخیش دەکرێ و بەکاردەبرێ بۆ شڵەقاندنی ماست mast، کە لەوەوە روون و دۆ لە یەك جیادەکرێنەوە. مەشکە meshke بە پەهلەوی

مەشك meshk ە، تەنانەت پێستی مەڕ و بزن کە دەباخیکرا بێ پێیدەگوترێ مێشن mêshin. مەش mesh/مش mish لە بنەڕەتدا مانای چەوری chewrî و روون rûn ە (⟵ چەور chewir). ئاینی عیسایی، کە پاش ئاینی زەردەشتی پەیدابوو، عیسای نێونا مشێح mishêĥ واتە: سڕاو (هەنووراو) بە روون، بە روون چەورکراو. وشەی "مشێح mishêĥ" کە لە ئارامیدا بەکاردەبرێ، لە عەرەبیدا بووە بە "مسیح" کە وشەی "مسح" ی عەرەبی بە مانای سڕین siřîn لە وەوە هاتووە.

Metare مەتارە (⟵ مەقاش meqash).

Meter مەتەر/⟵ Dayik دایك/ Mater ماتەر، وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە. بە ئەڵمانی Mutter، بە ئینگلیزی Mother. بە فارسی مادر mader.

Metrlewêz مەترلەوێز. فەڕەنسیە mitrailleuse

Mewîj مەویژ (⟵ مێوژ mêwij).

Meydan مەیدان، لە پەهلەویدا هەر مەیدان meydan ە.

Meykut مەیکوت/ مێکوت mêkut (⟵ مەقاش meqash).

Meze مەزە، ئەو خواردنەیە کە لە گەڵ خواردنەوەی ئەلکۆلی، وەك بیرە و مەی و ئارەق دەخورێ بۆ تام و چێژ. کورد دەبێژن: مەزەم نەکردووە، واتە: نەمچێشتووە. مەزە meze لە مژ mij ەوە دێ کە بە پەهلەوی مێچەك mêchek ە. بە کوردی دەگوترێ: تۆ مژێکی لێدە، واتە: تام و چێژەکەی تاقیکەرەوە، بزانە چۆنە. وشەی چێژ chêj یش هەر لە بەشی دووەمی وشەی مێچەك mêchek ەوە

(مێ mê + چەك chek) دێ. واتە: چەك chek < چێك chêk < چێژ chêj ئەوجا، وشەی مێخۆش mêxosh یش هەر لە مێ mê + خۆش xosh ەوە هاتووە کە مێ mê لێرەدا لە مێینە وە نەهاتووە، بەڵکو لە مژ mij ەوە هاتووە، واتە: تام و مژی خۆشە.

Mezin مەزن، لە وشەی ئاڤێستایی: مەزەنت mezent و مەزێنە mezêne وە هاتووە کە شێوەی دیکەشی هەیە، وەك: مەسەن mesen و مەس mes کە دوورنییە وشەی mister و master ی ئەوروپایی هاوڕەگی ئەم وشە ئاڤێستاییە بن.

Mêhtin مێهتن (مژین mijîn/دۆشین doshîn) (← مەڕ meř).

Mêkut مێکوت، لە مێخ کوت mêx-kut ەوە هاتووە، ئامێری کوتانی ← مێخ mêx.

Mêrdezime مێردەزمە، پیرهەڤۆك pîrhevok، جنۆکەیەکە مێرد تاقیدەکاتەوە. زمە zime لە ئەزمە ezme ەوە هاتووە، کە مانای تاقیکردنەوەیە (ئەزموون ezmûn تاقیکردنەوە).

Mêsh مێش، واتە: سپییەکی کەوەیی sipîyekî kewî (← شین باو shîn baw). هەروەها وشەی خۆڵەمێش xol’emêsh کە رەنگەکەی سپیەکی شین باوە لە مەوەوە هاتووە. مێش mêsh لە فارسیدا بووە بە مشکی mishkî و بۆ رەنگی رەش resh ی کاڵ بەکاردەبرێ.

Mêsh مێش، لە مە me و ئێش êsh ەوە هاتووە. مە me هۆ ho یە. (← مەقاش meqash). واتە: هۆیەك بۆ ئێش و ئازار گەیاندن، کە هەر لە کوردیدا وشەیەکی دیکە هەیە بۆ مێش mêsh کە مەگەز (مە ـ گەز

(me-gez (هۆی گەزین) hoy
gezîn) و لە فارسیدا بووە بە
مگس meges. مێش mêsh بە
پەهلەوی مەخش mexsh ە.

Mêwij مێوژ/ Mewîj مەویژ ، واتە:
ترێی وشك (هیشك) tirêy
hîshk. مێوژ mêwij > مێو
mêw + ـژ ij ـ، مێو mîw لە
زمانی کوردیدا بە ترێ tirê
(تەری terî) دەبێژن. دەگوترێ:
دارمێو darmêw واتە: داری
ترێ darî tirê. مێوژ لە
بنەرەتدا مێووشك
mêwwishkە واتە: ترێی وشك.
مێووشك mêwwishk >
مێووش mêwish > مێوژ
mêwij. مێوژ mêwij
کەوتووەتە زاری فارسییەوە بە
شێوەی "مویز" mewîz، چونکە
لە زمانی کوردیدا لە پاڵ وشەی
"مێوژ mêwij" ەوە وشەی
مەویژ mewîj یش هەیە کە لە
بنەڕەتدا مێوویشك mêw
wishk ە. فەرهەنگی فارسی
معین ئاماژە بەوە دەکا کە وشەی
"مویز" ی فارسی لە کوردییەوە
وەرگیراوە.

Mêx مێخ، لە پەهلەویدا: مێگ mêg ە
و لە فارسیدا بووە بە میخ mîx
و بە شێوەی مخ mih
کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Mêxosh مێخۆش (← مەزە meze).

Mêz مێز، وەك ئامێری نان لەسەر
خواردن، یان بەکارهێنانی بۆ
کاروباری نووسین، وشەیەکی
هیندۆئەوروپاییی کۆنە. بە
ئاڤێستایی مێز mêz و میەزە
miyeze کە مانای "مێوان
mêw/van"، یان ئەو شتانەیە
کە بۆ مێوانداری بەکاردەبرێن
(مەزە meze). بە زمانی لاتینی
مێنزا mensa مانای مێز mêzە

که ئەورۆش لە زمانی ئەڵمانیدا بەکاردەهێنرێ بۆ نێوبردنی ئەو چێشتخانەیەی که خوێندکارەکانی زانستگەکان و کاربەدەستانی، نان دەخۆن لەوێ. دەبێ بگوترێ کە دەنگی س s لە زمانی ئەڵمانیدا وەك ز z (زێ) دەردەبڕدرێ، واتە: دەگوترێ "مێنزا" نەك "مێنسا". وشەی مێز mêz کەوتووەتە زاری ترکی و عەرەبییەوە. لە ترکیدا بووە بە ماسە mase و لە عەرەبیدا "ماصة" و "منصة". فارسەکان وەك میز mîz دەریدەبڕن.

Mêzer مێزەر، ئەو پارچە پەڕۆیەیە کە بە زۆری، پیاوە ئاینییەکان لە کوردستاندا، دەیبەستن بە سەریانەوە. ئەم وشەیە لە وشەی یۆنانیی کۆن میترا μίτρα (mîtra)وە هاتووە، کە کەوتووەتە زمانی لاتینی و ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە. بە ئەڵمانی میترا mitra یە و بە فەڕەنسی میتر mitre ە و بە ئینگلیزی مایتەر mitre ە. وادیارە سەردەمی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆئەو زەمانەی (← زەمان zeman) کە پێوەندیی زانستکارانی کورد و یۆنانییەکان لەڕێی زانستگەی هاران haran (کە عەرەبەکان کردوویانە بە حَرّان) ی نێزیك ئورفە لە باکووری کوردستان، بە هێز بووە. زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی لە کوردییەوە وەرگرتووە و کردوویەتی بە "مئزر".

Micêwir مجێور/ مجەور micewir. لە مووچەوەر mûchewer، یان مزوەر mizwer ەوە هاتووە، کە مووچە mûche و مز miz

هەردووكیان، پێوەندییان بە پارە، یان بە شتێكەوە هەیە كە دەدرێ بە كەسێك، بەرامبەر بە كارێك، كە ئەو كەسە راگیرابێ بۆی.

Milhuř ملهوڕ **Milhor** ملهۆر < مل **mil** + هوڕ **huř**. هور **hur** (هۆر **hor**) مانای ← (ئە)ستوور **e(stûr)** ە. هور **hur** و ستوور **stûr** هەر یەك وشەن، بەڵام دەنگی ه **h** وس **s** جێی یەكیانگرتووە. بۆ وێنە سێ (3) لە كوردێی كرمانجكی (زازاكی) دا هرە **hire** یە. كەواتە: ملهور **milhur** مل (ئە)ستوور **mil(e)stûr** ە و بە كەسێك دەگوترێ كە زۆردار **zordar** و دەستوەشێن **destweshên** بێ.

Minawere مناوەرە. وشەیەكی ئەوروپاییە، كە لە بنەڕەتدا لاتینییە**manu operari** واتە: بەدەست جێبەجێكردن. لە فەڕەنسیدا بووە بە **manoeuvre** و لە ئینگلیزیدا **maneuver** و بە ئیتالیایی **manovra** و بە ئەڵمانی **manöver** و لە عەرەبیدا مناورة.

Mindal’ منداڵ **Mindar** مندار، منداڵ < مند **mind** + ئاڵ **al’** < منج **minc** + ئار **ar**. دەنگی ج **c** لە منج **minc** دا بووە بە د **d** و ئار **ar** یش بووە بە ئاڵ **al’**. ئار **ar** لە ئاردن **ardin**/ ئاوردن **awirdin** ەوە هاتووە. وشەكە لە بنەڕەتدا منج ئار **minc ar**. منج **minc** و بنج **binc** هەردووكی بە مانای بنەڕەت **bineřet** و تۆو **tow** دێن لە زمانی كوردیدا. واتە: لە تۆوەوە دروست بوو، لە تۆوەوە هاتوو. وشەی منداڵ/مناڵ **mindal’/minal’** پێوەندیی

نییه به "مال و منال" ەوه چونکه ماڵ mal' ی کوردی و مال mal' ی عەرەبی دوو وشەی بنەڕەتجیاوازن. (← ماڵ mal'). بێجگه لەمەش، وشەیەکی کۆنی ئیرانی هەیه که له وشەی منداڵ mindal' ەوه نێزیکه، ئەوەش مەنتەره mentere یه.

Mirîshk مریشك (← مەل mel).

Mirov مروڤ/ مەرڤ meriv/ مرۆ miro. مرۆڤ mirov که به مانای ئادەمزاد ademzad و خەلك xelk دێ، له پەهلەویدا "مەرتۆم mertom" ە و له فارسیدا بووه به "مردم" (مەردوم merdom). دەنگی م m ی پەهلەوی، بەزۆری، له کوردیی ئەورۆدا به شێوەی w و یان ڤ v دێته دەربڕین. مەرتۆم mertom > مەرتۆڤ mertov > مرتۆڤ mirtov > مرۆڤ mirov. وشەی مەرتۆڤ mertov له ← مەل mel و تۆڤ/تۆو tov/w واته: تۆوێك که له بووەی پیرۆزەوه هاتووه. (← مەل mel).

Mishe مشه (← مەشەخۆر mishexor).

Mishema مشەما، به پارچه پەرۆیەك دەگوترێ، که مۆمی تێهەلسوورابێ و چەورکرابێ. ← مش mish ← مانای چەوری chewrî یه. هەر له کوردیدا بۆ مشەما mishema وشەی مۆمینه momîne و مۆمناو momnaw یش هەیه. تەنانەت وشەی مۆمیا momya که دەرمانێکه، لەشی مردووی پێ چەور دەکەن، بۆ ئەوەی نەرزێ، له مۆمکردن momkirdin ەوه هاتووه، واته:

له چەورکردنەوە هاتووە (← چەور chewir، ← شەم shem).

Mishexor مشەخۆر/ **Mifexor** مفەخۆر. له کوردیی ئەوڕۆدا بە مانای شتێك دێ کە بە خۆڕایی بخورێ، هەروەك لرف لێدان lirf lêdan. لرف lirf قووتدانە بە پەلەوە و، له دەنگەکەیەوە ئەو نێوەی گرتووە. (← مووچە mûche).

Mishmish مشمش، بە کوردیی باکوور بە قەیسی qeysî دەبێژن. وشەکە لە مژمێوژ mijmêwij ەوە هاتووە، واتە: تام مێوژ tammêwij. مشمش هەر بەو شێوەیە کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە (← مەزە meze).

Misk مسك، جۆرە بۆنێکە. له وشەی سانسکریتی موسکە muske ەوە هاتووە کە لە یۆنانیدا بووە بە mosxos (μόσχος) و زمانی عەرەبی، وەك خۆی، بە شێوەی مِسك وەریگرتووە. له کوردیدا جۆری بۆنەکەی پێچەوانە دەبێتەوە لە بۆنی خۆشەوە بۆ بۆنی ناخۆش، سەرنجی وشەی بۆمچك bomichk < بۆن مچك bon michk بدرێ. کە مچك michk و مسك، یەك بنەڕەتیان هەیە.

mizir مزر (واتە تامی وەك تامی ماستی ترش). ماست ترش mast tirsh < مەز ترش mez tirsh < مەزتر meztir < مزتر miztir < مزر mizir (← ماست mast).

Mîna مینا، بە مانای وێنە wêne و نموونە nimûne و وەك wek دێ و، میناکی mînakî ش بە مانای (معنوی) دێ. مینا mîna

له وشەی ئاڤێستایی مینو mînu ەوە هاتووە کە بە پەهلەوی ماناك manak و مانە mane یەو لە فارسیدا بوە بە (مانند) مانەند manend. مینا mîna هاومانای وشەی وێنە wêne یە. مینا mîna بووە بە وینا wîna و ئەوجا وێنا wêna و دوایی وێنە wêne (← ماتەمینی matemînî).

Mînak میناك (وەك /wek وەکو /weku وەکی wekî) بە پەهلەوی ماناك manakەوە، لە فارسیدا بووە بە (مانند) مانەند. لە زمانی کوردیدا میناك mînak یش هەیە بۆ (مثال). (← مینا mîna).

Mînga مینگا، وشەیەکی دیکەی کوردییە بۆ ← مەر /mer ← پەز pez. مینگا mînga لە مین mîn + گا ga ەوە هاتووە. مین mîn/مینا mîna واتە: وەك wek/وەکی wekî/وەکو weku. مینگا واتە: لە گا دەچێ wekî ga/v.

Mîqat میقات، کورد دەبێژن: کاتژمێرەکە میقاتە. واتە: کاتەکە بە ڕاستی و تەواوی پێشاندەدا. میقات کردن mîqat kirdin مانای پێشکەوتن و پاشکەوتنی کاتژمێرەکە نەهێلراوە. میقات mîqat > میـ mî + قات qat. قات qat و کات kat هەردووکیان یەك وشەن. دەنگی ق q و ك k جێگۆڕکێیانکردووە. وشەی کات kat شێوەی زۆرە، لەوانە: قاف qaf و گاڤ gav و کاو kaw. "لە قافێ خۆیدا قسە بکە" واتە: "لە کاتی خۆیدا..."، "گاڤا ئەز لە کەرکوك بووم" واتە: "کاتێك ئەز لە ..."، "لە ناکاو

هات" واتە: "لە کاتی خۆیدا نەهات". میـ mî کورتەی مینا mîna یە کە، لە کوردیی باکووردا باوە و بۆ "وەك، پڕ بە پڕی شتێك" بەکاردێ. کەواتە: میقات mîqat مینا کات mîna kat ە، واتە: وەك کاتەکەیە بە تەواوی.

Mîwan میوان/ mêvan مێڤان (← مێز mêz).

Mode مۆدە. بەشتێك دەگوترێ کە لە کاتێکی دیاریکراو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ← باو baw بێت و برەوی هەبێ. وشەکە لە وشەی لاتینی modus ەوە وەرگیراوە، کە لە فەڕەنسیدا بووە بە mode مۆد. بە ئینگلیزی mode ە و بە شێوەی موود moud دەردەبڕدرێ.

Modêl مۆدێل وشەیەکی ئەوروپاییە بەمانای جۆر cor و نموونە nimûne دێ. بە فەڕەنسی modèle و بە ئەلمانی modell و بە ئینگلیزی model ە.

Modêrin مۆدێرن. تازەبابەت، شتی سەردەمی نوێ. لە وشەی لاتینی modernus ەوە هاتووە کە لە فەڕەنسیدا بووە بە مۆدێرن moderne و لە ئینگلیزیدا modern.

Mom مۆم (← شەم shem).

Mostre مۆسترە. شتی سەیروسەمەرە. وشەکە دەبێ زۆر کۆن بێ. لە زمانە ئەوروپاییەکاندا بۆ شتی سەیروسەمەرە وشەیەکی لەم جۆرە هەیە. بە ئەلمانی mysteriös ە، کە لە وشەی یۆنانی (μυστηριώδης)ەوە هاتووە و، بە هێندەك نهێنیی خوایەتی گوتراوە، کە بەلای خەلکەوە سەیربووە. لە ئینگلیزیدا mysterious ە.

Motor مۆتۆر (ئامێری جوولان). وشەیەکی ئەوروپاییە. بە

ئینگلیزی motor و بە ئەڵمانی Motor و فەڕەنسی moteur. لە کوردیدا زۆر جار بە شێوەی ماتۆر mator دەگوترێ. (بۆ وێنە ماتۆر سایکل) چۆنکە ئەوەش لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. وشەی مۆتۆر motor بە ئینگلیزی بە جۆرێك دەردەبڕدرێ کە لە ماتۆر mator ەوە نزیکە.

Mûche مووچە/ **Mûshe** مووشە. جۆرە خواردنێکە، یان پارەیەکە کە کوردی سەر بە ئاینی یارسان yarsan وەك خێر بەسەر خەلکدا دابەشیدەکەن و، ئێستە بەکاردێ بۆ کرێی کاربەدەستانی میری. لە زمانی کوردیدا وشەی مووتگ mûtig هەیە کە بە مانای بەشێکە، یان کەمێکە لە شتێك. دەبێ مووتگ mûtig بووبێتە مووچگ mûchig و ئەوجا مووچە mûche. وشەی مشەخۆر mishexor، کە بە کەسێك دەگوترێ بەخۆڕایی شتێك بخوات، یان بە بێ زەحمەتکێشان، وەربگرێت، لە وشەی مووچە mûche/ مووشە mûshe وە هاتووە، چونکە مووچە mûche لە بنەڕەتدا پارەیەك بووە بە خۆڕایی دراوە بە خەلك، لەمەوە وشەی "مەواجیب" پەیدابووە.

N ن

Nahît ناهیت. نێوێکی ژنانەیە، کورتەی ئاناهیتا Anahîta یە کە لە ئاینی زەردەشتیدا (← زەردەشت zerdesht) ئیزەدی ئاوە. ئاڤێستا ئاناهیتا وەك کچێکی جوان و گەڵەگەت پێشان دەدا.

Nakaw ناکاو/ نەکاو nekaw/ نشکاڤ nishkav. هەرسێ وشەکە هاومانای یەکن. واتە: شتێك لە کاتی خۆیدا روونەدا. ناکاو nakaw > نا na + کاو kaw. کاو kaw و کات kat و گاڤ gav و قاف qaf، هەرچواریان وێنەی جیاوازی یەك شتن کە ئەوەش کات kat ە. نەکاو nekaw واتە: نەکات nekat. نشکاڤ nishkav > نـ n + ش sh (ژ j) + کاڤ kav (گاڤ gav) واتە: نەژگاڤ nejgav واتە: نەلگاڤدا ne le (نە لە کاتدا neligavda katda). (ئەو مەری نشکێڤە ew merî nishkêve دەرکەت derket).

Namo نامۆ. مۆ mo کورتکراوەی کەمۆ kemo یە کە مانای هۆگر hogir وماڵی malî یە. دەستەمۆ destemo هۆگری دەست و ماڵ دەگەیەنێ. نامۆ namo = ناماڵی namal'î

Namûs نامووس (خوورەوشت xûřewisht) لە وشەی یۆنانی nómus (نۆموس νόμος) ەوە هاتووە، کە بە مانای نەریت nerît و ← قانوون qanûn دێ و کەوتووەتە زاری عەرەبی و فارسی و ترکییەوە.

nankor نانکۆر/ نانکوێر nankör واتە: سپڵە sipl'e/ پێنەزان pênezan. بە کەسێك دەبێژن

که چاوی بەرامبەر ئەو نانەی که هی خەلك بووە و، خواردوویەتی کۆر بێ. ئەم وشەیە، هەروەك خۆی چووەتە زاری ترکییەوە بە شێوەی **nankör**.

Narbe ناربە، بە گۆپکێك دەگوترێ که پشکووتبێ. < نارب **narb** + بە **be**. لە ئەڵمانیدا، بە پارچە گۆشتێکی بچووك، که لە دەموچاو، یان پێستی لەش هاتبێتە دەرێ دەگوترێ ناربە **Narbe**.

Narinc نارنج، میوەیەکە لە خێزانی ← پرتەقاڵ و ← کەبات و لالەنگی. ئەم وشەیە لە نار **nar** و رەنگ **reng** ەوە هاتووە. واتە: لە رەنگی نار **nar**، که نار **nar** هەنار **henar** ە. لالەنگی بە کوردی نارنگی **naringî** یە، واتە: نار رەنگی **nar rengî** رەنگی وەك نار.

Naringî نارنگی (← نارنج **narinc**).

Nashta ناشتا، واتە: خواردنی شتێك لە خورێنێ، واتە: کەسێك که هێشتا نانی نەخواردووە و برسییەتی و خەریکی نانخواردنە. شتا **shta** لە زمانی سانسکریتدا مانای خواردن **xwardin** ە. کەواتە: ناشتا **nashta** مانای نەخواردووە. هەر لە وشەی شتا **shta** وە وشەی "إشتهاء" ی عەرەبی وەگیراوە، لە رێی زاری فارسییەوە، که دوو دەنگی شت **sht** بەیارمەتیی بزوێنی **i** دەردەبڕدرێ.

Nawbijîkirdin ناوبژیکردن/ نێوبژیکردن **nêwbijîkirdin**/ ناڤجی کرن **navcî kirin** < نێو/ناو **nêw**/ **naw** + بـ **bi** + ژی **jî** + کر(د)ن **kir(d)in**، واتە: نێوان **nêwan** + بـ **bi** +

جیاکر(د)ن ciyakir(d)in
واته: نێوانی دوو لا، له یەکدی
جیاکردنەوە. دەنگی ج c بووە
بە ژ j وەك چۆن وشەی
سەرژێکرن serjêkirin کە له
سەرجیاکردن serciyakirdin
ەوە هاتووە. (← شەرژێکرن
sherjêkirin).

Nax ناخ، واته: بەشی نێوەوە (ناوەوە)
ی شتێك (لە ناخی دڵمەوە
دەبێژم... هتد.) > ناو naw +
← ئاخ ax، ناو naw (نێو
nêw)، ئاخ ax (← خاك xak،
زەوی zewî، بنی شتێك binî
shtêk).

Nay نای/ نەی ney، ئامرازێکی
مۆزیکی کۆنی کوردە. بە
پەهلەوی نای nay، بە کوردی
← بلوور bilûr و ← بلوێر
bilwêr یشی پێدەڵێن.

Nawaze ناوازە/ نەمازە nemaze
واته: شتێکی تایبەتی و بژاردە
taybetî, bijarde. > نا na +
واز waz ← ە e + واز waz
مانای کراوە kirawe/ ڤەکری
vekirî و بەرەللا berella
واته: شتێکی گشتی gishtî، نەك
تایبەتی nek taybetî. ناوازە
nawaze واته: شتێك کە نە
بەر بەرەللا و گشتیە، بەڵکو
تایبەتی و بژاردەیە. لە کوردیی
باکووردا بووە بە نەمازە
nemaze.

Nebez نەبەز (← Bezîn بەزین).

Neft نەفت (← نەوت newt).

Negrîs نەگریس/ نگریس nigrîs
(شریر)/ نەگریساندن
negrîsandin. گریس girîs
بە کەسێك دەگوترێ، یان بە
شتێك دەگوترێ، کە بێهێز و
خۆنەگرتوو و شلوشێواو بێ.
گریس girîs لە گرسیس girsîs
ەوە هاتووە. سیس sîs مانای
ژاکاو و لە یەکهەڵپچراوە. گریس

واتە: لە گرتندا سیسە، **girîs** واتە: بە ئاسانی دەگیرێ. بەڵام نەگریس **ne-grîs**، بە پێچەوانەی گریس **girîs** ەوە، مانای وایە کە نا گیرسێ **nagîrsê** و ناگیرسێندرێ. بەم جۆرە نەگریس **negrîs** وشەی "شریر" ی عەرەبی و **evil** ی ئینگلیزی دەگرێتەوە.

Nemaze نەمازە (← ناوازە **nawaze**).

Nerdîwan نەردیوان/ ناردیوان **nardîwan** ← پەیژە **peyje** یە. < نەرد **nerd** + وان **wan**. نەرد **nerd** تەختەی نەردە. وان **wan** وێنەیەکی دیکەی بان **ban** ە، واتە: سەروو **serû**، ژووروو **jûrû**. نەردیوان **nerdîwan** واتە: ئەو تەختەیەی کە پێی سەردەکەویت بۆ ژووروو (سەروو). وشەکە کەوتووەتە ترکییەوە بە شێوەی **merdiven**.

Nesax نەساخ (ناساخ **nasax**) واتە: نەخۆش و ناتەواو و بیمار. نەساخ **nesax** لە پەهلەویدا: نەساك **nesak** ە کە بە مانای گەنیو **genîw** و خراپبوو و کەڵکپێوەنەماو دێ. ساخ **sax** پێچەوانەی نەساخ **nesax** ە و مانای تەندروستە. ساخ **sax** بە شێوەی ساغ **sağ** کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Nesen نەسەن، قەڵافەت و باڵا و شێوەی مرۆڤ. نەسەن **nesen** لە نەسەل **nesel** ەوە هاتووە < نە **ne** + سەل **sel**. سەل **sel** ئامێرێکە بۆ پاڵاوتن و پاککردنەوەی پلاو **pilaw/v** لە ئاوەکەی (پڵاوپاڵێو **pil’awpal’êw**). نەسەن **nesen** (نەسەل **ne-sel**) واتە:

شتێك كه هەر وەك خۆی بێ، بێ پالاوتن و جوانكردن بێ.

Netekîn نەتەكين (بە شوێنێك دەگوترێ كە پیرۆزبێ وەك گۆڕی چاكان، كە كەس نەوێرێ دەست ببا بۆی) < ne نە + tekîn تەكين. tekandin تەكاندن راوەشاندنی شتێكە بۆ هەڵوەراندنی تۆز، یان شتێكی دی لێی. نەتەكين netekîn مانای هیچی لێ هەڵناوەرێ و ناتەكێندرێ.

Netewe نەتەوە، لە ← رەتەوە retewe وە هاتووە كە ← رەچەڵەك rechel'ek ە.

Netewî نەتەوی (مخالف). تە(و)ڤی te(w)vî تەوی لە ویستن wîstin ەوە هاتووە. سەرنجی وشەی خۆشتەڤی xoshtevî لە بنەزاری بادینانیدا بدە كە بە مانای خۆشەویست xoshewist ە.
نەتەوی = نەویستراو.

Newal نەوال، بە مانای شیو و شوێنی نزم دێ لە كوردیی باكووردا. < نە ne + وا wa + ل l. نە ne نیشانەی نەكردن (نفی)ە، وال wal لە وان wan ەوە هاتووە، كە وان wan وێنەیەكی دیكەی بان ban ە، واتە: شوێنی بەرز. تەنانەت ban بان، لە bala بالاوە هاتووە. نەوان newan واتە: شوێنێك كە بەرز نەبێ. هەر لە مەشەوە وشەی نەوی newî (نزم nizim) هاتووە. سەرنجی وشەی دانەواندن دا da + نە ne + وان wan + دن din (نزمكردنەوە nizim kirdinewe) بدرێ.

Newe نەوە، لە نوو (نوێ) زا nû(nwê)za وە هاتووە.

Newî نەوی، لە نزیك زەوی -nizîk zewî یەوە هاتووە.

Newt نەوت/ نەفت neft. وشەكە رووسییە НеФТь.

Nexasme نەخاسمە (نەخازمە nexazme) "نەخاسمە" لە کوردیی نێوچەی بادینانیدا بەکاردێ لە باتی ← "نەخوازەلا nexwazela".
نەخاسمە < نە ne + خاس xas + م m + ـە e، واتە: نەخوازمە nexwazme واتە: ئەوەیان، هەر ناخوازم. ئەمە بە عەرەبی "ناهیك عن" دەگرێتەوە. بە ئەڵمانی geschweige von بێدەنگبە لە....

Nexwazela نەخوازە لا، مانای ← "نەخاسمە nexasme" و "نەخازمە nexazme"یە.
نەخوازە لا < نەخوازە لە nexwaze le یە، واتە: لەو شتە نەخوازە، داوای مەکە.

Neynek نەینەك (← ئاوێنە awêne) کە گەلێك شێوەی هاومانای هەیە، وەك نەینۆك neynok، نەینك neynik، نوێنك nwênik. نەینەك neynek و هەموو ئەو وشە هاومانایانەی سەرەوە، لە: نۆنەك nonek و نوێنەك nwênek ەوە هاتوون. واتە: "نواندن niwandin"، پێشاندان pêshandan، بە جۆرێك کە کەسێك تەماشای "نەینك" دەکاو، وێنەی خۆی، یان شتێکی دیکەی تێدا دەبینێ.
واتە: ← وێنە wêne ی شت دەنوێنێ.

Nezend نەزەند، لە: نەسەند nesend ەوە هاتووە، واتە: وەرنەگرتوو wernegirtû، نەسێن nesên.

Nêzîk نێزیك، بە ئاڤیستایی نەسە nese و ناسە nase و نەزدە nezde یە و، بە ئەڵمانی nahe یە و بە ئینگلیزی near.

وشەیەکی هیندۆئەوروپاییی کۆنە.

Nijdevan نژدەڤان، لە کوردیی باکووردا، بە جەردە **cerde** دەبێژن نژدەڤان **nijdevan**. نژد **nijd** مانای چزوو **chizû** ە، کە نژد **nijd** پێوەندیی بە نەشتەر **neshter** ەوە هەیە، کە نەشتەر **neshter** لە نەشت **nesht** و ـەر **er** (پاشکۆی بکەر) ەوە دێ. واتە: چزوودار. کە واتە: نژدەڤان **nijdevan** کەسێکە ئامێرێکی تیژی پێیە، واتە: چەك بە دەستە. وشەی ← نژدار **nijdar** کە بە دوکتۆری برینکاری (جراحة) دەگوترێ، پێوەندیی بە مەوە هەیە. وشەی نوژدار **nujdar** کە لەم ساڵانەی دواییە دا بۆ هەموو جۆرە ← بژیشك **bihîshk** ێك دروستکراوە، راست نییە.

Nik نك (← باخەڵ **baxel’**).

Nimêne نمێنە (← نواندن **niwandin**).

Nimûne نموونە (← نواندن **niwandin**).

Niqûch نقووچ/ **Nuqurch** نوقورچ/ **niqurchk** نقورچك هەرسێکیان یەك مانایان هەیە. نوقورچ **nuqurch** < نوق **nuq** + رچ **rich**. نوق **nuq** وێنەیەکی دیکەی نووك **nûk** ە. نووك **nûk** بە شتی تیژ و باریك دەبێژن. رچ **rich** مانای رێی باریك و تەنگ (سەرنجی وشەی رچە **riche** شکاندن **shikandin** بدرێ، واتە: کردنەوەی رێیەکی باریك لە شوێنێکی سەختدا) کەواتە: نوقورچ **nuqurch** بە مانای بە شتێکی تیژ (لێرەدا ← نینۆك **nînok**) کردنەوەی

رێیەکی تەنگ لە گۆشتدا. نوقورچ nuqurch بە فارسی نیشگون nîshgun ە کە نیش nîsh بە فارسی نەشتەر neshter و چزوو chizû ە.

Nishkav نشکاڤ (← ناکاو nakaw/ نەکاو nekaw).

Niwandin نواندن، بە مانای پێشاندان pêshandan و خستنەڕوو xistineřû دێ. نواندن niwandin > نوان niwan + دن din. نوان niwan لە نۆران noran و نوارین niwarîn (روانین riwanîn)ەوە دێ. لە نواندن niwandin وشەی نوانە niwane دروستبووە. نوانە niwane > نوێنە niwêne > وێنە wêne. هەروەها نوێنە niwêne و نمێنە nimêne هاومانای یەکن، کە وشەی نموونە nimûne لە نمێنە nimêne ەوە هاتووە. "نموذج" ی عەرەبی لەمەوە هاتووە.

Nixav نخاڤ (← نخرۆ nixro).

Nixro نخرۆ/ نخرۆچوون nixro chûn (رۆچوون ro chûn). وشەکە لە کاری نخفتن nixiftin ەوە هاتووە کە بە مانای داپۆشین daposhîn ە. نخفتن nixiftin > ن ni + خفتن xiftin (خەوتن xewtin، راکشان rakishan)، ن ni لە نان nan ەوە دێ، کە کورتەی دانان danan ە. (ئەو بەردەم نایە سەر ئەو بەردە) (دەستت بنێ ژێر مێزەکە). نخاڤ nixav وشەیەکی دیکەیە بۆ لێفە lefe. "لحاف" ی عەرەبی لەم نخاڤ nixav ەوە وەرگیراوە. واتە: نانە سەر خەوتوو.

Nizim نزم. لە نك/كن ـ زەمین nik/kin-zemîn ەوە هاتووە (← zewî زەوی).

N ن

Nînok نینۆك > نی nî + نۆك nok.

نی nî > نەیژە neyje (شتێکی باریك). نۆك nok > نووك nûk (شتی تیژ) (← نقورچ niqurch).

Nîshtiman نیشتمان (← Dîmane دیمانە).

Nok نۆك، لە پەهلەویدا نۆ(خ) ڤەت nox(v)et ە و لە فارسیدا بووە بە نخد noxod.

Noker نۆکەر، وشەیەکی مەغۆلییە.

O ئۆ

Ofer ئۆفەر. مانای خستنەڕوو، یان پێشکێشکردنی نەخشەیەك، یان شتێك بە کەسێك. لە وشەی offer ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە بە فەڕەنسی offre ە. بنەڕەتی وشەکە لاتینییە.

Oyin ئۆین (← مەل mel).

P پ

Pak پاك، بە پەهلەوی و فارسی هەر پاك **pak**ە.

Pal’ پاڵ (**tenîsht** تەنیشت ← **Baxel’** باخەڵ).

Pal’to پاڵتۆ/ پاڵتاو **pal’taw** لە وشەی فەرەنسی مانتۆ **manteau** وە وەرگیراوە. دەنگی م **m** بووە بە پ **p** و دەنگی ن **n** بووە بە ڵ **l’**.

Pan پان، بە پەهلەوی: پەهناك **pehnak**ە.

Panêl پانێل، وشەیەکی ئەوروپاییە و لە بنەڕەتدا فەڕەنسییە **panel**ە و بە مانای "گۆڕەپان" بەکاربراوە. ئێستە بەکاردەبرێ بۆ شوێنێکی کۆبوونەوە، کە بەشداران بیروڕای خۆیان دەرببڕن.

Pantol پانتۆڵ/ دوولنگە **dûlinge**، وشەیەکی ئەوروپاییە، بە فەرەنسی **pantalon** و بە ئیتالیایی **pantaloni**.

Par پار، (← پێرار **pêrar**).

Paradoks پارادۆکس. وشەکە لە بنەڕەتدا **παράδοξος** **(parádoxos)**ی یۆنانیی بووە، بە مانای پێچەوانەی بیروڕا. **pará** پێچەوانە **pêchewane** و **dóxa** بیروڕا **bîrûra**. پاشان چووەتە زمانی لاتینییەوە بە شێوەی **paradoxus** بە مانای ناتەبا **nateba**، نەگونجاو **neguncaw** و بە شێوەی **paradox** لە زمانی ئینگلیزی و ئەلمانیدا و **paradoxe** لە زمانی فەڕەنسیدا.

Parastin پاراستن، لە ئاڤێستادا: پارشتە **parishte** یە.

Paraw پاراو (شتێك کە ئاوی زۆر تێدابێ) لە: پڕئاو **piřaw**ەوە هاتووە.

Pare پارە، بە مانای بەش **besh** دێ. لە ئاڤێستادا پارە **pare** مانای

P پ

واو waw (قەرز) ە و بە پەهلەوی پارەك par(ek)ە. لە کوردیی ئەورۆدا بۆ ← دراو diraw بەکاردێ. پارە pare واتە: بەش besh بچووككراوتەوە و، كراوە بە پارچە parche واتە: بەشێکی بچووك (← چە çe نیشانەی بچووکردنەوەیە). پار par لە زمانی ئەڵمانیدا بە بەشێك لە شتێك دادەنرێ ein par davon واتە: "بەشێك لەوە".

پارە pare (دراو) چووەتە زاری ترکییەوە و بووە بە pere.

Parshêw پارشێو (نانێکە دەمەوبەیانی دەخورێ لە مانگی رەمەزاندا، لەلایەن ئەوانەوە کە رۆژوو دەگرن). پارشێو parshêw لە پاش pash + شێو shêwەوە هاتووە. واتە: ئەو کەسەی کە شێوی ئێوارێی (نانی ئێوارێ)ی خواردووە دوای ئەو شێوە، ئەو پاش شێو pashshêwە دەکا. زۆرجار کە دەنگی دوو ش sh بەریەکدەکەون دەنگی ش sh ی یەکەم دەبێتە ر r.

Patirî پاتری، وشەیەکی ئەوروپاییە، بە ئەڵمانی: Batterie، بە ئینگلیزی Battery لە بنچەدا لە زمانی کلێتی و لاتینییەوە وەرگیراوە و لە عەرەبیدا كراوە بە "بطرية".

Pechete پەچەتە (← پەتە pete).

Pej پەژ (پەز pez) (← پەشمەك peshmek).

Pejim پەژم (خوری xurî، هەری herî) > پەژ pej + ـم im. پەژ pej وێنەیەکی دیکەی ← پەز pezە. واتە: مەڕ و بزن meř û bizin. ـم im کورتکراوەی موو mû وە. واتە: پەژموو pejmû

(پەزموو pezmû) مووی پەز
.mûy pez پەژم pejim ی
کوردی لە فارسیدا بووە بە پشم
.peshm لەبەر ئەوەی پەژم
pejim کەرەسەیەکی فشەڵە و
پتەو نییە، بە قسەی فیشال
fîshal’ و بێسەروبەر دەگوترێ.
پەژم pejim.

Pekkû پەککوو، وشەیەکە بۆ
سەرسووڕمان و دامان،
بەکاردەبرێ. پەککوو pekkû >
پەك pek (کە مانای دەرفەت
derfet و هەل hel ە) و، کوو
kû لە کوا kwa (کوانێ
kwanê، کانێ kanê) وە
هاتووە واتە: دەرفەت کوانی؟
.derfet k(w)anê?

Pel پەل، لە کوردیی باکووردا، بە
مانای گەڵا gel’a دێ و، لە
کوردیی ناڤیندا بە مانای
"پەلی دەست pelî dest" دێ.

وشەکە لە بنەڕەتدا ← پەڕ
per.

Penîr پەنیر، بە پەهلەوی هەر پەنیر
penîr ە و بە شێوەی پەینر
peynir کەوتووەتە زاری
تركییەوە.

Penceپەنجە/ پێنجە pênce.
(پەنجەی دەست pencey dest
← تلی tilî) لە ژمارەی پێنج
(5) دوە هاتووە کە پەنجەکانی
دەست پێنجن. بە شێوەی
pençe کەوتووتە زاری
ترکییەوە.

Pencere پەنجەرە/ پێنجەرە
pêncere واتە: دەرگەیەك کە
لە شێوەی پەنجەکانی دەستدا بێ
کە بە یەکەوە ریزکرابن. بە
فەڕەنسی: fenetre و بە
ئەڵمانی fenster. لە نێزیکیی
ئەم وشانەوە لەگەڵ یەك، لە وە
دەچێ پەنجەرە وشەیەکی کۆنی

هێندۆئەوروپایی بێ. پەنجەرە هەروەك خۆی کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Pencer پەنجەر/ **pencher** پەنچەر، بۆ کونتێبوونی تایەی ئۆتۆمۆبیل، یان پایسکل بەکاردەبرێ. لە وشەی ئینگلیزی **puncture** ەوە هاتووە.

Pend پەند، بە مانای راوێژ **rawêj** و فێل ← **fêl** و تەڵەکە **tel'eke** دێ. کورد دەبێژن "فەن و فێل". وشەی "فەن" **fen** کە لە پەند **pend** ەوە هاتووە، بەمانای هونەر **huner** چووەتە عەرەبییەوە. دنگی پ **p** و ف **f** زۆرجار دێنە جێییەك وەك ئەوەی پۆلا(ت) **pol'at** ی کوردی بووە بە فولاذ **fûlath** لە عەرەبیدا. وشەی پلاتۆ **plato** ی یۆنانی، بووە بە إفلاطون لە عەرەبیدا. دەنگی پ **p** کۆنترە لە دەنگی ف **f**. بۆ وێنە: لە کوردیدا لافاو **lafaw** هەیە و لاپاو **lapaw** یش هەیە، هەر بەو مانایە. سپڵە **sipl'e** هەیە و، سفڵە **sifle** ش هەیە هەر بەو مانایە.

Pepusil'êmanke پەپوسلێمانکە، بەلاتینی **vpupa** یە و بە یۆنانی **epoph**. پەپو **pepû** کە بووە بە پەپوسلێمانکە، لە پەیامبەری جووەکان، سلێمانەوە، ئەو نێوەی وەرگرتووە، کە ئەمەش چیرۆکێکی ئەفسانەیی بەدواوەیە. دەلێن سلێمان پەیامبەر دەسەڵاتی بەسەر ئاژەڵ و مەلیشدا بووە.

peř پەڕ (باڵ **bal'** باڵی مەل) بە پەهلەوی پەر **per**. وشەکە لە وشەی ئاڤێستایی پەڕنە **perne** ەوە هاتووە کە بە ئەڵمانی **Feder** و بە ئینگلیزی **feather** ە.

Perco پەرجۆلە زمانی کوردیدا بە مانای مۆزات (معجزە) دێ. < پەر per + جۆ co. پەر per کورتکراوەی پەردە perde یە. پەردە perde ئەو کاڵایەیە کە شتێك دادەپۆشی و، بەنهێنی دەیهڵێتەوە. جۆ co پاشگرێکە لە کاری جووڵان cûl'an و بەدوای شتدا گەڕان، ەوە وەرگیراوە. ئەم پاشگرە لە فارسیدا جو cû ە (سەرنجی وشەی دانشجو danishcu بدە). perco پەرجۆ، واتە: پەردە لابر لەسەر نهێنی، پەردەجووڵێن لەسەر نهێنی.

Peřesilêrke پەڕەسلێرکە/ پەڕەسێلکە peřesêlke، پەڕەسلێرکە peřeslêrke لە پەڕەشلێرکەوە هاتووە. شلێر shilêr نێوی گوڵێکە. پەڕە سلێرکە پەڕەکانی لە رنگی گوڵی شلێرن، بۆیە ئەو نێوەی دراوەتێ. دەنگی س s و ش sh زۆرجار جێییەك دەگرنەوە.

Peristin پەرستن، بە لاتینی pretiare کە لە ئینگلیزیدا بووە بە praise بە مانای پەسندان (مدح) و بە پەهلەوی پەرەستاتەن perestatenە.

Perî پەری (خێوێکی مێیینەیە، کە بە ژنی جوانیش دەگوترێ). لە پەهلەویدا پەریك perîkە و بە ئینگلیزی ferry و لە ئاڤێستادا پەریکا perîka یە.

Peřîn پەڕین (لە شوێنی خۆ بەرزبوونەوە و دەرچوون). وشەی فڕین fiřîn لە مەوە هاتووە. فڕین fiřîn بە ئینگلیزی flight و بە ئەڵمانی Flugە، کە هاوڕەگی یەکن.

Perjîn پەرژین < پەر per + ژین jîn. پەر per لە ئاڤێستادا بە

شێوەی pairi هاتووە، واتە: بە هەموو لایەکدا، بە دەروبەری شتێکدا. ژین jîn وێنەیەکی دیکەی چین chînە کە لە چاندن chandin هاتووە. واتە: پەرژین مانای بەدەوری شتێکدا، یان شوێنێکدا چێنراو. لە کوردیی (شێوەزاری هەورامیدا) بۆ پەرژین perjîn وشەی پەرچ perch هەیە کە کورتەی پەرچێنراو perchênrawە.

Perwane پەروانە < پەر (پەڕ) per/ř + وانە wane. پەڕ peř/l پەل ی مەل (← مەل mel)، وانە wane (ئاوەژووی شتێك ← پێچەوانە pêchewane واتە: باڵێکی پێچەوانە.

Perasû پەراسوو، بە سانسکریت parchve یە و، بە ئاڤێستایی پەرەسو peresu و پەراسوا peraswa یە کە بە پەهلەوی بووە بە pehluk و لە فارسیدا بووە بە پهلو pehlu. هەر لە وشەی پەهلووك pehlûk ەوە وشەی پاڵ pal واتە تەنیشت tenîsht (کێلەك kêlek) وەرگیراوە. بە کوردی دەگوترێ: "ئەو پشتییە بخەرە پاڵ خۆت" واتە: بخەرە تەنیشت خۆت. وشەی پال pal کورتکراوەتەوە و بووە بە ← ئال al واتە تەنیشت tenîsht لە کوردیی باکووردا. ئال al جێگۆرکێی دەنگی بەسەرهاتووە و بووە بە ← لا la. لا la هەر بەو مانایە لە فارسیدا بووە بە لای lay.

Perde پەردە، لە بەر دەر ber der ەوە هاتووە. قوماشێکە، یان شتێکە دەخرێتە بەردەم دەر (دەرگە)ی خانوویەك یان ← پەنجەرە pencere یەك، بۆ ئەوەی بیپارێزێ لە چاوی

خەلك، یان گەرما، یان سەرما، یان تیشکی خۆر. وشەی بەردانەوە، واتە: هێنانەخوارەوە و، بەرگرتنەوە، پێوەندیی بە مەوە هەیە. کوردەکانی لوبنان بە پەردە perde دەبێژن "بەردایە berdaye".

Peshmek پەشمەك (جۆرە شیرانییەکە لە مووی ← مەڕ meř (← پەز pez) دەچێ. > پەشم peshim + ـەك ek. پەشم peshim > ← پەژم pejim + ـەك ek واتە: وەك خوری مەڕ meř (پەز pez، ← پەژ pej) وایە. لە فارسیدا هەر پشمك peshmek ە و لە کوردییەوە وەرگیراوە. بە عەرەبی "شعر بنات"ە.

Pete پەتە (پارچە کاغەزێکی بچووك کە شتێکی لەسەر نووسرابێ، پسووڵە pisûle) > پارچەتە parchete > پەچەتە pechete، کە وشەی پەچەتە pechete ئەو پارچە پەڕۆیەیە کە لە کاتی نانخواردندا دەیدەن بە سەر کۆشدا. تە te بە مانای نێو nêw ە. کە تە te و تێ tê (تێدا têda، واتە: لە نێودا).

Petî پەتی، شتێکی پاك و تێکەڵنەبوو بە شتی دی کە لە بابەتی خۆی نەبێ. (کوردیی پەتی kurdîy petî، ئاوی پەتی awî Petî). پەتی petî وشەیەکی سانسکریتییە بۆ ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە زێڕ و دراوی بە نرخیان لە هی قەڵپ جیاکردووتەوە. دوایی بووە بە زاراوەیەك و بەکاردەهێنرا بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە شتی باش و خراپیان لە یەك جیادەکردەوە. وشەی پەتی petî لە فارسیدا بووە بە بد bod، بڕوانە وشەی گهبد gehbod

(مرۆڤی خاوەن پایە و پلە) کە لە زاری عەرەبیدا بووە بە جهبد (جهبذ، جهابذة). لە سەر دەمی ساسانییەکاندا ئەوانەی کە خەزنەداربوون پێیاندەگوترا گەهبەت gehbet. bod < bet < pet < petî.

Petyare پەتیارە، لە پەهلەویدا وشەی: پەیتیارە(ك) peytyare(k) هەیە بە مانای ئەوەی کەسێك رەوشت و خووی ئەهریمەنانەی هەبێ. پەتیارە لە کوردیدا بۆ یەکێك دەگوترێ کە شێت و وێت shêt û wêt بێ. دوور نییە پەتیارە petyare لە پت pit (بت bit) و یار yar ەوە هاتبێ، واتە: دۆستی بت، بتپەرست bitperist ئەهریمەندۆست ehrîmendost.

Peyamber پەیامبەر. پەیام peyam مانای راسپێری raspêrî یە و لە پەهلەویدا پیتام pîtam ە. پەیامبەر لە پەهلەویدا پیتامبەر pîtambere ە.

Peyda پەیدا (پەیدابوون peydabûn). پەیدابوون، مانای خۆیابوون و دیاربوون و ئاشکرابوونە. لە سانسکریتدا وشەی پرەتیاکە pretyake هەیە کە ئەم وشەیە، بنەڕەتی وشەی پراکتیك piraktîk ە کە لە زمانە ئەوروپاییەکاندا هەیە و، بۆ بە کردەیی kirdeyî (عملی) بەکاردەبرێ. هەروەها لە پەهلەویدا وشەی پێیتەك pêytek هەیە، کە لەو وشە سانسکریتیەوە هاتووە.

Peyje پەیژە (← ناردیوان nardîwan). پەیژە peyje < پەی pey + ژە je < پێ pê + ژە je. ژە je وێنەیەکی دیکەیە بۆ "جهـ ceh" واتە: جێ cê.

جەهـ ceh لە کوردیی باکووردا جێ cê یە. کەواتە: پەیژە peyje مانای: جێی پێ cêy pê. تەنانەت لە کوردیی نێوچەی ئەردەلاندا وشەی پەیجە peyce لە جیاتی پەیژە peyje بەکاردێ.

Pez پەز/ pes پەس (مەڕ meř، یان مەڕ و بزن بە تێکەڵی) لە وشەی ئاڤێستایی پەسەڤ pesev و پەزوو pezû و پەسوو (ك) pesû(k) ەوە هاتووە.

Pezmende پەزمەندە، بە مانای پاشەکەوتکردن pashekewtkirdin (إدخار) لە پەژمەندە pejmende و پاش ماندە pashmande و پاش مان pashman ەوە هاتووە، واتە: شتێك کە لە پاشەوە بە جێبمێنێ و اشکەوتکرابێ واتە: خرابێتە پاشەوە و لە بەردەستدا دانەنرابێ.

Pê پێ، بە پەهلەوی باد bad ە و لە فارسیدا بووە بە پا pa، وەك هێندەك شێوەزاری کوردی.

Pêchewane پێچەوانە < پێچ pêch + وانە wane. پێچ pêch و خێچ xêch (خوار و خێچ xwar û xêch) و وێچ wêch (پێچ و وێچ pêch û wêch) لە پێچێ pêchê ەوە هاتووە، واتە: جێی پێ cêy pê. وانە wane مانای ڤاژی vajî یە. وشەی وانە لە پەهلەویدا eparûn ە، کە بووە بە پاروون parûn و واروون warûn (دەنگی پ p بووە بە و w) واروون warûn بووە بە وان wan و، وانە wane و، وا wa، واتە: دژی جێ پێ dijî cê pê واتە: دژی ڕێبازی سووڕانی پێ. وشەی eparûn ی پەهلەوی، لە فارسیدا بووە بە وارونە warûne.

Pêl’aw/v پێلاو/ ڤ < پێ pê + لە lê (لـ li) +(نا na) و/ڤ w/v ەوە هاتووە، واتە: پێلە ناو/ڤ pê le/i naw/v.

Pênaw/v پێناو/ ڤ (لە پێناو/ڤ le pênaw/v) < پێ pê + ناو/ڤ naw/v < پێ pê + ناو/ڤ naw/v < پێ pê + هەنگاو/ڤ hengaw/v (← شەقاو sheqaw).

Pêrar پێرار، لە پێش پار par ەوە هاتووە. وشەی پار par لە پێش pêsh + یار yar ەوە هاتووە. یار yar وشەیەکی دیکەیە بۆ ساڵ sal. ساڵ sal لە ئاڤێستادا یار yar ە و لە زمانی ئەڵمانیشدا هەر یار jahr ە. پێش ـ پار ـ یار pêsh-par-yar بووە بە پێرار Pêrar.

Pêřist پێڕست، بە پێی رست be pêy rist بۆ زنجیرەی بەندەکانی نێوەرۆکی پەرتۆك دێ، کە لە پەهلەویدا: pêrst و لە فارسیدا بووە بە فهرست و لە عەرەبیدا کراوە بە فهرس. لێرەدا: فارسی دەنگی پ p ی کۆنی نە پاراستووە و کردوویەتی بە ف f، ئەمەش کۆنێتیی زمانی کوردی پێشاندەدا.

Pêst پێست، لە وشەی ئاڤێستایی پەستە peste و پاستۆ pasto وە هاتووە، کە لە فارسیدا بووە بە پۆست pûst و لە فەڕەنسیدا peau.

Pêsh پێش، لە ئاڤێستادا peytîsh ە و لە پەهلەویدا بووە بە pat(î)sh و دوایی بووە بە پێش pêsh لە فارسیشدا پیش pîsh.

Pêshmerge پێشمەرگە. پێشمەرگە ئەو کەسە نییە کە بەرلەوەی خەلك بمرن، یان بکوژرێن، ئەو بمرێ، یان بکوژرێ. بەلکو ئەو

کەسەیە پێش بە مەرگ (مردن)ی خەلك دەگرێ، واتە: بەر بە مەرگ (مردن) دەگرێ، بەکورتی: خەلك لە مردن دەپارێزێ. کورد دەبێژن: پێش بگرە لێی، یان: پێشی لێبگرە، واتە: رێ مەدە بێ بێتە پێشێ.

Pêxawis پێخاوس/ پێخواس pêxwas/ پێخاوس > پێ pê + خاو xaw + س s. خاو xaw مانای ← رووت rût و لەگەڵ هیچ شتێك تێکەڵنەبوو. س s یان لە "ساو saw" (ساف saf) ەوە دێ، یان لە سا sa > ئاسا asa وە دێ.

Pêxust پێخوست، شوێنێکە کە پێ خرابێتە سەری. لە پێخست pêxist ەوە هاتووە، سەرنجی پێ خستنە سەر pê-xistin-e ser بدە.

Pine پنە. تەختەی نان لەسەر دروستکردن. پێدەچێ پنە pine پێوەندیی بە وشەیەکی زۆر کۆنەوە هەبێ کە لە کوردیی ئەوڕۆدا نەماوە، ئەوەش پان pan (نان) ە. نان nan بە لاتینی panis ە و بە فەڕەنسی pain و بە هیندی پانی panî یە. Panier لە ئەلمانیدا بە خواردنێك دەگوترێ کە وردەنان رۆکرابێ لەسەری.

Piř پڕ، بە پەهلەوی: پور pur ە، کە لە کوردیدا بە مانای ← تژی tijî و ← زۆر zor یش دێ.

Pird پرد/ پر pir، وشەیەکی هیندۆئەوروپاییی کۆنە، بە ئاڤێستایی: پرتەڤ pirtev ە، لە ئینگلیزیدا Bridge و، لە ئەڵمانیدا Brücke و لە فەڕەنسیدا pont ە و، لە فارسیدا بووە بە پُل (کە دەنگی ر r کۆنترە لە دەنگی ل l). بۆ وێنە، فارسی: روخت rûxt (← رووت rût) ی کردووە بە لُخت loxt.

P پ

Pirj (← پرزە **pirze**).

Profayil پرۆفایل. لە **Profile** ی ئینگلیزییەوە هاتووە. کە مانای دیمەنی لاتەنیشت **dimenî latenîsht** ە و بە ئەڵمانی پرۆفیل **profil** ە.

Pirs پرس/ پرسین **pirsîn** (پرسیارکردن). بە پەهلەوی: پۆرسیتان **porsîtan** و پورسیتەن **pursîten** ە.

Piřûpûch پڕوپووچ، لە پڕ **piř** (← تژی **tijî**) و پووچ **pûch** (پووت **pût**) ەوە نەهاتووە، بەلکو، پڕ **piř** لێرەدا، لە فڕ **fiř** و ڤڕ **viř** ەوە هاتووە، کە بە مانای ← درۆ **diro** و دەلەسە **delese** دێ لە کوردیدا. ڤرتۆ **virto** (درۆزن **dirozin**، فیشالکەر **fîshalker**)ە. پڕوپووچ **piřûpûch** واتە: درۆ و پووچ **diro û pûch**. وشەی فریو **firîw** پێوەندیی بە فڕ **fiř** و ڤڕ **viř** واتە: درۆ **diro** وە هەیە، کە لە فارسیدا بووە بە فریب **ferîb**.

Pirzang پرزانگ (منداڵدان **mindal'dan**). زانگ **zang** زانگە **zange**یە جێی زایینە. پڕ **pir** کورتەی پووسار **pûsar**ە کە بە پەهلەوی مانای ← منداڵ **mindal'** ە و لە فارسیدا بووە بە پسر **pser** و پور **pûr** و، لە کوردیی باکووردا بووە بە پس (سەرنجی وشەی پسمام **pismam** واتە: کوڕی مام بدە).

Pirze پرزە (چالاکی **chalakî**، جوولە **cûl'e**) (پرزەی لەبەر بڕا) لە ئاڤێستادا سپەرز **sperz** ە. وشەی ← پرژ **pirj** لەمەوە هاتووە. سەرنجی وشەی ئەڵمانی **Spritzen** پرژاندن بدە.

P پ

Pis پس/ کوڕ kuř (پسمام pismam/ کوڕی مام kuřî mam). (← پرزانگ pirzang).

Pisûl'e پسووڵە، لە پتووڵە pitûl'e ەوە هاتووە. پتووڵە pitûl'e بچووککراوەی ← پەتە pete یە، واتە: پارچە کاخەز parche kaxez.

Piyade پیادە، واتە: کەسێك کە بە پێ بڕوا بە ڕێوە. پیادە piyade < پێ pê + یا ya + دە de. دە de لە دەو dew ەوە هاتووە. دەو dew مانای: رۆیشتن و راکردن. پیادە piyade هەر وەك خۆی کەوتووەتە فارسی و ترکییەوە. وشەکە فارسی نییە، چۆنکە ئەگەر فارسی بوایە، دەگوترا پایادە payade. پێ pê بە فارسی: پا pa یە، نەك پێ pê.

Piyal'e پیاڵە، وشەیەکی یۆنانییە pialé کە لە عەرەبیدا بووە بە فیالجە. دەنگی پ p لە زمانی کوردی و زمانە هیندۆئەوروپاییەکانی دیکەدا، بەزۆری لە عەرەبیدا، دەبێتە ف f.

Piyare پیارە، واتە: زڕ zîř، شت، یان، کەسێکی نا ڕەسەن (نا ئەسڵ)، سەرنجی وشەی باوەپیارە bawepiyare بدە. پیارە piyare لە پیاو ئاوارە piyaw-aware واتە: پیاوێك کە لە شوێنێکدا بێ شوێنی خۆی نەبێ.

Pîl پیل، وشەکە فەڕەنسییە pile بە پاتری بچووك دەگوترێ.

Pîne پینە، وێنەیەکی دیکەی چینە chîne یە، کە لە چنین chinîn ەوە هاتووە، واتە: چنینی پارچە پەڕۆیەك، یان، شتێکی دیکە. وشەی تەنین tenîn یش هەر لەم بابەتەیەو، چنین chinîn ە، بە گوڕینی دەنگی پ p و چ ch و ت t بۆ یەکدی.

Pîr پیر، لە ئاڤێستادا وشەی پەرۆ **pero** و پەریە **perye** هەیە، کە بە مانای پێشین دێ. کە لە کوردیی ئەوڕودا بووە بە بەروو **berû** و بەری **berî** واتە: ئەوەی لە پێشەوە هەبووە. وشەی پێش **pêsh** یش هەر لەمەوە هاتووە. دەنگی ر **r** گۆڕاوە بە ش **sh**.

Pîrot پیرۆت (نێوی پیاوە). رەنگە پیرۆت **pîrot** وێنەیەکی دیکەی وشەی پیرۆز **pîroz** بێ، لە کاتێکدا پیرۆز بۆ نێوی ژن بەکاردەبرێ، پیرۆت بۆ پیاو. ئەستێرەی کۆ **ko** نێویکی دیکەشی هەیە کە ئەوەش پیرۆ **pîro** یە و بە عەرەبی "ثریا". رەنگە **pîroz** لە **pîro** ەوە هاتبێ. شێمانەیەکی دیکەش هەیە، ئەوەش ئەوەیە بنچینەی وشەکە فرۆت **frot** ی پەهلەوی بێ کە مانای هاتنەخوارەوە، خۆ نزمکردنەوەیە. لە کوردیی باشووردا وشەی فرووت **firût** هەیە بۆ نێوی پیاوان و بە مانای بێفیز **bêfiz** دێ.

Pîroz پیرۆز، پیرۆز **pîroz** لە زمانی کوردیدا بە مانای "مبارەك" و "موقەدەس" دێ. ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا **(peytî-rewcheh** پەیتی ـ رەوچەھ)ە، ولە پازەندا **pêroj** و **pêroz** پێرۆزە. وشەی پیرۆز لە زاری عەرەبیدا بووە بە "فیروز". وشەی پیرۆز لە زمانی کوردیدا بە هێندەك مانای دیش بەکاردێ، وەك: "سپی رۆژ"، "بە فەڕ"، "بە پیت" (بە بەرەکەت)، "دەگمەن"، "دانسقە". رەوچەھ **rewcheh** ی ئاڤێستایی مانای ← رۆژ **roj**ە، کە رۆژ **roj** لای کوردی کۆن و لایەنگرانی هێندەك ئاینی کوردی، وەك

ئێزدی و یارسان و ئەلەوی پیرۆزە.

Pîroze پیرۆزە کە بە وێنەی "پیرۆژە pîroje" ش هەیە، وادیارە پێوەندیی بە "دەگمەن degmen" و "دانسقە danisqe" ەوە هەیە، واتە: بەردێکی بە نرخ کە کەم دەستدەکەوێ و، لای خەلك بەڕێز و پیرۆزە.

Pîrozî پیرۆزی (قدسیة). لە پەهلەویدا پێرۆژیە pêrojîh ە و لە فارسیدا وەك پیروزی و فیروزی بەکاردەبرێ، بەڵام بە مانای سەرکەوتن و زاڵبوون دێ، نەك "موقەدەسی".

Pîs پیس (← گەمار gemar) لە پیزی pîzî (واتە: کونی قوون) ەوە هاتووە کە گەمارە. ئەم وشەیە لە کوردیی زازاکیدا بە مانای ورگ wirg دێ کە پیسایی تێدا کۆدەبیتەوە. پیزەوەند pîzewend واتە: گەواد (جێکێش cêkêsh). هەر بەو شێوەیە وشەی پیس pîs و پێزەوەنە بە شێوەی pezeveng چووەتە زاری ترکییەوە.

Pîtol' پیتۆڵ/ پیتۆر pîtor. فەیلەسووف feylesûf، بلیمەت bilîmet، قسەزان qisezan. پیتۆر pîtor > پیت pît (حرف) + ۆر or. ۆر or کورتەی وار war ە، واتە: خاوەن xawen. پیتۆر pîtor کەسێکە کە خاوەن قسە بێ و بزانێ چ دەبێژێ. عەرەب بەوە دەبێژن "حکیم" کە لە "حکمة" وە هاتووە.

Pol'a پوڵا، بە پەهلەوی پۆلڤات pûlaft و پووڵافت polvat هەیە، کە لە فارسیدا بووە بە پولاد و لە عەرەبیدا فولاذ

Popeshmîn پۆپەشمین (پارچە تەونێکە دەدرێ بە خۆدا) > پۆ

+po پەشمین **peshmîn**. پۆ **po** (واتە: تێوەدانی تەون). پەشمین **peshmîn** لە پەژمین **pejmîn** دوە هاتووە (← پەژم **pejim**).

Postal’ پۆستاڵ. > **post** پۆست (**pêst** پێست) + **al’** ئاڵ. **al’** کورتکراوەی کاڵە **kal’e** یە، کە بریتییە لە پێڵاوێکی چەرمین. وشەی کەڵاش **kel’ash** کە لە کاڵاش **kal’ash** دوە وەرگێراوە، **postal’** هەر لەم بنەڕەتەوەیە واتە: کاڵەی لە پێست دروستکراو **kal’ey le pêst dirustkiraw**.

Potîn پۆتین (پێلاوێکە وەك لاپچین)، پۆت **pot** هوردەخۆڵە، واتە: پۆتین پێڵاوێکە بۆ رۆیشتن بە نێو هوردەخۆڵدا.

Proje. پرۆژە. لە **projet** ی فەرنسییەوە وەرگیراوە، کە بە شێوەی پرۆژێ **projê** دەردەبڕدرێ. لە ئینگلیزیدا **project** و لە ئەڵمانیدا **projekt** ە، کە بەمانای پلان و نەخشەیە بۆ کردنی کارێك.

Prose پرۆسە، بەمانای رەوەند **rewend** ی کارێك، هێڵی گەڕیانی کارێك، وشەکە **processus** ی لاتینییە کە لە ئینگلیزیدا **process** و لە ئەڵمانیدا **prozeß** ە، کە بە مانای بەگژ یەکداچوون لەسەر مافێك، بەتایبەتی لەڕێی دادگەوە. وشەکە لە فەڕەنسیدا **procès** یە کە بەشێوەی پرۆسێ **prosê** دەردەبڕدرێ. کوردی و فارسی لە فەڕەنسییەوە ئەم وشەیەیان وەرگرتووە.

Pûch پووچ (← **bosh** بۆش).

Pûl پوول، لە وشەی یۆنانی **obolos** ʹ (οβολός) دوە هاتووە.

Put پووت (← **bosh** بۆش).

Qabîne قابینە/ **Kabîne** کابینە. وشەیەکە لە بنەڕەتدا لاتینییە **capanna** کە بۆ ← کۆختە **koxte** بەکاربراوە. لە فەڕەنسیدا **cabine** و لە ئەڵمانیدا **Kabine** یە و، بۆ ژووری بچووك بەکاردێ. بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ کۆمەڵەی وەزیرانی حکوومەتێك بەکاردێ.

Qach قاچ (قاچ و قول **qach û qûl**). قاچ **qach** بە هۆی جێگۆڕکێی شوێنی دەنگی ق **q** و چ **ch** ەوە، قاچ **qach** لە چاق **chaq** ەوە هاتووە. چاق **chaq** وشەیەکی هاومانای پاق **paq**ە، کە پێ **pê**/ پا **pa** یە. پاق **paq** و چاق **chaq** هەردووکیان بە مانای لاق **laq**/ لنگ **ling** دێن لە کوردیداو، لە کوردیدا هەن. ئەوجا قاچ **qach** و پاچ **pach** یش یەك وشەن و، دەنگی پ **p** بووە بە ق **q**. قاچ **qach** > پاچ **pach**. پاچ **pach** واتە: پێیی بچووك کە پاچ **pach** پاچك **pachk**ە.

Qach û Qûch قاچ و قووچ (ساختە) > **kech û kirûch** کەچ و کرووچ

Qalor قالۆر، بە تفەنگی سادە دەگوترێ (سەرنجی: قالۆرەشکاو **qaloreshikaw** بدە). قالۆر **qalor** لە گالۆر **galor** ەوە هاتووە. گالۆر **galor** بە لاسکی گیا دەگوترێ کە نێوەکەی ← ڤالا **vala** (← بۆش **bosh**) بێ، وەك ← لوولە **lûle**. هەر لە زمانی کوردیدا بە هێسکی قاچ (← ئێسقان **êsqan** ی ← قاچ **qach**) دەگوترێ: گاللۆر **gallor**. گا **ga** وشەیەکی دیکەیە بۆ جێ، سەیرانگا/سەیرانگە **seyranga/e**

لۆر **lor** لە: ← بلوێر **bilwêr**/ بلوور **bilûr** ەوە هاتووە، کە لوولەیەکی نێو بۆشە.

Qam قام، وشەیەکی دیکەیە بۆ مەقام (← گۆرانی **goranî**). قام **qam** < کام **kam** < کلام **kilam**. کلام **kilam** لە کوردیی باکووردا مانای ← گۆرانی **goranî** یە. کلام **kilam** وشەیەکی کۆنی هێندۆئەورووپاییە. (← کلام **kilam**). "مقام" ی عەرەبی لە "قام" ی کوردییەوە وەرگیراوە. وشەی قام **qam** بە مانای ← پێنجە **pênce**/ پەنجە **pence** ش دێ.

Qamîsh قامیش، لە قام - هیشك **qam-hîshk** ەوە دێ. ← قام **qam** مانای ← پەنجە **pence** (← تلی **tilî**) دێ. قامە **qame** و خامە **xame** یەك رەگیان هەیە. قامیش **qamîsh** مانای: پەنجەیەکی هیشکە. قامیش خۆی لە شێوەی پەنجە دایە و، قامکێکی هیشکە و، ئەو تەڕاییەی لە پەنجەی مرۆڤدایە لەو قامکەدا نییە.

Qamûs قاموس، ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ← فەرهەنگ **ferheng** (← وشەنامە **wishename**) و نێوەندی ← زەریا **zerya** بەکار دێ، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە وشەی **campus** ەوە وەرگیراوە، کە بە مانای زەوییەکی تەختە. وشەی کامپ **kamp** و کامپینگ **camping** یش هەر لەمەوە وەرگیراوە.

Qanûn قانوون. لە **κανόνι** یۆنانییەوە هاتووە کە بە مانای ← دەستوور **destûr** و نەریت **nerît** ە.

Qap قاپ (← گەپ **gep**).

Qapût قاپووت. لە وشەی **kaputze**ی ئەڵمانییەوە هاتووە

که له بنەڕەتدا cappuccio ی ئیتالیاییە و بە ئینگلیزی cape.ە بۆ ئەو کڵاوە بەکاردەبرێ کە بە لای سەری پاڵتۆوەیە. بەڵام لە کوردیدا بۆ ← پاڵتۆ pal'to بەکاردەبرێ.

Qare قارە. بە پێنج بەشەکەی جیهان دەگوترێ. لە وشەی لاتینی quartarius ەوە هاتووە، بەم شێوەیە کەوتووەتە زاری عەرەبی و فارسی و کوردییەوە.

Qarîn قارین (کارین karîn، کانین kanîn) هەرسێکیان بە مانای توانین twanîn دێن. وشەیەکی کۆنی هێندۆئەوروپاییە. سەرنجی وشەی können ی ئەڵمانی و to can ی ئینگلیزی بدرێ.

Qas قاس (← گەز gez).

Qash قاش (کووزێك لە شتێك). قاش qash لە کاژ kaj ەوە هاتووە. دەگوترێ: مارەکە کاژی دەردا، واتە: قاشێکی تەنك لە پێستەکەی جیابووەتەوە. وشەی کووز kûz یش، بە گۆڕانی دەنگی ژ j بۆ ز z لە کووژ kûj ەوە هاتووە و کووژ kûj بووە بە کاژ kaj و ئەوجا بە قاش qash، یان بە پێچەوانە. وشەی قوژبن qujbin کە کووژی kûjî و کۆژین kojîn یشی پێدەڵێن، هەروەها وشەی گۆشە goshe > گۆژە goje > کۆژە koje > کۆزە koze > کووژە kûje > کووز kûz هەموویان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە (← کۆخ kox/ کۆختە koxte).

Qawirme قاورمە، لە چەورمە chewirme ەوە هاتووە. مە me کورتەی "مەنی menî" یە (چەورەمەنی chewremenî). دەقەورێنم deqewrênim واتە: دەچەورێنم dechewrenim واتە: لە

ڕووندا سۆریدەکەمەوە. قاورمە qawirme چووەتە زاری ترکییەوە.

Qawirme sewzî قاورمەسەوزی: چێشتێکی سنەییانەیە، فارسەکان کردوویانە بە "قورمە سبزی".

Qawit قاوت (نانی هاڕاو و کراو بە ئارد) < قاو qaw + ت t. قاو qaw (کاو kaw) واتە: جووراو cûraw (هورد و خاشکراو hurd û xashkiraw). وشەی کاوێژ kawêj (جوونەوە) لەمەوە هاتووە.

Qel’a قەڵا/ **Qel’at** قەڵات، بەو خانووانە گوتراوە کە لەسەر کەل kel (چیا chiya) دروستکراون. وشەی کەلو kelu ش کە خانووی بلندە، هەر پێوەندیی بەمەوە هەیە. قەڵات کەلات kelat ە کە لە فارسیدا هەروا بەکاردەبرێ و لە عەرەبیدا بووە بە قلعة.

Kelu کەلو (← **Qel’a** قەڵا/ **Qel’at** قەڵات).

Qel’em قەڵەم (پێنووس pênûs). ئەم وشەیە لە عەرەبی و فارسی و ترکیدا بەکاردەبرێ. وشەی قەڵەم (قلم) لە قورئاندا هەیە ((ن والقلم وما یسطرون. سورة القلم (ك 68/1)). وشەی قەڵەم qel’em لە وشەی کوڵۆم kul’om ەوە هاتووە، کە ئەو پارچە دارە باریکەیە کە دەرگەی پێ دادەخن. (بۆ نموونە: دەرگەیان ← کلیل kilîl و کلۆم (کولۆم) دا). وشەی کولۆم لە پەهلەویدا هەیە. وشەی "کلك kilik" لە کوردیدا بۆ "قەڵەم qel’em" بەکاردێ کە ئەوەش کوتکراوەی کلۆم kil’om ە، لە ڕێی کلۆمـ ـ ك kil’omk ەوە.

Qemterkirdin قەمتەرکردن (← kemtyar کەفتیار/ keftyar کەمتیار).

Qenare قەنارە، پارچە ئاسنێکە کە قەساب، ئاژەڵی سەربردراوی پێدا هەڵدەواسن. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا، کەنارە kenare یە و، وشەیەکی کۆنی هێندۆئەورووپاییە و لە گەننارە gennare ی یۆنانییەوە هاتووە. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی kannare هەیە بۆ لغاوی ئەسپ و، وشەکە بەکاردەهێنرێ بۆ کۆنترۆلکردن و لە جووڵەخستنی شتێك. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە قتارة.

Qendax قەنداخ (شەکراوی کوڵاو). قەند qend مانای کولۆ شەکرە و، لە وشەی سانسکریتی کهەندە khende وە هاتووە. کە وشەی coundy ئینگلیزی لەمەوە هاتووە. داخ dax (گەرم بوون تا هەندازەی سووتاندن). داخ dax بە پەهلەوی داگ dag ە.

Qenefe قەنەفە، جۆرە کورسییەکە. وشەکە لاتینییە و لە فەڕەنسیدا، بە شێوەی canapé و ئەڵمانیدا بە شێوەی kanape بەکاردێ.

Qep قەپ/ قەپلێدان qeplêdan (← گەپ gep) ە.

Qepal' قەپاڵ (← گەپ gep).

Qepan قەپان، جۆرە تەرازوویەکە بۆ شتکێشان. لە وشەی یۆنانی γαppán (گەپپان) ەوە هاتووە، کە لە یۆنانییەوە، کەوتووەتە فەڕەنسییەوە و، زاری عەرەبی کردوویەتی بە "قبّان".

Qepoz قەپۆز، لە: کەپۆز kepoz ەوە هاتووە. کەپۆ/کەپوو kepo/kepû، کەپ kep بە مانای ← لووت lût (بێڤل bêvil) دێن لە زمانی کوردیدا. کەپ kep لە زمانی کوردیدا بە

شتێك دەگوترێ کە لە شتێکی دیکەوە، دەرپەڕێ بەڵام بە مەرجێك هەر بە شێك بێ لەو شتە. کەواتە: کەپۆ/کەپوو kepo /kepû پارچە شتێکە کە لە لەشی مرۆڤ، یان لە شتێك دەرپەڕیبێتە دەرێ. ز z کورتەی زن zin ە، کە مانای ئاودانەدەرەوە awdanederewe دەگەیەنێ، سەرنجی وشەی تەڕەزن terezin بدرێ، کە مانای تەڕی دانەدەرەوە terî danederewe دەگەیەنێ و لە دزن dizin و دزین dizîin ەوە هاتووە، سەرنجی وشەی: ئاودز awdiz و دەنگدز dengdiz بدرێ.

Qerax قەراخ (لێوار (lêwar وشەیەکی دیکەش بۆ قەراخ qerax هەیە، کە ئەوەش کەراخ kerax ە. کەراخ kerax < کەر ker + ئاخ ax. کەر ker لە کەرت kert ەوە هاتووە، کە مانای بەش besh، واتە: لەتی شتێك letî shitêk. ← ئاخ ax مانای← خاك xak ە. کەراخ/قەراخ k/qerax واتە: بەشی لای خاك (لای ئاخ lay ax، کەنار ئاخ kenar ax واتە: کەناری هیشکانی). وشەی کەرخ kerx کە لە کوردیدا بۆ ← سنوور sinûr (کەوشەن kewshen) بەکاردەبرێ، لەم وشەی کەراخ kerax ەوە هاتووە. بەشی کەرخ kerx لە بەغدا لەم کەراخ ەوە هاتووە، کە بە عەرەبی شاطيء ە.

Qerebû قەرەبوو (قەرەبوو کردنەوە qerebû kirdinewe). قەر qer نێوی فریشتەی بەختە، کە جارجار، لە شێوەی مرۆڤدا، دەردەکەوێ، وەك خێری زیندوو، کە یارمەتیی لێقەوماوان دەدا و، بەختیاریاندەکا.

قەرەبووکردنەوە، واتە: بەختیارکردنەوە و، لابردنی زیان و هێنانەوەی بەخت بۆ جێی خۆی. هەر لە کوردیدا چەند وشەیەکی دیکە هەیە کە پێوەندییان بە رەگی قەر qer ەوە هەیە، وەك قەرقۆت qerqot کە بە کەلوپەل kelupel ی نێوماڵ دەگوترێ، کە قەرەبووکردنەوە qerebûkirdinewe لێرەدا، بە مانای کەلوپەل تازە کردنەوە tazekirdinewe دێ.

Qeresûran قەرەسووران، ترکەکان ئەم وشەیە، بۆ ئەو پاسەوانانە بەکاردەبەن، کە لە سەر جادەکان دەوەستن بۆ دژایەتیکردنی جەردە و چەتە. وشەکە لە قەرە qere + سوور sûr + ان an ەوە هاتووە. قەرە qere لە گەڕ geř ەوە هاتووە، کە بە مانای شەڕو و زۆرانبازییە. سوور sûr کورتکراوەی سوار swar ە و ئان an نیشانەی گەلە، واتە: ئەو سوارانەی کە بۆ شەڕ و گەڕ و بەربەرەکانی ئامادەن.

گەڕەسواران geřeswaran

قەرەسووران qeresûran کەوتووەتە فارسییەوە.

qerewêt قەرەوێت/ قەرەوێتە qerewête/بۆیمباخ boyimbax کە بە کوردی ملبەند milbend ە و، بە عەرەبی (رباط) ە و، بە ئەڵمانی کراڤاتە krawatte یە، کە سووکراوە و بووە بە کراڤات krawat و بە فەڕەنسی cravate و بە ئیتالیایی cravatta لە بنەڕەتدا وشەیەکی کرواتی یە. زەمانی کۆن، خەلکی کرواتستان (کە پارچەیەك بوو لە یۆگۆسلافیا و دوایی سەربەخۆ بوو)، جۆرە ملبەندێکیان دەبەست بە

ملیانەوە، کە دوایی، بە هێندەك دەستکارییەوە، بوو بەو کراڤاتەی کە ئەورۆ لە ئەوروپا و لە هەموو جیهاندا بەکاردەبرێ.

Qersîl قەرسیل/ قرسیل **qirsîl** بەو لاسکە سەوزانەی دەخڵ دەبێژن کە ئاژەل دەیخۆن. < قر **qir** + سیل **sîl**. قر **qir** لە قرتاندن **qirtandin** ەوە دێ، کە لە بنەڕەتدا کرتاندن **kirtandin**ە بە گۆڕینی دەنگی ك **k** بۆ ق **q**. سیل **sîl** و شیل **shîl** و شیر **shîr** چەند وێنەیەکی یەك شتن کە ئەوەش: شیرە **shîre** ی ئەو لاسکانەیە کە ئاژەڵەکان دەیانقرتێنن و دەیانخۆن.

Qes قەس (← **Qêz** قێز).

Qeshe قەشە، کە لە عەرەبیدا بووە بە "قس" و لە فارسیدا بووە بە کشیش **kashish** لە بنەڕەتدا وشەیەکی سریانییە.

Qeware قەوارە/ قەواڵە **qewal'e**. لە گەورە **gewre** ەوە هاتووە، کە لێرەدا مەبەستی گەورەیی **gewreyî** (زلێتی **zilêtî**) شتە.

Qeychî قەیچی/ ← مەگریجەنی **megrîcenî** لە قیچا **qîcha** ی مەنگۆلی (مەغولی) یەوە هاتووە، کە کوردییەکەی برنگی **biringî** یەو لە: بڕ **biř** + ن **n** + گی **gî** یەوە هاتووە و، ئامێرێکە بۆ هەڵپاچین و بڕینی تووکی مەڕ بەکاردەبرێ.

Qeyran قەیران، وشەیەکە لە زمانی کوردیدا بە مانای "مۆڵەت **mol'et** و ← ماوە **mawe**" بەکاردەبرێ. دەبێژن "نەخۆشەکە قەیران دانرا بۆی"، واتە: ماوەیەك دانرا بۆی، یان دەمرێ، یان، نامرێ. قەیران **qeyran**، لە کەیران **keyran** ەوە هاتووە، دەنگی ك **k** بووە بە ق **q**. (وەك: رك **rik** و رق **riq**،

کین kîn و قین qîn). لەم وشەیەدا، پارچەیەك هەیە، ئەوەش کەی key ە، واتە: چ کاتێك، کەینێ؟ keynê? زۆر ڕێی تێدەچێ کە کەیران keyran کەینان keynan بووبێ. کەین keyin. لە زمانی کوردیدا بە مانای: نێوان nêwan (بۆ زەمان zaman) دێ. کەواتە، کەین ـ نان keyin nan واتە: کەین ـ دا ـ نان keyin-da-nan، کات دانانە بۆ شتێك.

Qêz قێز، واتە: ئارەزووبوون لە شتێك arezûbûn le shitêk (قێزم qêzim لێی دەبێتەوە debêtewe lêy) واتە: ئارەزووم لێی دوور کەوتووەتەوە. قێز qez و قەز qez و قەس qes و حەز ĥez و هەژ hej و بێز bêz هەموو یەکمانان و هەموو ئەم وشانە لە شێوە زارەکانی کوردیدا هەن و گشتیان ئارەزوو دەگەیەنن، سەرنجی وشەی ← بێزوو bêzû بدرێ کە حەزی ژنی زکپڕە لە هێندەك خواردن. قێزلێهاتن qêzlêhatin/ قێزەون qêzewin واتە: حەز لێنەبوون ĥez/j lênebûn و دڵتۆران dil'toran لە شتێك.

Qilîchk قلیچك (← کلیل kilîl/کلیت kilît).

Qilîl قلیل (← کلیل kilîl/کلیت kilît).

Qilîsh قلیش، واتە: درزی گەورە لە دیوار، یان دار، یان لە شتێکی دیکە. قلیش qilîsh < قل qil + یش îsh. قل qil < قەل qel < کەل kel. یش îsh < یشك îshk < یچك îchk. کەل kel ئەوەیە شتێك بەشێکی لێپەڕێندرابێ، یان، لێکەمکرابێ. یچك îchk نیشانەی بچووککردنەوەیە، وەك

دەگوترێ: گوێچك gwêchk (گوێیەکی بچووك). (سەرنجی وشەی ← کەروێشك kerwêshk > کەرگویچك kergwêchk بدرێ. قلیش qilîsh/قەلیش qelîsh لە کەلیچك kelîchk ەوە هاتووە، واتە: کەلییەکی بچووك kelîyekî bichûk (← کلیل kilîl/ کلیت kilît).

Qiře قڕە، قڕە qiře بە کەسێك دەبێژن کە لە هەڵماتێن hel’matên (یاریی کەلان yarîy kelan) دا، دوای هەمووان بێ. قڕە qiře لە کڕە kiře وە هاتووە. کە لە کوردستاندا بۆ شایی، یان بۆ شین، پلاو لێدەنێن، دەبێ هێندە زۆر بێ نەگاتە بنکڕ binkiř، بۆ ئەوەی میوان ناچار نەبێ بنکرەکە بخوات. هێندەك بنەماڵە هەن، شانازی بەوە دەکەن، کە پلاوی وان ناگاتە بنکڕ "واتە: هێندە زۆرە". ئەوجا ئەو میوانەی درەنگ بێ و دوابکەوێ، بنکر دەبێتە بەشی، واتە: کڕە kiře ی مەنجەلەکە دەمێنتەوە بۆی. قڕە qiře، کە بە مانای دواکەوتوو، بە جێماوە، لەم کڕە kiře یەوە سەریهەڵداوە.

Qisil’ قسڵ، لە کلس kilis ەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی ك k بۆ ق q و جێگۆڕکێی شوێنی دەنگەکانی وشەکە کلس kilis بووە بە قلس qilis و ئەوجا قڵس qil’is و دوایی قسڵ qisil’. وشەی کلس kilis لە وشەی لاتینی calx ەوە هاتووە کە لە زمانی ئەڵمانیدا بووە بە kalk.

Qîz قیز (← کچ kich).

Qoce قۆجە، لە: کۆجە koce ەوە هاتووە، کە ← کاسە kase یە. هەر لەمەوە، وشەی کۆجەڵە

و کۆجێله kocel'e هاتووه، که مانای کاسەی گچکەیه. خۆ ئەگەر قۆجە qoce هاوەڵنێو (صفة) بێ، ئەوا له گۆجە goce ەوە هاتووه. (← kech کەچ).

Qofir قۆفر، به زەوییەکی کشتوکالی دەگوترێ که بەردی تێدابێ. قۆفر qofir له کۆفر kofir ەوە هاتووه. کۆفر kofir له کۆڤر kovir و کەڤر kevir ەوە هاتووه. کەڤر kevir و کەور kewir له زمانی کوردیدا به مانای بەرد berd دێن (← کەڤر/کەور kevir/kewir).

Qol' قۆڵ، وشەیەکە پێوەندیی به کۆڵ kol' ەوە هەیه. چووەتە زاری ترکییەوە. وەك kol.

Qonterat قۆنتەرات، له فەرەنسییەوە وەرگیراوه contract ە که وەك کۆنترا دەردەبردرێ و ct دەرنابردرێ، contract، مانای گرێبەند girêbend ە.

Qorix قۆرخ: کردنی شوێنێك به جێیەکی تایبەتی بۆ کەسێك، یان چەند کەسێك، که کەسی دیکە مافی بەکارهێنانی نەبێ. وشەکە مەخۆلییە و کەوتووەتە زاری ترکییەوە و ئەوجا کوردی. بنچینەی وشەکە قۆرق ە واته: ترسە.

Qujbin قوژبن < قوژ quj + بن bin. قوژ quj < گوژ guj < گوش gush < گۆشە goshe. واته: گۆشە بن goshe bin. له زمانی کوردیدا وشەی کوژبن kujbin یش هەیه که به مانای قوژبن qujbin ە.

Qul قول (به زۆری به مرۆڤی ڕەش و بەندە دەگوترێ). له "کۆیله" (عبد) ەوە هاتووه که بنەڕەتەکەی لەگەڵ وشەی kuliی ئەڵانی و، cooli ی ئینگلیزی یەکە. وشەکە له بنەڕەتدا kûlî کوولی هێندییە،

کە بۆ کارکەری هەرزان و بارگران و خزمەتکار و کۆڵکێش بەکاردەبرێ. قول qul چووەتە زاری ترکییەوە: kul.

Qul' قوڵ، جارێك بە مانای کورت kurt ە (سەرنجی وشەی دارەقوڵە darequl'e ی هەقەکان بدرێ کە بە مانای دارە کوڵە dare kul'e یە). قوڵ qul' مانایەکی دیکەشی هەیە، ئەوەش کوڵ Kul' ە، کە لە کوڵاندن kul'andin ەوە دێ. قوڵی ئاگر qul'i agir واتە: کوڵی ئاگر kul'i agir (← کەلاندن/کوڵاندن kelandin/kul'andin). وشەی قوڵپ qul'p (قوڵپە قوڵپی ئاو و خواردنی سەر ئاگر) هەر لە مەوەدێ.

Qumash قوماش. لە بنەڕەتدا وشەی فەرەنسی chemise ە کە مانای کراس kiras ە و، لە عەرەبیدا بوو بە قمیص. قەمسەلە qemsele کە جۆرە چاکەتێکە هەر لەم بنەڕەتەوەیە.

Quř قوڕ/ حەری ĥerî/ هەری heî واتە: گڵی تەڕکراو بە ئاو. هەرسێ وشەکە و، وشەی خۆڵ xol' یش هەر لە وشەی ← گڵ gil' ەوە هاتوون. گڵ gil' و کڵ kil' هەردووکیان پێوەندییان بە گڕ giř ەوە هەیە. سەرنجی وشەی گلبێنە gil'bêne ی ← تەندوور tendûr بدرێ، کە کونێکە بۆ بێندان bêndan (هەناسەدان henasedan) بۆ ئاگری تەندوورەکە و لە بنەڕەتدا گڕبێنە giřbêne یە. دیارە گڵ gil' لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی گڕگرتن giřgirtin ی شتێکەوە هاتووە و بووە بە گڵ (خۆڵ xol'). کڵ kil' یش هەر وایە. کڵ kil' بە شوێنی بە ئاگر سۆرکردنەوەی سواڵەت swal'et دەگوترێ.

Quřentêne قورەنتێنە، شوێنێکە بۆ تێداهێشتنەوەی ئەوانەی نەخۆشیی درمیان هەیە تا بە خەڵکی دیکە نەگا. وشەکە فەڕنسییە **quarantane**.

Quřimsax قوڕمساخ (← ترمپف **tiřimpif**).

Qurmîsh قورمیش، قورمیش کردن، واتە: کۆك کردن **kok kirdin** ی کاتژمێر **katjimêr** لە قورولموش **kurulmuş** ی ترکییەوە هاتووە کە بە مانای سازکردن **sazkirdin** و کۆککردن **kokirdin** ە (کۆك **kok**).

Qurtim قورتم (خرطوم) ← قووتدان **qûtdan**.

Qûl' قووڵ/ **Kûr** کوور. هەردووکیان هەر یەك وشەن بە یەك مانا، بە گۆڕینی دەنگی ق **q** و ك **k** و دەنگی ر **r** و ڵ **l'** بۆ جێیی یەکدی. لە سانسکریتدا وشەی گەبهەر **gebher** هەیە بۆ دەمکردنەوە و باویشکدان و فراونکردنی شوێنێك. ئەم وشەیە لە ئاڤێستاییدا بە شێوەی گڤرە **givre** دێ کە بۆ شتێکی شاراوە و قووڵدانراو بەکاردێ. دیارە وشەی ژوور **jûr** (شوێنی نێوەوەی خانوو/ماڵ)، هەروەها گۆڕ **goř** (قەبر) و کۆڵین **kol'în** (قووڵکردنی شتێك) پێوەندییان بەمەوە هەیە. بێجگە لەوەش وشەی جُرُف کە لە عەرەبیدا بۆ قوول بەکاردێ لەمەوە وەرگیراوە، کە لە پەهلەویدا هەر بە شێوەی "جرف" **curf** ە. (سەرنجی: "... اسس بنیانه علی شفا جُرُفٍ هارٍ" بده، سورة التوبة 9/109).

Qût قووت، وشەیەکە لەگەڵ ← رووت **rût** دێت (رووت و قووت **rût û qût**) کە ئەوەش هەر مانای رووت **rût** ە و دەنگی ر **r**

گۆڕاوە بە ق q. وشەی قووتەڵ qûtel’ (واتە: رووتێکی تەواو رووت) لە رووتەڵ rûtel’ ەوە هاتووە.

Qûtdan قووتدان، بە شتێك دەگوترێ کە بە گەروودا بچێتە خوارەوە. لە هێندەك زاراوەدا بە گەروو gerû دەبێژن قورگ qurg و قوروگ qurug یش هەیە، کە قوڕگqurg پێوەندیی بە وشەی gorge ی فەڕەنسییەوە هەیە کە مانای گەروو gerû ە، لە ئەڵمانیدا وشەی gurgeln هەیە بۆ ئاو لە دەم وەردان، خەرخەرەکردن بە ئاو، یان بە شلاوکێکی دی. بێجگە لە وشەی قورگ qurg، وشەی قورتم qurtim یش هەیە کە وشەی خرطوم لە مەوە هاتووە، وشەی قووتدان qût-dan لە قورتدان qurt-dan ەوە هاتووە کە پێوەندیی بە قورگە وە هەیە. قورت qurt کەوتووتە زاری ترکییەوە و بووە بە غورت ğurt و لە فارسیدا بووە بە گلو gilû.

Qûtel’ قووتەڵ (← قووت qût).

R ر

Ra را، نیشانەیەکە بۆ بۆسەرەوەچوون، وەك: رابوون ra-bûn، راوەستان ra-westan. را ra بە پەهلەوی: راس ras و راهـ rah. کە دەنگی س s کۆنترە لە دەنگی هـ h.

Rapermûn راپەرموون (← فەرموون fermûn).

Rastanî راستانی/ راستینە rastîne (← راستەقینە rasteqîne).

Rasteqîne راستەقینە/ راستەقانی rasteqanî، راستینە rastîne. راستەقینە rasteqîne لە ← راست rast + هەقینە heqîne دەوە هاتووە. راستەقانی rasteqanî لە راست rast و هەقانی heqanî وە هاتووە. هەق heq وشەیەکی عەرەبییە. وشەی کوردی پەتی بەرامبەر راستەقینە rasteqîne راستینە rastîne یە کە پێچەوانەی درۆیینە diroyîne یە.

Rastî راستی (← کەرەسە kerese، ← کەرەستە kereste).

Rastîne راستینە (←راستەقینە rasteqîne).

Razan رازان /نووستن nûstin/ خەوتن xewtin > راز raz + ئان an. راز raz لە راست rast ەوە هاتووە. چۆنکە کاتێك دەنگی س s و ت t پێکەوە دێن، دەبن بە ز z وەك رستگاری ristgarî کە دەبێ بە رزگاری، راست دەکەیت rast dekeyt دەبێتە راز ئەکەیت raz ekeyt. بەم جۆرە رازان razan لە راستان rastan ەوە هاتووە، واتە: راست خۆڕاکێشان rastxorakêshan/ راکە(و)تن rake(w)tin. رازاندن

razandin < راستاندن rastandin (خەواندن xewandin)، واتە: راست راخستن rast raxistin. ← رازاندن razandin وێنەیەکی دیکەی راژاندن rajandin ە.

Razandinewe رازاندنەوە، لە ئاڤێستادا وشەی برازە biraze هەیە بە مانای جوانی، شۆخ و شەنگی cwanî, shox û shengî.

Reben رەبەن، بە کەسێك دەڵێن کە ماڵی بە کۆڵەوە بێ و گەڕۆك بێ. هەروەها، بە کەسێك دەڵێن کە بێژن bêjin و ماڵ و سەلت selt بێ، یان هەژار بێ. رەبەن reben < رێ rê + بەن ben. بەن ben لە بەند bend ەوە هاتووە، واتە: کەسێك کە بە رێوە بەندە، نەك بە ماڵەوە. بیرێك هەیە کە گوایە رەبەن reben لە رهبان rehban ەوە دێ، (کە وشەکە لە بنەڕەتدا عیبرییە و راڤڤی ravvî یە، واتە: "مامۆستای من". وشەکە بە شێوەی راڤینۆش ραβίνος کەوتووتە زمانی یۆنانی و ئینگلیزی rabbi و rabbin و ئەڵمانی Rabbiner و لەوەشەوە بۆ نێو زمانە ئەوروپاییەکانی دی.) لە عەرەبیدا وشەی "رب" هەیە بۆ خاوەن، مرۆڤی گەورە. رەهبانەکانیش ژن ناهێنن. بەڵام ئەمە راست نییە، چۆنکە ژنهێنان لە مرۆڤی رەبەن reben رێبەند rêbend (ممنوع) نەکراوە ، وەك ئەوەی لە رەهبانی دیان کراوە، بەڵکو خۆی ژنمێری jinmêrî (زواج)ی نەکردووە.

Rechel'ek رەچەڵەك (بنەچە و رگی شتێك). < رەچە reche + ڵەك

l’ek. رەچە reche و، رەتە
rete هەر یەك شتن. رەتە
rete رەگە rege یە. سەرنجی
وشەی رەتەوە retewe بدرێ کە
بە مانای بناوانی خێزان دێ و،
لە گەل وشەی ← رەگەز regez
کە، لە رەگەزێ regezê (واتە:
لە رەگەوە زاوە le regewe
(zawe و وشەی race ی
ئینگلیزی و Rasse ی ئەڵمانی
یەك بنەچەیان هەیە.

Rechend رەچەند (ئەو پارچە
کاغەزەیە کە بژیشك (دکتۆر)
نێوی دەرمان دەنووسێ لە سەری
بۆ نەخۆش، تا بچێ لە
دەرمانخانە وەریبگرێ. وشەکە
ئەوروپاییە. سەرنجی وشەی
Rezept ی ئەڵمانی و recipe ی
ئینگلیزی بدرێ کە هەردووکیان
لە وشەی لاتینی recipere
(receptum) ەوە هاتووە کە
مانای ئەوە دەگەیەنێ، کە
دەرمانساز راسپێریی دوکتۆری
وەرگرتووە. چۆنکە وشە
لاتینییەکە، مانای گەیشتن
دەگەیەنێ، کە وشەی گەیشتن لە
زمانی ئینگلیزی ئەورۆدا to
recieve ە. رەچەتە، بە کوردی
← پەتە pete و ← پسوولە
pisûl’e ی دوکتۆرە. "وصلة"
کە عەرەبی عێراق بۆ پارچە
پەرۆ بەکاریدەبەن لەمەوە
هاتووە.

Rechû رەچوو/ رەچووکاو
rechûkaw (بە کەسێك
دەبێژن، کە گوێنەداتە قسەی
کەس و سەرەرۆ بێ) رەچوو
rechû < رەچ rech + چوو
chû. کورد دەبێژن: لە رەچ
چووەتە دەرێ. رەچە
riche/reche لە کوردیدا بە
باریکەرێ دەگوترێ. دەگوترێ:

رچەی شکاند **richey shkand** واتە: ڕێیەکی باریکی کردەوە. وشەی: رەچوو **rechû** لە عەرەبی و فارسیدا بوە بە: لجوج **lecûc**.

Refîsk رەفیسك (پشتی ئەژنۆ **pishtî ejno**) > رەف **ref** + یسك **îsk**). یسك **îsk** ـ و، یچك **îchk** نیشانەی بچکۆلەکردنەوەیە. وشەیەکی هاومانای رەفیسك هەیە، ئەوەش: رەپیسك **repîsk** ە. رەف **ref** لە شێوەی کۆنیدا رەپ **rep** بووە و دەنگی پ **p** بووە بە ف **f**، وشەی رەفە **refe** رەپە **repe** یە. رەپ **rep**، بە شتێك دەبێژن کە دەرپەڕیبێ و قیت بێ. وشەی "رَفّ" ی عەرەبی لەم رەپ **rep** ەوە وەرگیراوە.

Regez رەگەز > رەگ **reg** + ـە **e** + ز **z**. ز **z** کورتکراوەی زا **za** و زایین **zayin** (زاوزێ **zawzê**) یە. (← رەچەلەك **rechelek**).
ئەم وشەیە بە فەڕنسی **race** و بە ئینگلیزی **race** و بە ئەڵمانی **rasse** و بە ئیتالیایی **razza** یە.

Remekî رەمەکی، لە رووەکی **rûwekî** یەوە هاتووە، واتە: لە خۆیەوە رواوە و پەیدابووە.

Rest-axêz (← **Rizgarî** رزگاری).

Rete رەتە (← رەچەڵەك **rechelek**).

Retewe رەتەوە (← رەچەڵەك **rechelek**).

Rewa رەوا، بە بارودۆخێك دەگوترێ، کە هەق و راست، یان، قانوونی بێ، بە پەهلەوی: رەواك **rewak**ە.

rexne رەخنە، لە رەژنە **rejne** و رێژنە **rêjne** ەوە هاتووە، واتە: رێ ـ ژەندن **rê-jendin** کە ئەوەش مانای لێدانی ـ رێ

lêdanî rê یە، یان رێ کوتان rê kutan ە.

Rexsan رەخسان/ رەخساو **rexsaw** (← رسکان **riskan**)

Rê رێ، وشەیەکی هیندۆئەوروپاییە، بە فەرەنسی **rue** و لە ئینگلیزیدا **road** و لە ئەڵمانیدا **route** یە کە ئەمەش لە وشەی فەرەنسی **route** ەوە وەرگیراوە و سەرچاوەکەی وشەی لاتینی **rupta** یە، لە فارسیدا بووە راه **rah** ە.

Rêsa رێسا > رێ **rê** + سا **sa** > رێ **rê** + ئاسا **asa** > رێئاسا **rêasa** واتە: رێی ئاسایی **rêy asayî**، رێ و شوێنی باو **rê w shwênî baw**.

Rêwas رێواس، جۆرە گیایەکی ئەستوورە، تامی مزرە، لە کۆنەوە لە کوردستاندا، بۆ هێندەك دەرمان بەکاردێ، لە فارسیدا بووە بە: رواس **revas**. فەرهەنگی فارسی موعین (معین) نەزانانە، دەبێژێ عەرەبییە. بەڵام وشەیەکی کۆنی کوردییە. بە فەرەنسی **rhubarbe** و بە ئینگلیزی **rhubarb** و بە ئیتالیایی **rabarbaro** و بە ئەڵمانی **Rhabarber** و بە لاتینی **rabarbaro** کە ئەوەش لە یۆنانیی ناڤینەوە هاتووە کە **rhá-bárbaros** ە. **rhá** لە یۆنانی ناڤیندا مانای ← رەگە **reg** ە.

Rib رب (← رچال **richal**).

Richal رچال، رەچەڵ **rechel**/ریچاڵ **rîchal** (مێوەی کوڵاو و تێکەلکراو لەگەڵ شەکر، کە لەگەڵ بەرچایی دەخورێ) و بە عەرەبی (مربی) یە. لە سانسکریتدا بە رب **rib** ی مێوە دەگوترێ: رسا **risa** کە رب **rib** (ربی هەنار **ribî henar**)ە، وێنەیەکی دیکەی رچ **rich** ە.

رچ rich لە زمانی کوردیدا، بە شلاییەك دەبێژن کە مەیی بێ (meyîn) یان، توندبووبێتەوە، کە رەپ rep بە مانای کرژبوون و هەستان پێوەندیی بەمەوە هەیە. رچاو richaw بە مەیینی شلایی و بەستنی سەهۆڵ دەگوترێ. هەر لە کوردیدا بە هەوێنی پەنیر دەگوترێ ریت rît و بە هەویری شلیش دەگوترێ ریکە rîke. ـ ئاڵ/ل al'/l ـ لە کوڵاندن /kul'andin کەلاندن kelandin ەوە کورتکراوەتەوە. واتە: هەوێنێك کە کوڵێنرابێ. رچاڵ richal بە گۆڕینی شوێنی دەنگەکانی وشەکە، لە زاری فارسیدا بووە بە لیچار lichar.

Rijandin رژاندن (← رز riz/ رزین rizîn).

Riskan رسکان/ رسکین riskîn/ رستکان ristkan لە خۆوە دروستبوون، لە خۆوە پەیدابوون. وشەکە پێوەندیی بە ← رووان rwan ەوە هەیە، وشەی رەخسان rexsan/ رەخسین rexsîn یش هەر پێوەندیی بە رووان rwan ەوە هەیە.

Riste رستە (← ریز rîz).

Rizan رزان/ رزین rizîn/ دارڕزان dařizan وێنەیەکی دیکەی رژان rijan و دارڕژان darijan ە، واتە: وشکبوون و گیان پێوەنەمان و هەڵوەرین. رژان rijan (سەرنجی ئاوڕژان بدرێ) کە لە عەرەبیدا بووە بە: رشَ (رش الماء = ئاوڕژان). هەروەها، لە کوردیدا: ئاوڕشێن awrishên یش هەیە کە ئاورژێن awrijên ە. لە زمانی کوردیدا وشەی رز riz بۆ جیابوون و لە بەریەك چوونی

چەند شتێك دەگوترێ. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Riß (ریس) هەیە کە لە زمانی ئەڵمانی کۆندا riz ە و، ئەمەش بە شوێنێك دەگوترێ کە درزی تێبووبێ، یان دڕابێ. بە ئینگلیزی rent ە.

Rizgarî رزگاری، لە رستگاری ristgarî ەوە هاتووە و ست st بووە بە ز z. راست بوونەوە rast bûnewe لە زمانی کوردیدا بە هەستان لە خەو. و، تەنانەت بە زیندووبوونەوەش دەگوترێ. بۆ وێنە: دەگوترێ: لە مردن راستبووەوە، لە نەخۆشی راستبووەوە، واتە: رزگاری بوو. هەروەها وشەی راست خێز rast xêz کە بە مانای زیندووبوونەوە دێ، لە راست rast و ئاخێز axêz ەوە هاتووە. ئاخێز axêz بە مانای راپەڕین rapeřîn و هەستان hestan و هەستانەوە دێ. راست ئاخێز rastaxêz لە فارسیدا بووە بە رستاخیز rastaxîz، هەر بە مانای زیندووبوونەوە. ئاخێز axêz لە ← ئاخ ax (← خاك xak) و خێزە xêze ەوە هاتووە، خێز xêz مانای خۆدەرخستن xoderxistin ە. واتە: لە خاکەوە سەری دەرهێناوە، خۆی دەرخستووە.

Rîk ریك/ ریگ rîg پارچە و پلۆوچی بەرد، کە لە ئەنجامی هووردکردن، یان، باران بارین بە سەریدا هوورد و خاش دەبن. ریك rîk بە شێوەی ریگ rîg کەوتووەتە فارسییەوە. وشەکە پێوەندیی بە وشەی رین rîn ەوە هەیە، واتە: پیسیکردن، کە لە پەهلەویدا: ریتەن rîten ە.

وشەی ریخ rîx واتە: پیسایی چوارپێ، هەروەها ← ریقنە rîqne پیسایی ← مەل mel پەیوەندیی بەم وشەیەوە هەیە.

Rîqne ریقنە (← ریك rîk/ ریگ rîg).

Rîsh ریش، ری rî، رە reh، ردێن ridên بە ئاڤێستایی رەئەشە reeshe و بە پەهلەوی: ریش rîsh و رێش rêsh ە. هەروەها وشەی ریس rîs کە بە دەزوو و، تاڵ تاڵ، دەگوترێ: پێوەندیی بە ریش rîsh ەوە هەیە، بە گۆڕینی دەنگی ش sh بە س s.

Rîshal’ ریشاڵ/ **Rîzal’** ریزاڵ (پارچەیەکی باریك لە کالآیەك). ریش rîş و ریز rîz پێوەندییان بە ریس rîs ەوە هەیە کە دەزووە. ـاڵ al’- نیشانەی گچکەکردنەوەیە (← ریش rîsh).

Rîswa ریسوا، لە رست ـ وا rist-wa، وا wa مانای پێچەوانەیە، رست ـ وا، واتە: پێچەوانەی رست، پێچەوانەی ← ریز rîz.

Rîtal ریتاڵ/ رووتەڵە rûtel’e. ریت rît و ← رووت rût هەریەك وشەن، بە گۆڕینی بزوێنی î و û بۆ جێگەی یەکدی. ئاڵە al’e نیشانەی گچکەکردنەوەیە.

Rîx ریخ (← ریك rîk).

Rîz ریز، لە رست rist ەوە هاتووە. پێڕست pêřist واتە: بە پێی رست be pêy rist، بە پێی ریز be pêy rîz، پێڕست لە عەرەبیدا کراوە بە فهرست (فهرس) بە گۆڕینی دەنگی پ P بۆ ف f. ئەمەش لە گەلێك وشەدا دیارە، بۆ وێنە: پۆلات polat ی کوردی، لە عەرەبیدا بووە بە فولاذ، پەهلەوی pehlewî کراوە بە فەهلەوی

fehlewî، پاڵوودە palûde
کراوە بە فالوذج faluthec.
دەبێ ئەوەش بخەینە بەرچاو کە
وشەی رەستەك restek لە
پەهلەویدا بە مانای یەك لە
دوای یەك yek le dway yek
دێ، واتە: رستە riste. دیارە
دەنگی ست st دەبێتە ز z (←
رزگاری rizgarî).

Robar رۆبار > رۆ ro + بار bar.
رۆ ro بە پەهلەوی رۆت rot ە،
کە بە عەرەبی (نهر)ە و، لە
فارسیدا بووە بە رود rûd. رۆ
ro، پێوەندیی بە رۆچوون
rochûn ← گەڕیان geryan
(جریان) ەوە هەیە. وشەی رۆ
ro، پێوەندیی بە ← لوولە
lûle شەوە هەیە، کە لوولە lûle
ی کوردی و وشەی رۆر rohr ی
ئەڵمانی کە ئەوەش هەر لوولەیە
و reed ی ئینگلیزی کە زەل
zel ە پێوەندییەکی رەگییان
پێکەوە هەیە.

Roj رۆژ، بە پەهلەوی: roch ە، هەر
وەك کوردیی گۆرانی کە roch
ە. لە فارسیدا بووە بە روز rûz.
رۆژن rojin و رۆژین rojîn
← (رۆناك ronak) ی کوردی
لە فارسیدا بووە بە روشن
roshen و، لە ترکیدا بووە بە
revşen. روشن roshen ی
فارسی لە کوردییەوە وەرگیراوە،
چۆنکە دەنگی ژ j بووە بە ش
sh. ئەگەر فارسی بوایە، دەبوو
بگوترایە، روزن rûzen چۆنکە،
وشەی رۆژ roj بە فارسی: رُوز
rûz ە. هەروەها وشەی ←
رۆشنبیر roshinbîr هەر لەم
بنەمایە وەرگیراوە (←
کلاورۆژنە kil'awrojne).

Ronak رۆناك/ رووناك rûnak.
وشەی رووناك rûnak لە

نێوچەی سلێمانی و، هێندەك نێوچەی کەرکووك و رۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەبرێ. بەڵام، لە هەولێر و کۆیە و رۆژئاوای کوردستان رۆناك ronak بەکاردەبرێ. لە باکووری کوردستان رۆنی ronî بۆ رۆشن/ رۆژن و رۆناك بەکاردەبرێ. تەنانەت فرمێسکیش لەبەر رەنگە رۆناکەکەی بە "رۆندك rondik و رۆنتك rontik" نێودەبرێ. رۆناك ronak (بە o) لە رووناك rûnak (بە û) راسترە. چۆنکە رۆناك ronak لە رۆژناك rojnak ەوە هاتووە. کورد بە ← خۆر xor دەبێژن رۆژ roj و نابێژن رووژ rûj. لەبەر ئەوە رۆناك ronak کوردیترە لە رووناك rûnak، وەك چۆن وشەی رۆشن roshin لە رەوشەن rewshen راسترە.

چۆنکە رۆشن roshin لە رۆژن rojin ەو هاتووە، واتە: رۆژلێداو، هەتاوی. کورد دەبێژن: رۆژن rojin و نابێژن رۆژەن rojen. فارس، وشەی رۆژن rojin یان لە کوردییەوە وەرگرتووە و کردوویانە بە روشن rewshen. خۆ ئەگەر ئەم وشەیە فارسی بووایە، دەبوو ببوایە بە رَوْزَنْ rewzen، چۆنکە بە فارسی بە رۆژ roj دەبێژن روز rûz. هەر لە فارسیدا وشەی رَوْزَنە rewzene هەیە، کە بۆ کلاورۆژنە kil'awrojne بەکاردەبرێ، کە وشەکە کەوتووەتە زاری عەرەبیشەوە و، بەو کونە دەگوترێ کە لە سەربان دەکرێ، بۆ ئەوەی تیشکی رۆژ roj (خۆر xor) بێتە ژووری ماڵێك. هەروەها رۆشنبیر roshinbîr

(← Bîr بیر) ماناى رۆناكبیره و له رۆژنبیر rojinbîr هوه هاتووه.

Roshinbîr رۆشنبیر (← رۆناك ronak/ رووناك rûnak).

Rovî رۆڤی (ریخۆڵه rîxol'e) < رۆ ro + ڤی vî. رۆ ro به پەهلەوی رۆت rot ه. (← رۆبار robar) واته: شوێنی گەڕیانی شتێك، یان شلاوێك. ریخۆڵه rîxol'e/ ریخۆره rîxore ریخ - ڕۆره rîx-rore/ ریخ - لۆله rîx-lole یه، به گۆڕینی دەنگی ر r بۆ ڵ l'. ← ریخ rîx وەك ری rî و ← ریك rîk ماناى پیسایيه. ریخۆره rîxore واته: رووره (لووله)، ڕێی پیسایی. سەرنجی وشەی ریان riyan بدرێ كه ماناى پیساییدەركردنه له لەش.

Rû روو/ رۆ ro/ رۆخ rox (رۆخسار) له پەهلەویدا: rod ه. (← روان rwan).

Rût رووت، له وشەی روخت rûxt ی ئاڤێستاییەوه هاتووه، كه له فارسیدا بووه به لخت loxt.

Rûte رووته (← شەلێت shelêt).

Rwan روان، له رۆشن roshin هوه دێ. روان rwan ئەوەیه كاتێك تۆوێك (← تۆو tow) دەخرێته ژێر زەوی، واته: دەخرێته شوێنێكی تاریك، پاش ماوەیەك سەرهەڵدەدا و روو rû ی خۆی دەردەخا واته: رۆشنایی خۆی دەردەخا. كه وشەی روو rû (دەموچاو) یش هەر له رۆشنایی roshnayî یەوه هاتووه.

S س

Sabûn سابوون، لە زمانە ئەوروپاییەکاندا بە شێوەی نێزیك لە یەك هەیە. بە فەڕەنسی **savon** ە و، بە ئینگلیزی **soap** و بە ئیتالیایی **sapone** و بە ئەڵمانی **Seife** یە. لە زاری عەرەبی و فارسیدا بووە بە "صابون". شایانی باسە، کە لە کوردستانی کۆندا و، هەتا ساڵانێك لەمەوبەر، جۆرە ← ئارد **ard** ێك هەبوو کە لە هوردکردنی گژوگیا دروستدەکرا و، پێی دەگوترا (ئە)سپۆن **(e)spon** و، بەوە، کە وەك سابوون **sabûn** کەفیدەکرد، جلك دەشۆردرا پێی و، ئەو دەمە، ئەم سابوونەی ئەوڕۆ هەیەو، لە ئەوروپاوە سەریهەڵداوە، نەبوو و، نەدەناسرا، تەنێ سابوونی بەزی لە کوردستان دروستدەکرا.

Saman سامان، ئەم وشەیە ئەوڕۆ بۆ ← سەروەت **serwet** و دەوڵەت **dewl'et** بەکاردێ، وشەکە بنەچەیەکی سانسکریتی هەیە کە سامە **same** یە و، بە مانای هەموو **hemû** دێ. سەرنجی وشەی ئەڵمانی **samt** بدە کە مانای هەموو دەگرێتەوە. لە زمانی لاتینیشدا وشەی **summe** هەیە، کە لە ئەڵمانیشدا بەکاردەبرێ و مانای: هەموو بەسەریەکەیەوە (هەڤ **hev**). هەروەها وشەی ئینگلیزی **to sum** مانای کۆکردنەوە و، خستنە سەر یەکە، کە بە ئەڵمانی **sammeln** ە. بەلای منەوە، وشەی سامان **saman**، باشترین وشەیە کە بۆ دەوڵەت **state** بەکاربېرێ. کە وشەی ئینگلیزی **wealth** و، وشەی

ئەڵمانی Reich هەردووکیان، بە مانای دەوڵەت state و لە هەمان کاتدا، بە مانای دەوڵەمەندییش دێن.

San سان، نازنێوێکە لە نێو کوردەکانی گۆراندا ماوە و، بۆ سەرگەورەکانیان بەکاریدەهێنن، وەك: جافرسان Cafirsan. سان san مانای پیرۆز pîroz ە، ئەم وشەیە لە زمانی لاتینیدا وەك: سانت saint هەیە. دوور نییە، وشەی سیمرخ sîmirx کە باڵدارێکی خەیالی و پیرۆزە، لە بنەڕەتدا سان مر san mir واتە: مەلی پیرۆز melî pîroz بووبێ (← مر mir). چۆنکە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا بە شێوەی سینمروو sînmirû هاتووە و لە زمانی کوردیشدا بەرامبەر وشەی سیمرخ sîmirx سینمەل sînmel هەیە (← mel مەل). دیارە وشەی سیمیار sîmyar کە نازنێویکە بۆ ← زەردەشت zerdesht پێوەندیی بەمەوە هەیە.

Sansor سانسۆر: چاوخشتنەسەر وتاری رۆژنامە و بلاوکراوەی دی و هەڵسەنگاندنی، کە بە عەرەبی "رقابة" یە. لە وشەی لاتینی: censor ەوە هاتووە کە لە ئەلمانیدا zensor و لە زمانی فەڕەنسیدا censure بۆ نمرەدانان لە سەر ئەزموونی قوتابیی بەکاردەبرێ. بە ئینگلیزی censor.

Saq ساق (← sax ساخ).

Saqo ساقۆ/ ساکۆ sako. بە پالتۆ palto دەگوترێ. وشەکە بنەڕەتێکی ئەوروپایی هەیە. بە ئەڵمانی sack و بە فەڕەنسی sac و بە ئینگلیزی sack، کە لەم زمانە ئەورۆپاییانەدا بۆ

← هەگبە **hegbe**، یان توورەکە **tûreke** (← توورەك **tûrek**) بەکاردەبرێ.

Sava/Sawa ساڤا/ساوا، شتی تازە پێگەیشتوو، تازەبوو، تازە زاو. ساڤا/ساوا، لە زاڤە/زاوە **zave/zawe**وە هاتووە واتە: شتێك کە لە دایك بووە، تەنانەت، بەو بێچووە ئاژەڵانەی کە لە گەڵ دایکەکەیان دەگەڕێن، بە کوردی دەگوترێ: ساواما **sawama** کە لە ساوا ماك **sawamak**/ زاوماك **zawmak** ە، کە/ ← ماك **mak** دایکە (← **dayik** دایك). وشەی صبی عەرەبی لە ساوا/ساڤا وە هاتووە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو زانیارییەیە، کە کاتی خۆی بە هەڵە لە پەڕتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" دا نووسیبووم، کە ساوا، لە صبي عەرەبییەوە هاتووە، ئەوە راست نییە، پێچەوانەکەی راستە.

Sax ساخ، مرۆڤی تەندروست، یان شتێك، کە ناتەواویی تێدا نەبێ. ساخ **sax** وێنەیەکی دیکەی ساز **saz** ە، کورد دەبێژن: کەیفم سازە، واتە: کەیفم تەواوە. یان: ئەمە و، ئەوە، پێکەوە ناسازێن، واتە: پێکەوە، یەکدی تەواو ناکەن. ساق **saq** یش، هەر بە مانای: ساخ **sax** و ساز **saz** بەکاردەبرێ. ئەم وشەیە، بە شێوەی ساغ **sağ** کەوتووەتە زاری ترکییەوە. (← نەساخ **nesax**).

Saye سایە (← دراوسێ **dirawsê**).

Sayeqe سایەقە (ئاسمانی بێ هەور بەتایبەتی لە شەودا). لە سایەکەش **saye kesh** ەوە هاتووە. سایە **saye** واتە: ساف و لووس و بێنەخش. کەش **kesh**

به عەرەبی (طقس)ە کە جۆری ئاو و هەوا aw û hewa یە. وشەی seqa سەقا، کە لەم سالانەی دواییدا لە هەولێر بۆ کەش بەکاردەبرێ، لەم سایەقەیەوە وەرگیراوە. سایەقە لە (صاعقة) ی عەرەبییەوە نەهاتووە.

Saz ساز (← sax ساخ).

Sed سەد (← سەت set).

Sefer سەفەر (← سوار swar).

Sefir سەفیر (← سپاردن sipardin).

Sefaret سەفارەت (← سپاردن sipardin).

sekir سەکر/ سەکرکردن sekirkirdin (داخستنی دەرگە و پەنجەرە)، لە: سەرکڕکردن ser-kiř-kirdin ەوە هاتووە، واتە: لە سەرەوە کڕ kir (بێدەنگ bêdeng) کردن. ئەم وشەیە کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە: "سَكَرْ ألباب" واتا "دەرگەکە داخە".

semawer سەماوەر، وشەیەکی رووسییە самовар، کە مانای ئەوەیە "لە خۆوە جۆش دەستێنێ". وشەکە کەوتووەتە گەلێك زمانەوە بەتایبەتی زمانە ئەوروپاییەکان و رۆژهەلاتییەکان.

Seqet سەقەت، لە شەکەت sheket (ماندوو mandû و پەککەوتە pekkewte) ەوە هاتووە. کە شەکەت sheket یش لە شکان shikan و تێکچوون têkchûn ەوە هاتووە.

Sera سەرا، کە بۆ خانووی فەرمانگەی میری (حکومەت)، بەکاردێ، لە بنەڕەتدا مانای خانوو xanû/ خانی xanî یە. هەر لەمەوە، karwansera کاروانسەرا دروستبووە، کە ئەو خانووەیە،

که کاروانەکە لێیدابەزیوە بۆ پشوودان و حەسانەوە. (← کاروان karwan).

Seraw سەراو، که بە زمانە ئەوروپاییەکان fatamorgana یە، ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ پێیوایە، ئاوی تێدایە، بەڵام تێیدا نییە و ← تراویلکە tirawîlke یە. ئەم وشەیە چووەتە زاری عەرەبییەوە و بووە بە سراب و، تەنانەت لە قورئانیشدا هەیە "أعمالهم كسرابٍ بقيعةٍ يَحسبُها ألضَمْآنُ ماءً.... الخ" (سورة النور 24/39).

Serbar سەربار/ سەربارە serbare بە شتێك دەگوترێ، کە بخرێتە سەر بارێك، یان، سەر شتێکی دیکە. بە عەرەبی پێدەگوترێ "إضافي". سەربار serbar لە وشەی ئاڤێستایی: سەرەبارە serebare وە هاتووە.

Serbaz سەرباز/ سەرواز serwaz. واتە: ← ئەسکەر esker. بۆیە پێیدەڵێن: سەرباز چۆنکە سەری بۆ بازین bazîn، واتە: بۆ مردن ئامادەیە. بازین bazîn لە زمانی کوردیدا بە مانای دۆڕاندن dorandin دێ (سەرنجی وشەی گیانباز giyanbaz بدە، واتە: کەسێك ئامادەبێ گیانی لە پێناو شتێکدا بدۆڕێنێ.

Serbest سەربەست، واتە: سەربەستراو serbestiraw، سەرگیراو sergîraw، داخراو daxiraw. ئەم زاراوەیە، لە سەر دەمی کۆندا، بۆ رۆژی پشوودان pshûdan بەکاردەبرا، کاتێك دوکان و فەرمانگەکان دادەخران و خەڵك پشوویان دەدا و، نەدەچوون بۆ کار، سەری دوکانەکانیان دەبەست و، هەر

کەس ئازاد بوو، خەریکی چی دەبێ، ببێ. لەوەوە، وشەی سەربەستی serbestî بە مانای ئازادی azadî لە زمانی کوردیدا بەکارهێنرا و دەهێنرێ. بەڵام هەر بە شێوە کۆنەکەی، کەوتە ترکی و فارسییەوە. زاری ترکی سەربەست serbest بۆ رۆژی بێکاری بەکاردەبا. زاری فارسیش سەربەست بۆ سەربەستراو بەکاردەبا.

Sergiran سەرگران، بە کەسێك دەگوترێ کە تەمەڵ و تەوزەڵ بێ، هەروەها بە سەرخۆشیش دەگوترێ. وشەی "سکران" کە لە عەرەبیدا بەکاردەبرێ بۆ ← سەرخۆش serxosh لەم سەرگران sergiran دوە هاتووە.

Seĥ سەح/ سەحکرن seĥkirin (من سەح نەکر، ئەو چ گوت min (seĥ nekir ew chi got (تێنەگەیشتم ئەو گۆتی چ tê (negeyishtim ew gotî chi لە ساخ کرن sax kirin/ ساخ کردنەوە sax kirdinewe وەو هاتووە (واتە: ساخم نەکردەوە saxim nekirdewe). سەح seĥ لە صح ی عەرەبییەوە نەهاتووە.

Sermawez سەرماوەز (← وچان wichan).

Sermaye سەرمایە (← مایە maye).

Serwet سەروەت < سەر ser + وەت wet. سەر ser لە زمانی کوردیدا بە پارەیەك دەگوترێ کە لە کڕین و فرۆشتنی شتێکدا دەمێنێتەوە. هەر لەمەشەوە وشەی سەرمایە sermaye < سەر ser + مایە maye (رأس المال) هاتووە. وەت wet لە وەتە wete دوە هاتووە، کە بە مانای ئاوسایی awsayî و باکردن bakirdin و زلبوون zilbûn ە، بە شێوەزارێکی کوردی، بە گون

gun دەگوترێ: وەت wet و، بە گونی قۆڕی ئاوساو دەگوترێ وەتە wete. کە وەتە wete لە ڤەتە vete > ڤەتێ vetê وە هاتووە. ڤە ve > ڤا va (با ba)/ هەوا hewa. سەروەت، پارەیەکە کە قەوارەی گەورە بووبێ، وشەی "ثروة"ی عەرەبی لەم (سەروەت serwet) ەی کوردییەوە وەرگیراوە.

Serxosh سەرخۆش، خۆش لە زمانی کوردیدا گەلێك مانای هەیە، وەك: دڵڕاکێش، شیرین... هتد. سەرخۆش بە کەسێك دەگوترێ کە شلاوکێکی کهوولاوی خواردبێتەوە و پێی مەست بووبێ، واتە: سەری خۆش بووبێ. ئەم وشەیە لە فارسیدا مەست mest ە. بەڵام سەرخۆش، هەر وەك خۆی، چووەتە زاری ترکییەوە و، ئەڕۆ بە تیپی لاتینی، بەم جۆرە: serhoş دەینووسن.

Set سەت، کە بریتییە لە ژمارە 100. لە هێندەك شێوەزاری کوردیدا سەت set ەو لە هێندەکی دیکەدا، سەد sed ە و لە ئاڤێستاییدا سەتە sete یە و، لە پەهلەویدا سەت set ە و لە فەڕەنسیدا سانت sant ە. هێندەك کەس لە نووسینی کوردیدا، وەك "صد"دەینووسن کە ئەوەش هەڵەیە.

setil’ سەتڵ، وشەیەکی کۆنی هێندۆئەورووپاییە. بە زمانی لاتینی ناڤین scatula یە کە لە زمانی ئیتالیاییدا بووە بە scatola و لە فەڕەنسیدا cassette و لە ئەڵمانیدا بووە بە شاختل Schachtel کە بۆ قوتوو بەکاریدەبەن. هەروەها لە ئەڵانیدا وشەی schatulle

S س

هەیە کە بۆ سنووقی گچکە بەکاردەبرێ کە زێڕ، یان شتی بە نرخی تێدەخرێ. ئەم وشەیە لە عەرەبی و فارسیدا بە شێوەی "سطل" دەرهاتووە. وشەی سنووق /sinûq سندووق sindûqکە بە رووسی сундукە و لە عەرەبی و فارسیدا بووە بە "صندوق" و لە زمانی کوردیدا بۆ جۆرە ← هەگبە hegbe یەك، یان بۆ ئامێری قەوانلێدان بەکاردەبرێ، هەر لەمەوە وەرگیراوە.

Sext سەخت (← خەست xest).

Seywan سەیوان/ سێوان sêwan. بە مانای ← چەتر chetir دێ. سێوان sêwan > سێ sê (سێبەر sêber) + وان wan (پاشگرێکە بۆ پارێزگاریی شتێك، یان کەسێك، یان هەبوونی شتێك). وان wan لە خاوەن xawen ەوە دێ.

Sibê سبێ (← sivê سڤێ).

Sifir سفر، مانای هیچ hîch و، مانای شتێك shitêk. لە وشەی سانسکریتی sunya (سونیا) وە هاتووە کە بە مانای نیشانە nîshane دێ و، کەوتووەتە زمانی لاتینییەوە. لەمەوە وشەی "صفر" ی عەرەبی و "صفر" ی فارسی و zero ی ئینگلیزی و ziffer ی ئەڵمانی و schiffereی فەرەنسی وەگیراوە. لە فەرهەنگەکانی زمانی ئەڵمانیدا بە هەڵە، بە وشەیەکی عەرەبی دەدرێتە قەڵەم.

Sikandal سکاندال. وشەیەکی ئەوروپاییە بەمانای "ریسوایی" rîswayi و ئاوڕووچوون awřûchûn بە لاتینی scandalum و بە فەرەنسی scandale و بە ئەلمانی Skandal ە.

S س

Sim سم، نینۆكی چوارپێی بەرزە ولاخ كە كون دەكرێ، واتە: دەسمرێ **desimrê** بۆ ئەوەی نالّی بكەن. نالّیش، وەك كەوشی بەرزە ولاخ وایە. "سم" لە "سمین" ەوە دێ كە مانای كونكردنە. لە پەهلەویدا بە شێوەی "سومب **sumb**"ە. سەرنجی وشەی **Sieb**ی ئەڵمانی بدرێ كە بۆ پالێوك (مصفى) بەكاردێ، كە ئامێرێكی كونكونە و بە ئەڵمانیی كۆن **Sib**ە و بە ئینگلیزی **sieve**ە. وشەی "سمكری" ی عەرەبی كە لە "سمكرە" ەوە هاتووە لە بنەڕەتدا "سمكاری" **simkarî** یە و كوردییەكی تەواوە.

Simte col'e سمتە جۆڵە، لە سمتە جوڕڕە **simte cuřře** ەوە هاتووە، كە جوڕڕە **cuřře** لە زمانی كوردیدا بە بازی نێر **bazî nêr** و شتی بچكۆلەش دەگوترێ. سمتە جۆڵە **simte col'e** قنگە جووڕە **qinge cûře** شی پێدەگوترێ.

Sil سل/ خول **xul**/ توورە **tûre** (← خول **xul**). وشەی "زعل" ی عەرەبی بەمانای تووڕەیی لەم سل **sil** ەوە هاتووە.

Silaw/v سڵاو/ڤ، لە سەلام **selam** (سلام) ی عەرەبییەوە نەهاتووە، بەلكو، وشەكە پێوەندیی بە وشەیەكی كۆنی لاتینییەوە هەیە كە سالووس **salus** ە و لە فەڕەنسیدا وەك سالووت **salut** و سالوی **salû** بۆ سڵاو/ڤ كر(د)ن بەكاردەبرێ. سالووت **salut** سڵاوێكە بۆ ڕێزلێگرتن و بەخێرهاتنی مرۆڤی پایەبەرز، یان بۆ بەخێرهاتن لە لایەن لەشكەرێكەوە، بەكاردێ.

Silf سلف، كلیلی خستنە كاری ترومبێل. وشەكە لە **slave** ئینگلیزییەوە وەرگیراوە كە بۆ

ئەو ئامێرە بەکاردێ کە دەزگەی کارەبایی پێدەخرێتەکار.

Sindûq سندووق/ سنووق sinûq (← سەتل setil).

Sinkrêtîstî سنکرێتیستی. واتە: دانانی چەند ڕێبازێکی ئاینیی جیاواز لەیەك لە تەنیشت یەکەوە و بەستنیان بە یەکەوە، بێ ئەوەی هیچ کامیکیان تایبەتکاری خۆی لەدەست بدات، بەڵام دروستکردنی یەکەیەکی نوێ لەم پێوەندییە گشتگرییە.

Sinûr سنوور/ مەرز merz/ کەوشەن kewshen. وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە، سەرنجی وشەی centure ی فەڕەنسی بدرێ کە بۆ ← پشتێن pishtên بەکاردەبرێ. هەروەها وشەی ئەڵمانی schnur و ئەڵمانیی کۆن snuor و snur(a) کە ئەوەش هەر هاوڕەگی centure ی فەڕەنسییە و، بۆ قەیتان qeytan و پەت pet ی شتومەك بەستن بەکاردەبرێ. ئەم وشەیە وەك سنر sinir کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Sipardin سپاردن، واتە: شتێك بەرەوڕووی یەکێك بکرێتەوە، یان، لای دابنرێ، بۆ پاراستنی، یان، وەك کارێك کە جێبەجێی بکات. ئەم وشەیە لە فارسیدا "سفارش کردن"ە و، لە بەر ئەوەی دەنگی پ p لە زمانە ئێرانییەکاندا لە دەنگی ف f کۆنترە، وشەی سفارش sifarsh لە سپاردن sipardin ەوە هاتووە و لە پەهلەویدا بە شێوەی ئەپەسپارەتەن epespareten ە و، لەبەر ئەوەی وشەکە لە بنەڕەتدا فارسی نییە، سفارتن sifarten بەکارناهێنرێ. هەروەها وشەی عەرەبی "سفارة" و "سفیر" یش

له "سپاره sipare" و پێ سپێر pê sipêr ی کوردییەوە هاتووە. "سەفیر" کەسێکە نوێنەرێتی دەولەتێك سپێردراوە پێی. وشەی سپارە sipare لە زمانی کوردیدا بە مانای "سپاردە siparde" دێ. کە "سفارة" ی عەرەبی وەرگێردراوی: سپارە sipare ی کوردییە.

Sipî سپی، لە ئاڤێستاییدا سپێتە sipête و لە پەهلەویدا سپێت spêt ە و، لە فارسیدا بووە بە سفید sefîd. دیارە، دەنگی پ p کۆنترە لە دەنگی ف f.

Sipon سپۆن/ ئەسپۆن espon (← سابوون sabûn).

Sirêsh سرێش/ چرێش chirêsh ئەسریلك esrîlk جۆرێکە لە کەتیرە. سر sir وچر chir کورتکراوەی ئەسر esrە، کە مانای فرمێسك firmêsk ە و، شلاییەکە لە چاو دێتە دەرێ. ـلك ilk– لە وشەی ئەسریلك esr-îlk دا، بە مانای لکاندن likandin (پێوەنووساندن pêwenûsandin) ەوە دێ. وشەی سرێش بەشێوەی "سریش" کەوتووەتە فارسییەوە.

Sirinc سرنج، جۆرە ئامێرێکە کە بەوە دەرمانی شلاوك دەکرێتە رەگ و گیانی نەخۆشەوە. لە وشەی فەرەنسی seringue هاتووە کە بە ئینگلیزی syringe ە و، وشەی شرینقە shirînqe هەر لەوەوە هاتووە.

Sirke سرکە، گوشراوی ترێیە، پاش ترشبوونی. سرکە sirke لە سوورکە sûrke/ سۆرکە sorke ەوە هاتووە، کە لە رەنگی سۆری ترێکەوە هاتووە، کە جاران، هەر ترێی سۆر، دەگوشرا بۆ سرکە. سرکە sirke کەوتووەتە زاری فارسی و ترکییەوە و، هەر بەو مانایە.

Sirt سرت، گەلێك مانای هەیە یەكێك لەوانە: رەك و سەخت **rek û sext**. كە بۆ وشەی سەخت **sext** لە كوردیدا سخت **sixt** یش هەیە. سرت **sirt** و سخت **sixt** یەك بنەڕەتیان هەیە. وشەی **sirt** بە مانای توندوتیژ و رەك كەوتووەتە زاری تركییەوە.

Sitran ستران، لە چراندن **chirandin** ەوە هاتووە كە جۆرە دەربڕینێكی دەنگە. فارس ئەم وشەیەی لە كوردییەوە وەگرتووە و، بە شێوەی ترانە **terane** < سترانـ(ـە) **sitran(e)** بەكاریدەبا. هەروەها لە عەرەبیدا بووە بە "ترنیمە" (لاواندنەوە).

Sivê سڤێ/ **sibê** سبێ، لە ← سپی **sipî** ەوە هاتووە، سپێتی بەری بەیان كە بە فارسی (سفید **sefîde**) یە. وشەی "صباح" ی عەرەبی لە مەوە هاتووە.

Siwir سور (← ئەستوور **estûr**).

Sîvîl سیڤیل. وشەكە **civil** ی فەڕەنسییە كە لە **civilis** ی لاتینییەوە وەرگیراوە، كە بە مانای هاوولاتانە **hawwilatane** و شارستانانە **sharistanane** و نالەشكری **naleshkirî** دێ. لە ئەڵمانیدا بە شێوەی **zivil** و لە ئینگلیزیدا بە شێوەی **civil** دەنووسرێ. لە مەشەوە وشەی **civilisation** كە مانای شارستانێتی یە وەرگیراوە. بە جلك وبەرگی نالەشكری، دەگوترێ جلكی سڤیل.

Siyare سیارە، وشەیەكی هاومانای ← سوارە **sware** یە. وشەی سَیّارة **seyare** ی عەرەبی، لەم سیارە

یەوە هاتووە (← سەفەر sefer).

Sînmel سینمەل (نێوێکی دیکەیە بۆ← سیمرخ sîmirx).

Sîmirx سیمرخ (← سان san).

Sîx سیخ (← چووك chûk)

Sol سۆل (پێڵاوی سووکەڵە، دەمپێ dempê). وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە. لە لاتینیدا solum، بە بنك bink، یان، بە ژێر jêr ی شتێك دەبێژن. کە وشەی sous (ژێر jêr)ی فەڕەنسی لەمەوە هاتووە. وشەی solum بە شێوەی sohle کەوتووەتە زمانی ئەڵمانییەوە و، بە پارچە کاڵا، یان، ئەو شتانە دەگوترێ، کە دەخرێنە نێو پێڵاوەوە و، پێیدەگوترێ: Fußsohle واتە: سۆلی پێ.

Sol سۆل، چەند مانایەکی هەیە یەکێك لەوانە: خوێ xwê یە (سەرنجی وشەی نانوسۆل nanûsol واتە: نان و خوێ nan û xwê بدە). سۆل sol وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە. سەرنجی وشەی salt ی ئینگلیزی و salz ی ئەڵمانی و sel ی فەڕەنسی بدرێ. وشەی سۆر sor/ سوێر swêr یش، پێوەندیی بەمەوە هەیە. هەروەها وشەی شۆر shor (کە مانای سوێر swêr)ە.

Soma سۆما، لە زمانی کوردیدا بە رۆناکی دەگوترێ. بۆ وێنە: دەگوترێ: سۆمای چاوی چوو (یان: نەما) واتە: رۆناکیی چاوی نەما، ئەم وشەیە لە زمانی سانسکریتدا هەر سۆما soma یە.وشەی sonne (←خۆر xor ← رۆژ roj) لە زمانی ئەڵمانیدا کە وەك "زۆنە" دەردەبردرێ، لەگەڵ وشەی sun (خۆر) ی ئینگلیزی و soleil

(خۆر) ی فەڕەنسی پێوەندییەکی ڕەگییان هەیە بە سۆما soma وە. وتووێژێکی زۆریش هەیە لە سەر ئەوەی کە بنەڕەتی وشەی "شمس" (خۆر)ی عەرەبی و "شەماش שמש" (خۆر) ی عیبری و، هەروەها وشەی "شەممە" shemme ی کوردی و "سبت" ی عەرەبی و "شەبەت" ی عیبری و Samstag ی ئەڵمانی کە بە زمانی ئەڵمانیی کۆن Sambaztac ە، هەر "سۆما" بێ، نەك ڕەگێکی زمانە سامییەکان.

Sor سۆر/ سوور sûr (ڕەنگ) لە پەهلەویدا سوخر suxr ە و، لە فارسیدا بووە بە سرخ sorx.

Sor سۆر/ سوێر swêr (← سۆل sol).

Splît سپلیت. وشەکە split ئینگلیزییە کە مانای دابەشکەر و جیاکەرەوە دەگەیەنێ. لە ئەڵمانیدا وشەی Spalten هەیە کە بە مانای جیاکردنەوە ciyakirdinewe و درزتێخستن dirztêxistin دێ.

Stûr ستوور (← ئەستوور estûr).

Supas سوپاس/ سپاس sipas، بە پەهلەوی spas و، بە رووسی спасибо.

Sûran سووران، لە سوور sûr ەوە هاتووە، سەرنجی وشەی: خەتەنە سووران xetene-sûran، چوارشەممە سووری chwarsheme sûrê، سووڕنا sûřna (کە بووە بە زووڕنا zûřna). سوور sûr کە لە پەهلەویشدا هەر سوور sûr ە، مانای گۆڤەند و هەڵپەرکێ و بانگێشتن بۆ ← زەماوەند zemawend و، شایی shayî. وشەی سووڕدان sûřdan یش هەر لەم سوور sûr وە هاتووە کە بە مانای هەڵپەرکێیە لە شاییدا.

Sût سووت، واتە: کەڵك kel’ik کە سوود sûd یشی پێدەگوترێ. Sût لە پەهلەویشدا هەر سووت sût ە.

Sûtandin سووتاندن/ شەوتاندن shewtandin (⟵ شەم shem).

Swal’et سواڵەت > سو su + ـاڵ al’ + ـەت et. سو sw لە سووتاندن sûtandin (سۆرکردنەوە بە ئاگر) ەوە هاتووە. ـ ئاڵ al’ ـ وێنەیەکی دیکەی ئار ar (⟵ ئاگر agir)ە. ت t کورتەی تین tîn واتە: ⟵ هێز hêz و ⟵ تاو taw. سواڵەت swal’et ئەو شتەیە کە بە تینی ئاگر سۆرکراوەتەوە. سواڵەت swal’et لە کڵ kil’ دا سۆردەکرێتەوە.kil’ کە لە کڕ kiř > گڕ giř ەوە هاتووە، شوێنی سۆرکردنەوەی سواڵەتە.

Swan سوان، لاچوونی شوێنەواری شتێك، لەسەر رووی شتێکی دیکە. ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا، بە شێوەی sane دێ. سەرنجی وشەی ئاڤێستایی fra-sane بدرێ، کە بەمانای تەفر و تونەکردن tefir û tunekirdin ە، کە وشەی تونە tune (نییە tune) ش هەر لە سانە sane ەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی س s بۆ ت t. (سەرنجی دەنگی س s و ت t لە دوو وشەی هاومانا، نەتەوە netewe و نەسەوە nesewe بدە). ئەم وشەیە، لە فارسیدا بووە بە سایيدە sayide واتە: سوواو swaw.

Swar سوار/ سواربوون swarbûn. سوار swar/سڤار svar، کە لە عەرەبیدا بووە بە فارس، لە بنەڕەتدا وشەکە پارس pars بووە و، بە گۆڕینی دەنگی پ p بە ف f، بووە بە فارس (وەك

چۆن پۆلات pol’at بووه بە فولاذ و پیرۆز pîroz بووه بە فیروز). پارس pars نێوی نێوچەیەکە لە کرماشان، کە کاتی خۆی هەسپە کێوی زۆری لێبووە و، ئاشوورییەکان، نێوی ئەو نێوچەیان، بە پارس pars بردووە و، لە زمانی عەرەبیدا بووە بە فارس. ئەم وشەی فارس fars ە، بەهۆی جێگۆڕکێی شوێنی دەنگەکانییەوە بووە بە سفار sfar و سوار swar، کە وشەی سەفەر sefer یش، هەر لەمەوە هاتووە. سوار swar بە پەهلەوی ئەسبار esbar ە، وادیارە ئەسبار esbar پێوەندیی بە ئەسپ esp ەوە هەبێ.

Swax سواخ/ سواخکاری swaxkarî/ سواخدان swaxdan واتە: مشتومالکردنی دیوارێك بە ← قوڕ quř یان، بە ← گەچ gech. سواخ swax لە: سوو sû + ئاخ ax ەوە هاتووە. سوو sû لە سوون sûn (←swan سوان)ەوە وەرگیراوە، سوون، ئەوەیە شتێك بە شتێکی دیکەدا بهێنێت، واتە: بیسوویتەوە (سەرنجی وشەی هەڵسون hel’sûn، تێهەڵسوون têhel’sûn بدە) ← ئاخ ax مانای ← گڵ gil ە. واتە: گڵ، یان ← قوڕ quř (← هەری herî) تێهەلسوون، وشەی سواخ swax کەوتووەتە ترکییەوە.

Swîch سویچ، کلیلی کردنەوەی تەوژمی ← کارڤا kariva یان، کلیلی داگیرساندنی ئۆتۆموبیل. وشەکە switch ی ئینگلیزییە.

Sha شا، له واژەی ← ئێرانیی کۆن خشایەثیا **xshayeөya** وه هاتووه، که وشەی شێخ **shêx** یش هەر لەمەوه هاتووه.

Shagird شاگرد/شاگرت **shagirt**. ئەم وشەیه له پازەندا ئەشاگەرد **eshagerd** ه.

Shandin شاندن، وشەیکی کۆنی هیندۆئەوروپاییه، بەمانای ناردن **nardin** (هەناردن **henardin**). سەرنجی وشەی ئینگلیزی **to send** و وشەی ئەڵمانی **senden** بدرێ که هەردووکیان به مانای شاندن **shandin** ن. دەنگی س **s** و ش **sh** جێییەکدیان گرتووەتەوه (وەك سووتاندن **sûtandin** = شەوتاندن **shewtandin**، بەرسیله **bersîle** > بەرشیله **bershîle** > بەرشیره **bershîre**).

Shanîk شانیك، وشەیەکه بۆ بەڵگه (دلیل) بەکاردەبرێ > شان **shan** + یك **ik**. شان **shan** وشەیەکی دیکەیه بۆ نیشان/نیشانه **nîshan/nîshane**، شانیك **shanîk** کورتکراوه و گچکەکراوەی نیشان **nîshan** ه.

Shano شانۆ، له سەردەمی کۆندا، شانۆ **shano**، بەو سەکۆیه دەگوترا که ← کۆسەوازی **kosewazî** وازی (یاری) ی ← کۆسه **wazî (yarî)y kose** ی لەسەر دەکرا، له سەردەمی نوێدا، بۆ ئەو سەکۆیه بەکاردەبرێ، که ئەکتەرەکان، رۆڵی تێدا دەنوێنن و، به ئەڵمانی پێیدەگوترێ **Theaterbühne**. شانۆ **shano** > شا **sha** + نۆ **no**. شا **sha** کورتەی نیشانه **nîshane** (← شانیك **shanîk**). نۆ **no** کورتەی نواندن **nwandin** ه. واته: شانۆ **shano** نیشانه

nîshane nwandin نواندن دەگەیەنێ، واتە: یارییەك، رۆلێك، كە لەبەردەم خەڵكدا بێتە پێشاندان و نواندن. وشەی شانۆ shano، بە گۆڕینی دەنگی ش sh بۆ س s بووە بە سانۆ sano و سانۆ sano ش بووە بە سانە sane، ئەوجا بە سەهنە sehne و، پاشان بە صحنە śaĥna كە لە عەرەبی و فارسیدا بەكاردەبرێ. گۆڕانی دەنگی ش sh بە س s لە زمانی كوردی و عەرەبیشدا باوە، وەك: وشەی سووتان sûtan لە كوردیی ناڤین و شەوتان shewtan لە كوردیی باكووردا. گۆڕینی وشەی بەرشیلە bershîle (واتە: ترێ بەر لەوەی شیرە (شیرینی) تێبگەڕێ) بە بەرسیلە bersîle. هەروەها وشەی ← شەرواڵ sherwal' ی كوردی كە لە عەرەبیدا بووە بە سروال sirwal. شایانی باسە وشەی "صحنە" (شانۆ) كە فارسەكان بەكاریدەهێنن و، لە شانۆ (سانۆ) وە وەگیراوە، رەگەكەی لە رەگی وشەی "صَحْن" ی عەرەبی كە بە مانای ← لەگەن legen و حەوشە ĥewshe و گەلێك شتی دی دێ، جیاوازە. گۆڕانی سانە sane بە صحنە śaĥna بەهۆی جێگرتنی بزوێنی (ڤاول) ی كورتی ئە e و "ح ĥ" پێكەوە لە جیاتی بزوێنی درێژ ئا a یە. ئەمەش لە زمانی كوردیدا باوە. سەرنجی وشەی تاڵ tal' بدرێ كە لە كوردیی باكووردا (بەتایبەتی شێوەزاری خەڵكی رۆژاوای كوردستان) بووە بە تەحل teĥil.

Shasî شاسی، بەو چوارچێوە ئاسنینە دەگوترێ كە بە هۆی دوو هاسنی براوە و چەند هاسنێكی دیكەوە، كە ئەم دوو هاسنە دەبەستن بە یەكەوە، هەموو لەشی ئۆتۆمبێلەكە دەكەوێتە سەریان. وشەی شاسی فەڕەنسییە châssis.

SH ش

Shayer شایەر، کەسێکە کە لە شایی shayî و ← زەماوند zemawend و ← گۆڤەند govend دا بەسەر خەڵکدا هەڵدەدا و بە وشەی کێش و لەنگەردار، پەسنیان دەدا بۆ ئەوەی پارەی بدەنێ. وشەی شایەر shayer لە گەڵ وشەی "شاعر" ی عەرەبی "هەستیار hestyar" یەك بنەچە و رەچەلەکیان نییە. وشەی "شاعر" ی عەرەبی نێوی کارا (أسم ألفاعل) ی کار (فعل) ی "شَعَرَ" یە. شاعر مانای مرۆڤی هەستیارە، بەڵام "شایەر" shayer ی کوردی، لە شایی یار shayî yar ەوە هاتووە، واتە: یاری شایی yarî shayî = هاودەمی شایی hawdemî. شایی shayî لە شاتی shatî پەهلەوییەوە هاتووە، واتە: بەزم و خۆشی.

Shayî شایی (← شایەر shayer).

Shefeq شەفەق/ شەبەق shebeq. سەرەتای رۆناکیی بەیانیان، وشەکە لە شەڤەك shevek و شەوەك shewek ەوە هاتووە. شەڤ shev/ شەو shew لێرەدا بە مانای شەو shew (لیڵ) نایەت، بەڵکو ، بە مانای ← شەم shem دێ، واتە: رۆناکیی مۆمێك. (← مۆم mom، ←خۆر xor، ← هەتاو hetaw). (← سۆما soma).

Sheftûl/r شەفتوول/ر، واتە: شتێکی خوار بڕاو، بەتایبەتی بۆ رێ و بان. شەفتوول/ر sheftûl/r لە بنەڕەتدا چەفت (چەوت) توور cheft (chewt) tûr ە، کە توور tûr وێنەیەکی دیکەی توول tûl و شوول shûl ە. کە توول tûl و شوول shûl، بە مانای لکێکی بارێك دێن. کەواتە: شەفتوول (ر) sheftûl(r)، لە بنەڕەتدا

چەوت تووڵ chewt tûl ە، لە زمانی ئەڵمانیدا بە شتێك کە خوار بێ دەگوترێ: schief، و بە چاوی خێل chawî xêl یش دەگوترێ Schiel.

Sheket شەکەت/ ماندوویی mandûyî، ← پرزە pirze لەبەر بڕاو pirze leber biřaw، لە ئەژنۆ کەوتو le ejno kewtû. شەکەت sheket > شەك shek + کەت ket. شەك shek لە کوردیدا بە مانای چۆك chok (← ئەژنۆ ejno) دێ، کە شەك shek، خۆی، وێنەیەکی دیکەی چۆك chok ە، کەت ket، لە کەوتن kewtin ەوە هاتووە. شەکەت بوون sheketbûnمانای ئەژنۆ لە کارکەوتن ejno le karkewtin.

Shekir شەکر، لە بنەڕەتدا وشەیەکی سانسکریتییە، کە: سەرکەرا serkera یە. لە پەهلەویدا بووە بە شەکەر sheker و لە زمانی ئینگلیزیدا بووە بە shuger و لە فەرەنسیدا sucre و لە ئەڵمانیدا Zucker و بە رووسی cάxap شەکر وەك سکّر چووەتە عەرەبییەوە و، وەك شِکَرْ shiker چووەتە فارسی و وەك şeker چووەتە تركییەوە.

Shelaq شەلاق، لە شەلتاق sheltaq/ شەلتاك sheltak/ شەلتاخ sheltax، کە شەڵت shelt/ شەڵتە shelte داری لۆکە شیکردنەوەیە و، بووە بە نێوێك بۆ قامچی qamchî. وشەی "جلطة"ی عەرەبی لەمەوە هاتووە، وەك چۆن باڵتە bal’te

(تەو/ڤر tew/vir) لە عەرەبیدا بووە بە (بلطة).

Shelatî شەلاتی (← شەرلەتەن /sherleten شەرلەتان (sherletan).

Shelêt شەلێت/ shelîte شەلیتە، بە بێشەرم bêsherim و دەمەوەر demewer دەگوترێ. شەل shel لە زمانی کوردیدا هەر بە مانای ئەوە نایەت کە کەسێك پێی کەل بێ (کەل kel و shel یەك بنچینەیان هەیە) shel شەلبە مانای رووت rût یش دێ. شەلان shelan و شەلین shelîn بەمانای رووتبوونەوە rûtbûnewe ش دێن، واتە: جلك لەبەرخۆداکرن cilik leber xwedakirin. وشەی "سلیط" ی عەرەبی لەم شەلێت shelêt ەوە هاتووە.

Shem شەم، واتە: مۆم mom. لە بنەڕەتدا لە وشەی سانسکریتی ← سۆما soma وە هاتووە کە مانای ← تیشك tîshk ەو، هەر بەو شێوەیەش لە کوردیدا بەکاردەبرێ (سۆمای چاوی چوو، واتە: تیشکی چاوی نەما). هەر لەم وشەیەشەوە، وشەی شمع و شمس ی عەرەبی دروستبوون، ئەگەرچی بیرێکی دیکەش هەیە، کە وشەی شمس دەباتەوە سەر بنەڕەتێکی سامی، بەڵام بەڵگەکەی لاوازە. لە وشەی سۆما soma وە وشەی sun (← رۆژ roj/← هەتاو hetaw) ی ئینگلیزی و sonne ی ئەڵمانی درستبوون. تەنانەت وشەی چاو/ڤ chaw/v کە لە هێندەك شێوەزاری کوردیدا چەم chem (شەم shem)ە، لەم بنەڕەتەوەیە کە چاو/ڤ بە مانای رۆناکی لەش دێ. هەروەها وشەی چۆم chom (چۆمی ئاو/ڤ chomî aw/v) و چاوە chawe (سەرچاوە serchawe) بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە، چۆنکە

SH ش

کورد، ئاو بە نیشانەی ڕۆناکی دادەنێن (← ئاوێنە **awêne**). لە وشەی شەم **shem**ەوە مۆم **mom** دروستبووە. جا لەبەر ئەوەی مۆم **mom** ← چەور **chewir** و خڕ **xiř** و لووس **lûs** ە، وشەی شەمارە **shemare** دروستبووە، کە بە مانای خزین **xizîn** و خلیسکان **xilîsksn** ە لە کوردیدا. هەروەها وشەی شەمال **shemal** (بە ل **l** ی لاواز)، لە کوردیدا، کە بە مانای مۆم **mom** و ڕۆناکیی مۆمیش دێ، هەر لەم سەرچاوەوەیە. بێجگە لەوەش وشەی سووتاندن **sûtandin**/ شەوتاندن **shewtandin** کە ڕەگەکەی سوو **sû**/ شەو **shew** ە، هەر لەم بنچینەیەوە دێ.

Shemal شەمال ← مۆم **mom** (← شەم **shem**).

Shemare شەمارە (← شەم **shem**)

Shende شەندە، وێنەیەکی دیکەی چەندە **chende** یە، بە گۆڕانی دەنگی ش **sh** بۆ چ **ch**. کورد دەبێژن "شەندە لە مەندە کەمتر نینە" واتە: چەندە **chende** لە **le** + م **mi** + ـەندە **ende** (هەندە **hende**) ـ مقدار، بڕ **biř** ـ ە کەمتر **kemtir** نینە.

Shengul شەنگول، لە سەمەنگول **semengul** ەوە هاتووە، کە دەنگی س **s** بووە بە ش **sh**. شەنگول **shengul** ، بە کەسێك دەگوترێ کە کەمێك بشەلێ. وشەیەکی دیکەش بۆ شەنگول لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەوەش شیرین شەل **shel shîrîn** ە. وشەی شەل **shel** و کەل **kel** یش پێوەندییان بە شەنگول **shengul** ەوە هەیە. شەنکەل **shenkel** > شەنکۆل **shenkol** > شەنگۆل **shengol**. وشەی

شەنگۆل shengol بە شێوەی şengül کەوتووەتە زاری ترکییەوە و، وەك نێوی ژنان بەکاردەبرێ.

Shepol شەپۆل، (موج) > شە she + پۆل pol. شە she (شا sha) مانای ← گەورە gewre، بەهێز behêz، سەرەکی serekî. پۆل pol و پێل pêl (موج)ە. شەپۆل shepol/ شاپێل shapêl واتە: پێلێکی بەهێز pêlêkî behêz.

Sheq شەق، وێنەیەکی دیکەی شەپ shep و تەپ tep و تەق teq ە کە پێوەندییان بە دەنگەکەیەوە هەیە.

Sheqam شەقام (← شەقاو sheqaw).

Sheqaw شەقاو (← هەنگاو/ڤ hengaw/v) > شەق sheq + کاو kaw. کاو kaw و کات kat و گاڤ gav و ← قاف qaf هەموویان یەك وشەن بە گۆڕینی دەنگەکانی و w و ت t و ڤ v و ف f و ك k و گ g.

شەقاو sheqaw واتە: شەق هەڵدان، لەگەڵ کات.

Sheř شەڕ (← Geřnas گەڕناس).

Sherjîkirin شەرژیکرن/ سەربڕین serbirîn (لە کوردیی باکووردا) وشەکە لە سەرجێکرن sercêkirin ەوە هاتووە، واتە: سەر لە لەش جیاکردنەوە. دەنگی ش sh جێی دەنگی س s ی گرتووەتەوە.

Sherim شەرم، بە پەهلەوی شەرم sherim ە.وشەکە وشەیەکی هیندۆئەوروپاییی کۆنە. بە ئینگلیزی shame و بە ئەڵمانی scham (شەرم) و schande (شەرمەزاری) و schämen (شەرمکردن).

Sheřleten شەڕلەتەن (شەڕلەتان (sheřletan) واتە: هەبوونی شەڕ لە نێو تەن (جسم) دا. شەڕ sheř ی کوردی لە "شَرّ" ی عەرەبییەوە نەهاتووە. شَرّ ، لە عەرەبیدا، بەمانی خراپەکاری و دژی چاکەخوازی (خێر)ە. شەڕ sheř ی کوردیی وێنەیەکی دیکەی ← گەڕ geř ە کە گەڕ geř مانای زۆرانبازی zoranbazî و جەنگ ceng ە. (شەڕ و گەڕ sheř û geř) ← گەڕناس geřnas پاڵەوان palewanە. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی شارلاتان sharlatan هەیە وەك زمانی فەرەنسی charlatan کە هەر بەم مانا کوردییە دێن، بەڵام بنەچە و رەچەڵەکی ئەم دوو وشەیە، یەك شت نین. لەکاتێکدا وشەی "شەلاتی shelatî" بە مانای چەورە chewre یە و لە "شەڕلەتی sheř-le-tî" یەوە هاتووە. تی tî، بەمانای نێوەوەی شت دێ. تێکردن têkirdin واتە: کردنە نێو kirdine nêw، تێخستن têxistin، تێبردن têbirdin. تێ tê دیوی نیوەوەی شت. سەرچاوی وشەی ئەڵمانی و فەرەنسییەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ئیتالیایی ciarlatano کە پێوەندیی بە خەڵکی شاری ئیتالیایی cerreto وە هەیە، کە ئەمانە کالاًفرۆش بوون و، بۆ فرۆشتنی کالاکانیان شیڕاندوویانە و، سەری خەڵکیان گێژ کردەوە و خەڵك بێزاربوون لێیان.

Sherwal شەروال/ شاروالْ **sharwal**. بە پانتۆڵی پیاوانە، یان بە جۆرە دەرپێیەکی ژنانە دەگوترێ شاروال/شەروال. شار shar لە وشەی سانسکریتی chîre وە دێ کە ئێستە هیندییەکان بە جۆرە سەرپێچێك دەڵێن، کە پیاوان بە کاریدێنن، یان، ژنان لەشی خۆیانی پێدا دەپۆشن و لە شێوەزاری بادینانیدا بووە بە

SH ش

شەل shel (شەل و شەپك shel û shepk). والّ wal’ لە والاwal’aوە دێ کە ← قوماش qumash ە. وشەی شەروالّ لە عەرەبیدا بووە بە سروال (← شانۆ shano) و، لە فارسیدا بووە بە شلوار shelwar.

Shew/v شەو/ڤ، بە پەهلەوی شەپ shep ە و، لە فارسیدا بووە بە شب sheb.

Shewekî شەوەکی، واتە: "وەك هی شەو wek hî shew". دەگوترێ ئاوی شەوەکی، واتە: ئاوێك کە شەو لە گۆزەدا هەڵگیرابێ و مابێتەوە. بە پەهلەوی shepîkە و لە فارسیدا بووە بە "شبی" shebî.

Shewtandin شەوتاندن/ سووتاندن sûtandin (← شەم shem).

Sheytan شەیتان، ئەم وشەیە لە کوردی و عەرەبی و فارسی و ترکی و ئۆردودا بەکاردەبرێ.

بەڵام دوو جۆرە رەگی جیاوازیی هەیە. رەگی یەکەمیان وشەیەکی سامییە و لە عیبرییەوە وەرگیراوە و، لە لاتینی و یۆنانیشدا بەکاربراوە و، لە وەشەوە کەوتووەتە زمانە ئەوروپاییەکان و لە ئەڵمانی و ئینگلیزیدا بە شێوەی satan بەکاردەبرێ کە لە وشەی عیبری ساطان שָׂטָן ەوە هاتووە، بەمانای دژبەر dijber، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی خۆم بۆم دەرکەوتووە کە کورد لەسەر دەمی پێش ئیسلامەتیدا، وشەی "شەیتان" ی بە شێوەیەکی دی و لە رەگێکی دیکەوە بەکاربردووە، واتە: لە شا sha و تەن ten ەوە، کە ماناکەی پێچەوانەی "شەیتان" ی سامییە. شا sha لە کوردیدا بەمانای خوا xuwa و فریشتە

firîshte ش بەکاردەبرێ. تەن ten مانای لەش lesh و گیان giyan ە. کورد دەبێژن: هەموو گیانم دەیەشێ واتە: "هەموو لەشم دێشێ". کەواتە: "شاتەن" مانای بوونەوەرێکە کە گیانی وەك فریشتە وایە، واتە: "فریشتە گیان"ە. کوردە ئێزدییەکان، ئەم وشەیە بەکار ناهێنن، چۆنکە مانا کوردییەکەی نازانن. موسلمانەکانیش، لە نەزانینەوە، دێن وشەی "شەیتان"ی جوو و دیان و موسلمان کە وشەیەکی عیبرییە، لەگەڵ ئەم وشە کوردییە"شاتەن shaten" دەکەنە یەك، کە یەك شت نین. ئەوەتا خاوەنی پەرتۆکی "شاهنامە حقیقت" کە لە سەرەتای سەتەی بیستەمدا بە "قطب کل"ی کاکەییەکان (یارسانییەکان) دادەنرا، دەبێژێ: گۆرانەکان هێندە ساویلکە و نەزانن وشەی "شاتەن" لەگەل وشەی "شەیتان" دەکەن بە یەك و، لە یەکیان جیاناکەنەوە. لێرەدا دەمەوێ بێژم هەژاری موکریانی لە فەرهەنگەکەیدا کە زۆربەی زۆری لە فەرهەنگی کوردستان ی گێوی موکریانییەوە وەرگیراوە بەرامبەر وشەی شەیتان دەنووسێ: مەلەك تاوس، بنەمای خراپە و هەروەها بەرامبەر شەیتان پەرست sheytanperst دەنووسێ: یەزیدی، ئێزدی، داسنی. (فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" ل 495، تهران 1376).

Shifte شفتە، لە شەفتاندن sheftandin (شەوتاندن shewtandin) واتە: سووتاندن sûtandin ەوە دێ. چۆنکە

گۆشتە کوتراوەکە دەخرێتە نێو تاوە و سەر ئاگر و بە جۆرێك دەسووتێنرێ.

Shikar شکار، مانای نێچیر **nêchîr** ە. بە پەهلەوی هەر شکار **shikar**ە. ئەم وشەیە لە کوردیدا، لەگەڵ وشەی راو **raw** بەکاردەبرێ و دەگوترێ: راوشکار **rawshikar** واتە: راوی نێچیر **rawî nêchîr**.

Shikence شکەنجە/ ئازاردان **azardan**، لە فارسیدا بووە بە أشکنجە **êshkênce** و ترکیش لە فارسییەوە وەریگرتووە و، بە **işkence** دەینووسن. لە پەهلەویدا شکێنجەك **shikênce**ە، کە پێوەندیی بە شکان **shikan**ەوە هەیە.

Shirînqe شرینقە (← سرنج **sirinc**).

Shiv شڤ (شیپ **shîp**).

Shîp شیپ (← لاشیپان **lashîpan**).

Shîr شیر، بە پەهلەوی: **shîr** و بە فارسیش هەر شیر **shîr** ە.

Shîřandin شیڕاندن، شیڕاندن **shîrandin** و شریخە **shirîxe** قیڕاندن **qîřandin** و قیرە **qîře** چڕاندن **chiřandin** هەموویان هەر یەك رگەزیان هەیە، کە دەنگی (ش **sh** و ق **q** و چ **ch**) جێییەکیان گرتووە و، چەند وشەیەکیان لێپەیدابووە بە چەند مانایەکی جیاواز، بەڵام نێزیك بە یەك. چڕاندن **chiřandin** بۆ ← گۆرانی گۆتن **goranî gotin** بەکاردێ. کە وشەی ← ستران **sitran** لەمەوە هاتووە. هەروەها ترانە **terane** ی فارسی و "ترنیمة" ی عەرەبی (گۆرانی **goranî**) لە مەوە وەرگیراوە. لە ئەڵمانیشدا وشەی **schreien** بۆ قیژاندن **qîjandin** و شیڕاندن **shîřandin** بەکاردەبرێ. هەر

SH ش

له زمانی کوردیدا، وشەی شریخە ش shrîqe شریقە /shrîxe هەیە (بۆ دەنگی هەور hewr) و شریقە shirîqe و تریقە trîqe (بۆ پێکەنین) هاوڕەگی یەکن.

Shîrînî شیرینی/ شیرانی shîranî، لە شیر ـ ە ـ مەنی shîr-e-menî یەوە هاتووە، واتە: تایبەتکاری شیری تێدایە کە شیرینە.

Shîshe شیشە/ شووشە shûshe. بە پەهلەوی شیشەك shîshek ە و، هەر بە شێوەی شیشە shîshe کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە.

Shîw شیو. بە پەهلەوی شیپ shîp ە.

Shor شۆر (← سۆل sol، ← شۆرش shorish).

Shor شۆر، بە مانای "قسە qise" دێ لە هێندەك شێوەزاری کوردیی باکووردا. دەبێژن: شۆرێ خۆە کر shorê xwe kir، واتە: قسەی خۆی کرد qisey xoy kird. وشەی شۆر shor، لە وشەی کوردیی کرمانجکی (کرتکی، زازاکی) ڤاژۆر vajor ەوە دێ، کە بە مانای قسە qiseye یە و بنەڕەتێکی ئاڤێستایی هەیە (← وشە wishe) vajor بووە بە ڤاشۆر vashor بە گۆڕینی دەنگی ژ j بە ش sh، ئەوجا ڤە ve ی سەرەتاش قرتاوە و شۆر shor ماوەتەوە. بێجگە لەمەش، واژە vaje ی فارسیش هەر لە vajor ەوە وەگیراوە.

Shorish شۆرش > شۆر shor + پاشگری ش sh. شۆر shor لە زمانی کوردیدا، بە مانای "تێژ و توند" و "هەڵچوون" و "جۆشخواردن" بەکاردێ، هەروەها بە مانای "سۆر" sor/ سوێر swêr یش دێ. لە زمانی کوردیدا وشەی "شۆرە shore" هەیە کە ← کەرەسەیەکی زووتەقە (زوو دەتەقێ) و لەسەر

دەمی کۆندا بۆ دروستکردنی باroوت barût بەکاردەهێنرا لە کوردستان. دیارە "شۆرە" لە "شۆر" ەوە وەرگیراە، وەك چۆن "بۆرە bore" لە "بۆر bor" ەوە (وەك نێو لە هەڤالنێوەوە) وەرگیراوە. ئەوجا دەنگی ش sh بووە بە س s، وەك ئەوەی دەنگی ش sh لە وشەی شەروال sherwal ی کوردیدا، کراوە بە س s، کاتێك وشەی شەرواڵ sherwal ی کوردی خراوەتە نێو زمانی عەرەبییەوە و بووە بە سروال sirwal. بەم جۆرە وشەی شۆرە shore ی کوردی بە شێوەی سَوْرَة sawrah هاتووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە. دوایی وشەی سَوْرَة sawrah بووە "ثَوْرَة thawrah" کە ئێستە هەردوو وشەکە بە یەك مانا بەکاردێن. شایانی گوتنە کە، وشەی "الثورة Al-thawrah" ی عەرەبی لە وشەی "ثور thawr" ی ئاشوورییەوە نەهاتووە کە مانای گا/ڤ ga/v ە، بە تایبەتی "لە کاتی هاجبوون و هەڵچووندا" وەك موعتەسەم سالەیی لە گوڤاری "رەنگین rengîn" (ژ 114ی تەمووزی 1998) دا نووسیوێتی. (بۆ پتر زانیاری لەم بارەیەوە سەیری سەمیناری "کورد و شۆرش kurd û shorish" بکرێ لە پەرتۆکی: جەمال نەبەز: ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا. بڵاوکراوەی "کوردنامە" لەندەن 2002، ل 231-259.

Shos(t)e شۆستە، لە وشەی فەرەنسی chaussée ەوە هاتووە.

Shop شۆپ، واتە: جێی پێ لەسەر زەوی cêy pê le ser zewî >

شۆ sho + پ p. > شۆن shon (شوێن shwên) واتە: شۆن (شوێن) shon/shwên پێ pê. شۆن پێ shon pê.

Shû شوو، واتە: مێرد mêrd. شووکردن shûkirdin/ مێرکردن mêrkirdin. شوو shû لە وشەی ئاڤێستایی: خشاودرەکە xshawdreke ەوە هاتووە، کە لە فارسیدا بووە بە شوهر shoher.

Shûshe شووشە (← شیشە shîshe).

Shûtî شووتی/ شفتی Shiftî/ زەبەش zebesh. شفت shift وشەیەکی کۆنی کوردییە بۆ شیر shîr. لە زمانی کوردیدا بە شیردۆشین shîrdoshîn دەگوترێ شفت shift. سەرنجی وشەی sweet ی ئینگلیزی و süß ی ئەڵمانی بدرێ کە هاوڕەگەزی وشەی شووتی shutî کوردین. جۆرە ترێیەکی زۆر شیرین هەیە لە باکووری کوردستان نێوی سفتك siftik ە.

Shw/v an شوان/شڤان، بە پەهلەوی شوپان shupan ە. ئەم وشەیە، لە کارنامەکی ئەرتەخشێری پاپەکاندا هاتووە، کە لەوێدا، وشەی کورد kurd، بە شێوەی کورت kurt بەکارهێنراوە. وشەی شوان/شڤان، لە فارسیدا بووە بە چوپان chupan و لە ترکیشدا چۆبان çoban. پاپەك باوکی ئەردەشێرە کە دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتیی ساسانییە. کارنامەك بە پەهلەوی و لە سەتەی شەشەمی زایینی و زەمانی ئیمپراتۆرێتیی ساسانیدا نووسراوە. شوێنەواری هێندەك دەستکاری پێوەدیارە.

T ت

Ta تا/ هەتا **heta**، تاكو **taku**، هەتاكو **hetaku**، هەتاكوێ **hetakwê**. ئەم تا **ta** یە لە هەتاكو **hetaku** و تاكو **taku** دا لە "حتى" ی عەرەبییەوە نەهاتووە. **taku** تاكو كە لە پەهلەویدا تاك **tak**ە. ئەوەتا، لە زمانی كوردیدا تاكو **taku** هەیە بە مانای **he-taku** هەتاكو. لەبەر ئەوە وشەی هەتا **heta** (هەتاكو **hetaku** ی كوردی)، لە حتى ی عەرەبییەوە نەهاتووە. سەرنجی **till** ی ئینگلیزی بدە كە بە مانای تا **ta** دێ.

Tal' تاڵ، گەلێك مانای هەیە، یەكێكیان تاڵە موو **tal'e mû** ە، یان، داوە ← دەرزوو **dawe** **derzû** ە، كە دەچنرێ و دەكرێ بە جلك **cilk**. وشەی تاڵ بەم مانایە، كەوتووەتە زاری عەرەبییەوەو، لە وشەی طیلسان دا دیارە. طێڵ لە تاڵ **tal'** ەوە هاتووە، ← سان **san** نازنێوی مرۆڤی گەورە و خاوەن پایە و پلەیە وەك جافرسان **Cafirsan** لای هەورامییەكان. طیلسان ئەو جلكە (دشداشە)یە بوو، كە قازی و مەلا عەرەبەكان لە بەریاندەكرد واتە: جلكی مرۆڤی گەورە.

Tal' تاڵ/ تەحل **teĥl**، تەهل **tehl** بە پەهلەوی: تەخل **texl** و لە فارسیدا بووە بە تلخ **telx**.

Talan تالان، وشەیەكی مەغۆلییە، كە كەوتووەتە فارسی و هێندەك لە شێوەزارەكانی تركمانەكانەوە، بەشێوەی تالانگ **talang**.

Talweg تالڤێگ. وشەیەكی ئەڵمانییە كە لە سنوورێكی نێونەتەوایەتیدا بەكاردەبرێ و

بريتييه له هێلی نێوەڕاستی ڕۆبارێك كه كەوتبێته نێوان دوو وڵاتەوە.

Taman تامان (← تانه **tane**).

Tamar تامار (← تانه **tane**).

Tampon تامپۆن (بەيەكدادانی دوو ئۆتۆمۆبێل). وشەيەكی ئەوروپاييە، به ئينگليزی **tampon** و، به ئيتالييی **tamponamento** و، به فەڕەنسی **tamponement**ە.

Tank تانك (دەبابە) له ئينگليزييەوە وەگيراوە **tank**.

Tankî تانكی، بەو سنووقه (← سنووق **sinûq**) دەگوترێ كه بەنزينی تێدەكرێ تا له ئۆتۆمۆبيلدا بەكار ببرێ، يان بەو ← عەمبار **ʿembar**ی ئاو دەگوترێ، كه ئاوی تێدا هەلدەگيرێ. ئەم وشەيه ئەوروپاييه. له ئەڵمانيدا وشەی **Tank** هەر بەو مانايه بەكاردەبرێ.

Tane تانه/ تانەلێدان **/tanelêdan/** تانەی سەرچاو **taney serchaw**. تان **tan** و تامان **taman** و تەيمان **teyman** له كورديدا به لەكەی سەرچاو **lekey serchaw** و ← پەرژين **perjîn** يش دێ، واته: بەرهەڵستێك و لەمپەر **lemper** (حاجز) ێك كه بخرێته بەردەم شتێك، ← يان ڕەخنه **rexne** بگيرێ لێی، كه ئەو شته خەوشداره. وشەی تانووت **tanût** يش هەر لەمەوە دێ. تەنانەت وشەی تەم **tem** و تومان **tuman** (كه له تركيدا بووه به **duman**) و تامار **tamar** (تەماوی **temawî**) يش، هەر وێنەيەكی ديكەی تان **tan** و تامان **taman**ە. وشەی

تانووت tanût لە تانەکوت tanekut ەوە دێ، واتە: تانەیەکی پێداکوتراوە. تانەکوت tanekut بووە بە تانووت tanût. هەروەها وشەی "طعن"ی عەرەبی کە بە مانای بریندارکردنی شتێکە بە ئامرازێکی تیژ، یان ڕەخنەگرتنی قانوونییە لە بڕیارێکی دادگە، لە بنەڕەتەوە لە تانە tane وە دێ.

Tanût تانووت (← تانە tane).

Tapo تاپۆ، لە وشەی یۆنانی تۆپۆگرافیگۆس τοπογραφικός ەوە هاتووە. کە بە ئەڵمانیش هەر تۆپۆگرافییە Topographie واتە: سنوورکێشانی پارچە زەوییەك و دیارکردنی ئەو سنوورانە. ئەم وشەیە کەوتووەتە ترکی و، ئەوجا عەرەبییەوە، سەرنجی (دائرة ألطابو) بدە.

Tapû تاپوو، بە کەنوو kenû (کەندەڵان kendelan) ی ← هەنگ heng دەگوترێ کە ← هەنگوێن hengwên ی تێدا دروست دەکرێ. سەرنجی وشەی Topf ی ئەڵمانی و pot ی ئینگلیزی بدە کە بە ← مەنجەڵ mencel دەڵێن.

Taq تاق، بە چاڵاییەك دەگوترێ کە لە دیواردا کرابێ، هێندەك جار، سەرەکەی لە شێوەی کەوانەییدا دەبێ. بە پەهلەوی تاك tak ە و بە فارسی بووە بە طاق. هەر ئەم وشەیە تاق taq لە زاری کوردیی باکووردا بووە بە تاخ tax، کە بۆ ← گەڕەك geřek بەکاردەبرێ. بۆ وێنە: دەگوترێ: تاخێ کوردان taxê kurdan واتە: "گەڕەکی کوردان".

Tar تار، ئامێرێکی مۆزیکەیە، کە وشەیەکی کۆنە و، بە لاتینی تار

tar و بە پەهلەویش هەر تار tar. وادیارە وشەی تار tar پێوەندیی بە تاڵ tal’ (تاڵەموو tal’emû) واتە: ئەو تەلانەی← تەل tel) کە پێوەی بەستراون. تەل tel و تێل têl یش هەر پێوەندییان بە تاڵ tal ەوە هەیە.

Taran تاران، ← تاراوگە tarawge.

Taraw تاراو (← تارسە tarse).

Tarawge تاراوگە/ Terawge تەراوەگە، شوێنێکە کە خەڵکی دەرکراو، دەرپەڕێو لە ← هەوار hewar ی خۆیان، تێیدا بژین. وشەکە، بنەڕەتەکەی: تەراوگە terawge یە. لە زمانی کوردیدا وشەی تەرەبوون terebûn دوورکەوتنەوە لە شوێنی خۆ و، تەرەکردن terekirdin هەیە، بە مانای دەرکردن لە شوێنی خۆی و، پەرەوازەکردن، بۆ وێنە دەگوترێ: کۆترەکان تەرەبوون terebûn واتە: لە شوێنی خۆیان نەمان و دوورکەوتنەوە. تەراو teraw/ تاراو taraw وەك دەرکراو derkiraw کەسێکە، یان زیندەوەرێکە کە لە شوێنی خۆ تەرە بوو le shwênî xo terebûە. "تەراوگە terawge/ تاراوگە tarawge" واتە: جێی ئەوانەی کە تەرە بوون. گە ge پاشکۆیەکە بۆ جێ cê شوێن shwên (← تارسە tarse). دیارە تۆران toran/ تۆرین torîn یش هەر لەم رگەوە سەریهەلداوە.

Tarîk تاریك، بە پەهلەویش هەر تاریك tarîkە. هەر لە پەهلەویدا تۆماك tomak هەیە بۆ تاریك و لێڵ tarîk û lêl.

tarkirdin تارکردن (←تارسە tarse).

Tarse تارسە (← تاسە tase).

Tas تاس/ تاسولکە tasulke (تاسێکی پچووك tasêkî pichûk). تاس

tas بە ← دەفر **defir** ی قوولی لە مس دروستکراو دەگوترێ. وشەیەکی کۆنی کوردییە کە لە وشەی تەشت **tesht** ەوە هاتووە ولە عەرەبی و فارسیدا بووە بە "طاس" و لە رێی عەرەبەوە کەوتووەتە زمانە ئەوروپاییەکانەوە. لە زمانی ئەڵمانیدا بووە بە **Tasse** و لە فەڕەنسیدا **tasse**. فەرهەنگی ئەڵمانی دودن **Duden** بنەڕەتی وشەکە بە تەشت **tesht** دادەنێ و تەشت **tesht** بە فارسی دەداتە قڵەم، هۆی ئەمەش ئاشکرایە هەموو وشەیەکی ئێرانی دەبەنەوە سەر فارسی، ئەگەرنا وشەکە لە ئاویستاییدا تەشتە **teshte** یە. ئاویستا بە فارسی نەنووسراوەتەوە. پەهلەوی لە ئاڤێستاوە وەریگرتووە بە شێوەی تەشت **tesht**. هەر لە کوردیدا وشەی تەشپی **teshpî** هەیە بۆ کاسە ← **kase** یەك کە لە دار دروستکرابێ. پێوەندیی رەگی ← کاسە **kase** و ← تاسە **tase** ش، کە لە عەرەبیدا بووە بە طاس نابێ رەچاو نەکرێ، کە وشەی کاسە، کە لە عەرەبیدا کراوە بە "كأس"کەوتووەتە زمانی ئەڵمانی وەك **Kasse** و زمانە ئەوروپاییەکانی دیکەوە.

Tas تاس/ تاسبردنەوە **tasbirdinewe** لە ترساندا بێهوش بوون. لە شێوەزاری کوردیی باکووردا وشەی تاشا **tasha** هەیە بۆ ترس **tirs**، هەروەها لە کوردیدا وشەی ئەوتراشی **ewtirashî** هەیە (فەرهەنگی باشوور، بەرهەمی: عەباس جەلیلیان) بێجگە لەوەش وشەی ئەترەش **etresh** و ئەترەك **etrek** یش هەیە (ئەترەشی چوو **etreshî chû**). واتە: ترس بردییەوە **tirs birdiyewe** (← ئەترەش **etresh**). وشەی ئەترەش **etresh** بنچینەی وشەی ترس **ters** ی فارسییە.

T ت

Tase تاسە (تاسەی بینینی دۆستانم کرد، واتە: ئارەزووی بینینیانم کرد). تاسە tase ئارەزووکردنە لە دوورەوە، کە بە عەرەبی (لوعة واشتیاق) ە. لە زمانی کوردیدا وشەیەکی دیکە هەیە بۆ تاسە tase، کە ئەوەش تارسە tarse یە. تار tar لە زمانی کوردیدا بە مانای دوورکەوتنەوە و تەرەبوون terebûn دێ (کۆترەکان لە هێلانەکەیان تەرەبوون، واتە: دوورکەوتنەوە). وشەی ← تاراوگە tarawge واتە: (شوێنی ژیانی دوور لە نیشتمان و ← wilat ولات) تاراو taraw (بە کەسێك دەگوترێ کە بۆ هەتا هەتایی لە شوێنی خۆی دوورکەوتبێتەوە)، هەروەها تارکردن tarkirdin و تەرەکردن terekirdin (دەرکردنی کەسێك، یان دوورخستنەوەی شتێك، لە شوێنی خۆی، هەتا هەتایی) هەر لە مەوە دێ. وشەی تاسە tase لە بنەڕەتدا لە tarse ەوە هاتووە، کە هەر بەو مانایە بەکاردێ، دەنگی ر r لە وشەی تاسە tase دا کەوتووە. سە se لە سێ sê وە هاتووە کە بە مانای پەنا pena و سێبەر sêber دێ. تاسەکردن tasekirdin واتە: لە دوورەوە سێبەری کەسێك، یان، تارمایی tarmayî کەسێك، هێنانە بەر چاوی خۆ.

Tash تاش/ تیش tîsh بە بەردێك دەبێژن کە ساف و لووس بێ، واتە: تەراشکراو terashkiraw بێ، تاش tash لە تاشین tashîn ەوە هاتووە. دیارە، وشەیەکی دیکەش بۆ تاش tash هەیە کە ئەوەش تات tat ە

T ت

(تاته بەرد tate berd)، تات tat مانای تەخت text واتە: ساف و لووس saf û lûs، زەوییەکە تاتە، واتە: تاشراوە و زرگوهەڵەتی تێدا نییە. پێتاتە Pêtate (تەختەی ژێر پێی جۆڵایە) تاش tash، چووەتە زاری ترکییەوە و، هەر بۆ بەرد berd (← کەڤر kevir) بەکاردێ. (← تاشین tashîn/ تراشین tirashîn). تاش tash وەك پاشگر دەچێتە پاڵ نێوەوە و دەیکا بە نێوی کارا، بۆ وێنە: بەرد تاش berd-tash، سەرتاش ser-tash.

Tashîn تاشین/ تراشین tirashîn، لە پەهلەویدا تەش tesh و تاشیتەن tashîten ە و لە ئاڤێستادا tash و تەش tesh هەیە کە مانای بڕین birîn ە. وشەی تیژ tîj (تێژ têj) و تیخ tîx و ← سیخ sîx لە مەوە هاتووە. تیخ tîx بە پەهلەوی تیگ tîg ە.

Tat تات/ تاتۆ tato بە ← باوك bawk دەگوترێ. وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە. لە سانسکریتدا تاتا tata یە. سەرنجی وشەی فاتەر vater ی ئەڵمانی و father ی ئینگلیزی بدرێ، کە دەنگی ت t و ف f/v جێیەکیانگرتووەتەوە. وێنەیەکی دیکەی تات tat لە کوردیدا هەیە ئەوەش ئات at ە کە لە شێوەزاری باشووری کوردستاندا ئاتك ـ بووتك atik-bûtik هەیە کە بە مانای بنەچە و رەچەلەك bineche û rechelek دێ. دیارە ـك –k پاشگرە بۆ کچکەکردنەوە و وشەکە ئات at ـ بووت bût ە. ئات at باوك bawk ە کە ئەمە

وێنەیەکی فات fat ە لە وشەی vater (باوك bawk) ی ئەڵمانیی ئەورۆدا، کە لە زمانی ئەڵمانیی کۆندا Fater بووە و بۆ خۆشەویستی فاتی vati بانگدەکرێ. وشەی ئات at (باوك bawk) ی کوردی، بە شێوەی ئەتە ata کەوتووەتە زاری ترکییەوە بە مانای باوك (سەرنجی وشەی ئەتەترك etetirk بدە). وشەی بووت bût لە ئاتك - بووتك -atik bûtik دا، پێوەندیی بە وشەی ← بووك bûk ەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا بە مانای مێینەیە.

Taw تاو، بە تینی گەرما و تینی جۆش cosh دەگوترێ. تینی گەرما بە پەهلەوی تاپ tap ە کە لە فارسیدا بووە بە تاب tab. تاو/ڤ taw/v بۆ هەتاو hetaw یش بەکاردەبرێ. هەروەها تا ta لە کوردیدا بە شێوەی تێ tê ش بەکاردەبرێ بۆ وێنە: گرانەتا giraneta/ گرانەتێ giranetê. تاو taw بە مانای داو daw یش بەکاردێ، وەك: داوە دەزوو dawe dezû، واتە: تاوە دەزوو tawe dezû (← تەناف tenaf).

Tawan تاوان، بە پەهلەوی تاڤان tavanە.

Tawanî تاوانی/ تاوێنی tawênî (ئەو پارەیەیە کە لە باتی کردنی گوناهێك دەبژێردرێتەوە بۆ گوناهلێکراو)، بە عەرەبی "غرامة".

Tawe تاوە، ئەو پارچە ئاسنە گردەیە کە خواردنی تێدا سۆردەکرێتەوە، یان، دەکولێنرێ. تاوە tawe لە ← تاو/ڤ taw/v ەوە هاتووە، بە مانای تینی گەرما (سەرنجی وشەی هەتاو/ڤ

hetaw/v بده). تاوه tawe کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە بە شێوەی "طبق" کە لە کوردیدا تەبەق tebeq ە. کە وشەی تەباخ tebach (طباخ) ی عەرەبی هەر لەمەوە هاتووە. وشەی مطبخ ی عەرەبی لە مە ـ تەباخ me-tebach ەوە هاتووە، کە مە me بە مانای ئامێر دێ لە کوردیدا (← مەگریجەنی megrîcenî). هەروەها وشەی طابوق، کە بە زاری عەرەبی، بە خشتی سۆرەوەکراو دەگوترێ هەر لە تاوە tawe ەوە وەرگیراوە.

Tawe تاوه (← ئافتاوە aftawe).

Tawus تاوس، نێوی مەلێکە کە لە عەرەبیدا بووە بە طاؤوس و لە فارسیدا طاوس. کە بە لاتینی pavo یە و بە ئەڵمانی pfau، بە زمانی هیندیی کۆن تاوسا tawsa یە.

Tayen تایەن، وشەیەکی دیکەیە بۆ دایەن dayen. دەنگی ت t و د d جێییەکیان گرتووە. هەردووکیان بە مانای لەلە lele ی ← منداڵ mindal’. دایەن dayen > دا da + یەن yen. دا da دایك dayk ە و یەن yen لە یەند yend ەوە هاتووە کە مانای هەند hend (هێندە hênde)یە. واتە: ژنێك کە، هێندەی دایك بۆ ← منداڵ mindal’ بە پەرۆشە. هەر لە کوردیدا وشەیەکی دیکە هەیە بۆ دایە daye ئەوەش تایە taye یە.

Taytil’ تایتڵ، لە title ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە بە مانای سەرنێوی پەرتۆکێك، یان نووسراوێکە. بە ئەڵمانی Titel و بە فەڕەنسی titre ە. لە بنەڕەتدا وشەکە titulus ی لاتینییە کە بە مانای وشەیەکە

دەخرێتە پێش نێوی کەسێکەوە بۆ پێشاندانی پلە، یان پایە، یان باوەڕنامەی ئەو کەسە.

Tecawiz تەجاوز (← ciyawaz جیاواز).

Telîsm تەلیسم، لە تێلسما Τέλεσμα (télesma)یۆنانییەوە وەرگیراوە و، لە زاری عەرەبیدا بووە بە طِلِسَمْ. لە زمانی لاتینیدا talismen ە و، لە ئیسپانیدا talismán و لە ئیتالیاییدا talismand و بە ئەڵمانی talisman ە کە بە کوردی بەرگری چاووزار chawûzar ە، لە شێوەی کووژەکەی شیندا.

Tem تەم (← tane تانە) لە ئاوێستادا تەما tema و تەم tem و لە پەهلەویدا تەم temە.

Tembûr تەمبوور/ تەموورە temûre بە پەهلەوی: تەمبۆر tembor. ئامیرێکی مۆزیکی کۆنی کوردە، لە فارسی و عەرەبیدا بووە بە طنبور.

Temir تەمر (پوولی پۆستە pûlî poste)، وشەکە فەڕەنسییە timbre-poste یە، کە بە شێوەی تامبر - پۆست دەردەبڕدرێ.

Temûre تەموورە. ئامێرێکی مۆزیقەلێدانە، بە زۆری یارسانییەکان بەکاریدەبەن. بە عەرەبی و فارسی طمبور و طنبور ە.

Ten تەن (← لەش lesh) لە تنۆ tino ی ئاڤێستاییەوە هاتووە و بە پەهلەوی تن tinە.

Tenaf تەناف < تاناڤ tanav < تاوناڤ tawnav. واتە: رایەڵێک کە لە ناو/ڤ naw/v (نێوان nêwan)ی دوو شوێندا تەنراوە tenrawe و رایەڵکراوە. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە

"طناب" و لە فارسیشدا هەر "طناب" ە. فەرهەنگی فارسیی معین، وشەکە بە عەرەبی دەداتە قەلەم. ئەمە لە کاتێکدا وشەکە کوردییەکی ڕۆنە و، ڤ v ی کوردی لە عەرەبیدا دەبێتە ب. بۆ وێنە ← سەراو seraw دەبێتە سراب.

Tender تەندەر. خستنەڕوو، یان خستنە بەردەمی پێشنیازێکە بەنووسین بۆ کردنی کارێك، یان بەستنی گرێبەندێك. وشەکە ئینگلیزییە و هەر tender ە.

Teng تەنگ/ (← تەنك tenik).

Tenik تەنك، وشەیەکی هیندۆئەوروپاییە. بە هیندی تەنوکە tenuke و بە ئینگلیزی thin و بە ئەڵمانی dünn ە و بە پەهلەوی تنۆك tinokە، کە بە شتێك دەگوترێ ← قوول qûl/ کوور kûr نەبێ. سەرنجی وشەی تەنکاو/ڤ tenkaw/v بدە.

Tenik تەنك/ تەنگ teng، ئەم دوو وشەیە هەردووکیان یەك بنەڕەتیان هەیە. تەنك tenik > تەن ten + ـك ik. تەنگ teng > تەن ten + ـگ ig. ـك ik و ـگ ig نیشانەی گچکەکردنەوەیە. تەنك tenik و تەنگ teng مانای تەن (لەش lesh) ێکی گچکە. وشەی تەنۆك tenok ی پەهلەوی و dünn ی ئەڵمانی و thin ی ئینگلیزی بە مانای تەنك tenik و تەنگ teng ی پەهلەوی و eng ی ئەڵمانی بە مانای تەنگ، پێوەندیی ڕەگییان بەم دوو وشە کوردییەوە هەیە. وشەی تەنگ teng لە عەرەبیدا بووە بە "طنجة".

Tenûr تەنوور/ تەندوور tendûr، (چاڵی نان پێوەدان و برژاندنی هەویری نان) بە ئاڤێستایی تەنوورە tenûre یە و لە پەهلەویدا تەنوور tenûr ە و لە

T ت

عەرەبیدا بووە بە تندور (وفار ألتنور: قورئان ك هود 11/40).

Tenya تەنیا/ تەنێ **tenê**. لە پەهلەویدا: تەنیها **tenîha** یە.

Tel'e تەڵە/ فاقە **faqe**/ داو **daw** بە پەهلەوی تەڵەك **tel'ek** ە.

Tel'eke تەڵەکە/ (فێڵ **fel'**) لە ← لە تەڵە **tel'e** ەوە هاتووە.

Tem تەم (← **Tane** تانە).

Tenîn تەنین (← **pîne** پینە).

Tepl' تەپڵ، ئامێرێکی مۆزیکی کۆنی کوردە کە دەهۆڵی لەشکربووە، وشەی تەپڵ **tepil'** لە تەبەق **tebeq** ەوە هاتووە (← تاوە **tawe**) لە عەرەبی و فارسیدا وەك "طبل" بەکاردەبرێ. فەرهەنگی فارسی معین بە هەڵە بە وشەیەکی عەرەبی داوەتە قەڵەم. رووی تەبەق **tebeq** وەك رووی تەپڵ پانە و زۆر جار لە تەبەق دەدرێ وەك تەپڵ. ڕەنگە وشەی دەهۆڵ **dehol'** یش هەر لە تەبڵ **tebl'** ەوە هاتبێ و بەم شێوەیە: دەهۆڵ **dehol'** > تەهۆڵ **tehol'** > تەبوڵ **tebul'** > تەبڵ **tebl'** > تەپڵ **tepl'**. (← تەپڵەك **tepl'ek**).

Tepl'ek تەپلەك، بە سینیەکی دار، یان، تەنەکە، یان، پلاستیك کە بچووك بێ دەگوترێ تەپلەك **tepl'ek**. تەپلەك **tepl'ek** = تەپڵ **tepil'** + ـەك **ek** – (نیشانەی گچکەکردنەوە) وشەکە وشەیەکی لاتینییە کە لە فەرەنسیدا **tablette** و لە ئەڵمانیدا **Tablett**ە، کە وشەی تابلێت **Tablett** گچکەکراوەی **table** ە کە ← مێز **mêz** ە.

Teř تەڕ (تازە **taze**، ئاولەخۆگر). لە پەهلەویدا هەر تەڕ **teř** ە، لە عەرەبیدا بووە بە "طري".

Teratên تەراتێن، بزووتنی ئەسپ و لۆقەکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، واتە: جێی خۆگۆڕین cêy xo gořîn ی ئەسپ (← تارسە tarse).

Terceman تەرجەمان، لە پەهلەویدا: تەرگەمان tergeman ە. geman گەمان و zuvan زوڤان لە پەهلەویدا بە مانای زمان ziman دێن. تەرگەمان tergeman لە عەرەبیدا بووە بە ترجمان کە بۆ ژیننامە jînname بەکاردەبرێ. وشەی "ترجمە" عەرەبی نییە و کوردییەکی کۆنە. تەنانەت وشەی دیلماجە dîlmace کە ئەوروپاییەکان بە ترکیی دادەنێن، لە وشەی تەرجەمە terceme وە هاتووە. تەرجەمە terceme < دەل جەمە delceme < دەل مەجە delmece < دیل ماجە dîlmace. وشەکە پێوەندیی بە وشەی ترکیی dil ەوە نییە کە مانای زمانە. تەر teř کە بە پەهلەویش هەر تەر teř ە، پێشگرێکە بۆ زۆرزانی و زیرەکی و چالاکی. بۆ وێنە: تەڕ زمان teř ziman تەڕ پیر teř pîr تەڕ دەست teř dest (کارا، ژێهاتی).

Terebûn تەرەبوون/ تەرەکردن terekirdin (← تارسە tarse ← تاراوگە).

Teřetîze تەڕەتیزە، جۆرە گیایەکە دەخورێ لە تەڕەتیژە teřetîje ەوە هاتووە. (← تەڕ teř).

Terîq تەریق/ تەریقی terîqî، تەریق بوون terîqbûn. تەریق terîq لە تەریك terîk ەوە هاتووە. تەریکی terîkî دوورەپەرێزییە لە شتێك کە ئەمەش لە تەرەبوون terebûn ەوە دێ، واتە: دوورکەوتنەوە (← تەرە tere، ← تاراوگە tarawge).

Terxûn تەرخوون < تەڕ teř + خوون xûn. ئەم وشەیە لە ڕێی عەرەبەکانەوە کەوتووەتە زمانی لاتینیی ناڤین و لە وێشەوە کەوتووەتە فەڕەنسی و لە ئەڵمانیدا بووە بە Estragon، فەرهەنگی ئەڵمانی Duden دەبێژێ ئەم وشەیە لە عەرەبییەوە هاتووە. کە ئەمە ڕاست نییە. بەشێك لەو گیایانەی کە لە کوردستان وەك بەهارات لە گەڵ خواردن دەخورێن، بە تەڕ دەستپێدەکەن وەك تەڕەتیزە teřetîze کە تەڕەتیژە teřetîje یە. هەروەها تەڕە پیاز teře piyaz، تەڕلە teřle، تەڕچك teřchik (بە شیناییەك کە تەڕ و تازە بێ دەبێژن تەڕچك teřchik) < تەڕشك teřshik < تەڕشینك teřshînk، teřepene تەڕەپەنە...هتد. تەرخوون teřxûn < تەڕخوونك teřxûnk < تەڕخینك teřxînk < تەڕشینك teřshînk واتە: شیناییەکی تەڕ. هێندەك جار لە کوردیدا بە ڕەنگی خوێن xwên دەگوترێ شین shîn. سەرنجی وشەی شینە دەمار shînedemar (ڕەگی خوێن regî xwên) بدرێ.

Tesht تەشت (← تاس tas).

Tev تەڤ (هەموو hemû/ تەواو tewaw) سەرنجی وشەی too ی ئینگلیزی و tous و tout ی فەڕەنسی بدە

Tevgeř تەڤگەڕ. تەڤ tev مانای هەموو hemû، تەواو tewaw. گەڕ geř لە گەڕان geřan ەوە دێ، واتە: بەهەموو لایەکدا لە جووڵە دایە.

Tewir تەور/ Balte باڵتە بە پەهلەوی تەپەر teper ە.

T ت

Tewîle تەویلە، جێی ولاخ. کە لە فارسیدا وەك "طویلة" دەینووسن و لە عەرەبیدا بە شێوەی أصطبل بەکاردەبرێ، لە بنەرەتدا وشەیەکی هیندۆئەوروپاییە. لە زمانی لاتینیدا stabulum و لە ئینگلیزیدا stable و بە ئەلمانی stall و بە فەڕەنسی étable. ئەم وشەیە لە زاری عەرەبی بازاریدا بووە بە "طاولة" وەك زاری ترکی tavle. لە زمانی کوردیدا وشەی دێوڵ dêwil’/ تەوڵ tewil’ هەن، کە بە زەنگوڵەی ملی سابرێن sabrên/ ساورێن sawrên دەگوترێ.

Teyman تەیمان (← تانە tane).

Têj تێژ (← tîj تیژ).

Têkoshîn تێکۆشین > تێ tê + کۆشین koshîn. کۆشین koshîn لە پەهلەویدا کۆخشیتەن koxshîten، کە لە فارسیدا بووە بە کوشیدن kûshîden.

Tift تفت، بە خواردنێك دەگوترێ کە ← تاڵ tal’ و ← تیژ tîj بێ. ئەمەش لە وشەی ئاڤێستایی: تەفتە tefte ەوە هاتووە. کە بۆ شتی گەرم gerim (تاڵ tal’ و تیژ tîj) بەکاردێ. وشەکە پێوەندیی بە ← تاو taw (گەرمی germî) یە وە هەیە.

Tijî تژی (پڕ) > ت t + ژی jî. ت ti تو tu (واتە هەموو/ هەمی hemû/hemî (← تو tu) سەرنجی وشەی تەڤ tev بدرێ. ژی jî لە: جی cî و جهێ cihê و جێ cê وە هاتووە. واتە: هەموو جێیەکی ئەو شتەی گرتووتەوە، واتە: پڕی ئەو شتەیە و، تەڤ جی tevcî یە.

Tilî تلی، بە مانای پەنجە pence دێ و، لە کوردیی باکووردا

بەکاردەبرێ. تلی **tilî** لە قلی **qilî** یەوە هاتووە، بەو مانایەی کە "وەك قل **qil** وایە". لە فارسیدا بووە بە سیلی **sîlî** کە مانای ڕەپکردنی پەنجەکانی دەستە. "سیلی زدن" لە فارسیدا، مانای: زللە لێدان بە بەری دەست و پەنجەکان بە کوردی کرماشانی شەقە سیلە **sheqesîle** ی پێدەڵێن.

Tilʾîsh تلێش/ **qilʾîsh** قلێش. لە ئاڤێستاییدا تریش ووا **tirîshûa** یە.

Tiraw تراو، لە تەڕاو **teřaw** ەوە دێ (← تەڕ **teř**).

Tiřimpif ترمپف، بە مانای گەوج **gewic** و گەواد **gewad** یش دێ. لە فارسیدا بووە بە قرمپوف **qorumpuf**. پف **piff** وشەیەکە لە ڕێی **pouf** ی فەڕەنسییەوە کەوتووەتە زمانی ئەڵمانییەوە بە شێوەی **puff** و، هەر بەو جۆرە و، بۆ ڕووسپیخانە **rûspîxane** بەکاردێ، کە وشەکە لە بنەڕەتدا عیبریە. ترم **tiřim** وێنەیەکی دیکەی وشەی ترۆ **tiřo** یە کە مانای بێئاوڕوو **bêawřû** ە. ترۆکردن **tiřokirdin** واتە: بێئاوڕووکردن **bêawřûkirdin** ترم پف **tirim pif**، کە هێندەك جار بە شێوەی ترم پرم پف **tiřim piřim piff** دەگوترێ، مانای بێئاورووییو بێشەرمی دەگەیەنێ. وشەی قورم ساخ **qurimsax** لەمەوە هاتووە، واتە: بێئاڕووی تەواو.

Tirîqe تریقە (← **shîřandin** شیڕاندن).

Tirît تریت، گۆشتئاوێکە کە نانی تێبگۆشن. تریت **tirît** وێنەیەکی دیکەی چریت **chirît** ە، کە

ڕەگی وشەی چەور chewir ی تێدایە. بە پەهلەوی بە چەور دەگوترێ چەرپ cherip کە لە فارسیدا بووە بە چرب و لە عەرەبیدا بووە بە سرب. وشەی تریت tirît لە عەرەبیدا کراوە بە ثرید. تریت لە ثرید ەوە نەهاتووە، بەلکو ثرید لە تریتەوە هاتووە. ئەمە پێچەوانەی ئەو زانیارییەیە، کە کاتی خۆی لە پەرتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" (چاپی 1976) دا، نوسیبووم، کە تریت tirît لە "ثرید" ەوە هاتووە، ئەوە ڕاست نییە، ئەمەی ئێرە ڕاستە.

Tiřleylî ترلەیلی، واتە: مرۆڤی بێهۆش bêhosh و گێل gêl > تڕ tiř + لەیل leyl. لەیل leyl واتە: لەگەڵ legel’. ترلەیلی tiřleylî واتە: مرۆڤی ترلەگەڵ tiřlegel’ (ترکەن tiřken). یەکێکی بێهۆش کە ئاگای لە قوونی خۆی نەبێ.

Tirs ترس/ تەرس ters، بە ئاڤێستایی ترسە tirise یە و، لە پەهلەویدا تەرساك tersak ە.

Tirsh ترش، بە پەهلەوی تورش trush ە.

Tiř û Tifaq تڕ و تفاق، تڕوتفاق tiř û tifaq > تەڕ teř + و û + تفاق tifaq. ← تەڕ teř دژی هیشك hîshk دijî ە. تفاق tifaq بە ئالیکێکی هشك دەگوترێ، کە بە ولاخ دەدرێ. کەواتە: تڕوتفاق tiř û tifaq مانای تەڕ و هیشك teř û hîshk.

Tirumpa ترومپا، ئامێرێکە ئاو دەردەهێندرێ پێی لە بیر. وشەکە لە فەڕەنسییەوە ورگیراوە کە trompe ە و لە ئەڵمانیشدا هەر بەو شێوەیە بەکاردەبرێ.

له فارسیدا بووه به تلمبه tolombe و کەوتووەتە زاری ترکییەوە.

Tîj تیژ/ Têj تێژ/ تووژ tûj (یان بۆ خواردەمەنی xwardemenî یان بۆ ← تیخ tîx). له ئاڤێستادا وشەکە vêj ڤێژ، تەیج teîcە و له پەهلەویدا têj تێژ/têz تێزە. (← تاشین tashîn).

Tîl تیل/ تیلکردن tîlkirdin بۆ جووڵاندنی هەڵمات بەکاردێ کە بە پەنجە ببزوێنرێ و ئاراستەی هەڵماتێکی دیکە بکرێ. تیل tîl له تیر tîrەوە هاتووە. تیلکردن tîlkirdin تیرکردن tîrkirdinە، واتە: وەك تیرێك کە نیشانە بگریتەوە پێی. (← تیلماسك tîlmask).

Tîlmask تیلماسك، بە پارچەیەك زەوی دەگوترێ کە بارێك بێ و، بەرەکەی تەنگ بێ. وشەکە له تیرماسك tîrmaskەوە هاتووە. ماسك mask و مازك mazk گچکەکردنەوەی ماز maz و ماس masە. ماز maz بە ڕێیەکی تەنگ و سەختی چیا دەگوترێ. مازە maze له زمانی کوردیدا بۆ بڕبڕەی پشت biřbiřey pisht بەکاردەبرێ، کە ستوونێکی باریکە.

Tîshk تیشك > تی tî + شك shk (بۆ گچکەکردنەوە) تی tî له تین tîn (گەرمایی و ڕۆناکی (germayî û ronakî) یەوە هاتووە. واتە: ڕۆناکییەکی گچکە.

Tîv تیف (← تویژاڵ/تویژ (twêj(al’)).

Tîvshal تیڤشال (← تویژاڵ/تویژ (twêj(al’)).

Tîx تیخ (← تاشین tashîn).

To تۆ، بە ئاڤێستایی تـ ti یە و بە پەهلەوی تۆ to یە، بە فەڕەنسی tu و بە ئینگلیزی you و بە ئەڵمانی Du.

T ت

Tom تۆم (تۆو **tow**) ← توومك **tûmik**

Tomar تۆمار. وشەکە بنەڕەتێکی یۆنانی هەیە کە تۆم **tom** ە بە مانای نەخشەکێشان **τομογραφία** دێ. سەرنجی وشەی **Tomographie** ئەلمانی و **tome** فەڕەنسی بدە کە بەمانای بەشێکە لە پەرتۆکێك.

Tomez تۆمەز/ تمەس **times**/ تمەز **timez** لە تۆمەزانە **tomezane** دەوە هاتووە. (ئەو وایگوت، تۆمەز (تمەز) مەبەستی شتێکی دیکە بوو). کە تمەس **times** دەگوترێ هێندەك جار لە باتی تۆمەز **tomez**، دەنگی س **s** لە جیاتی ز **z** بەکاردەبرێ، ئەمە وەك گۆڕینی دەنگی ز **z** بە س **s** لە وشەی نەخازمە **nexazme** دا کە بووە بە نەخاسمە **nexasme**. هێندەك جار وشەی تمەرز **timerz** لە جیاتی تمەز **timez** بەکاردەبرێ. بۆ وێنە: تمەرز مەکە **timerz meke** ئەوە تۆمەرز (مەرج) مەکە **tomerz (merc) meke** یە.

Top تۆپ. لە بنەڕەتدا رووسییە **тушка́** و بە شێوەی تۆپ **top** کەوتووەتە فارسی و ترکییەوە، لە فارسیدا بووە بە توپ **tup**.

Toran تۆران (← تاراوگە **tarawge**).

Torîn تۆرین (← تۆران **toran**).

Tornechî تۆرنەچی. تۆرنە **torne** لە **turn** ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە بە مانای بادان **badan** و خولدان **xuldan** ە.

Tox تۆخ (← دۆشاو **doshaw**).

Tow تۆو (← **Tumik**).

Toz تۆز، لە تۆژ **toj** و توێژ **twêj** دەوە هاتووە. کە شتێك توێژێکی هەڵدا بەرە بەرە هوردەبێ و وەك خۆڵی لێدێ. بە هەموو وردیلەیەکیش دەگوترێ تۆز **toz**. ئەم وشەیە چووەتە زاری

تركییەوە بە شێوەی توز tuz و خوێ xwê بەکاردەبرێ.

Tu تو/ تەڤ tev/ هەموو hemû/ هەمی hemî. سەرنجی وشەی too ی ئینگلیزی و، tous و tout ی فەڕەنسی بدرێ.

Tuman تومان (← Tane تانە).

Tund توند/ تند tind/تونت tunt دژی شل shil‌ە. بە ئاڤێستایی تڤانت tvant و توڤانت tuvant‌ە. توند tund لە فارسیدا بۆ خێرا xêra و ← گورج gurc و پەلە pele بەکاردەبرێ. وشەی توون tûn (توونی گەرماو tûnî germaw) کە بە پەهلەوی تۆن ton ە لە گەڵ توون tûn ی خواردەمەنی، وەك توونیی پیڤاز tunî pîvaz لەمەوە هاتووە.

Tune تونە/ (نییە niye)، تونەبوون tunebûn (بە جارەك نەمان)، تونەکردن tunekirdin (بە جارەك نەهێشتن) (سەرنجی وشەی تەفر و تونا tefr û tuna بدرێ). تونەکرن tunekirin > تو tu + نە ne + کرن kirin. ← تو tu مانای هەموو hemû، یان هیچ hîch‌ە. من تو کەس نەدیت min tu kes nedît واتە: من هیچ کەسێکم نەدیت min hîch kesêkim nedît. تونەکرن tunekirin واتە: کردن بە هیچ (لە نێوبردن). تو کەس هاتبوون tu kes hatibûn (هەموو کەس هاتبوون). سەرنجی وشەی ئینگلیزی too (هەموو) و وشەی ئەڵمانی total (هەموو، گشت) بدرێ. هەروەها وشەی فەڕەنسی tout(e) (هەموو).

Tûm تووم/ (تۆو tow) ← توومك tûmik

Tûmik توومك، ئەو خۆراکەیە کە بۆ مەلێك، یان ئاژەڵێك دادەنرێ بۆ

فریودان و گرتنی. توومك tûmik > تووم tûm + ـك ik (پاشکۆیەکە بۆ بچوککردنەوە)، تووم tûm، تۆم tom (تۆو/ڤ tow/v). وشەی "طُعْمَة" ی عەرەبی، کە فارسیش لە عەرەبییەوە وەریگرتووە، هەر لەم توومك tûmik ی کوردییەوە وەرگیراوە و پێوەندیی بە "طعام"ەوە نییە.

Tûr توور (کیسە) توورەك tûrek/ توورەکە tûreke (کیسەی بچووك) کە لە ترکیدا بووە بە tûrbe واتە: تووربار (توورەکی بارهەڵگرتن) و بە فارسیش "توبره" یە، وشەیەکی کۆنی کوردییە (سەرنجی وشەی Tüteی ئەڵمانی بدرێ کە هەر بەو مانایەیە). سەیر ئەوەیە فەرهەنگی ئەڵمانیی گشتگر کە بە Duden ناسراوە، وشەی tûrbe بە ترکی دەداتە قەڵەم و، دەبێژێ کە لە گوومەز gumez ەوە وەرگیراوە، کە بە شێوەیەکی قووچە. و بە ئەڵمانی Turm ە، لێرەدا دەبێ بگوترێ "هەمزە لە هەباسی چی".

Tûrdan توورڕدان. لە دوور ـ دان dûr-dan ەوە هاتووە، واتە: خستنە دوور dûr xistine و دوورخستنەوە dûr xistinewe.

Tûrek توورەك (← توور Tûr).

Tûtin توتن (← دووکەڵ dûkel’).

Twan توان، لە کاری ویستن wîstin ەوە هاتووە، لە ئاڤێستاییدا تەڤەنت tevent ە.

Twanîn توانین/ توانست twanist بە پەهلەوی تەڤانستەن tevanisten و بە فارسی بووە بە توانستن.

Twê توێ (← تیڤ tîv، ← توێژاڵ/توێژ (twêj(al’)).

Twêj(al) تویژ(ال)، بنەچەی وشەی تویژ(ال) **twêj(al)** وشەیەکی دیکەی کوردییە، کە هەر بەو مانایە بەکاردێ. ئەو وشەیە تیڤشال **tîvshal** ە. تیڤ **tîv** و توێ **twê** یەك مانایان هەیە، دەنگی ڤ **v** بووە بە و **w**. تیڤ **tîv**/ توێ **twê**، بە پارچە شتێکی ساف و لووس و باریك دەگوترێ کە بە چەقۆ **cheqo**، یان هەر تیخێکی (← تیخ **tîx**) دی ، لە شتێکی دیکە کرابێتوە (گوشتەکەی توێ توێ کرد). شاڵ **shal** وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە کە مانای توێك **twêk** و توێخ **twêx** ە، کە ئەورۆش لە زمانی ئەڵمانیدا، هەر بەو مانایە (توێك **twêk**/تویژ **twêj**/توێخ **twêx**) بەکاردێ، ئەوەتە **schal** توێکل و **schälen** توێکلکردن لە زمانی ئەڵمانیدا، بە مانای تویژ لێکردنەوە دێ، واتە: توێك /توێکڵ **twêk(il')** لێکردنەوە. و بە ئینگلیزیش توێکڵکردن **to peel** ە.

Twêk توێك (← تویژاڵ/تویژ **(twêj(al')**.

Twêkil توێکڵ (← تویژاڵ/تویژ **(twêj(al')**.

Twêx توێخ (← تویژاڵ/تویژ **(twêj(al')**.

V ڤ

Va ڤا/ با ba، له ئاڤێستادا ڤا va و ڤاته vate و، له پەهلەویدا ڤات vat و ڤای vay یه.

Val’a ڤالا (بۆش bosh) > ڤا va + لا la. ← ڤا va وێنەیەکی دیکەی وشەی با ba یه، بە گۆڕینی دەنگی ڤ v بۆ ب b. ڤا va به مانای با ba له شێوەزاری کرمانجکی (زازاکی) دا هەیه. لا la له بنەڕەتدا را ra و ئارا ara یه، که مانای جێ و شوێنه. ڤالا vala > ڤا ئارا va-ara واته: شوێن و جێی ڤا va (با ba). دیاره وشەی والآیی wal’ayî ش هەر بە مانای ڤالایی valayî دێ، وشەی والآیی wal’ayî له کوردیدا هەیه. (← بۆش bosh). وشەی "فاضي" که له زمانی عەرەبیی میسر و لوبناندا بەکاردەبرێ، لەم ڤالا vala یەوه وەرگیراوه. هەروەها وشەی بەتاڵ betal’ > باتاڵ batal’ یش هەر له مەوه هاتووه.

Varisht ڤارشت/ڤارش varish/ باران baran. له ئاڤێستادا باران بارین baran barîn به شێوەی ڤارشته varishte و ڤار var و، له پەهلەویدا به شێوەی ڤاره vare و ڤەرنته verinte و ڤارنت varint هەیه.

Vedander ڤەداندەر (داهێنەر، هێنەره بوو، نازنێوێکه بۆ خودێ بەکاردێ). ڤەداندەر vedander > ڤەدان vedan (دانەوه danewe) + دەر der.

Vent- ـ ڤەنت (← خاوەن xawen).

Verês ڤەرێس (← گوریس gurîs/ گورێس gurês).

Vewir ڤەور/ بەفر befir/ وەفر wefir/ ڤەر ver/ ڤەرڤه

V ڤ

verve. لە ئاڤێستادا ڤەفرە vefre و لە پەهلەویدا وەفر wefr و vefrە. لە فارسیدا بووە بە برف berf.

Viyan ڤیان (خۆشەویستی xoshewîstî)/ ڤین vîn/ئەڤین evîn، لە ویستن wîstin ەوە هاتووە. ویستن wîstin > ویتن wîtin > وین wîn > ڤین vîn > ڤیان viyan.

W و

Wajo واژۆ/ ئیمزا îmza. واژۆ wajo له زمانی کوردی (شێوه زاری کرمانجکی) بەکاردێ لەگەڵ وشەی ← هوما(ی) homa(y) که مانای ← "خودێ xudê" یه. واژۆ wajo به مانای "وشه دەربڕین wishe derbiřîn و گوتن gotin و فەرماندان fermandan"ه. هۆما(ی) واژۆ homa(y) wajo واته: به فەرمانی خودێ، بەرازیبوونی خودێ. کاتێك که مرۆڤ له سەر پارچه کاخەزێك (← کاخەز kaxez) ئیمزا دەکا، واته: فەرمانی خۆی و رازیبوونی خۆی دەردەبرێ. واژۆ wajo و ← وشه wishe پێوەندییەکی رەگییان پێکەوه هەیه.

Wan وان/ ڤان van، وەك پاشکۆیەك، به مانای خاوەنی شتێك، یان، لێزانی شتێك دێ، ڤ/وان v/wan کورتکراوەی وەند wend ه، که مانای ← خاوەن xawen ه و له فارسیدا بووه به بان ban وەك مرزبان merzban (سنوورپارێز sinûrparêz).

Wane وانه (← پێچەوانه pêchewane).

Wane وانه، مانای دەرز derz ه (عەرەبی: درس). وانه wane له چاوگی وێندن wêndin (خوێندن xwêndin) ەوه دێ، که له زمانی کوردیدا، بەو شێوەیه نەمایه.کەواته وانه wane وێنەیەکی دیکەی خوانه xwane (شتی خوێندراوه shitî xwêndirawe) یه. وەندنەوه wendinewe و، وەندی wendî مانای دەرز خوێندن derz

خوێندن xwêndin و، وانه فێربوون wane fêrbûn ه. وەندۆخ wendox (خوێندەوار xwêndewar، وەندۆك wendok/ خوێندۆك xwêndok ه. دەنگی خ x و، و w له جیاتی یەکدی بەکاردێن. بە کوردیی کرتکی (کرمانجکی) بە خواردن xwardin دەگوترێ واردش wardish. هێندەك جار، دەنگی ه h له جیاتی دەنگی خ x بەکاردێ. بە کوردیی هەورامی خوێن xwên هوێن hwên ه.

War وار/ ڤار var پاشکۆیەکە گەلێك مانای هەیە، یەکێك لەوانە بە مانای هەبوونی شتێك دێ. وەك: کۆڵەوار kol’ewar، واته: کەسێك ← کۆڵی kol’î هەبێ، بێوار (بێ وار bêwar) واته: کەسێك کە وەچە weche ی نەبێ، واته: نەزۆك nezok بێ. خوێندەوار xwêndewar کەسێکە کە سەرمایەی خوێندنی هەبێ. ڕێزوار rêzwar کە نێوی فریشتەیەکی مێیینەی گەورەی یارسان (کاکەییەکان)ە و، بە دایە ڕێزوار daye rêzwar نێودەبرێ، مانای خاوەنی ڕێزە و ڕێزی هەیە لای خەلك. وار war ـ هێندەك جار بە شێوەی بار bar ـ دێ، وەك خەفەتبار xefetbar (کەسێك کە خەفەتی هەیە). ڤارا vara لە سانسکریتیدا و var لە ئاڤێستایی و پەهلەویدا بە مانای شوێن و جێ دێ. دەبێ بگوترێ کە پاشکۆی وەر wer یش هەر وەك پاشکۆی وار war وایە. بۆ وێنە: گیانەوەر giyanewer، واته: ئەوەی گیانی هەیە. وار war هێندەك جار دەبێتە وێر

wêr بۆ وێنە دەگوترێ: لە گەڵ چەند هاوڕێ چووم بۆ چایخانە، وریمکردن wêrimkirdin، واتە: لە جیاتی وان پارەمدا و، بوومە خاوەنیان، خۆمکردە خاوەنیان (بەخێومکردن/ خۆم کردە خێویان). وار war و وێر wer هەر بەو مانایانە کەوتوونەتە زاری ترکییەوە.

War وار/ هەوار hewar ماناى ← وەلات /welat/ نیشتمان /nîshtiman/ جێ /cê/ شوێن shwên ە. سەرنجی وشەی کوردەواری kurdewarî بدرێ، واتە: ئەو جێیەی کە کوردی لێیە. ئەم وشەیە لە ترکیدا بووە بە: yer (îş yeri) واتە: جێی کار (cêy kar).

Wardin واردن (←خواردن xwardin).

Wash واش/ وەش wesh ماناى: وەك wek ە. دەنگی ك k و ش sh جێییەکیان گرتووەتەوە. کە دەنگی ش sh، هێندەك جار، دەبێتە س s، بۆ وێنە وسا: wisa (وەسا wesa) ماناى: وەك wek و هێندە جاریش س s دەبێتە ه h، بۆ وێنە وەسا wesa/وەها weha/ئاوها awha/ئاوا awa. سپی واش spî wash، ماناى: وەك سپی wek sipî نە سپیی تەواو ne sipî tewaw. زاری فارسی ئەم وشەیەی وەرگرتووە، سەرنجی وشەی ماهوش (ماه وەش) mahwesh بدە، کە ماناى: وەك مانگە و، بۆ نێوی ژنان بەکاردەبرێ.

Washe واشە (←باز Baz).

Watewat واتەوات (←بارویت Barwêt).

Waz واز (کراوە /kirawe/ ڤەکری vekirî) (← کەل kel).

Wec وەج، مرۆڤی هوشیار و خاوەن مێشك. بێجگە لەمەش وەج

wec له زمانی کوردیدا، مانای:
هۆش hosh (عقل)، دەگوترێ
فیسارە کەس: بێ وەج bê wec
ە، واتە: بێ ئەقڵە. هۆش hosh
و، وەج wec < وەژ wej < ڤەژ
vej، یەك مانایان هەیە. هۆش
hosh < وەش wesh < وەژ
wej. ئەورۆ کورد وشەی وەزیر
wezîr یان، بە شێوە
عەرباوییەکەی وەگرتووە، نە بە
شێوە بنەرەتیەکەی کە ڤەژیر
vejîr، یان وەژیر wejîr ە، کە
مانای مرۆڤی ژیر و خاون هۆش
دەگەیەنێ. وشەی زیرەك zîrek
ژیرەك jîrek ە.

Wecax وەجاخ، لە: ← وەچە weche
+ ئاخ ax ەوە هاتووە. ئاخ ax–
وێنەیەکی دیکەی پاشکۆی ـاك –
ak ە.

Weche وەچە، لە گەڵ بەچە beche
(← منداڵ mindal ← زارۆك
(zarok) یەك بابەتە (←
وەجاخ wecax).

Welat وەلات/ Wilat ولات، لە
"ولایة" ەوە نەهاتووە، بەلکو لە
وار war ەوە هاتووە بە مانای
نیشتمان (←هەوار hewar).

Wencene وەنجەنە (← دۆخین
doxîn)← دێخوون dêxûn ←
بەندەخوێن bendexwên) وەن
wen بەن ben ە. جەنە cene
(← هۆجەنە hocene).

Wen وەن (← وچان wichan).

Wend وەند (← ڤ/وان v/wan ـ
و/ڤان w/van).

Wendene وەندەنە (← وانە wane).

Wendî وەندی (← وانە wane).

Wendok وەندۆك (← وانە wane).

Wendox وەندۆخ (← وانە wane).

Wenewz وەنەوز (خەوبردنەوە
xewbirdinewe. لە خەون وەز
wez xewin ەوە هاتووە، وەن

wen وێنەیەکی دیکەی خەون xewn ە، واتە: خەونلێداو xewinlêdaw. بەپێی دەستووری جێگۆڕکێیی دەنگەکان وەنەوز wenewz لە بنەڕەتدا وەنەوس wenews بووە. وەنەوس wenews، بووە بە وەنەس wenes و وەسەن wesen و هەر بە شێوەی وسن و نعاس، کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە. (← وچان wichan).

Wer- وەر ـ (پاشکۆ) (← وار war).

Werdiyan وەردیان. ئێشکگر، نوبەتگری گرتووخانە، بە ئینگلیزی guardian و بە فەڕەنسی guardien ە. ساخ نەبووەتەوە لە بنەڕەتدا کامیانە. بەڵام بە لاتینی gardianus ە. لاتینی بنەڕەتی زمانی فەڕەنسییە.

Werz وەرز، کە بە ئاڤێستایی: ڤەریزە verîze و، بە پەهلەوی: ڤەرز verz ە و، بە مانای کاری کشتوکاڵ دێ، لە کوردیدا بۆ دەمساڵ (فصل، موسم) بەکاردێ، بۆ وێنە دەگوترێ: وەرزی بەهار werzî behar.

Wesh وەش (← xosh خۆش، بالکێش balkêsh) وێنەیەکی دیکەی باش bash ە. بە ئاڤێستایی وەش wesh ە. وشەی خۆش xosh یش هەر لەم بنەڕەتەوەیە.

Westa وەستا (← مامۆستا mamosta).

Wete وەتە (بە شێوی ئەردەلانی، بە گون gun دەبێژن: وەتە wete. کە بۆ گون، لە کوردیدا وشەی باتوو batû ش هەیە. وەتە wete و باتوو batû هەر یەك وشەن. وە we/ ڤە ve

وێنەیەکی کۆنی ← ڤا va/ با ba یە و vate ڤاتە بە ئاڤێستایی و vat ڤات بە پەهلەوی با یە و، تە te/ توو tu کورتکراوەی تێدا têda یە. واتە: شوێنێك کە بای تێدایە و، ئاوساوییەکە، کە گون لەو شێوەیەدایە. (← serwet سەروەت).

Wewî (← Bûk بووك).

Wez وەز (← وچان wichan).

Wezin وەزن، لە کوردیی ئەورۆدا بۆ زیان ziyan بەکاردەبرێ. وەزنی نییە wezinî niye (زیانی نییە ziyanî niye). بۆ وێنە: ئەو مارە بێ وەزنە ew mare bê wezine (بێ زیانە bê ziyane)، لە زمانی کوردیدا وشەی وەزنە wezne هەیە بۆ مرۆڤی بالابەرز balaberz و خەڵك ترسێن xelk tirsên. وەزنە wezne لە وەرزنە werizne ەوە هاتووە، کە بەشی یەکەمی: وەرز werz وێنەیەکی دیکەی بەرز berz ە. وەزن wezin لە فارسیدا بووە بە گەزن gezin. بێ وەزن bê wezin بووە بە بی گزند bî gizind. رەنگە وشەی گەزین gezîn و گازگرتن gazgirtin یش پێوەندیی بە مەوە هەبێ.

Wezîn وەزین، کەوتنە جووڵان و بزووتن bizûtin. وەرزین werzîn یش لە کوردیدا هەیە بە مانای خۆ جوولاندن و (وەرزش werzish) ە. وشەی بەزین bezîn کە بە مانای: شکان و هەڵاتن و رەڤین revîn و راکردن rakirdin دێ، هەر هاورەگی وەزین wezîn ە. ـ وەز wez ـ پاشگرێکە بە مانای بزووتوو bizûtû و جووڵاو

cûl'aw و لێهاتوو lêhatû ش دێ. سەرنجی وشەی سەرماوەز sermawez، واتە: سەرما لێهاتوو sermalêhatû، سەرمالێبزوتوو sermalêbzutû، سەرمالێداو sermalêdaw خۆرنەوەزان xornewezan (خۆرلێنەداو xorlênedaw) بدە (← وەنەوز wenewz).

Wezîr وەزیر، لە پەهلەویدا: دوو وشە هەن: ڤەژیر vejîr و ڤچیر vichîr ئەوەش، بە کەسێك دەگوترا، کە، بیروڕایەك دەربڕێ، یان ئامۆژگارییەك بکا، یان راوێژێك پێشکێشبکا. وادیارە، ئەم وشەیە، لە پێش ئیسلامەتیدا کەوتووەتە زمانی عەرەبییەوە و، بەو مانایەی سەرەوە هەبووە. ئەوەتا، لە قورئاندا هاتووە کە مووسا، پەیامبەری جووان، لە خودێ داوای کردووە، زمانی وی بکاتەوە (مووسا لاڵ و پس بووە بە چیرۆکی جووان) تا خەڵك تێبگەن لێی و،هارِوونی برای بکا بە وەزیری (واتە: راوێژکاری): (ربي إشرح لي صدري و يَسّرْ لي أمري واحْلُلْ عقدةً منْ لساني يفقهوُا قَوْلي. واجعلْ لي وزيراً منْ اهلي، هارونَ اخي أشددْ به أزري وأشركهُ في أمري) (سورة طه، ك 20/29) ئەم وشەیە وەزیر wezîr لە سەر دەمی عەباسییەکاندا، هاتە نێو چارچێوەی دەزگەی بەڕێوەبەڕێتیی میری و سامان (دەوڵەت) ەوە و، بۆ یەکەمین کەسی دیوانی (← دیوان dîwan) ی خەلافەت بەکاربراو لەو ساوە، کەوتە نێو زمانی ترکی و فارسییەوە و،

تا ئەورۆ بەکاردەبرێ. ئەگەر سەرنجێکی وشەی ڤەژیر vejîr بدەین، دەبینین کە دەنگی ژ j بووە بە ز z و دەنگی ڤ v بووە بە و w و وشەکە لە ڤەژیر vejîr ەوە بووە بە وەزیر wezîr چۆنکە دەنگی ڤ v و ژ j لە زمانی عەرەبیدا نین. ئەم وشەی ڤەژیر vejîrەوە پێوەندیی بە وشەی ژیر jîr ەوە هەیە کە بە مانای مرۆڤی هۆشیارە. (← وەج wec).

Wêne وێنە (← نواندن niwandin).

Wêl’ وێڵ/ ویت wît/ بە مانای بەرەڵڵا berel’l’a و بێ جێ و ڕێی دیاریکراو. لە ئاڤێستادا ڤیتە vîte یە، کە ویت wît و ← دەویت dewît ی کوردیی ئەمرۆ لەمەوە هاتووە. لە فارسیدا بووە بە ول/ولگرد wel/welgerd.

Wêl’ وێڵ/ وێڵکردن wêl’kirdin. ڕێزگرتن لە خەڵك و بانگکردن بۆ بەشداریکردن لە خواردندا. وێڵ wêl’ لە: وێر wêr/ وار war ەوە هاتووە، واتە: کردن بە خاوەن (← وار war).

Wêr وێر/ وێرکردن wêrkirdin (← وار war).

Wêt وێت (← Barwêt باروێت).

Wichan وچان واتە: پشوودان pishûdan. وچان wichan وێنەیەکی دیکەی وتان witanە. وت wit لە کوردیدا مانای خەوت xewt ە (کاری تێپەڕبووی خەوتن xewtin). وتەن witen مانای: خەوتوو xewtû ە. بە زۆری، دەنگی خ x لە شێوەزاری کوردیی گۆرانی و کرمانجکی (زازاکی) دا لە شێوەی کۆنی و w دا، ماوە، وەك: خواردن xwardin (واردن wardin). خوانا (خوێندەوار)

وانا /xwana (xwêndewar)
wana (← وانه wane)
کەواتە: وشەی وچان wichan
لە وچدان wichdan < وتدان
witdan ەوە هاتووە، واتە:
نەجوولان، وەك: خەو لێکەوتن
xew lêkewtin. لێرەدا ئاماژە
بە وەیە کە وشەی وەنەوز
wenewz لە وەن wen (خەون
xewn) و وەز wez مانای
لێهاتوو lêhatu لە کاری وەزین
wezîn/ لێهاتن lêhatin
(سەرنجی وشەی سەرماوەز
sermawez واتە: سەرما
لێهاتوو serma lêhatû/ چیای
خۆرنەوەزان chyay
xornewezan واتە: چیای خۆر
لێنەهاتوو chyay
xorlênehatû ە. لێنەداو
lênedaw ە. کەواتە: وەنەوز
wenewz مانای خەولێهاتوو
xewlêhatû خەولێداو
xewlêdaw ە. وەن wen
خەون xewn ە، وشەی وەنەوز
wenewz بە گۆڕینی شوێنی
دەنگەکانی و گۆڕینی دەنگی ز z
بە س s لە عەرەبیدا بووە بە
وسن. وشەی نعاس یش، هەر لەم
رگەوە، شین بووە.

Widim ودم (وووم wûm) بە جۆرە
هێزیکی دەروونی دەگوترێ، کە
لە هێندەك کەسدا هەیە و، ئەو
کەسە بە چاك chak و پیرۆز
pîroz دەدرێتە قەڵەم، وەك
شێخی تەریقەتەکان، کە بە ودم
دار widimdar دەدرێنە قەڵەم
و، دەگوترێ فیسارە کەس ودم
widim (ووم wûm) ی پێیە و،
دەتوانێ بیدا بە دەروێشەکانی.
دەبێ ئەم وشەیە وشەیەکی
هێندۆئەورووپاییی زۆر کۆن بێ،
ئەوەتا، لە زمانی ئینگلیزیدا
وشەی wisdom بە مانای ←
پێتۆری (پێتۆلی

(pêtorî/pêtolî) واتا: "حیکمەت" دێ. لە زمانی ئەڵمانیشدا وشەی widmen هەیە، بە مانای ئەوەی شتێك پێشكێشی كەسیكی دیكە بكرێ بۆ ڕێزگرتن و، بە چاوی بەرز تەماشا كردنی. هەروەها و، هەر لە ئەلمانیدا وشەی Weisheit بە مانای پێتۆری pêtorî و زانینی فەلسەفە و ← پەند pend دەگوترێ و وشەی wissen بە مانای زانین zanîn دێ. لە زمانی كوردیدا وشەی وژدن wijdin و ویژدان wîjdan هەیە كە مانای هەستی دەروون hestîderûn ە و هاورگی wisdom ئینگلیزییە. وشەی "وجدان" ی عەرەبی لەمەوە هاتووە.

Wilat ولات (← وەلات welat).

Wird ورد/ Hurd هورد/ ورد wird و هورد hurd. لە واردن wardin ← خواردن xwardin ەوە هاتووە، كە شتێك خورا ورد دەكرێ. خوردە xurde وردە wirde و هوردە hurde یە.

Wiraz وراز/ بەراز beraz/ گراز giraz. لە ئاڤێستاییدا: ڤەرازە veraze ولە پەهلەویدا ڤراز viraz ە.

Wiřêne وڕێنە/ وڕاوە wiřawe. قسەی بێسەروبەر و نادروست، واتە: درۆ diro/ڤڕ vir. وڕێنە wirêne > وڕ wir + ێنە yêne. وڕ wir و ڤڕ vir یەك وشەن. ڤڕ vir مانای درۆ و ناڕاست. ێنە yêne لە: وێنە wêne ەوە هاتووە. وڕێنە wirêne لە بنەڕەتدا: ڤڕوێنە virwêne یە، واتە: درۆیینە diroyîne، لە شێوەی درۆودا. وڕاوە wiřawe لە وڕ wir + ئاوە awe ەوە هاتووە. كە ئاوە

W و

awe له ئاوا awa وه هاتووه.
wiřawa وڕئاوا wiřawe وڕاوه يه، شتێك كه له شێوەی درۆدايه. وشەی وڕك wiřk/ وڕكگرتن wiřkgirtin كه بۆ پێداگرتنی منداڵ دەگوترێ بۆ هێنانەدی ئارەزووەكانی، هەر لەم بنەڕەتەوە سەريهەڵداوە.

Wishe وشه، Wite وته، له وشەی ئاڤێستايی ڤەچەهـ vecheh ەوه هاتووه كه له پەهلەويدا واچەك wachek ە. سەرنجی وشەی ماچۆ macho ی هەورامی بدە. ڤەچەهـ vecheh بووه به ڤەشەهـ vesheh ئەوجا ڤەشه veshe ئەوجا وشه wishe و وته wite.

Wishename وشەنامه. پەرتۆكی وشەكانی زمان (⟵ قاموس qamûs).

Wishtir وشتر، (حوشتر ĥushtir) به پەهلەوی: ئوشتر ushtir و له فارسيدا بووه به شتر shotor.

Wîjdan ويژدان/ وژدن wijdin (⟵ ودم widim).

Wite وته (⟵ wishe وشه).

Wîl ويل ی ترومبێل له wheel ی ئينگليزييەوە هاتووه.

Wît ويت (⟵ wêl’ وێڵ).

Wît-wîtik ويت ويتك (⟵ Barwêt بارويێت).

Workshop وۆرك شۆپ. وشەكه ئينگليزييه و بەمانای شوێنی كار، يان دوكانی كار shwênî kar دێ. له عەرەبيدا بووه به وَرْشَة.

Wutewut وتەوت (⟵ Barwêt).

X خ

Xa خا/ Xay خای (هێلکه hêlke، هێگ hêg، gun گون) به پەهلەوی: خایك xayik ه (← خاك xak).

Xa خا ← خۆ xo.

Xak خاك، له بنەرەتدا هاك hak و هاگ hag ه که مانای هێگ hêg ه واته: هێلکه hêlke له کوردیی باکووردا. دیاره هێگ hêg (هێلکه hêlke) مانای: تۆو tow ه که به فارسی: تخم toxm ه. هێگ به ئینگلیزی egg و به ئەڵمانی Ei و به فەرەنسی oeuf. تۆو tow یش بنەرەت (أساس) ی ژیان و پەیدابوونە. تەنانەت به کوردیی فەیلی به هێلکه دەگوترێ خا xa که به گون gun یش هەر دەگوترێ خا xa، گونیش تۆودان towdan ی مرۆڤه. به گۆڕینی شوێنی دەنگەکانی خاك xak وشەی ئاخ ax دروستبووە، که له کوردیی باکوردا مانای گڵ gil و خاك xak ه.

Xanûtik خانووتك (← بیانی biyanî).

Xas خاس/ رند rind/ باش bash/ چاك chak/ قونج qunc، خوو xû، وشەی خاس xas له خاص ی عەرەبی، که به مانای: تایبەت taybet ه، نەهاتووە. بەڵکو له خواست xwast ەوه هاتووە. خواست xwast بووە به خواس xwas واته: شتێك که به خواستی خەڵك بێ و، مرۆڤ بیخوازێ (بیەوێ و پێی باش بێ) خاس xas له ئاڤێستاییدا هووس hûs ه و له کوردیدا وشەی خواستاییتی xwastayîtî یش هەیه، که پێوەندیی به

خواستن xwastin (ویستن wîstin) ەو هەیە. خواس xwas بووە بە: خاس xas، بە کەوتنی دەنگی و wوەك چۆن چوار chwar بووە بە چار char، خواردن xwardin بووە بە خارن xarin. ئەم وشەیە بە شێوەی "خاص" کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە.

Xawen خاوەن. > xa-wend خا - وەند. خا xa کورتەی خڤەتای xwetay (← خوا xwa). - وەند wend– پاشکۆیەکە مانای "سەر بە شتێك" دەگەیەنێ، لە وشەی کوردیی - ئێرانیی کۆن - ڤەنت vent- ەوە هاتووە.

Xawenkar خاوەنکار، نێوی خوای یارسانییەکانە.

Xawên خاوێن/ پاگژ pagij. خاوێن xawên > xa خا + وێن wên. ← خا xa لە زمانی کوردیدا، بە مانای: هێلکە hêlke (هێگ hêg، ← خاك xak) کە وشەی هێگ و هێلکە پێوەندییان بە خا xa ەوە هەیە، بە گۆڕینی دەنگی خ x و ھ h بۆ یەکدی. وێن wên کورتەی وێنە wêne یە کە مانای: وەك هێگ wek hêg، بە شێوەی وی (ە). کەواتە: خاوێن مانای پاگژ و بێگەردە، وەك: هێلکەی پاککراو، کە هێلکەی پاککراو لە زمانی کوردیدا نموونەیە بۆ بێگەردی و "خاوێنی". شێمانەیەکی دیکەش ئەوەیە، خاوێن xawên لە خاس - وێنە xas-wêne ەوە هاتبێ (← خاس xas).

Xaye خایە (← خۆ xo).

Xeber خەبەر/ خەوەر xewer/ هەواڵ hewal’، بە پێی لێکۆلینەوەی نوێم - بە پێچەوانەی لێکۆلینەوەی

ناڕاستی کۆنمەوە، کە پێموابوو "هەواڵ hewal’"ی کوردی لە خەبەر (خبر) ی عەرەبییەوە هاتووە، بۆمدەرکەوتووە پێچەوانەکەی ڕاستە ـ بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەواڵ hewal’ < هەوار hewar < هاوار hawar

بنچینەی وشەی خەبەر xeber (خەوەر) هاوار hawar ە. دەنگی ه h و خ x زۆر جار لە جێی یەکدی، بەکاردەبرێن، کە یەکێك هاواریکرد، مانای وایە خەڵك ئاگادار agadar دەکات، واتە: خەبەردار xeberdar دەکا.

Xerar خەرار، ڕەنگە پێوەندیی بە وشەی هۆڕ hoř ەوە هەبی. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی horten هەیە بە مانای ئەوەی شتی بە نرخ لە شوێنێکدا قایم بکەیت. وشەکە بە شێوەی "غرار" کەوتووەتە عەرەبی و بە شێوەی "غرارە" کەوتووەتە فارسییەوە.

Xeřek خەڕەك، ئامێرێکە، لۆکە دەڕێسدرێ پێی. وشەکە لە بنەڕەتدا هەڕەك heřek ە بە مانای: ← بزووتن bizûtin و جووڵان cûl’an. سەرنجی وشەی هەڕاکردن heřakirdin بدرێ، کە هەڕاکردن (ڕاکردن rakirdin) مانای جووڵان دەگەیەنێ. وشەی "حرکة" ی عەرەبی لەم هەڕەك heřek ەوە هاتووە. سەرنجی وتەی منداڵان، لە یاری منداڵاندا بدرێ "هەڕەکان و مەڕەکان، بانی بانی گردەکان" کە مانای جوولان cûlan "هەڕەکان heřekan" و ← وچاندان wuchandan "مەڕەکان meřekan (مەرەکان me-rekan، نە ـ ڕەکان ne-rekan، واتە: نەجوولێ"

دەگەیەنێ. وشەی "هەڕە" heře کە لە کوردیی فەیلیدا بە "مشار" دەگوترێ و لە فارسیدا بووە أرّە erre هەر لەم ڕگەوە دێ.

Xerîk خەریك/ خەریکبوون /xerîkbûn خەریککردن .xerîkkirdin. خەریك xerîk لە هەریك herîk ەوە دێ (← خەڕەك xeřek) کە بەمانای: جوولان cûlan و بزووتن bizûtin ە و کەوتنەکار .kewtinekar. خەریك و خەرکاو xerîk û xerkaw خەریکبوون بە شتێکەوە بە ئارەزوو .arezû. خەرکاو xerkaw > خەر xer (هەر her) + کاو .kaw. کاو kaw ئارەزوو (کاوەخۆ kawexo بە ئارەزووی خۆ be arezûy xo). (← خەڕەك xeřek).

Xerkaw خەرکاو (← خەریك xerîk).

Xesaw خەساو/ خەسیاو /xesyaw خەسیاگ .xesyag. خەساو xesaw لە خاساو xasaw ەوە هاتووە. ← خا xa (واتە: هێلکەی ← گون hêlkey gun). ساو saw لە سوونەوە sûnewe ەوە هاتووە. واتە: گونی ساوێندراوە، بۆ ئەوەی لە پیاوەتی بکەوێ.

Xest خەست (← کەسەك kesek).

Xestexane خەستەخانە/نەخۆشخانە /nexoshxane بیمارستان .bîmaristan. خەستەخانە xestexane وشەیەکی کوردییە کە لە زاری ترکیدا بە شێوەی خەستانە hestane بەکاردەبرێ. "فرهنگستان" ی ئێرانیش لە پەنجاساڵی دووەمی سەتەی ڕابوردوودا خستییە فارسییەوە (تەماشای فەرهەنگی موعین/فرهنگ فارسی دکتر

محمد معين بكه).
"خەستەخانە" لە خستەخانە xistexane ەوە هاتووە. "خستە xiste" لە "خستن xistin" ەوە هاتووە، وەك چۆن گرتە girte لە: گرتن girtin و بردە birde لە: بردن birdin ەوە هاتووە. خستن xistin "دانەسەرزەوی" یە و کاری تێپەڕ (متعدی) ی کاری تێنەپەر (لازم) کەوتن kewtin ە. کەواتە "خەستەخانە" کە لە "خستەخانە" ەوە هاتووە، بەو شوێنە دەبێژن کە خەلکی لێدەخەن. خەستە (خستە) لە فارسیدا بە مانای "ماندوو mandû، ماندی mandî، ← شەکەت sheket، ویستیای wîstyay" دێ، نەك بە مانای "کەوتوو kewtû، پالکەوتوو pal'kewtû". لەبەر ئەوە وشەکە بە مانای نەخۆشخانە، لە کوردییەوە وەرگیراوەو، بۆ فارسی و ترکی خوازراوە.

Xesyaw/g خەسیاو/گ (← خەساو xesaw).

Xewerneq خەوەرنەق، خۆرنەق (خَوَرنَق). ئەمە، کۆشکێك بووە کە عەرەبەکان زۆر باسیانکردووە و، بە قصر خَوَرنَق نێویانبردووە. خەوەرنەق xewerneq لە: خۆرناك xornak ەوە هاتووە، واتە: رۆناك و ← رۆشن roshin.

Xew(n) خەو(ن) لە ئاڤێستادا خوەفنە xwefne و لە پەهلەویدا خواپ xwap ە.

Xezal خەزال، وێنەیەکی دیکەی کەژالّ kejal' ە، کە نێوی ژنانەیە و، مانای ئاسك ask (مامز) mamiz ە. وشەکە لە عەرەبیدا بووە بە غزال، وشەیەکی کۆنی

هێندۆئەوروپاییە، لە ئەڵمانیدا Gazelle و لە فەڕەنسیدا gazelle و لە ئیتالیاییدا gazzella یە. فەرهەنگی دودن Duden ی ئەڵمانی بە وشەیەکی عەرەبی دادەنێ. ئەمەش جێی گومانە، چۆنکە لە کوردیدا چوارپێیەك هەیە وەك رێوی rêwî/ رووڤی rûvî وایە، نێوی خەز xez ە.

Xeyar خەیار/ هاروێ harwê/ ئاروو arû/ هاروو harû. یەك وشەن، دەنگی خ x و هـ h جێییەکیان گرتووەتەوە.

Xezêne خەزێنە، شوێنێکە ئاو، یان، شتی دیکەی تێدا هەڵدەگرن. وشەی (خزن) ی عەرەبی لە "کنز" ەوە وەرگیراوە، بەگۆڕینی دەنگی ك k بە خ x و جێگۆڕکێی شوێنی دەنگەکان. "کنز"لە عەرەبیدا مانای ← ئەمبارکردن embarkirdin ە. وشەی "کنز" لە وشەی گەنج genc ی کوردییەوە هاتووە کە گەنج genc شتی بە نرخە. وشەی خەزینە xezêne لە گەنجینە gencîne ەوە هاتووە کە ژوورێك بوو، جاران، خواردەمەنی تێدا هەڵدەگیرا. هەر لە کوردیدا وشەی هژن hijin هەیە بە مانای پاشکەوتکردن pashkewtkirdin. "فرهنگستان ایران" وشەی هزینە hezîne ی لە هژن hijin ی کوردییەوە داتاشیوە، بۆ مەسرەف (مصرف) و خەرج (خرج) بەکاریدەبا (فەرهەنگی معین).

Xezûr خەزوور/ xesûr خەسوور. باوکی ژن. لە ئاڤێستا و پەهلەویدا xwesûre خوەسوورە. دەبێ وشەکە پێوەندیی بە خێزان xêzan و ← xizm خزمەوە هەبێ.

Xêw خێو/ خاوەن xawen خودان xudan. خێو xêw لە: خودێ xudê wend وەند ەوە هاتووە. واتە: خاوەنی شتێك، یان، گەورە gewre. لە زمانی عەرەبیی مسرییەکاندا بووە بە: ← خدێو xidêw. ئەم نازنێوە بۆ بنەماڵەی برایم پاشا کە، بنەماڵەیەکی بە بنەچە و ڕەچەڵەك کورد بوون، بەکاردەهێنرا. سمایل پاشا لە ساڵی 1247 ك.م. دا خۆی ئەو نازنێوەی لە خۆنا. شا فاروق کە لە ساڵی 1952 دا، لە لایەن عەرەبە ناسیونالیستەکانەوە، لە تەخت هێنرایە خوارەوە، لەم بنەماڵەیە بوو.

Xêwet خێوەت، لە وشەی هێوەت hêwet ەوە هاتووە، بە گۆڕینی دەنگی ھ h بۆ خ x. لە زمانی کوردیدا وشەی هێور hêwir بۆ هەیوان heywan یش بەکاردێ، کە هەیوان heywan سەکۆ seko یەکی سەرگیراوە. وشەی: "خیمة" ی عەرەبی، لەم سەرچاوەیەوەیە، واتە: لە هەیوان heywan ەوە وەرگیراوە، کە لە فارسیدا بووە بە أیوان. هەیوان heywan > خێوان > خێمان > خێمە. گۆڕینی دەنگی ھ h بە خ x لە زمانی کوردیدا ئاساییە، وەك خوێن xwên و هوێن hwên، خەم xem و هەم hem، خوێندەوار xwêndewar و هیندار hîndar (فێرکەر fêrker، مامۆستا mamosta).

Xidêw خدێو، بنەماڵە کوردەکانی میسر کە سەرکردیەتیی و فەمانڕەوایی ولاتیان بە دەستبوو بە تایبەتی لە سەر دەمی عوسمانیدا (بۆ وێنە:

بنەماڵەی برایم پاشا و عەبدولفەتاح پاشا) ئەم نازنێوەیان بەکاردەهێنا، لە جیاتی (ئەمیر) و (سوڵتان). خدێو xidêw وشەیەکی کوردییە کە بە شێوەی کوتکراوەی خێو xêw، چ لە میتۆلۆژیای کوردی و چ لە زمانی سادەی خەلکدا بەکاردەبرێ بۆ وێنە دەگوترێ: ئەم ئەشکەوتە، یان ئەم گۆڕستانە، خێو xêw ی هەیە، مانای وایە: ← "خاوەن" xawen ی هەیە.کە لێرەدا مەبەست، لە گیانێکی نەبینراوە کە مرۆڤ نییە. یان، دەگوترێ: ئەم باخە خێوی هەیە، واتە: خاوەنی هەیە. وشەی: خێو xêw و خاوەن xawen (کە خاوەند xawend یش هەیە)/ لە وشەی: ← خۆدێ وەند xodêwend ەوە هاتووە. خۆدێ وەند > خدێوەند xidêwend > خدێوەن xidêwen > خدێو xidêw، وادیارە ئەم وشەیە، لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە کەوتووەتە نێو زمانی میسرییەکانەوە. وەك: وشەی ← بیمارستان bîmaristan کە ئێستەش، لە میسر بەکاردەبرێ بۆ نەخۆشخانە و، وشەی مەهمانە mehmane بۆ مانگانە mangane (مووچە، معاش).

Xinc خنج: چەند مانەیەکی هەیە. یەکێکیان بازنەیی bazneyî یە. بۆ وێنە: خنج بڕین xinc biřîn هەروەها، دەرەوەی شتێك، لەپاڵ شتێکدا. xincê wî خنجێ وی. خنج xinc لە کنج kinc ەوە دێ. واتە: کن ـ جێ kin-cê، نك ـ جێ nik-cê، نێزیك جێ nêzîk cê.

X خ

Xirp خرپ، مانای: باش bash/ رند rind،له کوردیی بادینانیدا دەگوترێ: ئەو خرپ کوردی دئاخڤە ew xirp kurdî diaxive (واتە: ئەو باش بە کوردی قسە دەکا ew bash (be) kurdî qise deka). وشەی خوب (باش) ی فارسی لە خرپ xirp ەوە هاتووە. کە بە پەهلەوی خڤەپ xvep ە.

Xiř(t) خڕ(ت): وێنەیەکی دیکەی gir(d) گر(د)/ girover گرۆڤەر.

Xizim خزم، خزم xizim لە: خواز xwaz و، خواستن xwastin ەوە دێ. بۆ تێگەیشتن لەمە، دەبێ سەرنجی وشەی ← نەخاسمە nexasme ی بادینانی کە لە "سۆرانی" دا ← نەخوازەلا nexwazela یە بدەین. نەخاسمە nexasme، نەخوازمە nexwazme یە، واتە: ناخوازم ـ ە na-xwazim-e خوازمە xwazme بووە بە خۆزمە xozme و خزمە xizme و خزم xizim واتە: کەسێك کە دڵ دەیخوازێ و خۆشەویستە. کە وشەی هۆز hoz و خۆز xoz یش، هەر یەك رەگەزن. دەنگی ه h و خ x زۆر جار شوێنی یەك دەگرن تەنانەت وشەی هۆ ho کە بۆ (سەبەب) بەکاردەبرێ لەگەڵ ← خۆ xo یەك بنچینەیان هەیە، بۆ دوو مانای جیاواز.

Xo خۆ، کە بە عەرەبی "نفس، ذات" و بە فارسی "خود" و بە ئینگلیزی self ە، لە بنەرەتدا لە تۆو tow (بذر) ەوە هاتووە کە بنچینە (أصل) ی شتە. ئەوەتە: ← هێگ hêg (هاگ hag، ← هێلکە hêlke) بە کوردیی فەیلی ← خا xa یە. تەنانەت، بە گون

X خ

gun که تۆودانی مرۆڤە، دەگوترێ: خایە xaye (خایە و مایەم نەما). هەروەها وشەی خاك xak که بنچینە و بنەڕەتە، پێوەندیی بە هاگ hag (هێلکە hêlke)، واتە: تۆو/ڤ tow/v ەوە هەیە.

Xolemêsh خۆلەمێش (←مێش mêsh).

Xor خۆر، لە ئاڤێستاییدا xver و هەڤەرە hevere یە. لە زمانی کوردیدا وشەی هۆر hor یش هەیە بۆ خۆر xor.

Xorisk خۆرسك (طبيعي) بە شتێك دەگوترێ، کە لە خۆیەوە چێبووبێ. < خۆ xo + رسك risk. رسك risk لە: رستکان ristkan ەوە هاتووە. رسکاو riskaw مانای لە خۆوە دروست بوو. دەگوترێ ئەو درەختە لە خۆیەوە رسکاوە، مانای لە خۆیەوە رواوە. هەروەها وشەی رەخساو rexsaw/ رەخسان rexsan لە رسکاو riskaw و رسکان riskan ەوە هاتوون.

xornewezan خۆرنەوەزان (← وچان wichan).

Xosh خۆش، بە ئاڤێستایی وەش wesh مانای جوان cwan/ xoshik خۆشك ە. بە پەهلەوی خڤەش xvesh ە. وەش wesh لە شێوەزاری هەورامی و دێرسمی دا بە باش bash و خۆش xosh دەگوترێ.

Xul خول، مانای پێچخواردن pêchxwardin و تووڕەیی tûřeyî یە، خول xul لە خوڕ xuř ەوە هاتووە، کە خوڕ xuř یش وێنەیەکی دیکەی گوڕ guř. (← چەرخ cherx). (← xulorbûnewe خولۆربوونەوە).

Xulorbûnewe خولۆربوونەوە (← چەرخ cherx). لە رۆژئاوای کوردستان وشەی سل sil بەکاردەهێنن بۆ تووڕەیی tûreyî کە سل sil و ←خول xul یەك بنەڕەتیان هەیە و، وشەی "زعل" ی عەرەبی کە تووڕەییە، لەم چاوگەیەوە هاتووە.

Xumam خومام، واتە: تەپ و تۆز و مژ tep û toz û mij > خوم xum + ئام am. خوم xum ئەو جۆرە گیایەیە، کە پێیدەگوترێ هەش hesh و رەنگی جلکی پێشیندەکرێ. ئام am وێنەیەکی دیکەی ئاو aw و ← باو baw، مانای "لەو شتە دەچێ". خومام xumam واتە: لە خوم دەچێ. وشەی خومار xumar واتە: سەرئێشان و شینبوونی رەنگی چاو، پاش سەرخۆشی serxoshî، کە چاو رەشکە و پێشکە دەکا، لەمەوە هاتووە. دەگوترێ کچەکە چاو بە خومارە kicheke chaw be xumare. وشەی "غبار" ی عەرەبی، بە مانای تەم و مژ و تەپوتۆز لەم خومار xumar دوە هاتووە کە خومار xumar بووە بە غمار و ئەوجا بە غبار.

Xulya(n) خولیا(ن) > xul خول + yan یان. (yan یان و an ئان هەر یەك پاشکۆن، بۆ وێنە: geryan گەڕیان و geran گەران، هەریەك شتن). خول xul، پێچخواردن pêchxwardin. خولیان بیرۆکەیەکە کە بە مێشکی مرۆڤدا خولدەخوات.

Xurma خورما، بە پەهلەوی خەرماڤ xermav ە.

Xwa خوا (ئێزدان Êzdan) لە پەهلەویدا خڤەتای xvetay یە و لە فارسیدا خدا.

Xwace خواجە، وەك نازنێوێك بۆ ← **mamosta** مامۆستا بەکاردەبرێ. لە هێندەك باژێری کوردستان، لە نێو ئەوانەدا شاری سلێمانی، جاران بە ← جوولەکە **cûleke** خوێندەوارەکانیان دەگوت: "خواجە **xwace**". وشەی خواجە **xwace** لە خواندە **xwande** و خوێندەوە **xwendewe** هاتووە، هەروەها وشەی "حجة" ی عەرەبی کە بەو مرۆڤانە دەگوترێ کە قسەکانیان وەك بەلگە پێشاندەدرێن و، بە زانا دادەنرێن، لەم خواجە **xwace** یەوە وەرگیراوە. خواجە **xwace** کەوتووەتە زاری ترکییەوە وەك **huce** هوجە و، بۆ مامۆستا بەکاردەبرێ. (← **Ĥunce** حونجە).

Xwan خوان (سفرە **sifre**)/ **Xwanche** خوانچە بە پەهلەوی خڤان **xvan** کە بۆ ناندێن **nandên** بەکاربراوە. رەنگە وشەکە پێوەندیی بە خواردن **xwardin** ەوە هەبێ.

Xwane خوانە (← وانە **wane**).

xwar خوار، بە پەهلەوی: خڤار **xvar** ە، کە بە مانای ← نزم **nizim** و ← نەوی **newî** و ریسوا **rîswa** دێ.

Xwardemenî خواردەمەنی، مەنی **menî** لە زمانی کوردیدا بە کەرەسە و بابەتی شتێك دەگوترێ، لە ئاڤێستاییدا مونوو **munû** ە. خواردەمەنی لە ئاڤێستاییدا خوارموونو **xwarmunû** ە.

Xwardin خواردن، بە ئاڤێستایی هڤەر **hiver** و بە پەهلەوی: خڤارتەن **xvarten** ە.

Yaprach یاپراخ، ئیپراخ îprach وشەکە ترکییە، کوردییەکەی پەلێ رەزان pelêrezan ە.

Yaqût یاقووت ← بە رووسی яхонт

Yarsan یارسان، نێوی ئاینی ئەهلی هەق Ehlî Heq (کاکەیی kakeyî) یە. یار yar مانای: دۆست dost، خۆشەویست xoshewîst، ← سان san واتە: فرەمەزن fire mezin (نێوێکە بۆ خودێ nêweke bo xodê). یارسان yarsan واتە: خۆشەویستانی خودێ xoshewîstanî xodê.

Yasawil یاساول > یا ya + ساول sawil. یا ya کورتەی: یاوەر yawer ە، واتە: یارمەتیدەر yarmetîder و هاوکار hawkar/ هەڤال heval ساوڵ (بە ئاڤێستایی سەئوورووseûrû و بە پەهلەوی ساڤوڵ savul) نێوی دێوێك بووە، یاساول واتە: هاوکاری دێو hawkarî dêw. وشەی یاساول yasawil ئەورۆ، بۆ کەسێك بەکاردەبرێ کە ← ئێشك êshk بگرێ. دەبێ ئەوەش بخرێتە بەرچاو کە Sawil نێوی جۆرە تفەنگێکە.

Yexe یەخە/ یاخە yaxe/ ئێخە êxe وشەکە ئەوروپاییە. بە فەرەنسی jaquette و ئەلمانی Jacke ەیە.

Z ز

Zagon زاگۆن (قانوون **qanûn**) لە وشەی رووسی **закóн** ەوە هاتووە.

Zařo زارۆ (زارۆڵە **zařol'e** > زا **za** + رۆ **ro** + لە **le** (نیشانەی کچکەکردن) زا **za** لە زایین **zayîn** ەوە دێ. رۆ **ro** مانای منداڵە کە پێوەندیی بە رووان **rwan** ەوە هەیە، کە بە فارسی (روییدن **ruîden**)ە. گیاکە روا **rwa** ،**giyake** واتە: سەریدەرهێنا و هاتەبوون.

Zanin زانین. لە ئاڤێستادا زانمم **zanimim** و لە فارسیدا دانستن **danisten** ە.

Zar زار. چەند مانەیەکی هەیە، وەك: ← **deng** دەنگ، **dem** دەم، **ziman** زمان. سەرنجی وشەی **zarezar** زارەزار (دەنگی گریانی درێژخایەن)، **zirre** (دەنگی راتڵەکاندنی زنجیر) **ziringanewe** زرنگانەوە (دەنگی ئاسن و مس و زێڕ) بدە. (← **Bêzar** بێزار).

Zawa زاوا/ زاڤا **zava** ← (زەماوەند **zemawend**).

Zaw û zê زاو و زێ/ زاڤ و زێ **zav û zê** (بۆ مرۆڤ): منداڵ دروستکردن. (بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر): بێچوو (بەچکە) هەلهێنان. زاو/ڤ **zaw/v** ئەندامی سێکسی نێرینەیە. زێ **zê** ئەندامی سێکسی مێیینە. (← **kuz** کوز/ **kus** کوس). کاتێك پەڵە هەورێك بە ئاسمانەوە دەبێ و، باران دەبارێ لێی و، لە لایەکێ دیکەوە ← **sayeqe** سایەقە یەك دەمی دەکاتەوە و ← **xor** خۆر خۆی پێشاندەدا، دەگوترێ "گورگە زێ

" gurge zê" یە، واتە: وەك زێی گورگە (وەك ئەندامی سێکسی گورگە). وشەی زاو/ڤ zaw/v لە زمانی عەرەبیدا بووە بە: زب zib (ئەندامی سێکسی پیاو). لە زمانی کوردیشدا زەب zeb و زۆب zob هەیە بە مانای ڕەپ rep.

Zeb زەب (← زاو و زێ zaw û zê/ زاڤ و زێ zav û zê).

Zebesh زەبەش/ شووتی /shûtî شفتی shiftî. زەبەش zebesh و زەوەش zewesh هەردوو یەك شتن. زەوش zewesh لە زۆشاو zoshaw ەوە دێ، کە زۆشاو zoshaw وێنەیەکی کۆنتری ← دۆشاو doshawە، (دەنگی ز z کۆنترە لە دەنگی د d بۆ وێنە: ← زەریا zerya، ← بێزات bêzat). وشەی زەبەش zebeshی کوردی لە عەرەبیدا بووە بە: دبش debesh و، ئەوجا بە دبس dibs کە مانای دۆشاوە.

Zefer(birdin) زەفەر(بردن) (← zor زۆر).

Zeife زەعیفە. کە هێندەك جار بە ژن دەگوترێ، بەڵام بە نیازی داشکاندن. وشەکە لە بنەڕەتدا لە "ضعیفة" ی عەرەبی بە مانای (بێ هێز bê hêz، بێ دەسەڵات bê desel’at) ەوە نەهاتووە بەلکو لە زا ـ یفە za-yife هاتووە. زا za لە زایین zayîn واتە: هێنانەبوون hênanebûn، یفە yîfe کورتکراوەی ئەفە efe و ئەفراندن efrandin (خەلق کردن) ە. زایفەکە کراوە بە زەعیفە (ضعیفة) بابەتێکە وەك کردنی Ezdî بە یەزیدی yezîdî.

Zelam زەلام > زەل zel + ئام am. زەل zel > زل zil (زەبەللاح zebellah ← گەورە gewre)

ئام am < ← ئادەم adem.
مرۆڤی زل کە بە زۆری بۆ پیاو
بەکاردەبرێ. وشەکە بە شێوەی
"زَلَم" و "زَلِم" چووەتە زاری
عەرەبییەوە و، گەلەکەی بووە
"أزلام" و "زِلة".

Zelate زەلاتە. بەکوردی "ترشوپیاز"
tirshûpiyaz ە. وشەی زەلاتە،
وشەیەکی ئەوروپاییە، لە
بنەڕەتدا ئیتالیاییە insalata
(واتە: شتێکی خوێکراو) بە
ئەلمانی salat و بە فەڕەنسی
salade ە.

Zeman زەمان/ کات kat/ دەم dem.
زەمان zeman گەل (جمع) ی
zem ە. کە زەم zem شێوەیەکی
کەڤنی dem ە. وشەکە لە زمانی
ئێرانیی کۆندا بەشێوەی
cemane جەمانە هەیە. وشەی
زەمانە zemane لە کوردیی
ئەڕۆشدا بەکادەبرێ. هەروەها لە
پەهلەویدا بە شێوەی زەمان
zeman ە. ئەم وشەیە
کەوتووەتە زمانە سامییەکانەوە.
لە ئارامیدا بە شێوەی جیمان
cîman و بە عیبری زمان זמן ە
و، لە عەرەبیدا زمان. ترکی و
فارسیش ئەم وشەیە هەر بەو
مانایە بەکاردەبەن.

zemawend زەماوەند < زەما zema
+ وەند wend (پاشگرە بۆ
پێوەندبوون بە شتێکەوە). زەما
zema، وێنەیەکی دیکەی زاما
zama و زاڤا zava یە. کە زاما
zama و زاڤا zava
هەردووکیان بە مانای زاوا
zawa لە کوردیدا هەن. زاڤا
zava لە زان zan ەوە هاتووە،
کە لە ئاڤێستادا زاماتەر
zamater ە و لە پەهلەویشدا
زامات zamat ە، واتە: کەسێك
کە بتوانێ بزێنێ bizêne واتە:
وەچە weche بخاتەوە و ←
زاڕۆ zařo دروستبکا. وشەی

"زفاف" (زەفاف) ی عەرەبی کە بە شەوی بووکینی دەگوترێ "ليلة ألزفاف" لە زەماوەند zemawend ی کوردییەوە وەرگیراوە بەم جۆرە خوارەوە: زەماوەند zemawend > زەڤاڤەند zevavend > زەفافەند zefafend> زەفافە zefafe > زەفاف zefaf (زفاف zefaf).

Zena زەنا (هاوار hawar) (← دەنگ Deng).

Zerd زەرد (رەنگی زەرد) بە ئاڤێستایی زەرەتە zerete و زەرت zertە کە ئەمەش لە وشەی ← زەردەشت zerdesht کە لە ئاڤێستادا وەك: زەرەث zereth ئوشترە ûshtire هاتووە وەرگیراوە. بە پەهلەوی زەرت zertە. زەردەشت گەلێك نێوی هەیە، دەگوترێ مانای "خاوەنی حوشتری زەرد"! کە ئەمەش جێی گومانە.

Zerdechêwe زەردەچێوە، جۆرە بەهاراتێکی زەردە دەکرێتە چێشت بۆ تامخۆشکردن. ← چێو chêw مانای دار darە. وشەکە بە شێوەی زەردەچاڵ zerdechal’ کەوتووەتە زاری ترکییەوە، کە دیارە زەردە zerde کوردییە و لە رەنگی بەهاراتەکەوە هاتوو. چاڵ chal’ یش چڵ chil’ە کە چڵ chil’ دار و چێوە chêw û darە، کورد دەبێژن: چڵ و چێو chil’ û chêw.

Zerdesht زەردەشت (← زەرد zerd).

Zerya زەریا، لە وشەی ئاڤێستایی zerya وە هاتووە. وشەی زەریا zerya کۆنترە لە وشەی دەریا derya/دەلیا delya چۆنکە دەنگی ز z لە دەنگی د d و دەنگی ر r لە دەنگی ل l کۆنترە. (سەرنجی: گۆلی زرێبار golî zirêbar و زێی گەورە zêy gewre بدە).

Z ز

zev زەڤ (← جەفەنگ **cefeng**).

Zewac زەواج/ژنمێری **jinmêrî**. دوورنییە زەواج عەرەبی نەبێ و پێوەندیی بە زاوزێ **zawzê** ەوە هەبێ، یان زووج **zûc** وێنەیەکی کۆنی دوو یان جووت **dûcût** بێ.

Zewî زەوی/ زەڤی **zevî**/ زەو **zew** کە بە ئاڤێستایی: زمە **zime** یە و بە پەهلەوی: زەمیك **zemîk**ە، بووە بە: زەمین **zemîn** و زەوین **zewîn** و زەوی **zewî** و زەو **zew**. فارسیش زەمین بەکاردەبا.

Zilĥort زلحۆرت/ **Zilhort** زلهۆرت، مرۆڤی زل و لەندەهۆر **zil lendehor** > زل **zil** + حۆرت **ĥort**، حۆرت **hort** لە هۆرت **hort** ەوە هاتووە. هۆرتە **horte** و وەرتە **werte** بە مافوور **mafûr** ی گەورە دەگوترێ. تەنانەت وشەی هۆڕ **hoř** کە بە جەواڵ **cewal'** ی زل و مرۆڤی دەموچاو سەیر و کەنە دەگوترێ، هەر پێوەندیی رەگیی، بە هۆرت **hort** ەوە هەیە. زلهۆرت **zilhort** واتە: زلێکی وەك هۆڕ.

Ziman زمان/ زڤان **zivan**/ زوان **ziwan**. وشەی ئەزمان **ezman** و زمێن **zimên**یش هەیە هەر بۆ زمان **ziman**. زمان بە پەهلەوی: زووڤان **zûvan** و گەمان **geman** ە، کە لە فارسیدا بووە بە زبان **zeban**.
(← تەرجەمان **Terceman**)

Zincîr زنجیر، بە پەهلەوی **zencîl** ە و، بە شێوەی "جنزیر" کەوتووەتە زاری عەرەبییەوە.

Zirav/w زراڤ/و (باریك و درێژ **barîk û dirêj**) بەم مانایە لە زراڤ/و **zirav/w** ەوە هاتووە کە توورەکێکی باریك و درێژکۆلەیە لە زگی مرۆڤدا و، شلاوێکی زەردی تێدایە. زراڤ/و **zirav/w**

له زه‌رد zerd ئاڤ av ه‌وه
هاتووه، واته: ئاوه زه‌رده awe
.zerde
Zirêbar زرێبار. له زه‌ریا ـ به‌ر
zerya-ber وه هاتووه، واته
ده‌وروبه‌ری زه‌ریا.
Ziyan زیان، به مانای زه‌ره‌ر zerer
دێ، به په‌هله‌وی: زیان zizyanه.
Zob زۆب (← زاو و زێ zaw û zê/
زاڤ و زێ zav û zê).
Zor زۆر، دوو مانای هه‌یه له زمانی
کوردیدا یه‌کێکیان: به مانای
شتێکه که پتر له پێویست هه‌بێ،
واته: فره fire بێ واته: به
کوردیی باکوور "پر pir" بێ.
ماناکه‌ی دیکه‌شی ← گوشار
gushar و ← ده‌سه‌ڵات
desel'at و ← هێز hêz و
توانست tiwanist ه. وشه‌ی زۆر
zor له ئاڤێستاییدا زووره zûre
و زه‌ڤه‌ره zevere (سه‌رنجی

وشه‌ی زه‌فه‌ربردن
zeferbirdin واته: زاڵبوون
zal'bûn بده) و زاوه‌ر zawer
ه، له په‌هله‌ویدا، هه‌ر وه‌ك
کوردی زۆر zor ه.له فارسیدا
زور (zûr) ه. زۆر zor به مانای
فره fire له زمانی ئه‌ڵمانیدا:
sehr ه، که س s وه‌ك ز z
ده‌رده‌بڕدرێ و ده‌گوترێ "زێر"،
به ئه‌ڵمانیی کۆن sore (زۆره)
یه. دیاره وشه‌ی زۆر zor به
مانای توانست و توند و هێز
هه‌ر پێوه‌ندیی به مانای "فره"
وه هه‌یه. زاری ترکی وشه‌ی zor
ی له کوردییه‌وه وه‌رگرتووه و
هه‌ر وه‌ك خۆی "زۆر zor"
به‌کاریده‌بات، نه‌ك به شێوه‌ی
فارسی "زور zûr". هه‌روه‌ها،
ترکی وشه‌ی زۆربایی zorbayî
شی له شێوه‌ی زۆربا zorba دا
له کوردییه‌وه وه‌رگرتووه. که‌چی

ز Z

فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیای زاری تركی هی Eyuboğlü لە ل 406 دا دەنووسێ: zor و zorekî زۆرەكی تركی لە زور zûr ی فارسییەوە وەگیراوە، كە ئەمەش راست نییە. چۆنكە ئەگەر لە زور zûr ی فارسییەوە وەربگیرایە دەبوو، ببوایە بە زویر zür، یان هەر زوور zûr بووایە، وەك فارسی. پاشان، زۆرەكی zorekî كوردییە و ئەم وشەیە لە فارسیدا نییە.

Zup زوپ (← دوپشك dupishk).

Zushk زوشك (← دوپشك dupishk). دەنگی ز z كۆنترە لە دەنگی د d. (←زوپ zup)

Zurna زوڕنا (← سووران sûran).

کۆبەرهەم

لە زنجیرەی ئەم کۆبەرهەمەدا تا ئێستە ئەمانەی خوارەوە بڵاوکراونەتەوە:

1. ژمارە (1) هێندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم / بابەتی بیرکاری و تیۆری ژمارە (1) بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم – هەولێر کوردستان 2001. بڵاوکراوەی رۆژنامەی "میدیا" ژمارە(2) چاپی یەکەم – بڵاوکراوەی "سۆکسە" لقی سوێد، ستۆکهۆڵم ، 2596 ک/ 1984ز.
2. ژمارە (2) بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی رۆژئاوایی یە. بابەتی بیرکاری و پیتۆری ژمارە(2) چاپی دووەم، لەندەن 2002 بڵاوکراوەی کوردنامە، چاپی یەکەم 1984 ستۆکهۆڵم.
3. ژمارە (3) کوردستان و شۆرشەکەی، چاپی دووەم (ئەلیکترۆنی) بە کوردی 2003، زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕە زانستییەکان ژمارە (1) چاپی یەکەم بە زمانی ئەڵمانی. بڵاوکراوەی NUKSE میونیخ 1972، چاپی یەکەم بە کوردی، سوید 1984.
4. ژمارە (4) ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە لەندەن 2002 چاپی دووەم ؛ هەولێر 2007. زنجیرەی سەمینارەکان وکۆڕە زانستیەکان ژمارە(2). ئەم بەرهەمە پێنج بابەتی لەخۆگرتووە:
1 – پێوەندارێتیی کوردی 2– دۆزی ناسیۆنالی کورد
3– سەمیناری کوردستان، راپۆرتێک لەسەر بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و وتوویژ لەسەر باری کوردستان.4– کوردو شۆرش 5– بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کوردو پێشبینیی دوارۆژی.

5. المستضعفون الكورد و اخوانهم المسلمون ، سلسلة السمينارات والمحاضرات العلمية رقم(3)،الطبعة الثانية، السليمانية– جنوب كوردستان 2006، الطبعة الاولى – لندن 1997 من منشورات كوردنامه.
6. ژماره(6)زنجيره وتارو وتوويژ لهگهڵ دهزگهى راگهياندى گشتى ژماره(1) سليّمانى 2006.
7. ژماره(7) زنجيره وتارو وتوويژ لهگهڵ دهزگهى راگهياندى گشتى ژماره(2) سليّمانى 2007.
8. وشهنامهكى ئيّتيمۆلۆژياى زمانى كوردى، چاپى يهكهمى ئهليكترۆنى 2008 / ماڵپهڕى كوردبوون
www.kurdbun.de
www.kurdbun.com
www.kurdbun.net